ولیام باینەم

مێژووی پزیشکی

پێشەکییەکی زۆر کورت

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

له ئینگلیزییەوە: غازی محەمەد

59

زنجیره کتێبی

ئۆکسفۆرد

مێژووی پزیشکی

پێشەکییەکی زۆر کورت

سەرچاوەکانی ئەم وەرگێڕانە:
THE HISTORY OF MEDICINE
A Very Short Introduction
By: William Bynum
OXFORD UNIVERSITY PRESS
2008

دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان

بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی
جەمال عیرفان ٢٠٢٢

زنجیرە: (١٣٣)

بەڕێوەبەری دەزگا:
سیروان حەمەسەعید حەمەخورشید

Tel: 0533202936 07701549509
email: jamalerfan99@gmail.com
jamal erfan cultural foundation
www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، بەرامبەر ماکسی مۆڵ

مێژووی پزیشکی

پێشەکییەکی زۆر کورت

ولیام باینەم

لە ئینگلیزییەوە: غازی محەمەد

زنجیرە کتێبی ئۆکسفۆرد

٥٩

مێژووی پزیشکی

نووسەر: ولیام باینەم
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: غازی محەمەد
دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: ٢٠٢٢
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی تاران

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، هیچ کەسێک مافی لەبەرگرتنەوەی نییە، جا گەر بە شێوەی ئەلیکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، یان هەر شێوازێکی تر بێت.

پێڕست

پێشەکی: جۆرەکانی پزیشکی..٩

بەشی یەکەم: کاری پزیشکی لەسەر جێگا....................................١٥

بەشی دووەم: پزیشکی لە کتێبخانەدا...٤١

بەشی سێیەم: پزیشکی لە نەخۆشخانەدا...٧٩

بەشی چوارەم: پزیشکی لە کۆمەڵگەدا...١٢١

بەشی پێنجەم: پزیشکی لە تاقیگەدا..١٥٩

بەشی شەشەم: پزیشکی لەسەردەمی نوێدا....................................٢٠٧

پرۆژەی وەرگێڕانی زنجیرە کتێبەکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد

زیاتر لە ٢٥ ساڵ بەر لە ئێستا، ساڵی ١٩٩٥، زانکۆی ئۆکسفۆرد، کە دامەزراوەیەکی دیاری دنیای ئەکادیمی و جیهانە بە گشتی، دەستی بە پرۆژەیەکی گرنگ کرد. پرۆژەکە پێکهاتووە لە زنجیرە کتێبێکی کورت و پوخت و زانستی لە تەواوی بوارە جیاوازەکاندا: لە پرسی تیرۆرەوە بۆ کەشوهەوا، ئابووری کۆن و نوێ و پرسی جیهانگیری. لە فەلسەفەی پێش سوکراتەوە بۆ مۆدێرن و پۆستمۆدێرن. لە مێژووی کاتەوە بۆ مێژووی جیهان، لە فیزیکی کۆنەوە بۆ کوانتەم و دنیای دیجیتاڵ و ئایندەی مرۆڤ. لە بوونناسیەوە بۆ ئاییناسی و مێژووی ئایینەکان و پرسی ئیسلام و ئەندازیاری و ماتماتیک. لە ئەفسانەناسییەوە بۆ ئەدەبناسی و تیۆر و ڕەخنەی ئەدەبی... پرۆژەکە خۆی بە یەک بوارەوە نەبەستۆتەوە، بەڵکو دەستی بۆ تەواوی بوارە جیاوازەکان بردووە، ئەمەش لە بێ پلانی و هەڕەمەکییەوە نییە، چونکە بێ پلانی لە زانکۆیەکی پلانسازی وەک ئۆکسفۆرد ناوەشێتەوە.

سروشتی ئەم زنجیرە کتێبانە، بریتییە لە زانستیبوون، کورتی و پوختی و چڕی و ئێستاییبوون، کە هەموو کتێبەکان لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزای بوارەکان لەسەر ئاستی جیهان نووسراون. خوێنەر کاتێک بەر هەر بەرهەمێک لەم پرۆژەیە دەکەوێت، دەزانێت چەند هارمۆنی و سادەقووڵ نووسراون. خاڵێکی درەوشاوەتر، بریتییە لە خوێندنەوە و شیکاری ڕووداوەکانی هەنوکە، واتە کتێبەکان تەنیا هۆنینەوەی چیرۆکی ڕابردوو نین، بەڵکو شیکاری دۆخی ئێستای جیهان و مرۆڤ دەکەن.

ئۆکسفۆرد لە ١٩٩٥ تا ٢٠١٨ زیاتر لە ٦٠٠ کتێبی لەم زنجیرەیە بڵاوکردۆتەوە؛ سەرەتای هەر مانگێک کتێبێکی نوێیان بڵاوکردۆتەوە. بەهۆی بایەخی نەبڕاوەی پرۆژەکەوە، زنجیرە کتێبەکان بۆ زیاتر لە ٢٥ زمانی دنیا وەرگێڕاون، وا ئێستا زمانی کوردیش دەیەوێت ببێتە یەکێک لەو زمانانەی ئەم پرۆژەیە لە ئامێز دەگرێت. دەستبردن بۆ وەرگێڕان و لە ئەستۆگرتنی ئەم کارە، بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی و ئەکادیمی گرنگە، کە دەزگای جەمال عیرفان بە سپۆنسەری (د. تەها ڕەسوڵ) ئەنجامی دەدەن. وابڕیارە هەر سێ مانگ جارێک ١٠ بۆ ١٥ کتێب لە زمانی یەکەمەوە لە ڕێگەی وەرگێڕی شارەزاوە بڵاوبکاتەوە. ئەمە پرۆژەیە و پرۆژەش بە دڵنیاییەوە قۆناخێکی مێژوویی لە بزاڤی ڕۆشنبیری و کتێبخانەی کوردیدا بۆ خۆی دروستدەکات، بەهیواین ببێتە داینەمۆی دروستکردنی نەوەیەکی نوێی بەرپرسیار و هۆشیار.

سەرپەرشتیاری پرۆژە
هەرێم عوسمان

پێشەکی: جۆرەکانی پزیشکی

ئەمە کتێبێکی بچووکە سەبارەت بە بابەتێکی زۆر گەورە، سەرەتا هەوڵمدا لەو سەردەمەوە دەستپێبکەم، کە گریکەکان بناغەی نەریتە پزیشکییە ڕۆژئاواییەکانیان دامەزراندووە. لەو پێودانگەوە ویستم چوارچێوەیەکی گشتی بۆ تێگەیشتن لە مێژووی پزیشکی دابڕێژم. بۆ ئەو مەبەستەش بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە جۆرەکانی پزیشکیم پۆلێن کردووە، کە خۆی لە پێنج بەشدا دەبینێتەوە، بە تێرو تەسەلی باسی هەریەکەیان بەجیا دەکەم.

پێنج جۆرەکەی پزیشکی کە لەخشتەی ١ دا هاتووە بەم شێوەیە: پزیشکیی سەرجێگە، پزیشکیی کتێبخانە، پزیشکیی نەخۆشخانە، پزیشکیی کۆمەڵگە، و پزیشکیی تاقیگە- لێرەدا ئامانجە پزیشکییەکان، هەروەها شوێنی کارکردنی ئەو پزیشکانە دەستنیشانکراوە. هەرچەندە دەرکەوتنی ئەمجۆرە پزیشکییانە بەشێوەی نووسراو، گێڕانەوەی زەمەنییە لە قۆناغە جیاوازەکاندا، بەڵام ئەمجۆرە پزیشکییانە، بەشێوازی ئەزموون و زانیاری کەڵەکەبوو گەشەیان کردووە. **پزیشکیی کلینیکی** یان دیدەنگەی پزیشکی لەسەر جێگا، کە لە هیپۆکراتەوە دەستی پێکردووە، تا ئێستاش شوێنەواری لە چاودێریی پزیشکیی سەرەتایی سەردەمدا هەرماوە، **کتێبخانەی پزیشکی** لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ئێستاش پەیوەندیی پتەوی بە تەقینەوەی ئەو زانیارییانەوە هەیە، کە جیهانی پزیشکیی سەردەمی ئێمەی پێ دەناسرێتەوە (نەک جیهانی پزیشکی بە مانا سادەکەی). لە سەدەی نۆزدەیەمدا **پزیشکیی نەخۆشخانەکان**

بەجۆرێک لە جۆرەکان لەسەر جیگای نەخۆش خۆی نمایش دەکرد، لە ڕێگەی ئامرازەکانی دەستنیشان کردنی نەخۆشی و چارەسەری نوێ و شارەزایی پزیشکییەوە، ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی نەخۆشی دەکرد؛ وەکو ئەوەی لە نەخۆشخانەکانی سەردەمدا بەدیی دەکەین. بەڵام **ژێرخانی پزیشکی لە کۆمەڵگەدا**، ژینگەی ئاوی سازگار، پرۆسەی فڕێدانی خاشاک، پرۆگرامی کوتان بە ڤاکسینەکان، پێوەرەکانی تەندروستی و سەلامەتی پیشەییە لەو شوێنەی کاری تێدا دەکرێت، هاوشانی شیکردنەوەی جۆری نەخۆشییەکان و پەیوەندی ئەو نەخۆشییانە بە سیستەمی خۆراکەوە یان پەیوەندی بە نەریتەوە یان بە بەرکەوتەی فاکتەرە ژینگەییەکانەوە. **پزیشکیی تاقیگەش** ڕەنگە بەرچڤەی زمانحاڵی وێنەی ئەو دەرمانانە بێت کە بەکاریان دێنین، تێگەیشتنە لە میکانیزمەکانی جەستە بەشێوەیەکی وردتر، هەروەها یارمەتی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی نەخۆشییەکان دەدات، هەرچۆن ڕۆڵی لەدۆزینەوەی چارەسەری نەخۆشییەکانیشدا هەیە.

		تایبەتمەندییەکان			
		بابەتی لێکۆڵینەوە	فۆرم و شوێنی لێکۆڵینەوەکە	ئامانج	نموونە
جۆرەکان	پزیشکی سەرجێگە	تەواوی نەخۆش	ڕاهێنانی پیشەیی	چارەسەرکردن	هیپۆکرات (٤٦٠- ٣٧٠ پ.ز)
	پزیشکی کتێبخانە	دەق	خوێندنی زانستی، زمانەوانیی زانکۆیی	خۆپاراستن، چاکبوونەوە، ڕوونکردنەوە	کۆنستانتینی ئەفەریقی (پێش ١٠٩٨ مردووە)
	پزیشکی نەخۆشخانە	نەخۆش و ئەندامی جەستە	نەخۆشخانە	دەستنیشانکردن	ڕ. تی. ئێچ لاینک (١٧٨١ – ١٨٢٦)
	پزیشکی کۆمەڵگە	دانیشتوان و ئامار	کۆمەڵگە	خۆپاراستن	جۆن سیمۆن (١٨١٦- ١٩٠٤)
	پزیشکی تاقیگەکان	نموونەی گیانەوەران	تاقیگە	تێگەیشتن	کلۆد بێرنارد (١٨١٣- ١٨٧٨)

شێوەی ١: جۆرەکانی پزیشکی: هێڵکارییەکی نموونەیی 'جۆرە جیاوازەکانی' پزیشکی ڕووندەکاتەوە، یەکە جیاوازە شێکارییەکان و شوێنی کارو ئەو ئامانجانە دەخاتە ڕوو کە پزیشکەکان لەو چوارچێوانەدا کاردەکەن. هەر پێنج بەشەکەی سەرەتا، جۆرەکانی پزیشکی لە چوارچێوەیەکی مێژووییدا بۆهەر یەکەیان دەگرێتەخۆی.

کاتێک بیر لە مێژووی پزیشکی دەکرێتەوە، هێشتا دەروازە مێژووییەکان کاریگەرییان لەسەر نەوەکانی ئەمڕۆ ماوەو لە گوێیاندا دەزرنگێتەوە، تەنانەت ئەوانەی باج دەدەن، ئەوانەی لە چاودێری تەندروستی کەڵک وەردەگرن، تا دەگاتە ئەوانەی لە ستراتیژەکانی تەندروستی گشتی سوودمەندن.

ئەو "جـۆر"ە پزیشـکییانە دەمـانبەنەوە سـەر ئامـانجە سـەرەکییە گشـتییەکان کە ئەویـش بـودجەی تەندروسـتی هـاوچەرخە، لەگەڵ ناسـنامەی گـروپە بەرژەوەنـدیخوازەکان، بە تـایبەتی لەسـەر گۆڕەپـانی ئەمەریکـا؛ کاتێـک خـاوەنی بەرژەوەنـدییە تایبەتەکـان کاریگەرییـان لەسـەر تەواوی جومگەکـانی کەرتـی تەندروسـتی هەیە وەکـو- چـاودێری تەندروسـتی، خزمەتگـوزاریی نەخۆشـخانەکان، تەندروسـتی گشـتی، تـوێژینەوەی بایۆپزیشـکی، و بنیادنـانی زانیـاری و دابینکردنی زانیـاری: لەم نێوەدا ڕۆڵـی وەزیـری تەندروسـتی زۆر سـنووردارە، بەڵام کێشـەکە لەوەدایە ئەم تـوێژە هەڵتۆقیوانە لەنێوخۆیاندا کێبڕکێی یەکتری دەکەن، لەبەرئەوە بودجەی تەندروستی هەمیشە سنووردارە و لە کورتی دەدا، هەرچەندە خەرجی توێژینەوە زانستییەکان زیاد بکرێت، ئەوا خەرجی فەرمانبەرانی نەخۆشـخانەکان و تەندروستی گشتی کەمدەکات و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

ئەم تـوێژانە بەدرێژایـی مێـژوو ئـاوێتەی یەکتـری بـوون. گریـک و ڕۆمانەکـان بە شـێوازی خۆیـان داهێنانیـان کـرد لە هەڵسـوکەوت کـردن لەگەڵ کێشـەکانی پەیوەسـت بە تەندروسـتییەوە، هەوڵیـان دا لە نـاو کۆمەڵـدا خۆیـان لە نەخۆشییەکان بپارێزن، دامەزراوەی سـادەیان دامەزراند بـۆ چـاودێری کردنـی سـەربازو کۆیلەکـان، پێویسـتیان بەشـوێن بوو بۆ کۆکردنەوەی دەقە پزیشکییەکان، هەوڵیاندا لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەوە خزمەت بە مەعریفەی پزیشـکی بکەن، لەسـەر

جێگاکانیـــان چـــاودێری نەخۆشـــیان دەکـــرد. بەڵام جـــۆرە نوێیەکانی پزیشـکیی نەخۆشـخانەکان و پزیشـکیی کۆمەڵگەو پزیشـــکیی تاقیگەکـــان، بەم شـــێوەیەی ئێســـتای لەســـەدەی بیســـتەوە ســـەری هەڵـــداوە، کە بە ســـەردەمی "نـــوێگەری" ناســراوە. لە بەشــی کۆتاییشــدا، شــێوازی پــۆلێن کــردن بــۆ دارشـــتنی گێـــڕانەوەی کـــورت بـــۆ گەشـــەکردنە مەزنەکـــان لەســەدەی بیســت و بیســتویەکدا بەکارهێنرا، کاتێک "جۆر"ە پزیشکییەکان ئاوێتەی یەکتری بوون.

ئەم گێـڕانەوە پــووختەم بەشــێوەیەک بنیادنــاوە، نەریتــی پزیشـــــکیی ڕۆژئـــــاوایی، لە هەردوو بـــــواری بەکـــــاربردن و خەرجەوە، کە بنەمـای بەهێـزی هەمـوو بوارەکـانە بەسـەریدا زاڵە. شـێوازی تـر زۆرە مێـژوو نووسـان بەسـەرهاتەکانیان لەســـەر بنیادنـــاوە، بەڵام مـــن ئەم شـــێوازەم هەڵبـــژاردووە چونکە باوەڕم وایە خۆی لە فۆرمێکی مێژوویی ڕێکخـراودا دەبینێتەوە. کە خوێنەری فزولی سوودی لێ دەبینێ.

ئەگەر ئەم دەستنووسەم پێشکەش بە گۆڤارێکی پزیشـکی بکردایە، ئەوا ناچار دەبووم باسـی هەموو ئەو کێشمەکێشەیە بـکەم کە کـاریگەریی لەسـەر لێکـدانەوەی داتاکـان هەیە. بـۆ مـاوەی چـل سـاڵ وەکـو مێـژوو نووسـێکی پزیشـکی کـارم کــردووە، بەڵام لە "ســـەردەمی زێـــڕین" دا منـــیش لە کـــاری پزیشــکییەوە ئەوە فێربــووم کە لە "بەشــی شەشــەمدا" لێــی دواوم. بێگومان لێکۆڵینەوە پزیشـکییەکەم کـاریگەریی لەسـەر لێکدانەوەکانم بۆ ڕابردووی پزیشکی هەبووە. بەڵام هەوڵمـدا لە "کێشـە ڕزگـاریخـواز wiggism "ە سـوواوەکان خـۆم بە

دوور بگرم- که بەو چاوە سەیری هەموو مێژوو دەکات گوایە پرۆسەیەکی گەشەکردوو و زنجیرەیەک هەنگاوی حەتمییە بەرەو ساتی ئێستا. یان وێنەیەکی نوێتری ئەوتۆیە کە بەهای فیکری بە بەهای ئەخلاقیی هاوچەرخ دەگۆڕێتەوە. ئینجا دوای ئەوە سەرکۆنەی سێکسیزم، ڕاسیزم و هەموو ئەو کێشانە دەکات کە بەسەر باوباپیرانماندا زاڵبووە. بۆم دەرکەوت لە ڕابردوودا ئەوانەی توانیویانە بگەنە دامەزراوەی چاودێری تەندروستی، هەمیشە باوەڕیان وابووە کە دوکتۆری چاک هەیە وە دوکتۆری خراپیش هەیە. ئەوان ویستوویانە دوکتۆرێکی چاک چاودێرییان بکات، ئی خۆ ئێمەش تا ئێستا هەر بە دوای دوکتۆری باشەوەین، هیچ شتێک نەگۆڕاوە، ئەوەی گۆڕاوە پێناسەی دوکتۆری "باش"ە.

بەشی یەکەم

کاری پزیشکی لەسەر جێگا

هیپۆکرات، ئەو باوکە دڵسۆزەیە هەموو چارەسەرکارەکان ؛ پسپۆرانی چارەسەری نموونەیی، بەیەک چاو سەیر کردووە، نووسینەکانی هیپۆکرات وەکو بنەمایەک بۆ بیروباوەڕەکانیان چاولێدەکەن، هەربەوجۆوە پسپۆرانی چارەسەری سروشتی و چارەسەری دەستی و چارەسەری گیایی و چارەسەری ڕاستکردنەوەی ئێسک وەکو دامەزرێنەرێکی نموونەیی دەیبینن، ڕێبازەکانیان لە هەڵسوکەوت لەگەڵ تەندروستی و نەخۆشی و چارەسەر پشتی پێ دەبەستن. هەروەها ڕاوێژکارانی نەخۆشخانەکانی سەردەم کاتێک بڕوانامەی پزیشکی وەردەگرن تا ئێستاش زۆربەیان سوێندەکەی هیپۆکرات یان شتێکی لەو بابەتە دەڵێنەوە.

دەتوانین هۆکاری ئەم پایە گرنگە بۆ مێژوو بگەڕێنینەوە؛ لەلایەک کەسێتیی مێژوویی هیپۆکرات تەواو تەمومژاوییە کە لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێ، لەلایەکیشەوە هەرچەندە کەسێتییەکی تەمومژاوی هەیە، بەڵام کەسێتییەکی ڕاستەقینەیە؛ لەسەر دورگەی کۆس- بەرامبەر کەناراوەکانی تورکیای ئێستا لە ماوەی نێوان ٤٦٠ پ.ز تا ٣٧٠ پ.ز ژیاوە؛ واتە کەمێک لە ئەفلاتوون و ئەرەستۆ و هاوتەمەنەکانیان، کە کۆڵەکەی کولتووری کلاسیکیی گریکیان لە ئەسینا قایم کردووە، گەورەترە. کاتێک سەرنج دەدەینە کردەوە زۆروزەبەندەکانی هیپۆکرات کە بۆمان ماونەتەوە، هەرچەندە کۆنن، بەڵام گومانی تێدا نییە هەست بە گرنگیی ئەو کارانە دەکەین؛ خەڵک پارێزگاری لە شتە زۆر بەنرخەکان دەکەن.

ئێمە زۆرشت سەبارەت بە هیپۆکرات نازانین، جگە لەو شوێنەی تێیدا نیشتەجێ بووە، لەگەڵ ئەو زەمەنەی بە نزیکی تێیدا ژیاوە. ئەو پیشەی پزیشکیی پێڕەو کردووە، بە کرێ وانەی بە قوتابییەکانی وتۆتەوە، کوڕێکی هەبووە بڕێکی زۆر ناوبانگی دەرکردووە؛ وەکو ئەفلاتون باسی دەکات. تەواو ڕوون نییە ئایا هەر بەڕاستی ئەو دانراوانەی بە ناوی ئەفلاتوونەوە تۆمار کراون بۆ خۆی دەگەڕێنەوە یان نا، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو کتێبانە هەمووی خۆی نەینووسیونەتەوە؛ لە ماوەی دوو سەدەی زەمەنیدا، ژمارەیەک قەڵەمی نادیار تۆماری کردوون، ئەمەش بەو واتایە دێت ژمارەی نووسراوەکانی هیپۆکرات- ٥٠ بۆ ٦٠ نووسراوی تەواوکراوو تەواو نەکراون لە دوای خۆی بەجێ ماوون- کە بڕێکی زۆر نارێکن و فرەبۆچوونی لەخۆ

گرتووە. ئەم بەرهەمانەی هیپۆکرات چەند لایەنێکی پزیشکی و کـاری نەشـتەرگەری لەخۆگرتـووە، هەروەهـا شـێوازی دەستنیشان کردن و چارەسەر و خۆپاراستن لە نەخۆشیی باسـکردووە. لەو وتـارانەدا ئامۆژگـاری زۆری تێـدایە سەبارەت بە سیستەمی خۆراک و لایەنەکانی تری ژیانی تەندروست، جگە لە بابەتی گرنگی تایبەت سەبارەت بە رۆڵی ژینگە لە تەندروستی و نەخۆشیدا؛ هەروەها ژمارەیەک هەڵوێستی "هیپۆکراتی" و " پزیشکیی هیپۆکراتی" هەن وەکو بابەتی تیۆری مێژوویی لەسەریان دەدوێین، لە رێگەی هەڵبژاردنی هەندێ بابەت و کاری تیۆرییەوە بە چنگمان هێناون، لەکۆی سەدان وتارو بابەتی تۆمار کراو و بابەتی نەناسراو، لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا رێکمان خستوون.

بەهۆی ئەم نووسراوانەوە، ئاراستەیەک دروستبوو، لە پزیشک و چارەسەرکارانی نوێ سەرسامی هیپۆکرات بوون. پزیشکی هیپۆکراتی شێوازێکی گشتگیری هەیە؛ واتە رێبازی هیپۆکرات هەمیشە بە تەواوی ئاراستەی نەخۆش دەکرێت؛ بۆیە سەردەمی نوێ پزیشکیی هەمەکی پێباشە چونکە لەو پزیشکییەدا پەناگەیەکی سروشتی دەدۆزێتەوە. لەگەڵ ئەوەی ئەو گشتگیرییە تایبەتمەندییەکی ئەرێنی هەبوو، بەهایەکی کولتووری باو لەکۆمەڵگەی کۆنی گریکیدا تێیدا رەگی داکوتابوو؛ بەڵام گریکە کۆنەکان ئارەزوویان لە توێکاری جەستەی مرۆڤ نەبوو. توێکاریی مردووەکەیان نەدەکرد تاکو لە هۆکاری مردنی نەخۆشەکەیان تێبگەن، پزیشکەکان قوتابییەکانی خۆیان فێرنەدەکرد تاکو توێکاریی قووڵ ئەنجام بدەن، هەروەکو خوێندنگای پزیشکی بەو

شـــێوەیەی ئەمـــڕۆ نەبـــوو. خوێنـــدکارەکان تەنهـــا لە مامۆسـتاکانیانەوە فێردەبـوون، ئەوەی دەربـارەی توێکـاری دەیـانزانی شـتێکی ڕووکەش بـوو، ئەوان بە وردی سـەنجی ئەو نیشـانانەیان دەدا کە لەسـەر جەسـتەی نەخۆشـەکە ئامـاژەی بە ڕەوتـی ڕاسـتەقینەی نەخۆشـییەکە دەدا، واتە پێشـبینی ڕەوتـی نەخۆشـییەکەیان دەکـرد تـاکو بـگەنە ئەو دەرەنجـامەی ئایـا نەخۆشـەکە چاکـدەبێتەوە یـان نـا. بەو شێوەیەی ئێستا نەخۆشخانە بوونی نەبوو، جێگای نەخۆش وەکـو لە ناونیشـانی ئەم بەشـەدا هـاتووە، سـەر جێگـای نەخـۆش بـووە، سـەرجێگا بە مانـای وشـە لە مـاڵی نەخۆشەکەدا بووە.

ئەم بونیـادەی پزیشـکیی گریکـی کـۆن لەسـەری دامەزرابوو، نموونەیەکی سـەرەتایی چاودێریی تەندروسـتی بوو، پزیشـکی هیپۆکراتی پێویسـتی بەوە بـوو نەخۆشـەکەی بە تەواوی بناسـێت: لە ڕووی کـۆمەڵایەتییەوە، لە ڕووی ئـابورییەوە، لەڕووی خێـزانییەوە، شـێوازی ژیـانی، چـی دەخوات و چی دەخواتەوە، پێشـتر گەشـتی کـردووە یـان نـا، کـۆیلەیە یـان ئـازاد هەروەهـا مەودای ئامـادەیی بـۆئەوەی جارێکی تر نەخۆش بکەوێتەوە. لە نووسینەکانی هیپۆکرات هۆکـارە تیۆرییەکـان پێویسـتیان بەو هەمـوو زانیـارییە تۆمارکراوانە هەبوو، وا لەخوارەوە زیاتر لێی دەدوێین.

ئەگەر مۆدێلی گشـتگیری مـۆدێلێکی سـەرنجڕاکێش بێـت، چارەسـەرکارەکانی سـەردەمی نـوێ بگەڕێنێتەوە سـەردەمی گریـک، ئەوا چەنـد سـیمایەکی تـر لە پزیشـکی هیپۆکراتیـدا بەدیـدەکرێ، سـەدایەکی گەورەی لە زانسـتی پزیشـکیی هاوچەرخـدا هەیە. گرنگترینـی ئەو سـیمایانەش مەیلـی

بنەڕەتییە بەرەو ڕێبازی سروشتی، لەو ڕێبازەدا سیستەمی پزیشکی کە لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن پیادەکراوە، وەکو میسر وسوریا وبابل و میزۆپۆتامیا - سیستەمەکە تێکەڵەیەک بووە لە نێوان ئاین و چارەسەری پزیشکی، شێوازی سرووتی ئاینی لەلایەن پزیشکی قەشەوە بەسەریدا زاڵبووە، لە چوارچێوەیەکی بەرفراواندا وەکو تووڕەیی خواوەند، گوناهی جۆراوجۆر، یان هێزی جادوویی، چاو لە نەخۆشی دەکرا، لە ڕێگەی نوێژەوە دەستنیشانی نەخۆشی دەکرا، یان لە ڕێگەی لێکدانەوەی هەناوی ئاژەڵانەوە، یان لە ڕێگەی دیاریکردنی ئەو گوناهانەی نەخۆشەکە کردوویەتی. ئەو تێکەڵەیەی کاری پزیشکی کە پشتی بە جادوو و ئاین بەستووە، بەشێکە لەو دیمەنە گریکییەی لەسەردەمی هیپۆکراتیشدا پێڕەو کراوە؛ پەرستگاکان بۆ خواوەندی پزیشکی گریکی ئەسکلیپیۆس تەرخان کرابوو، کە لەتەواوی قەڵەمڕەوی گریکەکاندا تەشەنەی کردبوو، بۆنموونە پەرستگەیەکی بەناوبانگ لەنزیک هیپۆکرات خۆی هەبوو؛ واتە لە دورگەی "کۆس". مەزنترین پەرستگاش لەدەشتایی پانوپۆڕی ئیپیدارۆسدا هەبوو، ئەو پەرستگایە هێشتا شوێنەوارە مەزنەکەی بوونی ماوە. ئەم پەرستگایانە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو قەشە نیشتەجێیانەدا بوون کە پێشوازییان لە نەخۆش دەکرد، لێکدانەوەی نەخۆشییەکان لەسەر بنەمای ئەو خەونانە بوون کە نەخۆش بۆ قەشەکەی دەگێڕایەوە. لەڕێگەی مارە پیرۆزەکانەوە خەونەکان کاریگەرییان لەسەر دەستیشانکردنی نەخۆشییەکە زیاتر دەبوو، بێگومان ئەو مارانە دەبوونە هۆی ئەوەی شێوازی خەونی نەخۆشەکان تێک بچێت.

مارەکان بە کاژ فڕێدان نموونەیەک بوون بۆ نوێبوونەوە؛ بەشێکی زیندووی گۆچانی هیرمس[1] (کادۆسیۆس)، هێمای خواوەندی چاکبوونەوەی گریکی بوو (بڕوانە شێوەی ٤). سەیر لەوەدایە ئەسکلیبیۆس و گۆچانی هیرمس – هەردووکیان دووکەڵی ئاین و ئەفسوون بە گوێماندا دەدەن- بەڵام بوونەتە دروشمی پزیشکیی نوێ.

پەرستاگاکانی چاکبوونەوە بەشێکی گرنگن لە چاودێریی پزیشکی لای گریکەکان، بەڵام ئەو بەهایەی پەرستگاکان بەرجەستەیان کردووە لە نووسینەکانی هیپۆکراتدا کاریگەرییەکی بەهێزی نەبووە؛ ئەو وتارەی لە کۆمەڵە نووسینەکانی هیپۆکراتدا هاتووە، ئەوە دەگەیەنێ، نەخۆشی هۆکارێکی سروشتی لە پشتەوەیە، بەڵام تەنها جارێک نووسەرێکی هیپۆکریتی بە ئاشکرا هێرشی کردۆتە سەر لێکدانەوەی نەخۆشییە نادیارەکان کە لە سەرووی سروشتەوە سەری هەڵدابێت. ئەویش لەسەرەتای ئەو بابەتەدایە کە دەربارەی پەرکەمە، کە پێی دەوترێت

---

١ کادوسیۆس caduceus یان کادۆس یان گۆچانی هیرمس، ماری پەلک زێڕین، گۆچانێک دوو ماری لێ ئالاوە، لەسەرەوەیان جووتێ باڵ ڕواوە، لە ئایکۆنۆگرافیای ڕۆمانیدا وێنەی هیرمس کێشراوە گۆچانێک بەدەستی چەپییەوەیە، لە ئەمەریکای باکور وەکو هێمای پزیشکی ناسراوە لە گۆچانی ئەسکلیبیۆس جیاوازە، کادۆس یان گۆچانی هیرمس بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، تا ئێستاش لەگەڵ زانستی نوێدا وەکو مەتەڵێک ماوەتەوە، ئەم هێمایە لە وڵاتی میزۆپۆتامیا بوونی هەیە، گۆچانی هیرمس بەشێکی دانەبڕاوە لە وێنەی خواوەندی نینۆرتا، خاوەنەکەی بەم گۆچانی سۆفییە، توانای چاککردنەوەی نەخۆش و زیندووکردنەوەی مردووی هەبوو. (وەرگێڕ)

"نەخۆشیی پیرۆز"، لەزمانی گریکیی باودا، پەرکەم بەپیرۆز دانراوە چونکە نۆرەی پەرکەم بە دراماتیکی بەوەناسراوە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، دەبێتەهۆی بوورانەوە، کەفچڕین بە دەم و لالغاوەدا، خاوبوونەوەی ماسوولکەکانی میزلدان، لەدەستدانی کۆنترۆڵی ماسولکە گوشەرەکان، هەروەها کاریگەریی دەرونی لێ بەدیاردەکەوێ، ئەو کەسانەی دووچاری دەبن زۆرجار توانیویانە لەبەرژەوەندیی خۆیان بیگۆڕن. ئەسکەندەری گەورەو 'دواتر' یۆلیۆس قەیسەر، زۆر بە قورسی لە کاتی خۆیاندا تووشی نەخۆشی پەرکەم بوون. لە دەسپێکی وتەکانی کتێبی "نەخۆشیی پیرۆز" دا ئەم نەخۆشییەی بەوە لێکداوەتەوە کە بانگێکی ئاشکرای تەواوە بۆ ڕێبازی سروشتی کاری پزیشکی، هێشتا دەنگدانەوەی ئەو وتانە لە گوێماندا دەزرنگێتەوە، هەرچەندە دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا نووسراوەتەوە، تێیدا هاتووە:

"ئەوەی پەیوەندی بەو نەخۆشییەوە هەیە کە بە پیرۆز ناسراوە، مەسەلەکە بەم شێوەیەیە: بۆم دەرکەوتووە بەهیچ شێوەیەک، هیچ نەخۆشییەک زیاتر خوایی نییە یان لە نەخۆشییەکی تر پیرۆزتر نییە، بەڵکو هۆکارێکی سروشتی هەیە وەکو هەر دەردێکی تر، ئەو نەخۆشییە دروست دەکات. دانەپاڵی هەر سیفەتێکی خوایی بۆ سروشتی نەخۆشییەکەو هۆکاری نەخۆشییەکە دەگەڕێتەوە، ئەویش سەرسامبوون و نەزانییە؛ چونکە نەخۆشییەکە بە هیچ شێوەیەک لە نەخۆشییەکانی تر ناچێ. بیرۆکەی خودایی پشت بەوە دەبەستێ، ئەوان ناتوانن لە نەخۆشییەکە تێبگەن، بەشێوازێکی ئاسان چارەسەری بکەن؛ ئەوان بە نووشتەو

پاکبوونەوەو تۆبەکاری لەو نەخۆشییە ڕزگار دەبن. بەڵام ئەگەر نەخۆشییەکە لەلایەن خوداوە سەرچاوەی گرتبێ، لەبەرئەوەی سەرسامکەرە، ئەوا نەک هەر نەخۆشییەک، بەڵکو زۆر نەخۆشی تر هەن، ڕەنگە بە پیرۆز دابنرێن".

ئەوەی مایەی تێڕامانە، نووسەر هیچ دژبەرییەکی لە گەڵ ئاییندا نییە (وەکو لە وتەیەکدا دەریدەخات: «بۆم دەرکەوتووە بەهیچ شێوەیەک، هیچ نەخۆشییەک بەدەر نییە لە نەخۆشیی خودایی یان لە نەخۆشییەکی تر پیرۆزتر نییە»، بەڵکو لە سنووری تێرمە سروشتییەکاندا مەسەلەکەی دارشتووە، لێکدانەوە بۆ هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو نەخۆشییە پیرۆزە دەکات، ئەو نووسەرە هیپۆکراتییە وتەکەی بەشێوەیەک دەخاتەڕوو دەڵێ: پەرکەم لە ئەنجامی گیرانی دەماری مێشکەوە دروست دەبێت، بەدوایدا فرێدانی بەڵغەم بە ڕێکوپێکی دەوەستێ، لە ئەنجامدا مێشک تووشی کێشە دەبێت، نیشانە دراماتیکییە کاریگەرەکانی پەرکەم دەردەکەون. لێرەدا دوو چەمکی شاراوە شایانی باسکردنە:

یەکەم، ئەم نووسەرە هیپۆکراتییە مێشکی سنووردار کردووە بەوەی شوێنی هۆشمەندی و فرمانە ئەقڵییەکانی ترە، وتی:

پێویستە خەڵک ئەوە بزانن هەستەکانی شادی، دڵخۆشی، پێکەنین، خەمباری، دڵتەنگی، خەمۆکی و کارەسات، جگە لە مێشک سەرچاوەیەکی تری نییە. بەمجۆرە پەندو زانیاری بە ڕێگەیەکی دیاریکراو وەردەگرین؛ دەبیستین و دەبینین، پیس لە پاک، خراپ لە چاک، شیرین لە بۆگەن، جیادەکەینەوە. هەندێ لەو شتانە بە حوکمی نەریت جیادەکەینەوە، ئەوانیدی لە ڕێگەی بەکارهێنانەوە هەستی پێدەکەین.

بێگومـــان ســـێنترالّییەتی مێشـــک لە ئێســـتادا بـــووەتە مەسەلەگەلێک لە بازنەکانی بیرکردنەوەی زانستیدا لەسەری کۆکن، بەلاّم لەسەردەمی کۆنی گریکدا بەو شێوەیە نەبووە؛ ئەفلاتون لەسەر ڕێبازی هیپۆکرات ڕۆیشتووە، بەو پێیەی مێشـک ناوەنـدی چـالاکی دەرونیـیە، بەلاّم شـاگردەکەی ئەفلاتـوون، ئەرسـتۆ، بـاوەڕی وایە دڵ ناوەنـدی کـۆی هەڵچوونەکـان و ئەرکە ئەقڵییەکـانی تـرە. هەرچۆنێـک بێـت، کاتێـک هەسـت بە دوودڵـی دەکەیـن یـان دەکەویـنە داوی خۆشەویسـتییەوە، ئەو هەسـتانە داماندەگرن کە لە سـینەدا ئارام دەگرێ و لە دڵدا هەوار هەڵدەدا- نەک لە مێشکدا. دڵ ئەو ئەنـدامەی ترپەکـانی خێـرا دەبـن و لێـدانەکانی بەهێـز، کاتێـک لەوپەڕی چالاکیـدا دەبـین. جـگە لەوەش ئەرسـتۆ، تـوێژەری بە ئەزمـوون لە پرۆسـەی گەشـەی کـۆرپەلەدا، ئامـاژەی بەوە کـردووە کە یەکەم نیشـانەی ژیـان لەسـەر کـۆرپەلەی باڵنـدە لە سـووڕی دروسـتبووندا دەرکەوتـووە، جـووڵە لە نێـو دڵە سـەرەتاییە بچکـۆلەکەدا بـووە. دوای نـزیکەی دوو هەزار سـاڵ، شەکسـپیر بە دێـڕە شـیعرێک ئامادەی ئەو گفتوگۆ کۆنە دەبێت:

شوێنی ئەوین و باڵگرتنی لە کوێدایە
لە ئەقڵە یان لە دڵی کۆرپەکەی دایە؟

هەرچەنـدە زمانەکەمـان تـا ئێسـتاش زۆر شـت بـۆ"دڵ" دەگەڕێنێتەوە، بەلاّم هیپـۆکرات و ئەفلاتـوون گفتوگۆکەیـان بردەوە.

دووەم خاڵی گرنگ، دەکرێ لەم نووسینانەدا بەدەستی بێنین، پەیوەندی بە هۆکارەکەی هیپۆکراتەوە هەیە سەبارەت بە پەرکەم: ئەویش گلدانەوەی بەڵغەمە، وەکو دیارە بەڵغەم نیشانەی ئینفلەوەنزای ئاسایییە، بەڵام یەکێکە لەو چوار تێکەڵەیەی[٢] لای هیپۆکراتەکان نەخۆشی و تەندروستی پێکدێنێ؛ هەروەها لەنێو جەرگەی زانستی فسیۆلۆجی و زانستی نەخۆشیی هیپۆکراتدایە. هەرچەندە ڕێبازی تێکەڵە لە هەموو نووسینەکانی هیپۆکراتدا نەهاتووە، بەڵام دەتوانرێ کۆ بکرێتەوە، گالینۆس (١٢٩- ٢١٠ ز) بلیمەت لە پزیشکیی گریکی کۆندا، ڕێبازی تێکەڵە بە کۆڵەکەی تیۆری پزیشکی وێنا دەکات. گالینۆس پێگەیەکی باڵا دەبەخشێتە پزیشکیی تێکەڵە کە تاکو سەدەی هەژدە بەسەر بیرکردنەوەی پزیشکیدا زاڵبووە.

٢پزیشکیی تێکەڵە Humoral، ڕێبازی ئاوێتەکان، سیستەمێکی پزیشکیی وردە، بۆ پێکهاتەو کاری لەشی مرۆڤ کە قوتابخانەی یۆنانیی کۆن و پزیشکە ڕۆمانییەکان و فەیلەسوفە یۆنانییەکان پشتیان پێبەستووە، هیپۆکرات بە دۆزەرەوەی ئەم ڕێبازە پزیشکییە دادەنرێت، و گالینۆس گەشەی پێداوە. ئەم سیستەمە پەیوەستە بە شلەمەنییەکانی لەشەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کاردانەوەی بەرگری لەشەوە هەیە، کە لەنێو شلەمەنییەکانی لەشدا ئەو دژە تەنانە دەگرێتەوە کە جیاوازن لە خانە. کەمبوون یان زیادبوونی هەر توخمێک لەم چوار توخمە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەست و سۆزو تەندروستیی مرۆڤ هەیە. چوار ئاوێتەکەی جەستە پێکدێت لە خوێن، تاڵاوی زەردی زراو، تاڵاوی ڕەشی سپڵ و بەڵغەم. وەکو وتمان تێکچوونی هاوسەنگیی ئەو شلەمەنییانەی نێو لەش پەیوەندی بە مێژووی نەخۆشییەکەوە هەیە، بەهۆی کەمبوونەوە یان زیادبوون لە بڕی شلەکان. (وەرگێڕ)

ئاوێتەکانی جەستە: سیستەمی تەواو

چوار ئاوێتەکە ئەمانەن: خوێن، تالاوی زراو، تالاوی سپڵ، و بەڵغەم، وەکو لەشێوەی (٢) دا دەیبینین. سیستەمی ئەم چوار تێکەڵەیە، چوارچێوەیەکی تایبەتمان پێدەبەخشێت بەمەبەستی تێگەیشتن لە تەندروستی و نەخۆشی و شتی تر، لە کۆتاییدا تیۆرییەک بەرجەستە دەبێت، ڕێنماییمان دەکات بەرەو کەسێتیی مرۆڤ و توانای ئامادەیی بۆ توشبوون بە نەخۆشی. لە تایبەتمەندییەکانی ئەم تێکەڵەیە- گەرمی، ساردی، وشکی و تەڕی- پێوەرێکی هاوسەنگ بۆ ڕەوتی نەخۆشییەکان و قۆناغەکانی سووڕی ژیان پێشکەش دەکات. هەر تێکەڵەیەکیش بە یەکێک لەم چوار توخمەوە گرێدراوە- هەوا، ئاگر، زەوی و ئاو - فەلسەفەی سروشتی یۆنانی باوەڕی وایە هەر شتێک لەژێر مانگدا بێت لەم توخمانە پێکهاتووە؛ لەبەرئەوە ئەو جیهانەی دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی مانگەوە، هەموو شتەکانی گۆڕانکارییان بەسەردادێ، پیر دەبن و دەمرن. بەڵام لە سەرووی مانگ جووڵەیەکی بازنەیی هەیە وەکو یاسایەکی بنەڕەتی بەردەوامە بۆیە ئەستێرەکان وەکو توخمێکی نەمر دەبێننەوە.

بەشێوەیەکی گشتی ڕێبازی ئاوێتە یا تێکەڵەکان humoralism بەهێزترین پرۆگرام بوو بە دەستی پزیشک و تەنانەت پیاوانی ئاسایی شەقامەوە بۆ لێکدانەوەی تەندروستی و نەخۆشی، بەڵام لەسەدەی نۆزدەوە هێواش هێواش پزیشکیی زانستی شوێنی ئەم ڕێبازەی گرتەوە.

ئەو کەسەی چاودێری نەخۆش دەکات دەتوانێت بەهۆی شلەکانی جەستەوە کە کاریگەری لەسەر جەستە هەیە، نیشانەکان دەستنیشان بکات، بۆ نموونە پێست سوور

دادەگەڕێ کاتێ نەخۆشەکە تای لێدێ، دەکۆکێ و بەڵغەم یان خوێن فڕێدەدات، چاوی فرمێسک دەڕێژێ، لووتی ئاوی پیا دێتە خوارێ، لە کاتی وشکبوونی پێست یان زەردوویبدا ڕەنگی میزەکەی تۆخ دەنوێنێ، ڕەنگە پێستی بە ئارەقکردن تەڕ بێ یان ڕەنگی پێستی پەڕیبێ. هەروەها ڕەنگە ڕشانەوەو سکچوون دوو نیشانەی دیاری نەخۆشی بن. لەبەر ئەوەی کولتوری گریکیی کۆن ڕێگر بووە لە توێکاری بۆ لەشی مرۆڤ بۆیە مەعریفەی هیپۆکراتییەکان بە توێکاریی قوولی جەستە، زۆر سنووردار بووە، یان زانیارییەکانیان لەڕێگەی توێکاری گیانەوەرو کەوڵ کردنی گیانەوەرەوە بووە ئەو کاتەی بۆ ژەمەکانی خۆراک ئامادەیان کردووە. هیپۆکرات بەوە بێزار نەبووە، ئەگەر گالینۆس هەوڵیدا هەندێ زانیاری توێکاری لەسەر لەشی مرۆڤ پێشکەش بکات، لە بنچینەوە لە ڕێگەی کەوڵ کردن و توێکاری ئاژەڵانەوە ئەو زانیارییانەی دەستکەوتووە.

هیومۆرالیزم پێویستی بە بڕێکی زۆر لە مەعریفە نییە سەبارەت بە توێکاری، چونکە توخمە کاریگەرەکانی جەستە مادە ڕەقەکان نین بەڵکو وەکو وتمان شلەمەنییەکانی جەستەن ئەوانیش بە ئاسانی دێنە بەردەست، هەریەکە لەو شلانە پەیوەستن بە ئەندامێک لە ئەندامەکانی جەستەوە، بەڵغەم بە مێشکەوە بەستراوە، خوێن بە دڵەوە، زەرداوی زراو بە جگەرەوە، تاڵاوی ڕەش بە سپڵەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە نوسینەکانی هیپۆکراتدا سەبارەت بە نەشتەرگەری، لەگەڵ پزیشکەکانی تردا دوواوە وباسی گرتنەوەی شکاوی و ڕاستکردنەوەی ئێسک و جومگەکان، تیماری برینەکان و نەشتەرگەری بچووک بۆ کەیسە تایبەتەکانی کردووە. کاری

نەشتەرگەری بە ئێستاشەوە، پێویستی بە تەرکیزکردنێکی چرە بۆ سەر بەشێکی دیاریکراوی جەستە، بەڵام "پزیشکی" هیپۆکراتی ، لە ڕێگەی لێکدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر شلەی تێکەڵەکاندا دێن بە گشتگیر مایەوە ونەخۆشەکەی لەژێر چاودێریدا دەهێشتەوە.

هیومۆرالیزم لە ناوەندی پزیشکیی ڕۆژئاوایدا، پشتی بە دوو بیرۆکەی نەگۆڕ بەستووە، هەردووکیان پەیوەندییان بە یەکترییەوە هەیە، ئەو دوو بیرۆکەیەش هاوسەنگی و میانڕەوییە؛ هیپۆکراتەکان پێیانوایە تەندروستی دەرەنجامی هاوسەنگی نێوان چوار تێکەڵەکەیە، تێکچوونی هاوسەنگی نێوان ئەم چوار تێکەڵەیە- هەر زیادڕەوییەک یان کەمبوونێک لە هەر یەکێک لەو شلانە، دەبێتە هۆی نەخۆشی.

جەستە بە شێوەیەک چاوی لێدەکرێ کە شێوەیەکە لە شێوەی فڕن ولێنانی خواردن میتافۆرەیەکی ئاشکرایە شێوازی لێنان هاوشێوەی وەسفی نەخۆشییە لای هیپۆکراتەکان، بۆ نموونە ئەو دەردراوانەی بە نەخۆشی بەراورد دەکرێن – کێم و زوخاو، ئارەق کردنەوە، فڕێدانی بەڵغەم، میزی خەست، سکچوون و ڕشانەوە- بەو شێوەیە لێکدەدرێتەوە کە ئەم گۆڕانکارییانە لە شلەکاندا، بەرەنجامی میکانیزمی بەرگرییە سروشتییەکانی جەستەن؛ جەستە زۆرجار شلەمەنییە خراپبووەکان یان زیادەکان دەکوڵێنێ – لێدەنێ- بۆ ئەوەی جەستە لە تێکەڵە زیاد و خراپبووەکان بەرەو باشتر پاک بکاتەوە یان تێر بکات، بە ئامانجی گێڕانەوەی دۆخی هاوسەنگی بۆ لەش (تەندروستی).

ئەم لێکدانەوە هیپۆکراتییە بۆ نەخۆشی سەر جێگا، بە مەبەستی ڕزگاربوونی لەش لە تێکەڵە خراپەکان، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر هێزی شیفابەخشی سروشت. ئەم پرەنسیپە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ناوەندە پزیشکییەکاندا بابەتی گفتوگۆ بوو، لەسەدەی نۆزدەیەمدا لە قالبێکی یاساییدا بە " نەخۆشی سنوورداری خودی" تۆمارکرا، هەر دەرمانێکی نوێی بەهێز دەتوانێ بە ئاسانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات. هەر نەخۆشییەک چارەسەری هەبوو یان نەیبوو- لە ڕووی خودییەوە سنووردارە. بۆ نموونە چارەسەرکردنی نیشانەکانی ئینفلوەنزا، ڕەنگە نەخۆشەکە هەست بە باشتربوون بکات، بەڵام بە هیچ جۆرێک ناتوانێ هۆکارەکە بنبڕ بکات، هەموو پزیشکەکان ئەوە دەزانن، بەڵکو ئەوەش دەزانن کە ڕەچەتەی پزیشکی وا لە نەخۆش دەکات زۆر هەست بە باشی بکات، تەنانەت وا هەست دەکات چاکبۆتەوە، بەڵام کاریگەری ئەو ڕەچەتەیە چاکبونەوەیەکی لاوەکییە نەک ڕیشەیی ڕیشەیی، زۆر جار کلینیکی پزیشکی پشتی بەو هەڵە لۆجیکییە بەستووە کە دەڵێ: "هۆکاری ڕوودانی ئەمە، ئەوەی پێش خۆیەتی".

هیپۆکراتەکان لە کاری پزیشکیدا زۆر بێفیزبوون، هێزی شیفابەخشی سروشت لای ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وتەیان کە دەڵێن: "هێزی سروشت هێزی شیفابەخشی نەخۆشییە" و "ئەوەی پەیوەندی بە نەخۆشییەوە هەیە بۆ دوو شت دەیگەڕێننەوە : یارمەتی بدە، یان بەلای کەمەوە ئازاری مەدە".

راهێتانی پزیشکی لەسەر جێگای نەخۆش



شێوەی (٢) تێکەڵە humours : ئاسانکارییەکی سەرسوڕهێنەر لە سیستەمی هیپۆکراتدا هەیە، تایبەتمەندیی گرنگ و هاوسەنگی هەیە، لە نێوان (گەرمی ، ساردی، وشکی و تەڕی).

بەمجۆرە ئامانجی یەکەمی چارەسەرکردن یارمەتیدانی جەستەی نەخۆشە، تا کاری "سروشتی" ی خۆی بکات. هەندێ لە کارەکانیان کە ئەنجامی دەدا لە گەڵ پزیشکیی نوێدا ناکۆک بوو. بۆ نموونە خوێنگرتن (کەڵەشاخ) بنەمایەکی ئەقڵانی هەبوو؛ بۆ شوێنی هەوکردنەکان- یان سووربوونەوەی پێست لە ئەنجامی تا لێهاتندا، چونکە وا لێکدەدرایەوە ئەم نیشانانە بەڵگەن لەسەر خوێنی زیادە لە لەشدا، بۆیە وا پێویست دەکات لە ڕێگەی خوێنگرتنەوە فریای جەستە بکەویت و یارمەتی بدەیت تا لەو خوێنە زیادەیە ڕزگاری بکەیت. کەڵەشاخ کۆنترین شێوازی چارەسەرکردنە لە هەمووشیان زیاتر بەردەوامی هەبووە، جگە لەوەش زۆرجار وا دەبینرێت ئەم شێوازە چارەسەرکردنە بەڵگە بێت لەسەر وەحشیگەری و بەربەرییەتی پزیشکی سەرەتایی. کەڵەشاخ تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم یەکێک بوو لە کۆڵەکەکانی چارەسەرکردن، بەڵام بەرە بەرە لەلایەن پێڕەوکەرانییەوە کاڵبووەوە؛ زۆرجار نەخۆشەکان خۆیان داوایان دەکرد کەڵەشاخیان بۆ بکرێت چونکە سوودی زۆریان لێوەرگرتووە. زۆرجار پزیشکەکە بڕێکی زۆر خوێنی لە نەخۆشەکە گرتووە، وازی لێنەهێناوە تا ڕادەی بوورانەوە. بەپێی وتە کاریگەرەکانی یەکێک لە پزیشکە هیپۆکراتییەکان «لە دۆخی نەخۆشییە سەختەکاندا، چارەسەرە بەهێز و کاریگەرەکان سەرکەوتووترن» هەندێجار ئەو وتەیە دەخرێتە قاڵبێکی کاریگەرترەوە وەکو «نەخۆشییە ترسناکەکان پێویستیان بە چارەسەری ترسناکە».

بەشێوەیەکی گشتی چارەسەرە ئاوێتە هیومۆراڵەکان تێکەڵ بە شتی تر کران لە چەشنی سیستەمی خۆراک، وەرزش، مەساج، و ئەو پێداویستییانەی هەر تاکێکی نەخۆش پێویستی پێیەتی. ئەو تایبەتمەندییە گشتگیرەی نەخۆش، کرۆکی کاری پزیشکی بوو لە دیدی سیستەمی تێکەڵەکانەوە. هەرچەندە نووسراوەکانی هیپۆکرات ناوی زۆر نەخۆشی دێنێ دەتوانین ناوی نوێی بۆ دابنێین، بەڵام نەخۆشییەکە تەنها تایبەت بووە بەو کەسەی کە ئازاری بەدەستەوە چەشتووە. هەرچەندە دەتوانین ناو بۆ نەخۆشییەکە بدۆزینەوەو ناوی بنێین سیل، جەڵدەی مێشک، مەلاریا، پەرکەم، هیستریا و دیزانتری، بەڵام وا پیشان دەدرێت ئەو ڕوداوانە لە تاکەکان قەوماون، دواتر ئەو شارەزایی و ئەزمونەی لەو نەخۆشییانە پەیدایان کردووە، گشتێنراوە بە مەبەستی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو نەخۆشییانەدا، ئەگەر هەموو لایەکی گرتەوە. ئەزمونەکەیان لە شێوەی وتەی بەنرخدا بەرجەستە کردووە، دەتوانین ناوی بنێین "مرواریيەکانی سەرجێگای نەخۆش". ئەو ڕونکردنەوەیەی لە سیستەمی تێکەڵەی شلەمەنییەکاندا بەکاریان هێناوە، هاندەر بووە بۆ ئامادەکردنی چارەسەرەکان، بەشێوەیەک لەگەڵ دۆخە تایبەتییەکاندا بگونجێن.

هیپۆکراتییەکان تەواو درکیان بەوە کردووە، زۆر نەخۆشی هەیە کۆمەڵگەکان بە پیر وگەنجەوە، بە هەژار ودەوڵەمەندەوە، بە قەڵەو ولاوازەوە، بە نێر ومێیەوە ڕادەماڵێ، ئەمە ئەو تایبەتمەندییانەیە کە هیپۆکراتەکان لە دەستنیشان کردنی نەخۆشی سەرجێگا و ئامۆژگاری بۆ

چارەسەرکردن بە هەند وەریان گرتووە. لە دوو کتێبدا کە کاریگەرییەکی تایبەتیان هەیە- ئەویش کتێبێکە سەبارەت بە "پەتا" و کتێبێکیش بەناونیشانی "شوێن و ئاو وهەوا"، نووسەرە هیپۆکراتییەکان چەند بیروڕایەکیان سەبارەت بە لایەنە زۆر تایبەتەکان بە نەخۆشی خستۆتە پێشچاو. کتێبی " شوێن و ئاوو هەوا" لە کرۆکدا خۆی لە مانیفێستی دامەزراندنی بزوتنەوەی پاراستنی ژینگە کە لە جیهانی ڕۆژئاوادا سەریهەڵداوە دەبینێتەوە، بە تایبەتی ئەو بەشەی پەیوەندی بە تەندروستی و نەخۆشییەوە هەیە. کتێبەکە ئامۆژگاری سەبارەت بە شوێنی گونجاو بۆ نیشتەجێبوون پێشکەشکردووە (خۆڵی پوخت و باش، بەرگەی سەرماو سۆڵی بەهێز بگرێت). ئەم کتێبە تەندروستی کۆمەڵگەی لەسەر بنەمای فاکتەرە ژینگەییە کاریگەرەکان لەسەر دانیشتوان شیکردۆتەوە. وەکو هەموو بیروباوەڕە پزیشکی وبایۆلۆجییەکان تاکۆتایی سەدەی نۆزدە، ئەو نووسەرانە لایەنگری ئەوەی ئێستا پێیدەڵێن"لامارکیزم"[٣] (کەمێژووی

٣لامارکیزم، بە لامارکیی نویێ یان بە لامارکی بۆماوەیی ناسراوە، لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە کە دەڵێ گیانەوەری زیندوو تایبەتمەندییەکانی خۆی بۆ وەچەکەی دەگوێزێتەوە لەڕێگەی بەکارهێنانەوە یان بەکار نەهێنانی ئەم تایبەتمەندییانەوە لە تەواوی ژیانیدا، هەروەها پێشی دەوترێت تایبەتمەندییە بەدەست هێنراوە بۆماوەییەکان، یان بۆماوەییە نەرمەکان soft inheritance ئەم ناوە بە هەڵە لە زانای زیندەورزانی فەرەنسی جان باتیست لامارک (١٧٤٤- ١٨٢٩) هوە وەرگیراوە. لامارک تیۆری بۆماوەی نەرمی ئاوێتەی تیۆرەکانی پەرەسەندنی خۆی کرد وەکو تەواوکەری تێگەیشتنی سەبارەت بەڕاستکردنەوەی تیۆری پەرەسەندن. لەم دیدەوە لامارک وا دەبینرێت کەدژی داروینیزمە، بەڵام ئەم خستنەڕووە لەمێژووی بایۆلۆژیادا هەڵەیە، چونکە لامارک هەر لەبنەڕەتەوە خاوەنی بیرۆکەی بۆماوەی نەرم نەبووە، کە لەسەردەمی کلاسیک و دوای ئەویش پێی

بەسەرچووە). واتە هیپۆکراتییەکان پێیانوابوو فاکتەرە ژینگەییەکان لەوانەیە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بگۆڕن (ڕەنگی پێست و شێوەی بالاو ئەوانیدی)، ئەم گۆڕانکارییانەش بۆ وەچەکانیان دەگوێزرێنەوە. ئەمە فەلسەفەیەکی گەشبینانەیە بۆ نەرمونیانی مرۆڤ و لەگەڵ متمانەی هیپۆکراتەکان بەگشتی گونجاوە بەوەی سیستەمی چارەسەرکردن لای ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەخۆشانەی سوودیان لە چارەسەرەکانیان وەرگرتووە. لە هەمان کاتدا نووسینەکانیشیان پڕە لەو کەیسانەی لە ڕێگەی ئەزموونەوە فێری بوون، بەوەی نەخۆشی لە قۆناغی گەشەکردنی تەواودا، یان زۆر ترسناکدا، ناتوانرێت هیچی لەگەڵدا بکرێت.

دەنگدانەوە گەورەکەی پزیشکی هیپۆکراتی

تێکەڵەی شلەمەنییەکانی جەستە وەکو چوارچێوەیەکی تیۆری ماوەیەکی زۆر بەردەوامبوو، هێشتا بیرۆکەی شلەمەنیی تێکەڵەکان لە گفتوگۆی ئاساییدا بەکاردێنین "بە سروشت کەسێک دەبینین گەشبینە، بەڵام لەڕاستیدا خۆی کەسێکی ڕەشبین"ە، هەروەها لە تەوەری گەرم- سارد، تەڕ- وشک لە ڕێکخستنی تێکەڵەکاندا گازندەی خراپ دەکەین، وەکو ئەوەی ئەگەر بە بێ کڵاو دەرچووین ئەگەر قاچەکانمان تەڕبن، سەرمامان دەبێت. پزیشکەکان سەبارەت بە سروشت و چارەسەری ئینفلوەنزا لەهەموو کەس باشتر

ناسراوە "لامارکیزم". هەروەها داروین لە کتێبی ئەسڵی جۆرەکان ئەو بیرۆکەیەی پەسەند کردووە کەناوی " بۆماوەی تایبەتمەندییە بەکارهێنراوەکان و تایبەتمەندییە پشتگوێ خراوەکان"ە. (وەرگێڕ)

ئەوە دەزانـن- کەوتـنە نێـو چەمکە باوەکـانی نەخۆشـییەوە، بەشـێکی دەگەڕێـتەوە بـۆئەوەی کە نەخـۆش چـاوەڕوانی دەکات، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ چاوپێکەوتنی نێوان نەخۆش و پزیشـک، بەشـێکی تـری ئەوەیە پزیشـکەکانیش مـرۆڤن. لەقۆنـاغی دواتـردا، پزیشـکی داروینـی "هێـزی شیفابەخشـی سروشت"ی هیپۆکراتی بەکارهێنا لە گومـانکردن لە شـێوازی چارەسـەری نیشـانەکان، ئایـا هێـورکردنەوەی کـۆکە، یـان وشککردنی ئاوی لووت چارەسەری ڕیشەییە، لە کاتێکدا ئەم نیشانانە نموونەی بەشێکن لە سووڕی بەرگریی لەش دەبێت بەشـێوەیەکی سروشـتی کۆتاییـان پـێ بهێنرێـت نەک بەزۆر یان بە پێدانی چارەسەر.

لەڕاسـتیدا زۆرێـک لە کولتـووری هیپـۆکراتی لەڕێـگەی نووسـینەکانی گالینۆسـەوە بـۆ ڕۆژاوا گۆاسـتراوەتەوە، کە زیاتر لە هەزار ساڵ بەسەر بیرکـردنەوەی پزیشـکیدا زاڵبـوو. گـالینۆس هەسـتی دەکـرد تەواوکەری چوارچێـوەی هیپـۆکراتییەو ئیـزافەی نـوێی دەخاتەسـەر. لەسـەردەمە کۆنەکانـدا ئەوەی دەربـارەی ئەو دەیـزانین دەربـارەی هـیچ پزیشـکێکی تـر نـایزانین، وتەکـانی ئەو زیـاتر لە وتەی هەر نووسـەرێکی تر مـاونەتەوە (چ لەبارەی بـواری پزیشـکییەوە یـان بـابەتی تر)ەوە، گـالینۆس کارەکـانی تێکەڵ بەژیاننـامەی خـۆی کردبـوو. دەربـارەی هەمـوو لایەنە پزیشـکییەکان نووسـیویەتی: دەستنیشـانکردنی نەخۆشـی، چارەسـەری نەخۆشی، سیستەمی خۆراک و فەلسەفەی پزیشکی، ڕێبازی تێکەڵە هیپۆکراتییەکانی خستە چوارچێوەی یاساییەوە، بەڵام ڕەهەندە ئەزموونییە پزیشکییەکانی خـۆی پشـتگوێ نەخست و بەهێزی کردن، لەکاتێکدا هیپۆکراتییەکان ڕازیبوون بەوەی

تەنها بەچاو لە نەخۆشەکان وردبنەوە، بەڵام گالینۆس ئەوانی تێپەڕاند و وردەکارییە جەستەیی و توێکارییەکانی لەبواری تەندروستی و نەخۆشیدا وەکو بابەتی زانستی باسکردووە. زۆر متمانەی بەخۆی هەبووە، لەهەموو شتێکدا یەکلابووە، نەدەبووایە ڕەخنەی لێ بگیرێت، زۆربەی پزیشکەکان زیاتر لە هەزار ساڵ هاوڕای بۆچوونەکەی ئەوبوون.گالینۆس لە پێڕەوی پزیشکی بۆ نەخۆشی سەرجێگا، زۆر سوودی لە ڕێبازی تێکەڵەکان بینی، بەڵام بۆ زانستی جەستە سیستەمێکی ئاڵۆزی داهێنا لەو سیستەمەدا فرمانە سروشتییەکانی جەستەی وەکو بەشێک لە ڕۆحی "پیرۆز" لێکدەدایەوە نەک پشتبەستن بە تێکەڵەکان. لەو نموونەیەدا خۆراک دەچێ بۆ گەدە، دوایی دەگۆڕێت بۆ کایل (کایل شلەیەکی شیرییە چەند دڵۆپێک چەوری تیایە، دەچێتە ڕیخۆڵە باریکەوەو لەهەرسکردندا دەچێت بۆ سیستەمی لیمفاوی. وەرگێڕ)، ئەم کایلە لە ڕێگەی دەروازەی خوێن هێنەرەوە دەڕوات بۆ جگەر، ئینجا دەگۆڕێت بەخوێنێک ئاوێتە بە ڕۆحی سروشت، بەشێک لەم خوێنە دەڕوات بۆ دڵ، دواتر بۆ سییەکان بۆ تێر کردنی ئەو بەشە زیندووە، بەشەکانی تری خوێنەکە لە ڕێگەی زمانەیەکی نەبینراوەوە لە سکۆڵەی ڕاستی دڵەوە دەڕوات بۆ سکۆڵەی چەپ، لەوێ تێکەڵ بەو ڕۆحە زیندووە دەبێت کە لەڕێگەی وەرگرتنی هەناسەوە لە سییەکانەوە وەردەگیرێت. دوای ئەوە ئەم خوێنە زیندووە لە شادەماری دڵ aorta و شادەماری لاملەوە دەڕوات بۆ مێشک، لەوێش بۆ دواجار بەهۆی "ڕۆحی گیانەوەرییەوە" پاکدەبێتەوە، ئینجا بەدەمارەکاندا گوزەر دەکات، تا جووڵەو هەستەکان دەست پێدەکەن.



شێوەی ٣: سیستەمی فسیۆلۆجی گالینۆس: گالینۆس ژمارەیەک دیاردەی بنەڕەتی بۆ زانستی جەستە لێکدایەوە، بە بەشداری جگەر ودل ومێشک لە ڕێگەی کرداری ئامادەکردنی سێ ڕوحەکە، ڕۆحی سروشتی وڕۆحی زیندەگی وڕۆحی گیانەوەری.

ئەم شـــێوازە لە جەســـتەو فســـیۆلۆجییای مرۆیـــی، بەدرێژایـی هەزار سـاڵ بـاوەڕێکی پیـرۆزی نەگـۆڕ بـوو، بە هەمان شێوە لێکدانەوەکانی گالینۆس لە توێکاریدا کە لەسـەر مەیمون و بەراز و گیانەوەرانی تر، بەشـێوەیەکی هەڕەمەکی ئەنجـامی دەدا، بەهـاداربوون. حەرام کردنـی توێکـاری بـۆ جەستەی مرۆڤ لە دەرەوەی دەسەڵاتی گالینۆس بوو، تـاکە هەڵەی ئەو ئەوەبـــوو خوێنەرەکـــانی لەو ســـەرچاوەیەی وەریـــدەگرت ســـەبارەت بە زانیـــاری توێکـــاری ئاگـــادار نەدەکـردەوە، ئەمەش موریـدەکانی گالینۆسـی وا ڕاهێنـا کە بڵـێن، جەسـتەی مـرۆڤ دوای شـرۆڤە کردنـی مامۆسـتای گەورە، گۆڕانکـــاری بەســـەردا هـــاتووە، بەڵام لە کۆتاییـــدا ڕاسـتییەکان ئاشـکرابوون و گـالینۆس بـووە ئامـانجی ئەو ڕەخنەگرە پێشکەوتووخوازانەی هەر شتێک بە چاوی خۆیان نەبینن باوەڕ نەکەن.

نێوانی هیپۆکرات و گـالینۆس زیـاتر لە ٥٠٠ سـاڵ بـووە، بێگومـــان لەو مـــاوەیەدا ژمـــارەیەکی زۆری پزیشـــک و سیســـتەمی چارەســـەرکردنیش دەکەوێـــتە ئەو نێـــوانەوە. کۆمەڵێک پزیشـک لە ڕۆمـا سـووربوون لە گرنگیـی مەسـاج، گەرمـاوی گەرم و حەمـامی سـارد وهەنـدێ چارەسـەری تـر کە کاریـان لەسـەر کـردنەوەی کونەکـانی لەش و داخسـتنی دەکرد، گریمـانەی ئەوەیـان دەکرد هەر گرژی و ئاڵۆزییەک بەدەر لەسروشـــت دەبێـــتە هـــۆی نەخۆشـــی. هەنـــدێ لە پزیشـــکەکان ڕێبـــازێکی تایبەتیـــان لە دەستنیشـــانکردن وچارەسـەری نەخۆشـیدا گـرتەبەرو هەنـدێ لەو سیسـتەمە ئەلتەرنەتیڤانە لەکاتی دەسەڵاتی گالینۆسـدا هەر بە زیندوێتی مانەوە، بەڵام ئەگەر بەراوردی هیپۆکرات بە گالینۆس بکەیـن

ئەوا گالینۆس هەزار ساڵ بەسەر مردنیدا تێپەڕیبوو کەچی هێشتا بەشێوەیەکی بەرفرەوان گرنگی پێدەدرا زۆر زیاتر لە هیپۆکرات کە هێشتا چەند سەدەیەک بەسەر مردنیدا تێنەپەڕیبوو موریدەکانی وازیان لە نووسین هێنا. بەهەرحاڵ ئەو ڕەهەندە پزیشکییانە شایانی لێکۆڵینەوەن، بەڵام پزیشکیی گریکی کۆن بە تەواوی سێ پرەنسیپی بنەڕەتی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە کە تا ئێستاش پیشەی پزیشکی لەسەر ئەو سێ پرەنسیپە بنیاد نراوە؛ پرەنسیپی یەکەم وەکو بینیمان هیمۆرالیزم بوو- ڕێبازی تێکەڵەی شلەمەنییەکانی جەستە. پرەنسیپی دووەم ڕووەک و گژوگیا بنەمای زۆربەی دەرمانەکان بوون وپزیشکەکان لەکاری پزیشکیدا پشتیان پێبەستبوو، تا شەڕی نەخۆشییەکانی پێبکەن. پزیشکێک هەر بەخۆی سیستەمێکی بۆ دەستوری دەرمانسازیی کۆن دانا بەجۆرێک بۆ چەند سەدەیەک پزیشکەکانی تر سوودیان لێبینی. دیسکۆریدۆس Dioscorides (ماوەی ٤٠- ٨٠ ز) بابەتێکی نووسی دەربارەی "دەرمانی ڕووەکی" کتێبی نووسەرەکانی پێشووی سەبارەت بە ڕووەکە پزیشکییەکان بەکارهێنا، بەڵام بەشێکی زۆری کتێبەکە دۆزینەوەکانی خۆی تێدابوو دەربارەی ڕووەک و تایبەتمەندییە دەرمانییەکان، هەرچەندە هەندێ بەرهەمی گیانەوەری باسکردبوو، بەڵام زۆرینە بۆ دەرمانە ڕووەکییەکان بوو، هاوشێوەی زۆربەی پزیشکەکانی تر لە سەردەمی کۆن و دواتردا. دەتوانرێ لە ڕووەکەکانەوە ئەو مادانە وەربگیرێن کە ئارەق دەردەرن، یان دەبنە هۆی ڕشانەوە، یان بەتاڵکردنەوەی ڕیخۆڵە، یان خەوهێنەرە یان ئازارشکێنە. زۆربەی ئامادەکراوە

ڕووەکییەکـان وەکـو ئەفیـون و خەرپونـگ[٤] کـاریگەرییەکی مەزن ودرێژخایەنیـــان هەیە بەڵام پـــێچەوانەی نـــاوەڕۆکە بنچینەیـــیەکەی تیـــۆری پزیشـــکیی کـــۆن، ڕووەکەکـــان دابەشـــبوونێکی جـــوگرافی دیاریکراویـــان هەیە، گەڕان بە دوایاندا پزیشکەکانی ناچار کرد خۆیان دەرچن و لە بێشە و دارســـتان و پەرژیـــنە بە دەوەن دروســـتکراوەکانی دەوری کێڵگەکـان بە دوایـدا بگەڕێـن. هەروەهـا پێیـان وابـوو ئەگەر ڕووەکێکـی دیـاریکراو لە دەوروبەرت شـین بـوو ئەوا بیـدە بەو کەسـانەی ئەو ڕووەکە لە نـاوچەی ئەوان شـین نابێـت، بەوە هاوردەکردنی ڕووەکەکان و ناردنی بۆ شـوێنەکانی تـر لە سەدەکانی دواتردا ڕەواجی پەیداکرد.

گـــالینۆس ســـوودی لە بەشـــێکی زۆری کارەکـــانی دیســـکۆردیس لە نووســـینە مەزنەکانیـــدا وەرگـــرت، کتێبـــی "دەرمـــانی ڕووەکـــی" ی دیســـکۆردێس لە ســـەردەمی ڕینیسانسـدا جێگەی ڕێزبـوو. پرەنسـیپی سـێیەم- ڕێبـازێکی سـیکۆلار بـوو لە لێکـدانەوەی نەخۆشـیدا- ئەم ڕێبـازە زۆر ڕوون نەبـــوو بەڵام گرنگـــی تەواوی هەبـــوو، کـــاریگەریی سیحرو ئاین بەسەر پزیشکان و خەڵکەوە، لەوەی پەیوەندیی بە تەندروســـتی و نەخۆشـــییەوە هەیە، تـــا ئەم ســـاتەش بەردەوامـی هەیە. بەڵام چارەسـەرکارە کۆنەکـان کە هێشـتا کارەکانیـان مـاوەتەوەو بەهـای خۆیـان هەیە، پێیـان وایە

٤خەرپونـگ hellebore یـان خەربەنـگ، خەربەنـد، ڕووەکێکـی کێـوی دەگمەنە، گوڵەکەی سەوزە، قەراغی پەڕەکانی سوورە، مادەیەکی ژەهراوی تێـدایە پێـی دەوترێـت "هیلیبـۆرین"دووکەڵی تـۆوە سـووتێنراوەکەی بـۆ قلیشـاویی پێسـت باشـە، خەرپـونگی ڕەش لە زسـتاندا گـوڵ دەکـات بـۆ چارەسەری نەخۆشییە ئاژەڵییەکان سوودبەخشە.

دەکرێ نەخۆشی لە دیدێکی سروشتییەوە لێی بڕوانرێت، ئەمەش مانای ئەوە نییە پزیشکە کۆنەکان ئاین پەروەر نەبوون، گالینۆس باوەڕی بە یەکتاپەرستی هەبوو، لێکۆڵەران دواجار دەیبەنەوە سەر ئەوەی بەجۆرێک لە جۆرەکان دانی بەو بزووتنەوە ئایینییەدا ناوە کە لەسەردەمی خۆی گەورەو مەزن دەبوو، ئەویش بزوتنەوەی مەسیحییەت بوو. بەڵام کاتێک هیپۆکرات و گالینۆس بەرەو ڕووی نەخۆشێک دەبنەوە، لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکە لە جێگەکەیدا، پشت بەو شارەزایی و زانیاریانە دەبەستن کە لایان کەڵەکە بووە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار نەخۆشی، بە ئێستاشەوە لە چوارچێوەیەکی ئایینی یان ئەخلاقییەوە لێی دەڕوانرێت، وا دەبینرێت دەرەنجامی گوناهەکانە، یان سزایەکی خودایە، یان تاقیکردنەوەی سەبری ئەیوبە: خودایە چیت لێم دەوێ؟

ئەم لێکدانەوە هەڵەیە ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە کە پزیشکیی کۆن لەسەر ڕێبازی "سروشت" بەڕێوەچووبێت. زاراوەی پزیشک physician و فیزیک physic، یەک سەرچاوەیان هەیە ، ئەو سەرچاوەیەش لەسەردەمی گریکی کۆندا ڕەگی داکوتاوە، بە مانای "سروشت"، هەر هەوڵدانێک بۆ تێگەیشتن لە کاری جەستە لەڕووی تەندروستی و نەخۆشییەوە، پزیشک هاندەدا شەیدای زانیاری زیاتر بێت، نەخۆشیش هاندەدا لە نیگەرانیدا بمێنێتەوە.

بەشی دووەم
پزیشکی لە کتێبخانەدا

موجیزەی زیندوو مانەوە

کاتێک مرۆڤ لەم مەسەلەیە ڕادەمێنێ، دەبینێ مانەوەی هەر شتێک لەسەردەمی کۆندا بۆ ئێستا لەشێوەی موجیزەدا بووە، گەر وانەبوایە چۆن بە قەسیدە درێژەکانی هۆمیرۆس شاد دەبووینەوە، یان بە کارەکانی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ، یان ئەو ٢٠ بەرگەی (بەنیوە چڵی لە چاپە نوێیەکەیدا) نووسراوەکانی گالینۆسی لەخۆگرتووە؟ دوای ڕەنجێکی زۆر دەستنووسەکان کۆپی کراون (لەسەر کاغەزی تەنک یان ناوەندەکانی تر)، ئەو دەستنووسانە کاڵای گرانباو دەگمەن بوون، کەوتبوونە بەر کەڵپەی ڕۆژگارو کاولکارییەکانی جەنگ، یان شێبوونەوەو داڕزانی سروشتی یان کەمتەرخەمی و لەناوچوونی ئاسایی. ئەوەی تا ئێستا ماوەتەوە، کۆپیی دواترە، دوای دەقە ئەسڵییەکە بەچەند

سـەدەیەک مـاوەتەوە، کەسێک کۆپی کردووە ویستویەتی وێنەیەک بۆخـۆی بنووسـێتەوە تـا پارێزگـاری لێبکـات، بەشێوەیەکی گشتی، تا بەهای دەقەکە بەنرخ بوو‌بێت، هەلی مانەوەی زیاتر بووە، بۆیە دوای ئەوە ئاسانتر کۆپی تری لەبەرگیراوەتەوە، بەڵام ئەوەی بەدەستی ئێمە گەیشتووە بەداخەوە زۆر کەمتـــرە لەوەی لەکۆنـــدا لەنـــاوچووە. گەورەتـرین کتێبخـانەو موزەخـانەی کـۆن لەجیهانـدا لە ئەسکەندەرییەی میسر بووە، ئەو کتێبخانەیە دەیان هەزار نووسراوی لە بابۆڵەی کاغەز و کاغەزی تەنک لەخۆگرتبوو، بەڵام کەوتەبەردەم زنجیـرەیەک لە وێرانکـاری و داڕزانـی بەردەوام لە سەدەی دووەمی زاینەوە تا سەدەی حەوتەمی زاین هیچ شوێنەوارێکی نەمایەوە.

ئێســتا لەوەی مــاوەتەوە ئــێمە قەرزاری ئەو کەســە نەناســـراوانەین لە خێـــزانە خانەدانەکـــان، لە دامەزراوە ئایینییەکـان و لە کۆشـکی پاشـاکاندا بە کـۆپی لەبەریـان گرتۆتەوەو پاراستوویانن، زیاتر لەوەی ئەم کارانە بیرۆکەی ئەو کەسانە بن کە پێش دوو هەزار ساڵ یان زیاتر ژیاون.

کتێبەکانی هیپۆکرات و گالینۆس و پزیشکە کۆنەکانی تر، بنەمـای پرۆگرامـی خوێنـدنی پزیشـکی بـوون لە سـەدەی هەژدەی زاینـی، دەرەنجـام، مـاوەی نرخانـدن و پاراسـتن و لێکدانەوەی کارەکانیـان کە هەزارەی نێوان ڕووخـانی ڕۆمـا (٤٥٥ ز) و بـزووتنەوەی ڕینیســانس بـوو، شـایانی ئەوەیە شوێنی تایبەت لە مێژووی پزیشکیدا بگرێت. ئەم ماوەیە پێی دەوتـرا مـاوەی "پزیشـکیی کتێبخانەکـان" لەم بەشـەدا هـیچ جیاوازییەک ناکەم لە نێوان ڕۆژئاوای لاتینی و ڕۆژهەڵاتی

فـره زمـان كه دەوڵەتـی بێزەنتـی و دەوڵەتـی ئیسـلامی بە بەشـداریی یەهـودی و كریسـتیانەكان لە مێژووی پزیشـكیدا لەو ناوچانەی ئیسلام تێیدا باڵادەست بووە، پزیشكەكان لەم دوو بـــازنەیەدا كە پانتـــاییەكی گەورەی جـــوگرافی و كولتووریكی بەرفرەوان كەوتوتە نێوانیانەوە، هەمـوو پێكەوە بەیەك تایبەتمەندی كاریـان كردووە: ئەویـش پیرۆزكـردن و سەرخسـتنی پیشـەی پزیشـكی بـووە، لای گریكەكانیشـەوە، لەڕێگەی بنیادنـانی تیۆرو پیشـەی پزیشـكی لەسـەر بنەمـای چەمكە كۆنەكان، گومانی تیانییە كاری باشیان بۆی كردووە.

هاوبەشـی و بەشـداری كـردن كە خـۆی لەپاراسـتن و ئیزافەكردن بۆسـەر كولتـووری پزیشـكی گریكی دەبینییەوە، ئەم سەردەمە لەسەدەی پێنجەمی زایینییەوە دەست پێدەكات تـاكو داهێنـانی ئـامێری چـاپكردن. ئەم داهێنـانە گـۆڕانێكی بنەڕەتی لە سروشـتی هەیكەلی پزیشـكی هێنـایە كـایەوە، لەو مـاوەیەدا سـێ كـاری گرنگمـان بە میـرات بـۆ مـایەوە: نەخۆشخانەكان، دابەشكردنی پلەوپایەی ئەركی پزیشـكی، و زانكۆكان كە دەستەبژێری پزیشكی، تێیدا فێر دەكران.

پاراستن وگواستنەوە وڕاستكردنەوە

لە كۆتاییەكـــانی ســـەردەمی كۆنـــدا لە ئەوروپـــا، بەرپرسـیارێتی زۆربەی چـاودێرییە پزیشـكییەكان دەكەوتە سەرشـانی ئەو كەسـانەی كە هـیچ نووسـراوێكی كلاسـیكی كۆنیـان لەبەردەسـتدا نەبـوو. نەریـتە خۆماڵییەكـان بەشـێوەی نافەرمی وەكو تێكەڵەیەك لە جادووگەری وئـایینی وخـورافە، كاریـان لەسـەر چارەسـەری پزیشـكی دەكـرد. تێڕوانینـی

بەربڵاوی جیهان لە سەردەمی مەسیحییەتدا مرۆڤی هاندەدا چاوەڕوانی کۆتایی جیهان بن، یان بەجۆرێک لە نەخۆشی بڕوانن بەوەی بەشێکە لە قەدەرێکی باڵاتر کە لەسەرووی توانای مرۆڤەوەیە، وایان لەخەڵک دەگەیاند نەخۆشی شتێکی زۆر بێمانـــایە بەبەراورد لەگەڵ ئەو چێـــژ وخۆشـــییەی لەودونیا بەدەستی دەهێنین. تەنها کەمینەیەک ئەویش زیاتر پزیشـــکەکان خوێنـــدەوارییان هەبـــوو ودەیاننووســـی، لەچوارچێوەیەکی کلاسیکیانەدا کتێبەکانی چەرخی چوار وپێنجی زاینییان دەخوێندەوە.

لەســەدەی چــوارەم یــان ســەرەتای ســەدەی پێـنجەم، کـــایلیۆس ئۆرلیـــانۆس[5] کۆمەڵێـــک دانـــراوی ســـەبارەت بە نەخۆشییە درێژخان وکتوپڕەکان نووسی، لە بنەڕەتدا پشتی بە پزیشـکێکی ڕابـردوو بەسـتبوو ئەویـش سـۆرانۆس[6] بـوو، کارەکانی کایلۆس تا بڵێی ئەقڵانـی و پڕ لەتێڕوانینی بەرزی پزیشـکی بـوو. بەدرێژایی چەرخەکانی ناوەڕاست پێگەیەکی بـاڵای هەبـوو لە نەخۆشـی وچارەسـەری نەخۆشـیدا کـورت کرابـووەوە، بـۆ نمـوونە نەخۆشـی سەراسـێ یـان (شـەقیقە-migraine) و بـــائێش (عـــرق النســـا-sciatica) و هەنـــدێ نەخۆشـــیی تـــر، شـــێوازی چارەســـەرکردنەکانی زۆربەیـــان نەرمبوون، بۆ سەرئێشـەکە هەندێ پێشنیاری وەکو شـێلان، پشوودان لەسەر جێگە، دانانی پەڕۆی گەرم، بۆ بائێشـەکەش پێشنیاری هەندێ ڕاهێنانی وەرزشی ئاسانی دەکرد.

---

5 Caelius Aurelianus (fl. 4th or earley 5th century).

6 Soranus.

له ڕۆژئاوای لاتیندا، هەندێ نووسراوی پزیشکی ڕەواجی پەیداکرد، لەوانە هەندێکیان هەندێ کاری کرچوکاڵ بوو بە ناوی گالینۆسەوە (نووسراوی ساختە بوون) لەگەڵ وتەکانی هیپۆکرات، جگە لە هەندێ کتێبی نووسەرە کۆنەکانی تر؛ بەڵام دواتر سەنتەری قورساییەکە گواسترایەوە بۆ ڕۆژهەڵات، بۆ ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی کە پایتەختەکەی قوستەنتینییە بوو (ئیستانبولی ئێستا). زۆربەی دەستنووسە کۆنەکان بەکردەوە گەیشتنە ڕۆژهەڵات، پزیشکەکان لە ڕۆژهەڵاتی مەسیحییەتدا ئەو دەستنووسانەیان پاراست و وەریانگێڕا و لێکدانەوەیان بۆکرد. دواتر ئیسلام دەسەڵاتی پەیداکرد و دەسەڵاتی بێزەنتییەکان پاشەکشەی پێکرا وپانتاییە جوگرافییەکەی لەدەستدا، بەڵام لەسەر هەمان خاک کە بووە بەشێک لە دەوڵەتی ئیسلامی- ئەو دەوڵەتە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە گواستنەوەی جەستەی پزیشکیی سەدە کۆنەکانی ئەورووپای لاتین بۆ ئەوێ.

کولتووری ئیسلامی بەوەناسرابوو فرە ڕەنگییەکی جوانی هەبوو لە زمانەکاندا، هەندێ لە دەستنووسە گریکییە کۆنەکان هیچی لێنەمابووەوە جگە لەو شێوازە وەرگێڕانەی بۆ زمانەکانی ئەو ناوچانە وەرگێڕرابوون کە کەوتبوونە ژێر سایەی فتوحاتی ئیسلامییەوە، بەتایبەتی زمانەکانی عەرەبی، فارسی وسریانی. لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی زاینیدا، ناوچەکە جووڵەیەکی وەرگێڕانی گەورەی بەخۆیەوە بینی کە سێ سەدەی خایاند. زۆرجار وا لە نەریتی پیشەی پزیشکی ئیسلامی لەسەدەکانی ناوەڕاست دەڕوانرێت، کە کەناڵێکە بۆ پاراستنی دەقە گریکییە کۆنەکان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، لە

راستیدا هەر ئەو تێکستانەی کە وەرگێڕران بۆ زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەکۆتاییدا وەرگێڕرانەوە بۆ زمانە ئەورووپییە نوێیەکان.

نەریتی پزیشکی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆر زیاتر بوو لەوەی تەنها قۆناغێکی دابڕاوبێت؛ بەڵکو خاوەنی کولتوورێکی پزیشکی فێرکاریی چالاک بوو، تەنها ملکەچی ئایدیای پزیشکی گریکی کۆن نەبوو تا لەگەڵ چوارچێوە خۆماڵییەکە بیگونجێنێ، بەڵکو سەرنج و تێبینی خۆی و چارەسەری پزیشکیی خۆیشی هەبوو، کرداری نوێی ئەنجامدەدا. سێ کەس لەو کەسایەتییە سەرەکییە دیارانەی پزیشکی ئیسلامی – ئەبوبەکری ڕازی (٨٦٥- ٩٢٥ ز)، ئیبن سینا (٩٨٠- ١٠٣٧ ز)، ئیبن ڕوشد (١١٢٥- ١١٩٨ز) – کاریگەرییەکی درێژخایەنیان هەبوو نزیکەی چوار سەدە درێژەی کێشا، بەهەرسێکیانەوە کۆمەڵێک کتێبیان دانا تەواوی ئایدیای پزیشکی گریکی دەگرتەخۆ، بەڵام دوای ئەوەی هەندێ گۆڕانکاری گونجاویان لەو کتێبانەدا ئەنجامدا، جارێکی تر بۆ ڕۆژئاوایان گەڕاندەوە، هەرسێکیان لە بواری جیاجیای تردا کاریان دەکرد، ڕازی- لە ئێراندا نوسینەکانی لە بواری کیمیا ومۆسیقا وفەلسەفەدا بوو، بەڵام لە بواری پزیشکیدا تەواو قاڵبووبووەوە، لە دەستنیشان کردنی نەخۆشیدا مایەی سەرنجی خەڵکێکی زۆر بوو لە ژیانیدا. ئەو یەکەم کەسبوو ئاوڵەی لە سوورێژە جیاکردەوە (سوورێژەی بە ترسناکتر لە قەڵەمدا) کۆمەڵێک ئامۆژگاری بە سوودی پیشکەش بە گەشتیاران کرد.

هاوشـێوەی ڕازی، ئیـبن سـینا لەچەنـد بوارێکـدا کـاری دەکـرد کە لەدەرەوەی پیشـەی پزیشـکی بـوو. فەلسـەفەی ئەرەستۆ کاریگەری لەسـەرداناو بەسـەریدا زاڵبوو، بەهـرەی لە داهێنانە پزیشکییەکانی ئەرەستۆ وەرگرت. ئیبن سـینا هەر لە تافی لاوییەوە زیاتر لە ٢٥٠ تـایتڵی لە چوارچێوەی ژیـانی پڕ لەسەرکێشیی خۆیدا نووسی.

کتێبـی "یاسـای پزیشـکی" نووسـراوێکی پزیشـکی بـوو بەدرێژایی چەند سەدەیەک گەورەترین شانسی خوێندنەوەی هەبـوو، لە پێنج کتێبدا کۆمـاڵی تەواوی ئەو بابەتـانەی کرد کە تیۆری پزیشکی و چارەسەری پزیشکی و تەواوی لایەنە تەندروسـتییەکانی لەخۆگرتبـوو. ئەمە جـگە لە بوارەکـانی نەشـتەرگەری و بـابەتە دەرمانییەکـان، کە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆیان بە کـاری پزیشـکییەوە هەبـوو. ئیـبن سـیناش هەروەکـو گـالینۆس پیـاوێکی زیـرەک بـوو، دوودڵ نەبـوو لەوەی بەهرەکـانی بە خوێنەرەکـانی بگەیەنێـت. لەکتێبـی "یاسـا"دا، پەندی پزیشکیی گریکی کۆن و سەلیقەی پزیشکیی ئیسـلامی تـێکەڵ کـرد و لەچوارچێـوەیەکی نایابـدا کـۆی کردنەوە، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و لۆجیکیانە وەکو کتێبێکی نمـوونەیی بـۆ خوێنـدنی تەواوی بـوارە پزیشـکییەکان پێشکەشـی خـوێنەرانی کـرد. لەبەر ئەو هۆکـارە بـوو بـۆ ماوەیەکی زۆر لە ئەوروپا وەرگێڕرایە سـەر زمـانی لاتینی- تـاکو ئێسـتاش خوێنـدکارانی پزیشـکی لە یۆنانـدا وەکـو وانەیەک لەسەر (پزیشکیی ئیسلامیی کۆن) دەیخوێنن.

ئیبن ڕوشدیش هەروەکو ئیبن سینا فەلسـەفەی ئەرەسـتۆ کـاریگەری زۆری لەسـەردانا، لە ئیسـپانیای ئیسـلامی و

مەراکش. گەورەترین کردەوەکانی ئیبن ڕوشد لە بواری پزیشکیدا دانانی ئینسکلۆپیدیایەک بوو هاوشێوەی کتێبی یاسای ئیبن سینا (هەروەها بابەتی زۆری لەسەر فەلسەفە وئەستێرەناسی و فیقهی ئیسلامی) نووسی. کتێبە جیهانییەکەی بە ناوی "گشتێتیی پزیشکی" لە ژێر ناوی جۆربەجۆردا وەرگێڕرایە سەر زمانی ئینگلیزی کە پێکهاتبوو لە حەوت بەش، لە توێکارییەوە بگرە تا چارەسەرکردن، وەرگێڕانە لاتینییەکەی لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، تێکەڵەیەک بوو لە کردەوەکانی گالینۆس و ئەرەستۆ، پێشکەش بە چەند نەوەیەک لە پزیشکە ئەوروپییەکانی کرد.

هەرچۆن پزیشکە ئیسلامییەکان پرۆگرامێکیان دانا بۆ وەرگێڕانی تێکستە کۆنە ئەوروپییەکان بۆ زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە هەمان شێوە پرۆسەی وەرگێڕانەوەی ئەم تێکستانە بۆ لاتینی لەلایەن کۆنستانتینی ئەفەریقییەوە پێش (١٠٩٨) دەستی پێکرد و لەلایەن چەند زانایەکی سیکۆلارەوە بەردەوام بوو. ئەو تێکستە لاتینیانە کە تازە گەیشتبوون، بوونە بنەمای ئەو پرۆگرامەی لە قوتابخانە پزیشکییە ئەوروپییەکاندا بۆ یەکەمجار خوێندرا، خوێندنەکە لەو قوتابخانەوە دەستی پێکرد کە لە شاری سالیرنۆ لە خوارووی ئیتاڵیا لە دەوروبەری ١٠٨٠ ، ناوی دەرکردبوو. دوای چەند سەدەیەک کۆلێجە پزیشکییەکان لە زانکۆکانی سەدەکانی ناوەڕاست پشتیان بەو سەرچاوانە بەست.

نەخۆشخانەکان، زانکۆکان، پزیشکەکان

بەپێی پێناسەی ئێمە بۆ چەمکی "نەخۆشخانە"، ئەو ناوەندە مۆدێرنە گرنگەی نێو دامەزراوەکانە کە چەند بنەمایەکی گرنگی هەیە، ڕۆمانەکان جۆرێک لە بینای تایبەتیان بەکار دەهێنا پێیان دەگوت *Valitudinaria* (لە زمانی ئینگلیزیدا ڕەگی ئەم وشە لاتینییە دەگەڕێتەوە بۆ *valitudinarian* بۆ وەسفی ئەو کەسە بەکاردێت کە زیاد لە ڕادە گرنگی بە تەندروستیی خۆی دەدات) ئەم خانەیە بۆ حەوانەوەی ئەو سەربازە نەخۆش و بریندارانە بوو کە لەوێ چاودێری دەکران، لێرەدا خانەیەکی چاودێری کۆن ماوەتەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆیەمی زایینی. پێش ئەو مێژووە بە ماوەیەکی کەم، کۆیلەکانیش کاتێ نەخۆش دەکەوتن پێکەوە نیشتەجێ دەکران، ئەم ڕەنگدانەوەیە بۆ ئەو سەردەمە بەهادار بوو. ئەو جۆرە بینایانە بە کردەوە دیزاینێکی تایبەتیان هەبوو، جێگەی ژمارەیەک قەرەوێڵەیان لە شوێنە پێویستەکان هەبوو، بەڵام ئەم شوێنانە کاتی بوون، تەنها کاتی ئەنجامدانی هەڵمەتێکی کتوپڕ بۆ دیاردەیەکی پێویست، یان کاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەک دەکرانەوە، بەو مانایەی ئێستا دامەزراوەی فەرمی نەبوون.

وشەی Hospital "نەخۆشخانە" ڕەگازۆی هەمان وشەی hospitality یە بەمانای (میواندۆستی)، hostel بەمانای (ڕێبواران)، hotel بەمانای سەردەم میوانخانەیە. لە دەوڵەتی کریستیانیدا، نەخۆشخانە hospital بە واتای ئەو سەردەمە، دامەزراوەیەکی ئاینییە، کە قەشە چاودێری و

سەرپەرشتی دەکات، شوێنی حەوانەوەی ئەو حاجی یان دیدەنیار یان میوانانەیە، بۆ زیارەت هاتوون، یان ئەو هەژار ولێقەوماوانەیە کە پەنایان بۆی بردووە. لە ڕاستیدا ئەرکی ئەم دامەزراوەیە کاری پزیشکی نەبووە (هاوشێوەی خانەقا یان دێری گاورەکان یان دێری پەرستاری –ڕاهیبە- nunneries بووە)، جۆرێک لە چارەسەرکردنی سەرەتایی تیابووە (شوێنی نەخۆش و دەردەدار)، هەندێ پێداویستی پزیشکی لەخۆگرتووە. ئەمجۆرە دامەزراوانە لە ڕۆژهەڵاتی نزیک فراوانتر وباوتر بوون، لە ڕۆژئاوای لاتینی (ساڵی ٥٥٠ لە ئۆرشەلیم شوێنی ٢٠٠ قەرەوێڵە هەبووە)، بەرە بەرە بەرەو گۆڕەپانی ئەورووپای ئێستا گواستراوەتەوە. زۆربەی نەخۆشخانە ئەورووپییە بەناوبانگەکان کە لەسەردەمی ئێستادا ماون، سەردەمی دروستکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، وە ناوەکانیشیان ناوی ئایینین وەکو نەخۆشخانەی ئۆتێل دیو (ئۆتێلی پەروەردگار) لە پاریس، نەخۆشخانەی سانت بارسۆلۆمیۆ لە لەندەن و نەخۆشخانەی سانتا ماریانۆڤا لە فلۆرەنسا.

لەخاکی وڵاتە ئیسلامییەکانیش بە هاتنی سەدەی یازدە، نەخۆشخانەکان قەبارە وگرنگییەکی بەرچاویان هەبوو. هەندێجار خۆی لەبەشی تایبەتدا دەبینییەوە، وەکو بەشی نەخۆشییەکانی چاو، یان نەخۆشییە دەروونییەکان، وەرگرتنی ئەو خوێندکارانەی ئارەزوویان لە فێربوونی پیشەی پزیشکی هەبوو. تایبەتمەندیی پزیشکی زۆر ڕوونتر بوو لەو دامەزراوانەدا بە بەراورد لەگەڵ کریستیانە هاوتاکانیان، بەڵام لەو لایەنەوە هاوبەشبوون، کە پەیوەندی

بەسەرچاوەی دارایی و خێرخوازییەوە هەبوو، لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتاکاندا، لە کاری مرۆیی و خێرخوازیدا هاوشان بوون، هەروەها لە دابڕین و جیاکردنەوەی نەخۆشیشدا هاوتابوون. سەرکردە ناوخۆییەکان بەدیاریکراوی نەخۆشخانەکانیان بۆ دوو نەخۆشی بەکاردەهێنا، ڕشانەوە لەگەڵ گەڕی. زۆرجار بە نەخۆشی گەڕی دەوترێ "لازاریتۆ" لە لازارۆس "لیعازر" ەوە هاتووە، ئەو پیاوە هەژارەی کە سەگ زامەکانی دەلیستەوە، وەکو لە ئینجیلی لۆقا لە زاری عیسای پێغەمبەرەوە ناوی هاتووە. نەخۆشخانەکان بۆ پەتای ڕشانەوە ئامادەکران کە بە مەرگی ڕەش ناودەبرا. پێشتریش بۆخزمەت و دابڕینی نەخۆشیی "گەڕی" بەکاردەهێنران. لە سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحییەتدا هیچ نەخۆشییەک بەقەدەر نەخۆشیی گەڕی، بەشێوەیەک گوزارشتی لێنەکراوە کە ئاوێتەبێت لە دڕندایەتی و لە هەمانکاتدا خۆشەویستی تێدا بەکارهێنرابێت. لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەدا لە هەندێ دۆخدا پزیشکەکانی سەردەمی نوێ بڕیاری ئەوەیان دەدا نەخۆشەکە لە کۆمەڵگە دووربخرێتەوە ونەفی بکرێت، یان بەپێی یاسای کوشتنی ئاسان لە ناوببرێت، جیابوونەوەی هاوسەر لە هەڵگری گەڕی، ڕێگەپێدراوبوو. ئەو دەستنیشاکردنە بڕیاری ژیانی نەفیکردن وگەدایی بوونی بەسەر نێچیرەکەیدا دەدا، بە دیاریکراوی نەخۆشەکە فڕێ دەدرایە نەخۆشخانەی دابڕینەوە، لەکاتی دەرچوونیشیدا دەبوایە زەنگۆڵەیەک لە مل بکات کە بە زەنگۆڵەی گەڕ وگولەکان ناسرابوو، تاکو ڕێبواران سڵ بکەنەوە

ولەسەرچاوەی میکرۆبی نەخۆشییە جەستەییەکە خۆیان بەدوور بگرن. لەهەمان کاتدا هەندێ لە پەرستارە ڕاهیبەکان و ئەو کەسانەی تەرکی دونیایان کردووە، یان ئەوانەی نەزریان کردووە، لەنێو نەخۆشە نەفرەت لێکراوەکاندا، بە ئازادی دەسووڕانەوە وژیانی خۆیان بۆ ئەوان تەرخان کردبوو وخۆشەویستییان پێدەبەخشین.

دەستنیشانکردنی نەخۆشی گەڕبوون لە نێوان سەدەی دوازدە وچواردەدا لە زۆربەی ولاتانی ئەوروپیدا بەربلاوبوو. ئەوەی یارمەتی قەلاچۆکردنی ئەم نەخۆشییەیدا ئەو فاکتە بوو، کە ئەو کەسانەی لە شوێنە تەواو داخراوەکاندا پێکەوە و لە نزیک یەکەوە دەژیان، زیاتر بەرەو مەترسیی مەرگی ڕەش و پەتای ڕشانەوە کە بەدوایدا دەهات، دەبوونەوە. بێگومان هەندێ لە نەخۆشخانەکانی گەڕبوون دواتر گۆڕان بە نەخۆشخانەی پەتای ڕشانەوە، لەبەر ئەو هۆیانەی باسکران، جگە لەوە پەتای ڕشانەوە ئەو نەخۆشییە کتوپڕە بوو هەندێ لە نەخۆشەکانی چاکدەبوونەوە، بەلام نەخۆشی گەڕی نەخۆشییەکی درێژخایەن بوو، هەندێجار نەخۆش تاکو مردن پێیەوە دەبوو. نەخۆشخانەکانی ڕشانەوە بەتایبەتی لە خوارووی ئەوروپا کاتێک ڕشانەوە لە سەدەی حەڤدەی زایینیدا شوێنەواری نەما، بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ نەخۆشیی تر گۆڕدران. بەلام لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە پەتاکە بەردەوام بوو، نەخۆشخانەکان مانەوە بۆ کەرنتینەکردنی گەشتیاران و ئەوانیدی کە گەشت دەکەن و پەتاکەش لەبەر دەرگایە.

(٤) کاراکتەرە پزیشکییە کلاسیکییەکان. سەرنج بدە ئەم وێنەیە، ستایلێکی کلاسیکییە، بۆ سەرەتای سەردەمی نوێ دەگەڕێتەوە، ئەسکلیبیۆس لای چەپی وێنەکەیە وگۆچانی هیرمیسی هەلگرتووە. گالینۆسیش ئێسکە پەیکەرێک دەپشکنێت.

زانکۆکـــانیش لە ســـەدەکانی ناوەڕاســـتدا لە دامەزراوە پزیشکییە گرنگەکان بوون. کۆلێژی پزیشکیی سالیرنۆ کە مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یازدە، هەر بە ناوەکەیەوە دیارە کۆلێژی ڕاهێنانی پزیشکان بووە. دوای

دوو سـەدە زانکـۆیەکی تـر کـرایەوە. لە هەمـان کاتـدا لە تەواوی ئەوروپا زۆر زانکۆی تر دامەزرا، دەسپێک زانکۆی پۆلۆنیا (سـاڵی ١١٨٠ دامەزرا)، بە دوایـدا چەنـد زانکـۆیەک دامەزران، وەکـو زانکـۆی پـاریس (سـاڵی ١٢٠٠) وزانکـۆی ئۆکسـفۆرد (سـاڵی ١٢٠٠) ، زانکـۆی سـەلامنکا دەوروبەری (سـاڵی ١٢١٨ ز). تـاکو سـەدەی پـازدەی زایینـی، ٥٠ زانکـۆ دامەزرا، بە باکور و باشور ورۆژهەڵات ورۆژئاوای ئەوروپا دا دابەش بووبـــوون. زانکۆکـــان چەنـــد فـــاکەڵتییەکی جۆربەجۆریان لەخۆگرتبوو، زۆربەیان لەسەرەتاوە کۆلێژی پزیشـکییان تێدابوو یـان لەفراوانکردنـی زانکـۆکەدا کـۆلێژی پزیشکییان تێدا دەکرایەوە، ئینجـا کۆلێژی هـونەر وفەلسـەفە (دەتوانین بڵێین بەشـێوەی زانسـتی دەخوێندران) وتیۆلـۆژی وکۆلێژی یاسا کرایەوە. هەرچەندە کۆلێژەکانی پزیشکی زۆر بچـووک بـوون، وە ژمـارەی دەرچووەکـانیش کەم بـوون، بەڵام کـاری پزیشـکی لە رێـگەی فێرکـارییەوە لە دایکبـوو وپزیشـــکی پێدەگەیانـــد، گەوهەر و بنەمـــای ئەم زانســـتە " پزیشکیی کتێبخانەکان" بوو، چونکە لەسـەرەتاوە وانەوتنەوە پشـتی بە نووســەرە کلاسـیکی و ئیســلامییەکان دەبەسـت، گفتوگۆکـــانیش رووبەڕوو ئەنجـــام دەدران، نەک لەســـەر بنەمای ئەزمون وڕاهێنانی پراکتیکی.

یەکـــێ لە دەرەنجـــامە رێکخراوەکـــان بـــۆ دەرچـــووە نوێیەکـانی زانکـۆ، بە فەرمـی کردنـی پلەبەنـدیی پیشـەی پزیشکی بوو لە ناوەندە پزیشکییەکاندا تـا سـەدەی نۆزدەی زاینی پێڕەو دەکرا. خەرجی قورس و درێژخـایەنی زانکۆ کە بەخشندانە پێشکەش بە فێرکار دەکرا، پێگەیەکی باڵای ئەوتـۆ بـوو کە پزیشـکەکان شـانازییان پێـوە دەکـرد. (تـا دەیەی

ڕابــردوو، ئەوانەی دەبــوونە هــاوەڵی کــۆلێژی پزیشــکی پاشایەتیی بەریتانی نەیاندەتوانی پەنا بەرنە بەر دادگا تاکو پــارەی مانــدووبوونەکەیان وەربگــرنەوە) لەبەر پێگەکەیــان لایـان نەنـگ بـوو کـاری دەسـتی ئەنجـام بـدەن، ئەوە کـاری برینکــار و عەتــارە دەرمانســازەکان بــوو، ئەو دوو پیشــەیە وەکـو پیشـە بوونیـان هەبـوو، بەڵام لەگەڵ هـاتنی زانکۆکانـدا، ئەو برینکــار ودەرمانســازانە لە ڕێــگەی ڕاهێنــانی پیشــەیی زانســتییەوە، یــان لە ڕێــگەی نــافەرمییەوە لەژێردەســتی پیـاوێکی بەتەمەنـی شـارەزا وکـارامە بە پیشـەکە فێردەکران، ئەمەش پێڕەوێکی هیپۆکراتی بوو، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئــابوریی هەبــوو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ توانــای پزیشــکە گەورەکــان کە توانــای خوێنــدنەوەیان هەبــوو بە لاتینــی و گفتوگــۆی چڕوپڕیــان ڕووبەڕوو ئەنجـام دەدا ســەبارەت بە کتێبەکـــانی گـــالینۆس و ئیـــبن ســـینا، ئەم پیشـــەوەرە کۆمەڵایەتییــانە بەراورد بەو پزیشــکانە لە ئاســتێکی نزمــدا بــوون. بێگومــان هەنــدێ لە نەشــتەرگەرەکان باکگراونــدێکی زانکۆییــان هەبــوو، لەنێــو ئەو دەرمانســاز و برینســازانە هەنــدێکیان خــاوەنی ســامان و زانیــاری بــوون. هێڵێکــی جیــاکەرەوەی نەگــۆڕ لەنێــوان پزیشــک و نەشــتەرگەرو دەرمانســازەکاندا نەبـوو. لەلادیکانـدا زۆرێـک لە پزیشـکەکان خۆیــان دەرمانیــان دەگــرتەوە ونەشتەرگەریشــیان دەکــرد، ئەمــانە شــوێنی پزیشــکە گشــتییە کارامەکانیــان گرتبــووەوە، بەڵام لە شــوێنە شارســتانییەکاندا کۆلێژەکــان و پەیوەنــدی پزیشــکان و دەســتەی خوێنــدنی بــاڵا، پارێزگارییــان لەو جیاوازییـــانە دەکـــرد و ڕێکیاندەخســـتنەوە. زۆر جـــار نەشـتەرگەرەکانی شارنشـین دەسـتەی تایبەتیـان بەیەکسـانی

لەگەڵ پیشەوەرانی تردا بۆ پیشەی دەستی دروست دەکرد، وەکو قەسابەکان، نانەواکان یان مۆم دروستکەران. پرۆسەی ڕێکخستنی پزیشکی ڕێکوپێک نەبوو، بەڵام وێنەی سێ پلەبەندییەکە وەکو بەشێک لە تێڕوانینی کۆمەڵایەتی مایەوە، تاکو گۆڕانکارییەکانی دواتر لە مەعریفەی پزیشکی وایکرد پزیشکەکانیش بتوانن پێشکەشی بکەن.

دۆزینەوەی توێکاری

گالینۆس و نووسەرە کۆنەکانی تر ونووسەرە عەرەبەکان، زۆریان دەربارەی ئێسکە پەیکەر وفرمانە ناوەکییەکانی لەشی مرۆڤ نووسیوە. لەو کاتەوە کرداری توێکاری بەیناوبەین ئەنجام دراوە- بەزۆری لە کاتی مردنی کەسایەتییەکی ناودار لە پڕێکدا یان لە هەلومەجێکی گوماناویدا. بەکردنەوەی ئەو جەستەیە وردەکاری زۆریان بۆ دەردەکەوێت. هەنگاوێکی بوێرانە بوو کاتێک کۆلێژەکانی پزیشکی هێواش هێواش بەشێوەی ئاشکرا لەسەدەی چواردەدا توێکاریی جەستەیان دەخستە بەرچاوی قوتابییەکانیان، ئەوەی بە هەڵدڕین و کەوڵکردنی لاشەکە هەڵدەستێ پزیشک نییە بەڵکو پێگەیەکی نزمتری هەیە (زۆرجار لاشەی تاوانبارێکە کە لە سێدارە دراوە) بەڵام پرۆفیسۆرەکە دێت ئەو برگانەی کە پەیوەندی بە کتێبەکانی گالینۆسەوە یان شارەزاکانی ترەوە هەیە لەم بوارەدا بۆ قوتابییەکانی باسدەکات. توێکارییەکان لە وەرزی زستاندا دەکران چونکە لاشەکە بە ئاسانی شیتاڵ نەدەبووەوەو بۆگەنی نەدەکرد. هەروەها ڕێکخستنی دەستنیشانکردنی بەشەکانی لەش بە پێی باسکردنەکان بەڕێوە دەچوو و

لەگەدەوە دەستی پێدەکرد، ئینجا پێکهاتەکانی سینگ وئینجا مێشک و دواتر بە پەلەکان کۆتایی دەهات.

(٥) گالینۆس لەکاتی کارکردندا. ڕوونکردنەوەی ئەم نموونەیە بۆ سـالّی ١٥٦٥ ز دەگەڕێتەوە، لەڕاستیدا بەشێک لەزانیارییەکـانی گـالینۆس لە توێکـاریی بەرازەوەیە، هەرچەنـدە زۆربەی وێـنەی کەسایەتییە کلاسیکییەکان بەشێوەیەکی ڕوون دەرنەکەوتوون، بەڵام ئەم کارە گوزارشت لەکرداری توێکاری ئاشکرا دەکات لە سەردەمی ڕینیسانسدا.

یەکەم کاری توێکاریی ئاشکرا دەوروبەری سـالّی ١٣١٥ ز لە پۆلۆنیـا، بەڕێبەریـی مۆنـدینۆ دی لیـۆزی[٧] (١٢٧٠-١٣٢٦ز) تۆمارکرا. هەروەها یەکەم کتێبی تایبەتی بە زانستی

7 Mondino de Liuzzi.

توێکاریی نوێ لە ساڵی ١٣١٦ز نووسی. نزیکەی سەدەیەکی خایاند تاکو کرداری توێکاری بەرێژەیی بووە بابەتێکی باو؛ لەبەرئەوەی بەدەستهێنانی تەرمی مردوویەک کارێکی هێندە ئاسان نەبوو، زۆربەی بوارە فێرکارییە پزیشکییەکانیش لایەنی تیۆری بوون زیاتر لەوەی پراکتیکی بن. بەڵام لەسەدەی پازدەوە هەنگاوەکان خێراتر دەچوونەپێش، کاری توێکاری زۆربوو، نووسراوە تایبەتەکانیش سەبارەت بە زانستی توێکاری مرۆیی بەهەمانشێوە زیادیانکرد؛ هونەرمەندانی سەردەمی ڕینیسانسیش دەیانەویست شێوەی لەشی مرۆڤ لەناوەو دەرەوە لەکارەکانیاندا ڕەنگبداتەوە، هێڵکارییە توێکارییەکانی لیۆناردۆ دافینچی (١٤٥٢- ١٥١٩ز) دیارترین ئەو هێڵکاریيانەی ئەو سەردەمەن، بەڵام زۆرناسراو نەبوون و شوێنەوارێکی ئەوتۆیان بەجێنەهێشت.

مەزنترین زانای توێکارناسییە کۆنەکان، ئەندریاس فیزالیۆس (١٥١٤- ١٥٦٤ز)[8] بوو، لە بەلجیکا لەدایکبووە وپایەی پرۆفیسۆری نەشتەرگەری وتوێکاری لە پادوا هەبوو، دانراوە مەزنەکەی (هەیکەلی لەشی مرۆڤ: ١٥٤٣) یەکەم کتێبی پزیشکیی گرنگ بوو، وێنەی ڕوونکردنەوەی بەشەکانی لەش تێیدا، لە ئەهمییەتی دەقەکە خۆی بەبەهاتر بوو. فیزالیۆس- نەک هەر خوێنەری دانراوەکانی گالینۆس بوو، بەڵکو خۆشی تویکارکارێکی بەجۆش وخرۆش بوو، گوتی، جەستەی مرۆڤ هەمیشە بەوشێوەیە نییە کە گالینۆس باسی دەکات. پێش ئەویش هەمان تێبینی هەبووە، سەرەتا فیزالیۆس بەشەرمەوە ئەوەی گوت، بەڵام کاتێ

8 Andreas Vesalius.

متمانەی تەواوی بەخۆی پەیداکرد، بەهێزێکی زیاترەوە هاتە گۆ ولەچەند لاپەڕەیەکدا لە کتێبە مەزنەکەی ئاشکرایکرد- دیواری ماسوولکەی دڵ لەنێوان سکۆڵەی ڕاست وسکۆڵەی چەپ ئەستوورە، بەجۆرێک خوێن ناتوانێ ببڕێت، بەپێی فسیۆلۆجیای گالینۆس.

هەروەها جگەرێ مرۆڤ لەچوار یان پێنج بەش پێکنەهاتووە، هەر بەپێی بۆچوونەکەی گالینۆس(لەڕێگەی بەشبەشکردنی بەراز وگیانەوەرانی ترەوە). بۆیەکەمجار فیزالیۆس وەسفێکی وردی کۆڵەکەی سینگ، منداڵدان، وپێکهاتە تونیکارییەکانی تر دەکات.

(٦) جگە لەوێنە بەناوبانگەکانی بازووی پیاوانی بەهێز، وێنەکانی کتێبی فیزالیۆس (پەیکەری لەشی مرۆڤ) لە ١٥٤٣- چەند بەشێکی تر لە جەستەی مرۆیی، بەشێوەیەکی کاریگەر نمایش دەکات.

ئـێمە مێـژووی توێکـاری بـۆ پـێش فیزالیـۆس و دوای ئەویش دابەش دەکەین، ڕاستە فیزالیۆس پایەیەکی گرنگی هەیە. بەڵام ڕەنگە وەسفی کاریگەری وگرنگیی ڕاستەوخۆی کتێبەکەی زیادڕەوی تێدابێت. لەبەرئەوەی پادوا و زانستی توێکـــاریی بەجێهێشــــت، لەپێنـــاوی کارێکــدا کە تەنهـــا بەرژەوەنـدیی تـایبەتی خـۆی تێدا هەبـوو، بـۆ ئەو مەبەسـتە چـووە کۆشــکی پادشــای ئیســپانیا. لەســەرەتای ســەدەی شازدەی زاینییەوە، شۆڕشی توێکاریی لەشی مرۆڤ، چووە قۆنـاغێکی بـاڵاترەوە، خەڵکەکە ویسـتیان خۆیـان مەسـەلەکە بەچـاوی خۆیـان ببیـنن، لەجیـاتی ئەوەی متمـانەی تەواویـان بەوانەی پێش خۆیان هەبێت.

بۆمـاوەی سـێ سـەدە زانسـتی توێکاری لەسـەر عەرشـی زانستی پزیشکی مایەوە، بەڵام ئەوەندەی ئامێری چاپەمەنی کە هانــدەری گۆڕانکــاری کــۆمەڵایەتی وکولتــووری بــوو، بەســوود نەبـوو. دەســتڕەنگینی ئەڵمــانی یۆهــان گــۆتنبرگ (١٤٠٠- ١٤٦٨ز) ، ئامێری چاپەمەنی بەپیتی جوڵاو لە ١٤٣٩ هێنـایە ئەوروپـاوە (لەڕاسـتیدا چینییەکـان پێشـتر هەیـانبوو). ئەم ئـامێرە گۆڕانکـارییەکی زۆر مەزنـی بەسـەر مرۆڤایەتیـدا هێناو لە هەموو ڕوویەکەوە، مرۆڤ قەرزاری ئەو داهێنانەیە. لەســـەرەتای داهێنـــانی هـــونەری چـــاپەمەنییەوە، بەشــێکی بەرچـاوی کتێبە پزیشـکییەکان لە چاپکردنـدا (لە پـێش سـاڵی ١٥٠١)ەوە بەخـــت یاوەریـــان بـــوو. ئەگەر ئینجـــل وئەو دانراوانەی پەیوەندییان بە زانستە ئاینییەکانەوە هەیە لەگەڵ چـاپی نـوێی نووســەرە کۆنەکـان و وەرگێـڕانە تایبەتەکـان بەوان، لە پێشـــــی پێشـــــەوەبن. ئەوا ئەو ســـــەردەمە ڕێخۆشـکەربوو بـۆئەوەی کتێـب لە سـنوورێکی بەرفراوانـدا

چـاپ بکرێـت، تەنـانەت پزیشـکە ئاسـاییەکانیش توانییـان بەشێکی لێ بچننەوە.

لەپاڵ تێکستەکانەوە، نەخش و نیگاری لەدار هەڵکۆڵراو هاوشـانی وێـنەی ڕوونکردنەوەکـان دادەنـرا، واتە خـوێنەر تەنهـا دەربـارەی لەشـی مـرۆڤ شـتی نەدەخوێندەوە بەڵکو بەشـەکانی لەشـیش بە وێنەوە لەسـەر لاپەڕەکـان خرابـوونە پێشچاو. کتێبی پەیکەری لەشی مـرۆڤ، لە دانـانی ڤیزالیۆس، یەکەم کتێبـی توێکـاری نەبـوو بەوێـنەوە، بەڵام پێـوەرێکی ستانداردی نواندنی هونەری درامیی گرنگ بوو، جگە لەوەی لە ڕووی توێکـارییەوە وردەکـاری زۆری تێـدابوو. چەنـد سەدەیەک دوای ئەوە، لە سەرەتای چەرخـی نوێی پزیشـکیدا کتێبە توێکارییەکـان پارادۆکسـی قووڵیـان خولقاند؛ توێکـاری بـووە لایەنێـک لە چـالاکی پزیشـکیی ئەوتـۆ، لەڕووی مـۆراڵییەوە مـایەی شـەرمەزاریی زۆربەی بەشـەکانی جەماوەری خەڵکبوو، سوکایەتیکردن بـوو بەمـرۆڤ، قێزەون و وەحشـیگەرانەبوو، چـونکە لەکۆتاییـدا ئەوەش بـووە هـۆی سەرهەڵدانی بازرگانیی نهێنی، لەڕێگەی دابینکردنـی تەرمەوە بەڕێـگەی نایاسـایی، هەڵکەنـدنی گۆڕەکـان و دزینـی مردووەکان بوونە دیاردە، تەنانەت جاری واهەبوو کوشتنی مرۆڤی ئاسایی لە پێناو دابینکردنـی مردوو بۆ سـەرتەختەی توێکاری بووە دیاردەیەکی قێزەون، مردووەکان لەپرۆسـەی توێکاریـدا، پێش گەشـەکردنی شـێوازی پاراسـتن بە مـادەی کیمیاوی، تەرمەکان بۆنێکی ناخۆشیان هەبوو، یان بۆگەنیـان کردبـوو، بـۆنە تیـژەکەی فۆرماڵدیهایـد کە مـادەیەکە مـرۆڤ ئێڵنجـی پێـدێت، لاشـەکانی لە بـۆگەنکردن دەپاراسـت. خوێندکارانی پزیشکی کاتێ بەشەقامدا ڕێیاندەکرد، بەئاسـانی

بەوە دەناسرانەوە کە جلەکەیان تەنانەت پێستەکەشیان بۆنی فۆرمالینی لێدەهات.

(٧) ئەم نەخشە ڤیکتۆرییە، لەلایەن سترادانۆسەوە لەسەر دار هەڵکۆڵراوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ١٥٨٠ز- باسی قۆناغە جیاجیاکانی بەرهەمهێنانی کتێب دەکات، بەدانانی پیتی تایپ، بە مەرەکەب و چاپکردن لەسەر پەڕەی کاغەز لەگەڵ کاری وردبینی لە کاتی چاپکردندا.

بەمجۆرە توێکاری بەشێوەیەکی گشتی لە کاری پزیشکیدا ناشیرین بوو، هەروەها بابەتی کتێبی قەبە وگرانبەهای قەشەنگ وکوالیتی بەرز بە وێنە وهێڵکاری و ڕوونکردنەوەی پێویستەوە، بازاڕی فرۆشگا گەورەو پیاوە شارەزاکانی بازاڕی گەرمتر کرد. بەڵام خوێندکارانی پزیشکی کتێبی بچووکی کوالیتی خراپ و هەرزان بەهایان

دەدانی، هیچ پسپۆرییەکی تر نەبوو هونەرو زانست، یان مەعریفەو وێنەو هێلکاری بە ئەندازەی زانستی توێکاری، پێکەوە ببەستێتەوە. تەنانەت پزیشکەکانیش لە خولی خۆسازکردندا زیاتر پەنایان دەبردە بەر توێکاریی تەرمی مردوو، بەمەبەستی خۆهەڵقورتان تا ببنە قارەمان.
لەسەرەتای سەردەمی نوێدا ناوی درەوشاوە زۆرن لە بواری توێکاریدا کاریان کردووە لەوانە: گابریل فالۆپیۆ[9] (١٥٣٢-١٥٦٢ز)، فابریکیۆس ئاب ئەکواپێندێنت[10] (١٥٣٣-١٦١٩ز)، فریدریک ڕویچ[11] (١٦٣٨- ١٧٣١ز)، ویلیام چیسیلدن[12] (١٦٨٨- ١٧٥٢ز)، ویلیام هانتەر[13] (١٧١٨-١٧٨٣ز)- ئەمانە پەیوەندییان بە نەشتەرگەرییەوە یان پزیشکیی منداڵبوونەوە هەبوو. هەروەها هەندێ لە پزیشکەکان ئەوداڵی مەعریفەبوون لە نموونەی ولیام هارڤی[14] (١٥٧٨- ١٦٥٧ز) ئەوانیش لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دەستیان بەکاردەهێنا. نووسینە بەنرخەکانی هارڤی لە (١٦٢٨) لەژێر ناونیشانی "ڕاهێنانی توێکاری) سووڕی خوێنی لە "جوڵەی دڵدا" ئاشکراکرد.
لەبەرئەوەی سروشتی کاری پزیشکی (تەنانەت نەشتەرگەری) لەو سەردەمەدا، سەبارەت بە توێکاری، زانیارییە تیۆرییەکانیان لە بواری پراکتیکدا زۆر لەسەرووی

9 Gabriele Fallopio.
10 Fabricius ab Acquapendente.
11 Frederik Ruysch.
12 William Cheselden.
13 William Hunter.
14 William Harvey.

تواناکانیانەوە بوو. بەڵام لە ڕاستیدا پێچەوانەکەی ڕاستە، بەشەکانی جەستە دیار وئاشکران، بۆیە ڕێککەوتن سەبارەت بە پەیکەری توێکاری ئاسانترە لەڕێکەوتن لەسەر وردەکاری تیۆری. زانستی توێکاری لەزۆر بواردا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، کاتێ پزیشکەکان بە ڕێکوپێکی باسی بەشە نوێیەکانی جەستە دەکەن، وەکو بۆرییە شیربەرەکان، زمانەی خوێن هێنەرەکان، یان سووڕی ویلیس کە خاڵی پێکگەیشتنی خوێنبەرەکانە لە بنکەی مێشک، ئەم خوێنبەرانە خوێنی پاک بۆ مێشک دەبەن و بەناوی تۆماس ویلیس (١٦٢١- ١٦٧٥ز)ەوە ناونراوە. لەسەرەتاکانی سەدەی حەڤدەیەمدا، بەشێک لەو ئەنەتۆمییانەی لەگەڵ گالینۆسدا جیاوازییان هەبوو، لە "جەنگی کتێبدا" لەو گفتوگۆ بەرفراوانەی هەموو لایەنەکانی مەعریفەی سروشتیی گرتەوە، ئەو پرسیارەیان لا گەڵاڵە بوو سەبارەت بەوەی ئایا کۆنەکان یان تازەکان زیاتر هەستیان بەو جیهانە کردووە کە ئێمەی تێدا دەژین، دەرەنجام توێکاریزانی یەکێک بوو لەو بوارانەی تازەگەرەکان سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەیان تێدا بەدەستهێنا.

پزیشکیی سەرجێگا لەنێوان کیمیاگەر و فیزیاگەرەکاندا

ئەو ئازادییەی بۆ لێکۆڵەران ڕەخسا تا خودی خۆیان بەدواداچوون بۆ کەیسەکان بکەن، چەند لایەنێکی پزیشکیی گرتەوە، سەرەڕای فەلسەفەی سروشتی. ڕینیسانس هاوزەمان بوو لەگەڵ ئەو ماوەیەی مێژوونووسان لەم دواییانەدا ناویان لێنا سەردەمی "شۆڕشی زانستی" کە کاریگەریی لەسەر کاری پزیشکی و گەردونناسی و زانستی

فیزیک و زانستەکانی تر دانا. ئەو دوو زانستەی زۆر لە نیزیکەوە کاریگەریی بەهێزیان لەسەر زانستی پزیشکی هەبوو، کیمیا وفیزیا بوون.

بزووتنەوەی کیمیای پزیشکی لەسەردەستی بلیمەتێکی سویسری ڕەفتار نامۆ، پاراسیلسۆس (١٤٩٣- ١٥٤١ز) سەریهەڵدا، ئەو ناوە لای شوێنکەوتووانی ناوێکی ناسراوبووە، بەڵام ناوی ڕاستەقینەی سیۆفراستەس فیلیپوس ئۆریۆلەس بۆمباستۆس ڤۆن هۆهنهایمە، ناوەکە زۆر درێژە بەڵام هەندێ گێرانەوە دەڵێن بە ئەنقەست ئەو ناوەی داناوە، تابڵێن لە " لە سیلسۆس مەزنترە" (سیلسۆس نووسەرێکی ڕۆمانییە خاوەنی کتێبی، کورتە باسێکی گرنگ سەبارەت بە پزیشکی) یە، باوەڕوایە ڕۆمانێکی ئەفسانەییە، بەڵام دوو تایبەتمەندیی سەرنجڕاکێشی تیدایە، کاریگەرییان لەسەر بوارە پیشەییە ڕاڕاکەی داناوە، پەرۆش بووە سەبارەت بەو فاکتەی پیشەی پزیشکی و "زانست" دەبێ جارێکی تر سەر لەنوێ لەلایەن پیاوانی تازەگەر ومۆدێرنەکانەوە دابڕێژرێنەوە، پێیوایە پەند و نووسراوەکانی هیپۆکرات وگالینۆس ئیتر هیچ سوودێکیان نییە، کاتێک پلەی وەزیفی مامۆستای زانکۆبوو- زانکۆی بازل Basel، بەئاشکرا وەکو بەرهەڵستکارێکی دەستپێشخەر، یەکێک لە کتێبەکانی گالینۆسی سووتاند. هەرچەندە ڕەنگە پاراسیلسۆس بەدووربێت لەوەی لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانیدا چووبێتە سەر ڕێبازی نوێی پرۆتستانتی، بەڵام ئاشکرایە گڕی ئاگری ئەو شۆڕشە ئایدیایی و سۆزدارییەی کە جوڵانەوەی مارتن لۆسەر بە فەرمی لە سەردەمی سەرەتای ژیانی پاراسیلسۆسدا

هەڵیکـرد، کـاریگەریی لەســەر دانـاوە. پاراسیلسـۆس زیـاد لەجارێـک وتـوویەتی سـەرچاوەی فێربـوون سروشـتە نەک کتێب، ئەم بۆچـوونەی ڕێگـر نەبـوو لەوەی دەیـان کتێب بە چاپ بگەیەنێ، زۆربەی کتێبەکانیش لە ژیانی خۆیدا بە چاپ گەیەنـدراون. ڕەنـگە لە ڕاسـتیدا مەبەسـتی ئەوەبووبێـت، سـەرچاوەی فێربـوون کتێبەکـانی ئەوە، نەک ئەوانەی پـێش خۆی.بەشـداری دووەمـی کە کـاریگەرییەکەی هێشـتا بەسـەر کیمیاوە ماوە، ئەوەیە کە کیمیاگەری ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتن لە چۆنێتی کاری لەشی مرۆڤ، وسەرچاوەیەکە بۆ دەرمـانی پێویست لە چارەسەری نەخۆشیدا، ئەو وتی کانزاکـان وەکو جیــوە وزەرنـــیخ بە ئەنـــدازەی ئامـــادەکراوە ڕووەکیــیە ئاســـاییەکان لە چارەســـــەرکردندا بەکـــاردێن، شـــــوێن کەوتووانیشی (پسپۆڕانی پزیشکی کیمیایی) هەمـان ڕێبازی ئەویـان گـرتەبەر. زۆرجـار بیروباوەڕەکـانی سـەبارەت بە نەخۆشـی باسـدەکرا، بەوەی نەخۆشـی لەدەرەوەی لەشـەوە دێـت، ئەم بیـرۆکەیە لە ڕاسـتیدا لە بیـرۆکە کیمیـاییە نادیارەکانەوە وەری گرتبوو سـەبارەت بە ڕەوتـی سروشت، بەڵام هەڵەیە ئەگەر بڵێـین ئەو پێشـەنگی تیـۆریزەکردنی میکرۆبی نەخۆشی بووە. سـەبارەت بە بۆچوونی ئەو پیـاوە ڕەفتار نامۆیە مەسەلەکە تەنها لەو سنوورەدا قەتیس نەبـوو بـوو کە جەدەلەکەی لە ژیـانی خـۆی و دوای ژیـانی خۆیـدا وروژانـد؛ شـوێنکەوتووانی کە زۆربـوون هەوڵیانـدا (مـاوەی نـزیکەی سـەدەیەک) نووسـینەوەی تیـۆری پزیشـکی و پراکتیکی پزیشکی بە زمانێکی کیمیایی بنووسنەوە.

دوای مــاوەیەکی کەم گروپێکـی تـر لە کـۆمەڵەی یەکەم دەرکەوتن، ئەمانیش پسپۆری پزیشکی فیزیکی بوون، لەژێر

سایەی ئەو سەرکەوتنانەی کە گەردونناسی و فیزیاناسی بەدەستی هێنا، پێیانوابوو، جەستە ئامێرێکی میکانیکیی سەرسوورهێنەری داهێنەرە. لە کاتێکدا پسپۆرانی کیمیای پزیشکی کرداری هەرس کردنیان بە پرۆسەیەکی کیمیایی دادەنا، پسپۆرانی فیزیکیش کرداری هاڕینی خۆراکیان بە پرۆسەیەکی میکانیکی دادەنا. دواتر لایەنگرانی فیزیکی بەوە مەسەلەی هەرسکردنیان بەجووڵەی ماسوولکە دەزانی ئەو جووڵەیە لەلایەن هێزی گرژبوونەوەی ماسولکەوە دروست دەبێت، تا توانییان هەوڵیاندا زانستی فیزیکیی جەستە بە بیرکارییەوە ببەستنەوە. لە زانایانی ئەو ڕێبازە گالیلۆ ونیوتن بوون، لەجیاتی تێڕوانینی ئەرستۆ بۆ گەردوون نموونەیەکی زۆر بەهێزتریان هێنایە بەرباس ئەویش ئەوە بوو مادە و هێز دوو فاکتەری کاریگەرن پێوەری خۆیان هەیە، لە ماوەی سەدەی هەژدەی زاینیدا بیرۆکەی نیوتن سەبارەت بە کێشی زەوی لەوەدا بوو ئەو هێزەیە لە سەرتاسەری گەردوندا لێکدانەوەی زۆری بۆکرا، ئەمەش پزیشکە توێژەرەکانی هاندا هەڵوێستی هاوشێوە لە کاری پزیشکیدا بگرنەبەر.

لەم سەردەمەدا پەیوەندییەکی نوێ لە پرسی توێژینەوە دەستی پێکرد و لە بواری پزیشکی و"زانست"دا پڕبوون لە چالاکیی مەزن؛ تیۆری زۆر سەریهەڵدا و ڕێگاکە زیاتر ڕوناک بووەوە، گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە ڕێبازی تێگەیشتن لە نەخۆشی و تەندروستی ڕوویدا، بەڵام گۆڕانکاری لە شێوازی چارەسەری پراکتیکیی نەخۆش لەلایەن پزیشکەوە، کاریگەرییەکی کەمی هەبوو. گومانی تێدا نییە ئەو مادە کیمیاییانەی بارسیلسۆس و شوێنکەوتووانی هێنایانە ناوەوە،

تازە بوون. دوای بڵاوبوونەوەی سیفیلیس، جیوە شوێنێکی تایبەت و بەرچاوی هەبوو. لە ساڵی ١٤٩٠ لەرێگەی رەشەباوە سیفیلیس هەموو ئەوروپای تەنییەوە، سەرەتای دەرکەوتنی لە ناپۆلی بوو، کاتێ هەندێ بەکرێگیراوی ئیسپانیا بە هاورێتیی کۆلۆمبس چوونە جیهانی نوێوە، دەرەنجامی سروشتی ئەو گەشتە ئەو ئەگەرە بوو، کە کۆلۆمبس و هاورێکانی لەگەشتەکەیاندا نەخۆشییەکی نوێیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا. تا ئێستا ئەم ئەگەرە لە نێوان مێژوونوسەکاندا مایەی گفتوگۆکردنە، بەڵام دڵنیابوون لە راستییەکان ئەوەیە، نەخۆشی سیفیلیس لە کۆتاییەکانی سەدەی چواردە وسەرەتای سەدەی پازدەدا، شێوازی نەخۆشیی نوێی وەرگرت لە رووی دژواری و خێرایی بڵاوبوونەوەیەوە. لەبەرئەوەی رووی پێست بەهۆی نەخۆشی سیفیلیسەوە تووشی پەڵە دەبوو، جیوەیان بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشییە بەکاردەهێنا کە لە چارەسەرە نەگۆرەکانی نەخۆشی پێست بوو و لە هێور کردنەوەی نیشانەکاندا کاریگەری زۆری هەبوو، گەرچی هەندێ کاریگەریی لاوەکیی لەسەر نەخۆشەکان هەبوو لەشێوەی کاریگەریی ژاراوی بوون وەکو رژاندنی لیک، کەوتنی دان، هەناسەی نەخۆشەکە بۆنی کانزای لێدەهات بەجۆرێک شاردنەوەی سەخت بوو، لەگەڵ چەند نیشانەیەکی تر. هەرچەندە پاپاکان و هونەرمەندان و پزیشکەکان تووشی ئەم نەخۆشییە بووبوون بەڵام سەرەتا گومان هەبوو لەوەی لەرێگەی پەیوەندیی سێکسییەوە ئەم نەخۆشییە بگوێزرێتەوە (چونکە ئەو کێشانەی تووشی کۆئەندامی زاوزێ دەبوون، یەکەم نیشانەی نەخۆشییەکە بوون) و خێرا توێکڵە داری

گوایاکام کە دارێکی پیرۆزە لە ئەمەریکای باشور بۆ ئەم نەخۆشییە بەکار دەهێنرا، باشترین چارەسەر بوو بۆ ئەوانەی دەیانتوانی بیکڕن، باوەڕ وابوو بیرۆکەی چارەسەری نەخۆشی سیفیلیس لە دونیای نوێوە هاتووە، بە پشتبەستن بەو گریمانەیەی دەیوت، خودا چارەسەری مرۆڤی لە نزیکترین سەرچاوە لەخۆیەوە داناوە، تا بە دوایدا بگەڕێین.

(٨) جیاوازی نێوان پێگەی کۆمەڵایەتی وپیشەی پزیشکی بۆ هەریەکە لە نەشتەرگەر و پزیشک لە ساڵی ١٦٤٦ز دەردەخات. لەم دوو دیمەنەدا، پزیشک بە جلی فەرمییەوە لەلای چەپ دەرمان دەداتە ئەو نەخۆشەی لەسەر جێگەکە ڕاکشاوە، لای ڕاستیش نەشتەرگەرێک دەبینرێت کە قاچی پیاوێک دەبڕێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی نەخۆشـییەکان تـازەن وچارەسـەرەکانیش تازەن، بەڵام زۆربەی شێوازەکان لە ڕێبازی هیپۆکرات لایان نەداوە، خوێنگرتن یان کەڵەشاخ، مـادەی ڕشـێنەرەوە، مـادەی دژە قەبـزی و کـۆمەڵەی چارەسـەری ڕێبـازی تێکەڵەکـان، ئەمـانە ئەو کـۆڵەکە بنەڕەتییـانەبوون پزیشـکەکان پشـتیان پێیـان دەبەسـت. لە ڕاسـتیدا لەگەڵ ئـاوابوونی ئەسـتێرەی گـالینۆس، هێشـتا ئەسـتێرەی هیپـۆکرات درەوشـاوەیە. لەنێو پسـپۆرە کلینیکییەکـانی سـەدەی حەڤدەهەمـدا هێشـتا تۆمـاس سـیدنهام (١٦٢٤- ١٦٨٩ز) جـێگەی ڕێـزە ونازنـاوی "هیپۆکراتی ئینگلیزی" یان پێبەخشیوە، ئەم پزیشکە هەوڵیدا کاری پزیشکی بگەڕێنێتەوە بۆ هـونەری ئەزمـونگەری کە بە باوکی پزیشکی ناوی دەبات. هەروەهـا نوسـیویەتی پێویسـتە کـاری پزیشـکی گرنگی بدات بە وەسفی کلینیکی، ئەوەی لە زاری نەخۆشـەکەوە دەدرکێنرێـت (وردەکـاریی چەنـد نەخۆشـییەکی باسـکردووە وەکـو نەخۆشـیی جومگەکـان، هیسـتریاو ئـاوڵە). لەڕێـگەی دەستنیشـانکردنی ڕاسـتەقینەی نەخۆشـییەکەوە، دەتوانرێـت چارەسـەرکردنەکە بەپێـی ئەزمونەکـان بێـت. سـیدنهام ڕۆڵێکـی گرنـگ و بنەڕەتـی لە بەکارهێنـانی چارەسـەرێکی تـر لە جیهـانە نـوێیەکەدا گێـڕا، ئەویش کینین بوو (نیـانی درەختـی پیرۆ یـان نیـانی درەختـی پیرۆز)، کینین لەچارەسەری تۆرەتادا بەکاردەهێنرا.

نیانی درەخت و توێکڵی پیرۆ بەپێی ئەزمـوونی سـیدنهام گۆڕانێکی بنەڕەتی سـەبارەت بە نەخۆشـی هێنـایەوە کـایەوە، هەرچەندە ناکۆک نەبوو لەگەڵ تێکەڵەکانی هیپـۆکرات، بەڵام کینـین بە تەواوی تۆرەتـای بنبـڕ کـرد، ئەم چارەسـەرە تایبەتمەنـدە بەوە جیـادەکرایەوە، لە بەرەنگـاربوونەوەی ئەو

کێشـــانەی لای هەمـــوو نەخۆشـــەکان ســـەرهەڵدەدەن، گرنگییەکی بەرچاوی هەبوو. ئەم دۆزینەوەیە بووە هۆی ئەوەی سیدنهام کار لەسەر پۆلێن کردنی نەخۆشییەکان بکات، هەرچۆن ڕووەکناسەکان جۆری ڕووەکەکانیان پۆلێن دەکرد. جیاوازی نەخۆشییەکان و نیشانەکانیان لەنێو تاکەکانـــدا دەرخســـتەیەکی کتوپڕبـــوو، ئەم جیـــاوازییە هاوشێوەی جیاوازیی نێوان گوڵەکانی وەنەوشە وگوڵەکانی ترە. لە وتە بەناوبانگەکەیدا سیدنهام دەڵێ:

سروشـــت لەبەرهەمهێنـــانی نەخۆشـــیدا بەشـــێوەیەکی یەکسان، یەک جۆر نیشانەی نەخۆشی لەکەسە جیاوازەکاندا بەرجەستە کردووە، دیاردەی نیشانەکانی نەخۆشییەکە لە پێگەیەکی بەرزی وەکو سوکراتەوە بۆ نەخۆشێکی ئاسایی، هەمان دیاردە و هەمان نیشانەن.

دەبینـــین بۆچوونەکـــانی ســـیدنهام خـــاڵی گۆڕانکـــاریی بنەڕەتـــین لە ڕەوتـــی نەخۆشـــی ســـەرجێگا یـــان ڕەوتە کلینیکییەکـــان، نەوەی داهـــاتووی پزیشـــکەکانی هانـــدا نەخۆشییەکان پۆلێن بکەن، لە هەمووی گرنگتر، چووە نێو پرۆسەیەکی نوێوە ئەویش جیاوازی نێوان نەخۆشییەکەو ئەو کەســـەی تووشـــی نەخۆشـــییەکە دەبێـــت لە لایەکەوە، ناســـاندنی تایبەتمەنـــدییە گشـــتییەکانی نەخۆشـــییەکە کە چارەسەری گونجاوی بۆ دابین دەکرێ لەلایەکی دیکەوە. سەیر لەوەدایە سەرەڕای ئەم جیاوازییانەی دایهێنا، کەچی ســـیدنهام خـــۆی بە هیپـــۆکراتێکی کـــارامە دادەنێـــت. بەڵام بیرکردنەوەکانی سیدنهام کێشەی نوێی بۆ بواری پزیشکی خوڵقاند: چۆن دەبێ باوەڕت وابێ نەخۆشی و چارەسەری نەخۆشییەکە لەسەر بنەمایەکی زانستیی گشتگیر بێت، بەڵام

نیشانەکانی هەر نەخۆشییەک لە تاکێکەوە بۆ ئەویدی جیاواز بێـت، بەهەمـان شـێوە دەستنیشـانکردنی نەخۆشـییەکەش جیاواز بێت؟

ئەمجۆرە پزیشکییە تەمومژاوی نییە؟

دوای مردنـی سـیدنهام بە سـەدەیەک، ناوبـانگێکی باشـی هەبـوو، سـەرەتا کارەکـانی بە لاتینـی بڵاوکـرانەوە کە تـا ئێسـتاش زمـانی بـاوە، دواتـر وەرگێـڕرانە سـەر زمـانی ئینگلیـزی و فەرەنسـی وئەڵمـانی وئیسـپانی چەنـد زمـانێکی ئەورووپیی تر. دەوترێت ناودارترین مامۆستای پزیشکی لە سەدەی هەژدەدا، هێرمان بورهاڤ[15] (١٦٦٨- ١٧٣٨ز) بووە، هەرچەنـد نـاوی سـیدنهام هـاتبێ ئەو وەکـو ڕێزلێنانێـک شـەپقەکەی داگرتـووە، بۆرهـاڤ بەدرێژایـی ٤٠ سـاڵ دروشـمێکی دیاری زانکۆی لیدن leiden بـووە، لە هەمـوو لایەکـی ئەورووپـاوە خوێنـدکار ڕووی تێکـردووە، دەستپێشـخەری و وانە فێرکارییەکـانی ئەدینـبەرە، ڤییەنـا، گۆتینجین، جنێڤ و ئەوانیدی کاریگەرییان لەسەری هەبووە.

سـەرچاوەی بیـری بۆرهـاڤ جۆربەجـۆرە، بیرکـردنەوە پزیشـکییەکانی لە بوارەکـانی کیمیـا وفیزیـک وزینـدەزانی و بوارەکانی ترەوە سەرچاوەی گرتووە. بیرێکی تیژی هەبوو، لە دەستنیشـانکردنی نەخۆشـیدا وردەکـار بـوو. هەمـوو وانە فێرکارییەکـانی لەسـەر جـێگەی نەخۆشـەوە هەڵێنجـابوو. کلینیکێکی گەورەی هەبوو، پۆستەیەکی ڕاوێژکاری تێدابوو، تـایبەت بـوو بە سـەرنج و سەرسـامیی پزیشـکان و گازنـدە

15 Hermann Boerhaave.

ونیگەرانیی نەخۆشەکان، ئێستاش ناوبانگی ئەوسای ماوە. ئەوەی جێگەی گرنگی پێدان بوو ئەوەبوو زنجیرەیەک کتێبی لێکۆڵینەوەی لەبارەی کیمیاگەری و مادەی پزیشکی وکاری پزیشکی دانابوو، سەرەڕای چەند چاپکراوێک لەبواری توێکاری و ڕووەکناسی و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی زاوزێ. کاریگەریی ئەم نووسراوانە دوو نەوە یان سێ نەوە لە پزیشکان درێژەی هەبوو، بنەمای کارەکانی کۆکردنەوە بوو نەک دۆزینەوەی سەرەتایی. هەرچەندە ڕۆچووبووە نێو جیهانی سروشتەوە (گرنگیدانی تایبەت بە باخچە خۆشەویستەکەی لەماڵەوە)، ئەو هێشتا بەشێک بوو لە نەریتە میراتییەکان مەبەست لە کتێبخانەی پزیشکییە، هێشتا لای ئەو هیپۆکرات کەسێتییەکی زیندووە، هەمیشە بەدوای سەرچاوە وڕاستییە پزیشکییەکاندا بۆ ڕابردووی کۆن دەگەڕایەوە، هەرچەندە متمانەی تەواوی بەو سەرکەوتنانە هەبوو کە لە سەدەی ڕابردوودا بەدەست هێنرابوون.

ناودارترین قوتابی بۆرهاف لەسەدەی هەژدەدا کە لایەنگری ڕێبازی سروشتی بوو: کارل لینیۆس (١٧٠٧-١٧٧٨ز) بوو، کە پۆلێنکردنەکەی گۆڕی بە زانستێکی پێشڕەو، سیستەمی ناولێنانی دووسەرەی داهێنا، کە بەهۆیەوە بونەوەرە زیندووەکان دەناسرێنەوە بە جۆر و ڕەگەزیانەوە، لینیۆس ژیانی تەرخان کرد بۆ پۆلێنکردنی بونەوەرانی جیهانی سروشت، بەتایبەتی ڕووەکەکان، خۆی بە ئادەمی دووەم پێناسە دەکرد، خۆی وا دەناساند یەکەم کەسە ئەرکی ناولێنانی ڕووەک وگیانەوەرانی لە باخچەی عەدەندا کەوتۆتە ئەستۆ. ئەو مامۆستای

(٩) هێرمان بۆرهاڤ ناودارترین مامۆستای پزیشکی بوو لەسەردەمی خۆیدا، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆری پزیشک لەژێر دەستیدا ڕاهێنانی پراکتیکییان دەکرد، بەڵام جەماوەری لێکچەرەکانی زۆر کەم بوون.

پزیشکی بوو، ئۆپسالاش لە ئاستی فیردەوسی عەدەندا نەبوو. بەڵام زنجیرەیەک گەشتی لەگەڵ خوێندکارەکانیدا بۆ گەلێک شوێنی دەگمەنی جیهان ئەنجامدا، خوێندکارەکانی گوێڕایەڵ و دڵسۆزانە (سووربوون لەسەر ئەوەی ئەگەر ڕزگاریان بێت)، لەهەر جۆرە ڕووەکێک سامپڵێکی سروشتی بێننەوە، تاکو مامۆستاکەیان پۆلێنیان بکات. هەربەوجۆرەش لینیۆس نەخۆشییەکانیشی پۆلێن کرد، بەڵام پۆلێنکردنەکانی کەمتر کاریگەربوون لەو پۆلێکردنانەی لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا ئەنجامدرابوون؛ لەلایەن هەریەکە لە فرانسوا بواسێ دیلاکروا دوسۆفاج (١٧٠٦- ١٧٦٧) زانکۆی مۆنپلییە، ویلیام کالن (١٧١٠- ١٧٩٠) لە زانکۆی ئەدینبەرە و ئیراسموس داروین (١٧٣١- ١٨٠٢)ی شاعیر و ڕووەکناس وداهێنەر و پزیشکی کارامە لە لیچفیڵد و ناوچەکانی تری ناوەڕاست لە ئینگلتەرە پێی هەستابوون.

پۆلێکردنی نەخۆشییەکان nosology هەمووی بەجیابوون و لەسەر بنەمای دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان ڕێکخرابوون، نەک لەسەر هۆکار و ئاماژەکانی نەخۆشییەکە. "تا" خۆی لە خۆیدا پێشتر نەخۆشی بوو. بۆ نموونە ئازار باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەپێی تایبەتمەندیی توندوتیژییەکەی و شوێنەکەی بەوردەکارییەوە پۆلێندەکرێت.

لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا نەخشەی نەخۆشی بەشێکی بەرچاو بوو لە پراکتیکی پزیشکی و لەڕێگەی درێژەدان بە نەریتی هیپۆکراتەوە، ئاراستەی نەخۆش دەکرا. پزیشکەکان بۆئەوەی بتوانن دەستنیشانی نەخۆشییەک بکەن پشتیان بە وتەی نەخۆشەکە خۆی دەبەست سەبارەت بەونیشانانەی

هەستی پێدەکات، مێژوونووسان وا باسی نەخۆش دەکەن کە پەیوەندییەکی بەتینیان لەگەڵ پزیشکەکان هەبووە، بەپێی ئەم سیناریۆیەی نێوان پزیشک و نەخۆشیش نەخۆشی دەستنیشان کراوە، بەگشتی سوود لە چاوپێکەوتنی نێوان پزیشک و نەخۆش بینراوە و لەو ڕێگەیەوە کۆنترۆڵی دۆخەکە کراوە. ڕەنگە ئەم بۆچوونە زیادڕەوی تێدابێت، هەرچۆن لەسەدەی نۆزدەدا وەکو کەسێکی باڵا دەست باسی پزیشک کراوە کە ڕەنگە ئەویش هەر زیادڕەوی بێت. چونکە پێش دەرکەوتنی شێوازە نوێیەکانی دەستنیشاکردنی نەخۆشی، نەبینراوە نەخۆش لای پزیشکەکەی بە هەواڵێکی ناخۆشەوە دەرچووبێت، وەکو ئەوەی فشاری خوێنی یان ئاستی شەکرەی لەخوێندا لە ڕێژەی ئاسایی بەرزتر یان نزمتر بێت، یان گومانی تارماییەک لە وێنەی تیشکی ئێکس لە سینگیدا هەبێت؛ تا بڵێین دۆزینەوەی نەخۆشییەکە تەنها دوکتۆرەکە بڕیاری لێداوە. لەسیستەمی کۆندا پزیشک و نەخۆش بە زمانێکی هاوبەش پێکەوە دەدوان، پێشبینیی چوونیەکیان لە بارەی نەخۆشی و هۆکارەکانییەوە هەبوو، پێشبینی کردنی مەترسیدار یان موژدەبەخش لە سەردانی پزیشکدا، تەنها ڕەوتی نەخۆشییەکە دیاریی دەکرد، چونکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان نەخۆش و نیشانەی نەخۆشییەکە پاڵنەر بوو بۆ ئەوەی نەخۆش لەسەرەتاوە ڕاوێژ بە پزیشک بکات.

دوو لایەنی تر لە لایەنەکانی کردەی پزیشکی لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا هەبوو شایانی باسکردنە: یەکەم: زەمەنی پرۆژە پزیشکییە مەزنەکان بوو لەم زەمەنەدا تەندروستی گرنگ بوو خەڵک ئامادەبوون لە پێناوی

تەندروستیدا پارەخەرج بکەن، ئەمەش بواری لەبەردەم چارەسەرکارە تەماحکارەکان، یان فریودەرەکان ڕەخساند، پێگەیەکیان لە بازاڕی پزیشکیدا لە نێو هەموو چین وتوێژەکان هەبێت. مەسەلەکە هێند ئاسان نییە بتوانی پزیشکی "فریودەر" لە پزیشکی "نیزامی" جیابکەیتەوە، زۆرجار پزیشکە فریودەرەکان بەدەوری کولتووری گەردووونناسی پزیشکیدا دەسووڕێنەوە، بەڵام ڕەنگە نیزامییەکان بۆ شێوازی چارەسەرکردن پڕوپاگەندە بۆخۆیان بکەن و ڕەچەتەی نهێنی بۆ چارەسەرکردن بەکار بهێنن و ناوبانگ پەیدابکەن لە پێناوی سەرنجڕاکێشانی نەخۆش. بەڵام پزیشکیِ تەواوکاری کە لەسەردەمی ئێستادا کاردەکات پشت بە هەندێ ئەلتەرناتیڤ دەبەستێت لە لێکدانەوەی فاکتەرەکانی تەندروستی ونەخۆشی، کە لەسەدەکانی ڕابردوودا هیچ دەنگ وسەدایەکی نەبووە. ڕەنگە پزیشکە چاوچنۆکەکان هەریەکە لای خۆیەوە بۆچوونی تایبەتیان لەسەر فاکتەرەکانی نەخۆشی هەبێ، یان ڕێگەیەکی باشتر لە چارەسەرکردندا هەڵبژێرن، بەڵام زۆرجار لە چارەسەرکردنەکانیاندا پشت بە کەسایەتییە گرنگەکانی مێژوو دەبەستن لە بواری پزیشکیدا، هیپۆکرات و گالینۆس لەبەرەی پێشەوەی ئەو چارەسەرکارە نانیزامییانە بوون لەو ماوەیەدا، بەڵام پاراسیلسۆس جیاواز بوو، شایستەی وەبیرهێنانەوەیە، ئەو نەک هەر تیۆرەکانی خستەلاوە، بەڵکو سەرجەم نەریتە پزیشکییەکانیشی پشتگوێ خست، ئەو ئەقڵییەتێکی نامێژوویی تایبەتی هەبوو. بەڵام زۆربەی فریودەرەکان پشتیان بە نەریتی پزیشکی دەبەست و بە کارامەیی لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بەکاریان

دەهێنا، لە بەڵێنەکان یان چۆنێتی بەکارهێنانی شومەک و خزمەگوزارییەکانیان.

تایبەتمەندیی بەرچاوی دووەمی پزیشکی لەسەردەمی رۆشنگەریدا گەشبینی بوو هاوتای کاری بەردەوام، ئەم سەردەمە سەردەمی پرۆژەو دامەزراوەکان بوو، نەخۆشخانەکان بەشێوەکی زۆر رێکوپێک دروست دەکران، لەئەوروپا هەوڵەکان بۆ چاک کردنەوەی خزمەتگوزارییە پزیشکییە سەربازییەکان چڕبوونەوە، کاری خێرخوازی بەرامبەر پیشەی پزیشکیی گیرایە بەر. بیرکردنەوەی پێشکەوتن لەوەش پێشکەوتنی پزیشکی، رەچاوکرابوو، نەخۆش و پزیشکان وەکو یەک باوەڕیان بەوە هێنا، کاری پزیشکی لە داهاتوودا تواناکانی زیاتر دەبێت لە توانای ئێستاو رابردوو. لە هەمان کاتدا پزیشکان و نەشتەرگەرە روناکبیرەکان لە هیپۆکرات یان سیدنهام بەجۆرێک دەڕوانن، نەک بۆ بەهرە وەرگرتن بەڵکو لە پێناوی زانیاری و بوون بە پێشەنگ. بەڵام بە گوێرەی بۆرهاف یان کالن، گرنگیی مێژووی پزیشکی تەنها لە بەها کەلەپورییەکەیدا نییە، بەڵکو سەرچاوەیەکە بۆ پەند و حیکمەتی زیندوو. لەسەدەی نۆزدەدا، پزیشکە کۆنەکان بوونە بەشێک لە مێژوو، نەوەیەکی نوێ وەکو پزیشک جڵەویان گرتە دەست و زیاتر بۆ ئایندەیان دەڕوانی.

بەشی سێیەم
پزیشکی لە نەخۆشخانەدا

بژی فەرەنسا

گوزارشتی "پزیشکیی نەخۆشخانەکان" واتایەکی سنووورداری بۆ مێژوونووسانی پزیشکی هەیە، نەخۆشخانەکان لەسەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستەوە سەریانهەڵدا، بەڵام کاری پزیشکی بە مانای پراکتیکی پزیشکی، دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنێکی دوورتر لەو سەردەمە. پوختەی "پزیشکیی نەخۆشخانەکان" لە گوزارشتێکی ڕەوادا بۆ ئەو گەشەکردنە پڕ بەهایە دەگەڕێتەوە، کە ناوی کۆمەڵگەی پزیشکی فەرەنسییە، بەتایبەتی پاریس لەنێوان هەردوو شۆڕشی ١٧٨٩ و ١٨٤٨ دا. ئەم ماوەیە سەردەمێکە، کەتییدا پاریس دەبێتە قیبلەی جیهانی پزیشکی. نەخۆشخانەکانی پاریس ناوەندی ڕاستەوخۆی ئەو سەردەمەن، کاریگەریی ئەو کەرەستەو ئامێر و شێوازانەی بەسەر ناوەندە پزیشکییە فێرکارییەکان و کاری پزیشکیدا زاڵبوو، بۆ هەموو ئارژای جیهانی ڕۆژئاوا پەلی هاویشت.

هەندێجار ئەو ماوەیە لە مێژووی فەرەنسادا بە "شۆڕشی پزیشکی" ناوزەد دەکرێت، ئەمە وەسفێکی

دروســـتە، چـــونكە ئەم شۆڕشـــە پزیشـــكییە، دەرهاویشـــتەی شۆڕشـــێكی سیاســـی بـــوو. مێژوونووســـان شـــیكردنەوەی وردیان بۆ ستراكچەرە فێركارییەكان، پراكتیكە پزیشكییەكان و پەیوەندی نێوان پزیشـك و نەخـۆش ئەنجامـدا، بەبەراورد لەگەڵ ســـەردەمەكانی پێشـــوودا، داكۆكییـــان لەو گەشـــەكردنە بێپێشینەیە كرد، كە لە نێو ئەو شۆڕشـە پزیشـكییەدا ، دیـار وئاشـــكرابوو. لە ڕاســـتیدا پزیشـــكەكان لە (١٨٤٠) متمـــانە ودڵنیـــاییەكی نوێیـــان پەیـــداكرد، بەبەراورد لەگەڵ دوو نەوە پـــێش خۆیـــان، ڕەنـــگە بەشـــێكی زۆری ئەو دڵنیـــاییە بـــۆ كاریگەریی پاریس بگەڕێتەوە.

وەكـــو هەمـــوو شۆڕشـــەكانی تـــر، شۆڕشـــی پزیشـــكی پاریســـی بە بچـــووكی دەســـتی پێكـــرد كەس نەیـــدەتوانی لە ڕۆژانی زریان و شلۆقیی سیاسیدا " لە سەردەمی تیرۆردا" پێشـــبینی شۆڕشـــێكی پزیشـــكی بكـــات. بە گەیشـــتنی هێـــزە سیاســـی و ســـەربازییەكان بۆســـەر پایەكـــانی دەســـەڵات، ئەو هێـــزانە هەمـــوو دامەزراوە پزیشـــكییەكانیان ڕامـــاڵی – لە پزیشـــكان و نەشـــتەرگەران و نەخۆشـــخانەوە بیگـــرە بـــۆ دامەزراوە ئەكـــادیمی و كـــۆلێژە كۆنەكـــان، لەگەڵ ڕامـــاڵینی تەواوی "سیســـتەمە كـــۆنەكە" لە دوو ســـاڵی قورســـی پـــڕ لە ڕووداودا. لەســـــەرەتای نەوەدەكـــــانی ســـــەدەی هەژدەدا، بانگەشەی ئەوە دەكرا دەبێ هەر كەس پزیشكی خۆی بێت، ســـەركردەكانی شـــۆڕش پەیمـــانی ئەوەیانـــدا، لەڕێگەی دابـــین كردنـــی چـــاودێری تەندروســـتییەوە بەدڵنیـــایی، گەنـــدەڵی و نایەكســـانی بنبـــڕ دەكرێـــت، پـــلە وەزیفیـــە تەندروســـتییەكان وپۆســـتە تایبەتەكـــان كە پەیوەنـــدی بە پایەكـــانی دەســـەڵاتی كۆنەوە هەیە پێویستە لاببرێن.

بەلام ئەم گەشبینییە هێندەی نەخایاند، نەخۆشی بنبڕ نەکرا، دەسەلاتە شۆڕشگێڕەکە هەر زوو بۆی دەرکەوت سەربازەکان، دەریاوانەکان پێویستیان بە چاودێری پزیشکی ونەشتەرگەری هەیە، بە تایبەتی ئەو پزیشکانەی بەشداری خولی تایبەتیان کردووە و ڕاهێنراون لەسەر کاری پزیشکی ونەشتەرگەری، لەگەرمەی شەڕ وشۆڕ و جەنگەکاندا جیاوازی نێوان کاری پزیشکی و کاری نەشتەگەری کۆتایی هات، لە ساڵی ١٧٩٤ سێ خوێندنگەی پزیشکی سەربازی نوێ کرایەوە، بەپلەی یەکەم بۆ ئامادەکردنی ئەو پیاوانەی پێداویستییە سەربازییەکان لە کۆمارە نوێیەکەدا دابین دەکەن. خۆشبەختانە گرنگترین کەس لەو کۆمیسیۆنەی کە کۆمەڵەی شۆڕش دەستنیشانیان کرد بۆ پێداویستییە پزیشکییەکان لە سەردەمی نوێدا، پزیشک و کیمیاگەرێکی هاوسۆزبوو لە گەڵ ئامانجەکانی شۆڕشدا. ئەویش ئەنتوان فورکروا[16] (١٧٥٥- ١٨٠٩ز) بوو، ئەم پیاوە بەو سیفەتەی کیمیاگەرە هەندێ ناوبانگی دەرکرد، وەکو مامۆستایەکی کیمیا لە فێرگەیەکی نوێ کاری دەکرد، خۆیشی بەشداری دامەزراندنی ئەو فێرگەیەی لە پاریس کرد. سیاسەتمەدارێکی زیرەک ونیازپاکی ڕاستەقینە بوو، فورکروا لەپشتی پلانی دامەزراندنی ئەو فێرگانەوە بوو کە لە پاریس و ستراسبۆرگ و مۆنپیلییە کرانەوە. ئەو ڕاپۆرتەی کە ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە ئامادەکردنیدا، بڕیاری لەسەر ئەو پێداویستییە سەربازییانە دا کە دۆخی سیاسی ئەو سەردەمە دەیخواست، هەروەها جەختی لەسەر سێ لایەنی پزیشکی فێرکاریی نوێ کردەوە، یەکەمیان: پێویستە خوێندکار

16 Antoine Fourcroy.

لەیەکەم ڕۆژەوە ڕاهێنانی پراکتیکی چڕ ئەنجام بدات. هێشتا وتەکانی لە گوێدا دەزرینگێتەوە کە وتی: پێویستە خوێندکار " کەم بخـــــوێنێتەوە، زۆر ببینێــــــت وزۆر کاربکـــــات" دووخســـتنەوەی تیورەکـــان و کـــاری پراکتیکـــی زۆر دوو تایبەتمەنـــدیی بەربـــڵاوی ئەو ســـەردەمە بـــوون. دووەم: بڕیاردرا شوێنی فێرکاریی پزیشکیی نوێ، نەخۆشخانەکان بێـت، هەلـی شـارەزایی زۆر و چـڕ زۆر باشـترە لە هـۆڵی موحازەرە یان پراکتیکی پزیشکی لە دەرەوەی نەخۆشخانە. لە دواییدا: لەسـەر دەرچـوانی پزیشکیی نـوێ پێویستبوو هەریەکە لە کـاری پزیشـکی وکـاری نەشـتەرگەری پـێکەوە فێـربن وڕاهێنـانی لەســەر بــکەن. ئەمە ئەوە دەگەیەنـــێ ئەهمییەتـی بیـری نەشـتەرگەری بـۆ نێـو کـایەی پزیشـکی کارێکی ڕەوایە، لە کاتێکدا کاری پزیشکی گرنگی بە تەواوی جەســتە دەدەن، چــی بە تێکەڵەکــان بێـت یــان لەڕێـگەی ڕۆحەکـــانەوە یـــان نەخۆشـــییە گشـــتگیرەکان، بەڵام نەشـتەرگەرەکان بەرەنگـاری بـابەتە لۆکاڵییەکـان دەبـنەوە، شـوێنێک دەگرنە ئامـانج وەکو کێم و زوخـاوی دومەڵەکان، یـان شـوێنی شـکاوییەکان یـان ئەو کێشـە سـنووردارانەی پێویسـتیان بە یەکلاکـردنەوە هەیە لە جێگەیەکـی جەسـتەوە. بەڵام لەگەڵ دامەزرانـدنی قوتابخـانەی پزیشـکیی فەرەنسـیدا، چەمکـی " دەرد وئـافەت" گرنگییەکـی پزیشـکی هەبـوو، یـان گۆڕانێـــک بـــوو لە زانســـتی پزیشـــکی لە ئەنجـــامی نەخۆشـییەکەوە کە بە چـاو دەبینـرێ، ئیتـر بە میکرۆسـکۆپ بێـت یــان بە بــێ میکرۆســکۆپ، پزیشــکەکان بیریــان لە نەشـــتەرگەری کـــردەوە، تەنە ڕەقەکـــانی لەش شـــوێنێکی گونجاو بوون بۆ ئەو مەبەستە.

نەخۆشخانەی پزیشکیی فەرەنسی پشتی بە سێ کۆڵەکە بەستبوو، هیچ یەکێ لەو کۆڵەکانە تەواو تازە نەبوون، بەڵام هەرسێکیان بەیەکەوە، شێوازێکی نوێیان پێکهێنا بۆ تێڕوانین لە نەخۆشی. ئەو سێ کۆڵەکەیەش ئەمانەبوون: دەستنیشانکردنی نەخۆشییە جەستەییەکان، پەیوەندی کلینیکی – نەخۆشیناسی، لەگەڵ بەکارهێنانی کەیسێکی زۆر بۆ ڕوونکردنەوەی جۆرەکانی دەستنیشانکردنی نەخۆشی و هەڵسەنگاندنی چارەسەر. ئەم سێ کۆڵەکەیە دوای چاکسازی تێیدا گرنگییەکی بنەڕەتی لە بواری پزیشکیدا هەبوو، هەروەها نەخۆشخانە وەکو تەوەرێکی گرنگی کردەی پزیشکی مایەوە.

(١٠) کۆشکە مەزنەکەی نەخۆشخانەی هۆتێل دیو لە پاریس لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، کە داهێنانی پزیشکیی زۆر گەورەی بەخۆوە دیوە، دوو کەس لای چاپەوەن تابووتێکیان هەڵگرتووە بەرەو ئەو گالیسکەیە دەڕۆن کە لەبەردەم دەروازەکەدا وەستاوە، وادیارە خاوەنی گالیسکەکە چاوەڕێی ئەوان دەکات، تا مردووەکە بۆ گۆڕستان بگوێزێتەوە.

دەستنیشانکردنی نەخۆشی جەستەیی: پەیوەندییەکی گەرموگوڕی نوێ

دەبێت پەیوەندیی نێوان نەخۆش و پزیشک لەسەر بنەمای دۆستایەتی و ئەتەکێتی هەڵسوکەوت بێت، ڕەنگە لە نەخۆش داوابکرێ خۆی ڕووت بکاتەوە، دەست لە لەشی بدرێت، هەرچۆن هاوسەری یان مێردی دەست لە لەشی دەدات، بەجۆرێک دەشێت نەخۆشەکە تووشی شەرمەزاری بێت. زۆربەی نەخۆشەکان بەو پەیوەندییە ڕازین، بەوپێیەی متمانەکردن بە پزیشکەکان لە بەرژەوەندیی خۆیانە، لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا لە نەخۆشخانەکانی پاریس ئەم دیاردەیە بەرگی ڕۆتینی بەبەردا کرابوو، لە ئەنجامی ئەو پشکنینەی بۆ جەستە دانرابوو و پزیشکەکان لە خوێندنگە فێرکارییە نوێیەکاندا، لەنێو نەخۆشخانەکاندا پێڕەویان دەکرد.

ئەمە مانای ئەوە نییە هەمیشە پزیشکەکان کە تا کۆتایی سەدەی نۆزدە، پزیشکی نێرینە بوون، نەخۆشیان بە ڕووتی نەپشکنی بێت، تێڕوانین بە ئەندامی زاوزێی ئافرەتدا لەسەردەمی ڕۆمانەکاندا داهێنرا. نەشتەرگەری بەردی میزڵدان، ناسوری کۆم، دیاردەی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی زاوزێ، یان کرداری منداڵبوون، تەنها پیاوان ، بەشێوەیەکی سیستماتیک بەبێ هیچ کێشەیەک ئەنجامیان دەدا. سەردانی نەخۆش بۆ لای پزیشک لە هەندێ دۆخدا پێویستی بە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی نەخۆش هەبوو لەگەڵ پزیشکدا، وەکو پشکنینی زمان، پشکنینی لێدانی دڵ. بەڵام دەرهاویشتەکانی جەستە وەکو میز و پیسی لە دەستنیشانکردنی پزیشکیدا هەندێجار پێویستی بەوە نەبوو

نەخۆشەکە ببینرێت، چونکە لەسەر شێوەو ڕەنگی ئەو میز و پیسییە دەستنیشانی نەخۆشییەکە دەکرا.

سەردانی نەخۆش بۆ لای پزیشک، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات، زۆربەی نەخۆشەکان هەژار و نەخوێندەوار بوون، توانای ئەوەیان نەبوو دەستوەردەن لەو چارەسەرەی بۆیان پێشنیار دەکرا، لەلایەکی ترەوە ئایدیۆلۆژیای پزیشکیی نوێ پشتگیری پزیشکەکانی دەکرد، بەدوای ئەو نیشانانەدا بگەڕێن کە لەسەر جەستەو ڕووخساری نەخۆش دەردەکەوتن، زیاتر لەوەی پشت بەو نیشانانە ببەستن کە نەخۆشەکە باسی دەکرد، وەکو ئازار، بێخەوی و ماندوبوون کە تایبەت بە هەستی نەخۆشەکە بوو، بەڵام پووکانەوەی ماسوولکە و سووربوونەوەی دومەڵ بۆ نموونە ئەو نیشانانە بوون بەچاو دەبینران و گشتگیربوون، ڕێبەرانی نەخۆشخانەی پزیشکی فەرەنسی ویستیان لەڕووی پراکتیکییەوە، نیشانە لۆکاڵییەکان کە لە دەرەنجامی دەرد و نەخۆشییەوە دەردەکەون و بەچاو دەبیران، بکەنە بنەما نەک نیشانە تایبەتەکان بە نەخۆشەکە.

دەستنیشانکردنی نەخۆشی بنچینەی ئەم هەوڵدانە بوو، کە چوار ڕەهەندی پزیشکی بوون، تا ئێستاش خوێندکارەکانی لەسەر ڕادێنن، ئەوانیش پشکنین، دەست لێدانی ڕووکەش، پیاکێشان و گوێگرتنن. پزیشکەکان لە سەردەمی هیپۆکراتەوە ناوبەناو تائێستاش بەشێوازی جیاواز ئەم شێوازانەیان تاقیکردۆتەوە. بەڵام پزیشکە فەرەنسییەکان هەموویان کۆکردۆتەوە و شێوازێکی ئاساییان لێ دروست کردووە و بە سیستماتیک کراوە،

ئەمەش بۆ هەمیشە پەیوەندی نێوان پزیشک و نەخۆشی گۆڕی.

پشکنین سادەترین جۆری پراکتیکییە: بە نەخۆشەکەدا دەڕوانی، "زمانت دەرکە" ئەم فرمانە زۆر لە کۆنەوە باوە توێژی سەر زمان بە چینێکی سپی، نیشانەی تا و کێشە کتوپڕەکانی ترە زەردبوونەوەی سپێنەی چاو ئاماژەیە بۆ زەردوویی، سووربوونەوەی ڕوخسار ئاماژەیە بۆ تالێهاتن بەتایبەتی تای دواقۆناغی تووشبوون بە نەخۆشی سیل یان نەخۆشیی جومگەکان. ڕەنگ پەڕیوی مەیلەو سەوز نیشانەیە بۆ کەمخوێنی یان نەخۆشی سەوزی chlorosis ، ئەم نەخۆشییە تووشی کچی هەرزەکار دەبێت، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەم نەخۆشییە بەهۆکارێکی نادیار کۆتایی پێهات، بەهەمان شێوە نەخۆشی هیستریاش لە هەمان کاتدا ڕەنگە بە هەمان هۆکاری نادیار کۆتایی هات. بەڵام پشکنینەکان زیاتر پشتیان بەو دیاردانە دەبەست کە لەسەر جەستە یان ڕوخسار یان دەستەکان یان شوێنەکانی تر دەردەکەوتن. کاتێ پزیشک لە شوێنێکی تری دەڕوانی دیارە هۆکارێکی تری بۆ ئەوە هەبووە، ئەو هۆکارە لای نەشتەرگەرەکان زیاتر باوبووە نەک لای پزیشکەکان.

فەرەنسییەکان پشکنین بە سیتماتیک وەکو بەشێک لە هەڵسەنگاندنی گشتی لە نەخۆشدا پێڕەوی دەکەن. لە پشکنین بە دەستلێدانیش هەمان شت پێڕەو دەکەن کە کردەیەکی زۆر دۆستانەیە، خۆی لە دەستلێدانی نەخۆشدا دەبینێتەوە، هەندێجار ڕەنگە شوێنی ئازارەکە، ئاوساوی لە شوێنێکی جەستە ببینرێت بەڵام پزیشک پێویستی بەوەیە

دەستی لێبدات و خۆی هەستی پێ بکات، هیپۆکراتەکان دەیانزانی نۆرەتا زۆرجار دەبێتە هۆی ئاوسانی سپڵ، بەجۆرێک گەورە دەبێت بەچاو دەبینرێت لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگەی دەستلێدانەوە دەستنیشان دەکرا، لەژێر سایەی کولتووری پزیشکەکان کە لەسەرەتای سەدەی نوێوە بڵاوبووەوە، نەریتی دەستلێدان زیاتر پەرەی سەند، واتە دەستلێدان وەکو دیوێکی تری دەستنیشانکردن گەڕایەوە نێو کایەی پزیشکی، لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی هەردوو کردەی پزیشکی و کاری نەشتەرگەری. بە دەستنیشانکردنی میکانیزمەکانی نەخۆشی لە ئەندامەکانی لەشدا، وە دووپاتکردنەوەی هۆکاری نەخۆشییەکە، خوێندکارە فەرەنسییەکان فێرکران دەستەکانیان بەکار بێنن بەوپێیەی بەشێکن لەو کەرەستانەی لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەدا بەکاری دێنن.

لێدان (لەسەر سینگ و سەر سک) سێیەم بەشی ڕۆتینی ئەزموونی پزیشکییە. هەرچەندە هەندێ سەرنجمان بە جیا لەسەر تۆمارە پزیشکییەکانی ڕابردوو نووسی، پزیشکی ڤییەنایی لیۆپۆلد ئۆینبروگەر[17] (١٧٧٢- ١٨٠٩) ڕاستی فەرموو کاتێک ناونیشانی کتێبەکەی لە ١٧٦١ز بە "داهێنانی نوێ" ناوزەد کرد، دەڵێن ئۆینبرۆگەر کوڕی خانەدانێک بوو، سوودەکانی لێدان لەوەوە فێربوو کاتێک باوکی دەینارد بۆ ژێرخانەکە تا بزانێت بەرمیلی مەی و شەرابەکان چەندی تیاماوە بە لێدان لە بەرمیلەکان دڵنیادەبووەوە چەندیان تیا ماوە، دوایی بۆی دەرکەوت تەکنیکی لێدان بە پەنجەکانی

---

17 Leopold Auenbrugger .

لەملاو لەولای بەرمیلەکان بە ئاستی شلەکە گۆڕانکاریی لە دەنگی لێدانەکە هەست پێدەکرد، ئەمەش مانای ئەوەبوو پێویستی بەوە نەبوو سەرقەپاغەکان هەڵداتەوە تا لە بنەوەی بەرمیلەکان بە مۆمێک بڕوانێت، وەکو پراکتیکی پزیشکیش گەشەی بەم ئەزموونەدا و یارمەتی دا بۆ پێوان و هێزی لێدانی دڵ، جگەر و ئۆرگانەکانی تری لەش تا بزانێ گەورە بووە، یان بۆ زانینی ئاستی کۆبوونەوەی ئەو شلانەی لە سینگ یان لە ورگدا هەن، بۆشاییەکانی لەش بەهۆی نەخۆشییەوە گۆڕانکارییان بەسەردا دێ، بە لێدان هەست بە دەنگی تایبەت دەکەیت.

کتێبە بچووکە سادەکەی ئۆینبرۆگەر نموونەیەکی زۆر باشی ئەو ڕاستییەیە کە لێکۆڵینەوە کلاسیکییە کۆنەکان دروست دەکرێن لە دایک نابن، ئەم کتێبە دوای بڵاوبوونەوەی نزیکەی چوار دەیە مێژوونووسان تەنها چەند ئاماژەیەکیان پێکرد، وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ باسیان لێوە نەکرد. پزیشکانی سەدەی هەژدەیەم ئامادە نەبوون گرنگی بە تەنە ڕەقەکانی جەستە بدەن تاکو لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان یارمەتییان بدات، بەڵام بە هاتنی شێوازی فەرەنسی لە لە خوێندن و فێرکردنی پزیشکیدا هەموو شتێک گۆڕا.

نووسینەکانی ئۆینبرۆجەر بە لاتینی لەلایەن پزیشکە تایبەتەکەی ناپلیۆنەوە دۆزرایەوە کە ئەویش جین نیکۆلاس کۆرڤیزار[18] (١٧٥٥- ١٨٢١) بوو، پرۆفیسۆری پزیشکی بوو لە خوێندنگەی پاریس. کۆرڤیزار لە سەرەتاکانی سەدەی

18 Jean Necolas Corvisart.

نۆزدەدا تەواو ئامادەبوو بەو ئاراستە نوێیەدا بڕوات کەتایبەت بوو بە ئەندامانی پزیشکی فەرەنسی، کۆرڤیزار گرنگیی تایبەتی بە نەخۆشییەکانی دڵ دەدا، بەهای لێدانی لە دۆخەکانی ئاوسانی دڵ و کۆبوونەوەی شلە تێیدا ونەخۆشییەکانی تری دڵ، درک پێکرد، لە ١٨٠٨ دەستی کرد بە فێرکردنی قوتابییەکان و وەرگێڕانی نووسینەکانی ئۆینبرۆگەر لە لاتینییەوە بۆسەر زمانی فەرەنسی.

بەشێوەیەکی زۆر ڕوون سەرنج و تێبینییەکانی خۆی سەبارەت بە گرنگیی ئەو تەکنیکە نوێیانە لە هاوکاری کردنی پزیشک لە دەستنیشانکردنی نەخۆشیدا، خستەبەرچاو. دوو ساڵ پێش ئەوە

وتارە زانستییەکەی دەربارەی نەخۆشییەکانی دڵ بڵاوکردەوە، لەو وتارەدا پشتی بەو سەرنجانە بەست کە یەکێ لە خوێندکارەکانی تۆماری کردبوو. تۆمارە پزیشکییەکان کە لەم پەرتووکە نایابەدا هاتووە شایانی خوێندنەوەیە: بیروڕای کۆرڤیزار سەبارەت بە نەخۆشییەکانی دڵ ڕەشبینانەیە، پووختەی بۆچوونەکەی ئەوەیە؛ نەخۆشییە ئۆرگانییەکانی دڵ زۆر بەکەمی بەشێوەیەکی کاریگەر بەو دەرمانانە چارەسەر دەبن کە پێیان دەدرێ، بەڵام دەتوانرێت نەخۆشییەکە دەستنیشان بکرێت، مرۆڤ دەتوانێ پووختەی تۆمارە پزیشکییەکان کە لە نەخۆشخانەکاندا تۆمارکراون بخوێنێتەوە، زۆرێک لە ژنان و پیاوان لە چینی کرێکار، کە تووشی نەخۆشیی مەترسیدار بوون، سەردانی نەخۆشخانەکانی پاریسیان کردووە بەوپێیەی تاکە شوێنە پەنای بۆ بەرن، بەڵام ڕێژەی

مردن لەو نەخۆشخانانەدا زۆر بەرز بوو، هەندێجار دۆخەکە ئەوەندە مەترسیدار بوو ناوی نەخۆشخانەکانی پاریسیان نابوو، "دەروازەکانی مردن".

شتێکی تر خرایەسەر تەکنیکە گشتگیرەکەی کۆرڤیزار لە دەستنیشانکردنی چوارەمی نەخۆشیدا کە داهێنانەتر بوو، ئەویش کولگرتن یان گوێگرتن بوو. هەندێجار پزیشکەکان گوێ لەو دەنگانە دەگرن کە لە جەستەی نەخۆشەکانیانەوە دەبیسترێ، دەنگی خیزەی سینگ لە هەناسەدا خەڵکانی دەوروبەر گوێیان لێدەبێ، نەک تەنها نەخۆشەکە، ئەو دەنگەی لە ناو سکەوە دەردەچێ، قۆرەقۆری سک، دەنگێکی بیستراوە، هەردەنگێکی بیستراو لەو شێوەیە بەڵگەیەکە لەوەی لە لەشی مرۆڤەکەدا ڕوودەدات. پزیشکەکان سەدان ساڵە گوێبیستی ئەم دەنگانە دەبن، جارجار پزیشکەکان ڕاستەوخۆ گوێیان دەخستە سەر سینگی نەخۆشەکە یان سکی تا باشتر ببیستن، بەم بیستنە دەڵێن "بیستنی ڕاستەوخۆ" بەڵام گوێگرتن بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، ناوەندێک لەنێوان پزیشکەکەو نەخۆشەکە بوونی هەیە، ئەو ناوەندەش بیستۆکی پزیشکە ئەم ناوەندە پێیدەڵێن "ناڕاستەوخۆ" کە لاینیک[19] (١٧٨١- ١٨٢٦) داهێنەری بوو. لاینیک لەنێو پسپۆرانی کلینیکە پزیشکییەکانی فەرەنسادا. کەسایەتییەکی زۆر ئاڵۆز و بەهرەدارێکی بێ وێنە بوو، ڕەوتی پیشەیی لاینیک زۆر بەئاشکرا گرنگیی بەهادەرەکییەکان ڕووندەکاتەوە لەوەی کێ لەژیاندا بەشداری

19 R.T.H. Laennec.

دەکات کێ پەراوێز دەخرێت، لەبەرئەوەی کاسۆلیکی بوو و لایەنگری کۆشکی پاشایەتی بوو، بۆیە لەو ڕەوتە سیکۆلارەی لەسەردەمی کۆمار و سەردەمی ناپلیۆندا لە گەشەکردندا بوو، ئەو دواکەوت، بۆیە نەوەکو مامۆستا نە وەکو پزیشک لەنەخۆشخانە دانەمەزرا تا ئەو کاتەی ناپلیۆن کەوت، و موڵکداری گەڕێنرایەوە، دوای ئەوە، لە کانیاوی فێرگە فەرەنسییە نموونەییەکانی خواردەوە، بەشداریی گەورەو کاریگەری کرد، بەو سیفەتەی ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەر و پزیشکی کارامە بوو، سەماعە پزیشکییەکەی کە دروستی کرد سەرەتا جگە لە دەفتەرێکی لوولکراوی پتەو زیاتر نەبوو، بۆ ئەو کچە باڵا تووندو پڕە ئامادەی کرد کە دەیەویست گوێ لە سینگی بگرێ، بەڵام یاسای تووندوپڕی سینگی ڕێگربوو لەوەی ڕاستەوخۆ سەربخاتە سەر ئەو سینگە توندوپڕەی نەخۆشەکە، بۆیە بەخێرایی بیری لە دروستکردنی سەماعەیەکی سەرەتایی کردەوە، کە لە داری ناو هەڵکۆڵراو ئامادەیکرد، یەکێ لە لایەکانی بە قووچەکێک و لایەکەی تری بەچەرمێکی وەکو چەرمی دەف بەستەوە، تا بە باشی گوێبیستی سینگی نەخۆشەکەی بێت بە ڕادەی جیاواز، جگە لەوە (لاینیک مۆسیقاژەنێکی لێهاتووش بوو).

ڕووداوی بەرەوڕووبونەوە لەگەڵ ئەم کچە نەخۆشەدا بۆ ساڵی ١٨١٦ لە نەخۆشخانەی نیکیر دەگەڕێتەوە، لەماوەی نێوان ساڵانی ١٨١٦- ١٨١٩ لاینیک لەم سێ ساڵەدا، وەکو ژیانی تاکێک لە مێژووی تەواوی پزیشکیدا داهێنانی زۆری ئەنجامداوە. کاتێک بابەتە زانستییەکەی لە

سـالّی ١٨١٩ بڵاوکـردەوە، بە توانـابوو لە بەکارهێنـانی سـەماعە پزیشـکییەکەی. زاراوەی زۆری هێنـایە نـاو بـواری پزیشـکییەوە کە تـا ئەمـڕۆش پزیشـکەکان لە وەسـفی دەنگەکـانی هەناسـەدا بەکـاری دێنن، کـاتێ بەهێـزەوە دەدوا توانـای باوەڕهێنـانی بە بەرامـبەرەکەی سـەبارەت بە نەخۆشییەکانی دڵ و سییەکان بەشێوازی بیستن و کوڵگرتن کە سـەماعەکەی بـۆی دەسـتەبەرکرد زۆربەهێـز بـوو.گرنگییەکی زۆری بەو دەنـگە بیسـتراوانە دەدا کە نیشـانەی نەخۆشـی "سـیل"یـان لەخۆگرتبـوو. لە سـەردەمی لاینیکدا "نەخۆشیی سیل باڵویزی مردن بوو"؛ هەمیشـە ئەو بەشـەی ئەو پڕبـوو لە قوربانییەکـانی ئەو نەخۆشـییە، لە کۆتاییدا خۆیشی بووە قوربانی ئەو نەخۆشییە.

کتێـبەکەی لاینیـک کە سـاڵی ١٨١٩ بـڵاوی کـردەوە لە دووبەش پێکهـاتبوو: بەشـی یەکەم دەربـارەی چـۆنێتی بەکارهێنانی سەماعەی پزیشکی بوو، بەشـی دووەم زانستی نەخۆشـییەکانی سـینگ لە ڕووی توێکـارییەوە. لاینیـک قوتـابییەکی دڵسۆزی قوتابخـانەی پزیشـکیی فەرەنسـی بوو، نەک هەر لە وردەکارییەکـانی پرۆسـەی دەستنیشـان کردنـی نەخۆشی پسپۆر بوو، بەڵکو وا ڕاهـاتبوو لەگەڵ تەرمـی ئەو نەخۆشـانەی کە دەمـردن بچێـتە سـەر مێـزی توێکـاری، کە پرۆسـەی بەش بەشـکردنی مـردووەکەی تیـا ئەنجـام دەدرا، لەگەڵ ئەو دەرەنجامـانەی پێـی گەیشـتبوو لە ژیـانی نەخۆشـەکە بەراوردی دەکرد لەگەڵ نیشـانەی ئەو زیانـانەی بەرتەرمەکە کەوتوون.

(١١) بڕوانه ئەم تابلۆیه مێژووەکەی بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، لایەنێک لەکاتی بەکارهێنانی بیستۆکە پزیشکییەکەی، دیمەنی نەخۆشێک لەسەر جێگا لە یەکێک لە بەشەکانی نەخۆشخانەی نیکیر پیشاندەدا، وەکو دەردەکەوێ نەخۆشەکە بێهێزو لاواز کەوتووە، بەدەست نەخۆشیی سیلەوە گیرۆدەبووە.

چوار هەنگاوەکەی سیستەمی ئەزمونگەری پشکنینی پزیشکی - پشکنین بەچاو، دەستلێدان، دەستکوت، و کولگرتن، پێکرا و بەخێرایی نەبوو بەڵکو ناوبڕێک کەوتە

نێوان وەرگێڕانی کتێبەکەی ئۆینبرۆگەر (١٨٠٦) لەلایەن کۆرڤیزارەوە، لەگەڵ ئەو کتێبەی لاینیک لە ١٨١٩ دەربارەی سەماعەی پزیشکی نووسی، واتە زیاد لە دەیەیەکی خایاند. لاینیک ژمارەیەک خوێندکاری فەرەنسی و بیانی فێری بەکارهێنانی سەماعەی پزیشکی کرد، گرووپێک لە پزیشکان بەهای کارە پزیشکییەکانی لاینیکیان لە دەستنیشاکردنی نەخۆشیدا دەزانی، وەرگێڕە ئینگلیزییەکەی جەختی لەوە کردۆتەوە، ئەو نەخۆشانەی چارەسەریان وەرگرتووە لەسەر بژێوی تایبەتی خۆیان، ئەو کەسانە نەیانویستووە خۆیان بخەنە ژێر ئەزمونی سەماعەی پزیشکییەوە، بەڵکو ئەو کەسانەیان هێناوە کە لە چینە هەژارەکە بوون، لە نەخۆشخانەکان و لە سەربازەکان، دیارە ئەم کەسانە لەو خزمەتگوزارییە سوودمەندبوون. ئەو توانا و پسپۆرییەی پزیشکەکان لەنێو نەخۆشخانەدا وەریان گرتبوو، زۆر بەزەحمەت بۆ دەرەوە دزەی دەکرد؛ ئەو نەخۆشانەی لەسەر خەرجی خۆیان دەهاتن و دەرئەنجام هەرچی بووایە لەئەستۆی خۆیان بوو، بەهیچ شێوەیەک بۆیان نەبوو خاوەن بڕیاربن؛ هەروەها پێویستبوو لەسەر ئەو نەخۆشەی بۆ چارەسەرکردن ڕووی لە نەخۆشخانە کردووە، دەبێ ئەوە بزانێت، کە پزیشک لە بەرژەوەندیی ئەودا کاردەکات. تائێستاش ئەو ڕاپۆرتە پزیشکییانەی لە تۆمارە پزیشکییەکاندا پووختەی مێژووی پزیشکی و پشکنینەکانی بۆ نەخۆش تێدا تۆمارکراوە، یان پزیشکەکان داهێنانیان تیاکردووە، زۆر بەکەمی لە نەخۆشخانە فەرەنسییەکاندا دزە دەکەنە دەرەوە، یان بۆ کلینیکە پزیشکییە دەرەکییەکان

دەبـرێن. ئەو کـارە نموونەییـانەی پزیشـکانی فەرەنسـی، لە کـۆلێژی پزیشـکی لە پـاریس ئەنجامیانــداوە، تائێسـتاش کاریگەریی مـاوە، چونکە پێویسـتە ئەم نەریتە ببێتە بەشێک لەو ئەقڵییەتەی کە پزیشـکەکان لەسـەر جێگە نەخۆشـەکانی خۆیانی پێ چارەسـەر دەکەن.

بۆ مردووخانە: پەیوەندیی نێوان زانستی نەخۆشـی و نەخۆشی سەرجێگا

سـاڵی ١٧٩٤ کـۆلێژی پزیشـکی پـاریس بە تەواوی ئەو پرۆگرامـانەی کە ڕیفـۆمی تیـاکرابوو جـارێکی تـر کـرایەوە، بەڵام وەکــو دەڵــێن ڕەگــی ئەم زانکـۆیە بۆسـاڵی ١٧٦١ دەگەڕێـتەوە، هەر لەو سـاڵەدا ئـۆینبرۆگەر باسـی جەسـتەی بەلێدان کـرد کە هاوکـات بـوو لەگەڵ دەرکەوتنـی کتێـبەکەی جیۆڤــانی باتیسـتا مۆرگــانی[20] (١٦٨٢- ١٧٧١) بە نــاوی "دەربارەی سەرهەڵدانی نەخۆشی و هۆکارەکانی" ئەم کتێبە بە کۆڵەکەی پشتی پرۆگرامـی زانسـتی نەخۆشـیی فەرەنسـی دادەنرێـت، هەرچـۆن کتێـبە بچـووکەکەی ئـۆینبرۆگەر بـووە کۆڵەکەی پەیڕەوی نەخۆشی سەرجێگای فەرەنسی.

کتێـــبە گەورەکەی مۆرگـــانی خـــۆی لە خۆیـــدا ئینسـایکلۆپیدیایەک بـوو زیـاتر لەوەی کتێبێکـی سـەرچاوەیی بێت، بەڕێگەیەکی ئاسایی لەسەرەوە بۆ پەنجەکانی پێ ڕێکی خســتبوو، کتێــبەکە نــزیکەی ٧٠٠ ڕاپــۆرتی پزیشـــکی نەخۆشـەکان و ئەوانەی بـۆ مردووخـانەی بـردوون و لەوێ

20 Giovani Battista Morgani.

توێکاری بۆ لاشەکانیان کردووە تێدابوو، زۆربەیان نەخۆشی خۆی بوون. مۆرگانی زیاتر تەرکیزی کردۆتە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی لەکاتی نەخۆشیدا بەسەر جەستەدا دێن، لەسەرەوە شۆڕدەبێتە خوارەوە بۆ هەموو کون و کەلەبەرێکی جەستە. تۆمارە پزیشکییەکان نیشانەکانی ئەو نەخۆشییانەی تیایە کە نەخۆش خۆی باسی نەخۆشییەکەی کردووە، بەو شێوازەی لای هیپۆکراتییەکان شتێکی باوبووە، خۆشی لە گەڵیاندا گرنگی بە وردەکارییەکان دەدات، سەرەڕای ئەوەش دەیەوێ بە پراکتیکی بۆچوونەکانی پشتڕاست بکاتەوە بۆیە کەیسەکە دەباتە مردووخانە، لەم لایەنەوە زۆر سەرکەوتووتر بووە لە پزیشکە کۆنەکان سەبارەت بەو گۆڕانکارییە ناسازانەی لە ئەنجامی نەخۆشییەوە ڕوودەدن، چونکە گومانی تیانییە پزیشکە کۆنەکان توێژکاری لاشەیان بۆ مردووەکان ئەنجام نەداوە، کتێبەکەی مۆرگانی کۆمەڵێک سەرنج و تێبینی داهێنەرانەی تیایە، شێوازی کارەکانی کاریگەریی گەورەی لەسەر پێڕەوکارانی هەبووە. ئەم کتێبە بۆ زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان وەرگێڕراوە، پێداگری لەسەر بەکارهێنانی توێکاری کردووە، بۆ ئەوەی زیاتر بە نەخۆشییەکان ئاشنابن، پێشئەوەی نەخۆشخانەکانی فەرەنسا ئەم پرۆسەیە بکەنە کردەیەکی ڕۆتینی.

مۆرگانی بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ لەهەردوو بواری توێکاری و کاری پزیشکی لە زانکۆی پادوا وانەبێژ بووە، زۆربەی ئەو نەخۆشانەی لەکتێبەکەیدا " دەربارەی سەرهەڵدانی نەخۆشی و هۆکارەکانی" ناویان هاتووە، لە

کلینیکە پزیشکییە گەورەو تایبەتەکەیەوە هاتوون. هەرچەندە ئەو زنجیرەیەک کاری توێکاری مەزنی ئەنجامدابوو، بەڵام لەلایەن دەستکەوتەکانی فێرگەی پاریسەوە، کارەکانی مۆرگانی کەوتنەژێرەوە، چونکە پزیشکەکانی ئەوێ نیمچە هەمیشەیی بوون، توانییان لە ماوەی دووساڵدا هەرچی ڕاپۆرتی پزیشکی هەیە کۆبکەنەوە، بەقەد هەموو ئەوەی مۆرگانی بەدرێژایی ژیانی کۆی کردبووەوە، نەخۆشخانەکان سەنتەری کۆکردنەوەی هەموو نەخۆشییەکانی مرۆڤ بوون، فەرەنسییەکان ئەو هەلومەرجەیان بەتەواوی قۆزتەوە.

ئەگەر دەستنیشانکردنی نەخۆشی یارمەتی پزیشکەکانی دابێت تاکو دەردی نەخۆشییەکە بدۆزنەوە، ئەوا توێکاری لە مردووخانە باشتر دەتوانێ ڕاستیی بۆچوونەکان سەبارەت بەودەستنیشانکردنەی ڕابردوو پشتڕاست بکاتەوە، یان ئەگەر بۆچوونەکە هەڵەی تیابوو، چاکی بکەنەوە. پەیوەندی پاسۆلۆجی- کلینیکی پەیوەندییەکی هەمیشە گۆڕاوە، شەقامێکی دوو سایدە بۆ ڕۆشتن و گەڕانەوە؛ ئەو سەرنجانەی لە چاودێری کردنی نەخۆشی سەرجێگا دووبارە و سێبارە دەبنەوە، ڕێخۆشکەرە بۆئەوەی بە درێژایی ژیانی نەخۆشەکە چاودێری کەیسەکە بکەیت، ئینجا لەبەر تیشکی دواسەرنج، لەسەر تەرمەکە، گفتوگۆ لەسەر ئەو ڕاپۆرتە پزیشکییانە بکەیت و دۆخەکان بەراورد بکەیت. پزیشکی کلینیکی خۆی بەکاری پاسۆلۆجی هەڵدەستێ، چاودێریی نەخۆشەکەی دەکات تا لەژیاندا ماوە، وە لەمردنیشدا چاودێری دەکات تا سەر تەختەی مردووخانە. بۆیە پێشڕەوانی وەکو کۆرڤیزار و لاینیک و ئەوانیدی، لە

فێــرگەی فەرەنســـی بەردەوام بە تەنیشــت قەرەوێــڵەی نەخۆشـــەکەوە بـــوون هەرچـــۆن لە مردووخـــانەکەش بەدوایەوەبوون.

پاڵنەری سـەرەکی ئەو پزیشـکانە بـۆ گەڕان بەدوای ئەو زیانانەی بەر جەستە کەوتوون، ئەو گۆڕانە پاسـۆلۆجییانەیە کە بەهــۆی نەخۆشـــییەکەوە ســـەریهەڵداوە. فەیلەســـوف فرانســـیس بـــاکۆن[21] (١٥٦١- ١٦٢٦ز) ئەم گۆڕانکارییـــانەی نێونـاوە "شـوێن پێیەکانی نەخۆشـی"، لە کرۆکی بـابەتەکەدا ئەو وێنەیەمـان پیشـاندەدا، کە نەخۆشـی بەنێـو ئەنـدامەکانی جەســـتەدا دەســـووڕێتەوە، ئەو گەشـــتەی نەخۆشـــییەکە کردوویەتـی، سـەرەنجام شـوێن پێیەکانی بەدیـار کەوتـوون، ناسـینەوەی ئەو شـوێن پێیـانە، ئامـانجی ئەو پشـکنینەیە لە مردووخانە بۆ تەرمی مردوویەک دەکرێت.

پزیشـکە کلینیکیـیە فەرەنسـییەکان، بەهەمـان ڕۆحییەتـی پشـکنینی جەسـتەییەوە، کـاری توێکارییـان بـۆ مردووەکـان دەکـــرد، بەوپێـــیەی دیاردەکـــانی نەخۆشـــی، قەوارەی بەرجەســتەی مــادین، بە گـۆڕینەوەی پێشـبینییەکانی ٢٠٠٠ ســـاڵ بە دەرەنجـــامێکی مـــاددەی ڕەق، کە بەرجەســـتەیە، دەبینــرێ، دەســتی لێـدەدرێ، کێشــی هەیە. ســەبارەت بەو بـابەتە خـاڤیر بیچـات[22] (١٧٧١- ١٨٠٢) بەسەرسـوڕمانەوە وتـی : "ئەگەر توێکاریـت بـۆ چەنـد لاشـەیەک کـرد" ئەوکـات تیۆرە کۆنەکان دەبنە پووشـی دەم ڕەشـەبا" بیچات تەمەنی (تەمەنـی تەنهـا ٣١ سـاڵ بـوو کـاتێ مـرد) لەو مـاوە کـورتەی

21 Francis Bacon.

22Xavier Bichat .

تەمەنیدا، بەدەستی خۆی توێکاری بۆ چەند لاشەیەک ئەنجامدا، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکە لە پایە گرنگەکانی کردەی پزیشکی لە هەموو پاریسدا، خزمەتی سەربازی بەجێ گەیاندووە، لە نەشتەرگەرەوە بووە بە پزیشک، دواتر تیۆری لۆکاڵی نەشتەرگەری و تێڕوانینی بۆ کاری پزیشکی بەدیدێکی فەلسەفییەوە تێکەڵ بە یەکتری کرد. کۆچی دوایی بیچات خەڵکێکی زۆری خەمبار کرد، زۆر بەخێرایی بووە قارەمانی ڕێبازی نوێ لەبیرکردنەوەی کاری پزیشکیدا.

زۆرجار بە "باوکی شانەزانی- histology " ناودەبرێت، لە کاتێکدا هەستی بەوە کردووە میکانیزمی نەخۆشی لەهەر شانەیەک لە شانە لێکچووەکانی لەشدا ڕوودەدات هاوشێوەیە، هەروەها سیرەمی لینجەپەردەکانی دڵ، مێشک، سییەکان، و ناوسک بەهەمان شێوە لەگەڵ میکانیزمەکانی نەخۆشیدا کارلێک دەکەن. بیچات تەنها لەڕێگەی چاوو هاوێنەیەکی دەستییەوە ٢١ جۆر لەو شانانەی ناسییەوە، کە لە لەشدا هەن وەکو شانەکانی ڕووپۆشی ئێسک، دەمارەکان، فایبەرەکان و لینجە پەردەکان، هەروەها دەمارەکان و خوێنبەرەکانیشی بە شانەی تایبەت دادەنا. بیچات بەبەراورد لەگەڵ پزیشکە فەرەنسییەکانی تردا لایەنی پراکتیکی پیادەدەکرد، بەم کارەی پزیشکەکانی تریش چاویان لێدەکرد، لەدیدی ئەوانەوە کارەکانی بیچات، جیاوازبوو لەو ئەزموونە کۆنەی لە نەخۆشخانە فەرەنسییەکاندا پێڕەودەکرا. بەداخەوە لە نەخۆشخانە ژیا ولە نەخۆشخانەش مرد، کاتەکەی دابەشکردبوو لەنێوان سەردانی نەخۆش و مردووخانەدا، لە ڕێگەی بیروباوەڕ و

وزەو تواناکانییەوە بووە سەرچاوەی بەهرەو داهێنان بۆ ئەوانیدی. بەڵام دواجار مۆمی تەمەنی لە تافی لاویدا کوژایەوە.

نەخۆشخانەکانی پاریس خزمەتێکی بێهاوتایان پێشکەش بەو نەخۆشانە کرد کە نائومێد بوون لە چاکبوونەوەیان (پاریس بەتەنها خۆی قەرەوێڵەی زۆر زیاتری لە هەموو بەریتانیای مەزن بۆ نەخۆش هەبوو) ئەو نەخۆشانەی لە چینە بەش مەینەت و هەژارەکە بوون و داوایان لێکرا، گیان و جەستەی خۆیان پێشکەش بکەن، چ لە ژیان و چ لە مردنیاندا، خزمەتی کلینیکی پزیشکیان کرد، بەرامبەر ئەو خزمەتە پزیشکییەی، هەرچییەک بووایە، پێشکەشیان دەکرا. دەستنیشانکردنی نەخۆشی جەستەیی و زانستی نەخۆشی و پەیوەندییان بەیەکەوە، شێوازێکی نوێی لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ نەخۆشیدا هێنایە کایەوە، هێزێکی نوێ لەناو نەخۆشخانەدا بەرجەستەبوو، بەرە بەرە ڕێکخستنێکی نوێ هاتە بەرهەم ئەویش ڕێگەی پۆلێنزانی nosology ی نەخۆشی بوو، بیچات لەسەر ئەندامەکانی لەش کاریدەکرد، بەشە ڕەقەکانی جەستەی خستە پێشی پێشەوە. دەتوانین بڵێین ئەم وێنەیە فراوانکردنی ڕێبازەکەی هیپۆکرات بوو، بەڵام نەخۆشخانە ناوەندەکەی بوو، شوێنی نەخۆشییەکەش ئەندامەکانی لەشبوون نەک تێکەڵەکان.

(١٢) ئەلفرێد فیلپوا (١٧٩٥- ١٨٦٧) پرۆفیسۆری کلینیکی نەشتەرگەری، لە کۆلێژی پزیشکیی پاریس، بەشداریی کارای کردووە لە بوارەکانی توێکاری، کۆرپەلەزانی، فسیۆلۆجیا، و نەخۆشییەکانی مەمک، ئەم وێنە تاریکە پێناسەیەکی پڕ ئازارو خەماوییە، مردووەکان لەبەرژەوەندیی زیندووەکاندا بەکاردەهێنرێن.

پاسۆلۆجیای ئەندامەکانی جەستە لە کلینیکە پزیشکییەکاندا بابەتێکی زاڵە. پزیشکە فەرەنسییەکان لە ڕێگەی ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئەندامەکانی جەستە ئەنجامیانداوە، ناوبانگیان دەرکردووە، وەکو نەخۆشییەکانی دڵ، سییەکان، گورچیلە، مێشک و سیستەمی دەمار، گەدە وریخۆڵە، جگەر، پێست وئەندامی زاوزێ، توێژینەوەکەی کۆرڤیزار لەسەر نەخۆشییەکانی دڵ، وە توێژینەوەکەی لاینیک لەسەر نەخۆشیی سییەکان بەستراون بە داهێنانەکانیانەوە لەبواری دەستنیشانکردنی نەخۆشیدا. پزیشکەکانی تر، ئەلبێرت، لەسەر نەخۆشی پێست، ڕییە لەسەر نەخۆشییەکانی گورچیلە، ئەندراڵ لەسەر

نەخۆشــییەکانی خــوێن، ڕیکــۆر لەســـەر ئەنـــدامی زاوزێ، کـــارکردن لەســـــەر ئەم ڕێبـــازە بـــۆ فراوانکردنـــــی ئەو چوارچێوەیەیە کە هەموو بەشەکانی تری جەستە بگرێتەخۆ.

بێگومـان لە نـاو نەخۆشـخانەکانی فەرەنسـەدا، نەخۆشـیی سـیل زۆرتـرین شــتی لەبــارەوە نووســراوە، لە هەمـــوو نەخۆشـییەکان، نەخۆشـیی سـیل زیـاتر لەنێـو نەخـۆش و پزیشکەکاندا بڵاوە. بۆیە لەسەرەتای سەدەی نۆزدە هۆکاری سـەرەکیی مـردن لە هەمـوو ئەوروپـادا بە هـۆی نەخۆشـیی سـیلەوە بـوو. هیپۆکراتەکـان بەوشـێوەیە باسـی نەخۆشـیی سـیلیان کـردووە، کە نەخۆشـییەکی مەترسـیدارە، نەخۆشـەکە لاواز دەبێت، تای لێدێ، کۆکەی درێژخایەنی تووش دەبێت... لەگەڵ هەندێ نیشانەی تر، بەڵگەی بەهێز هەیە دەیسـەلمێنێ نەخۆشـیی سـیل لە کـۆمەڵگەی مرۆییـدا بـۆ هەزاران سـاڵ دەگەڕێـتەوە. لە کۆتاییەکـانی سـەدەی هەژدەمـدا سـیل بە هەموو شوێنێکدا بڵاوبووەوە، هەندێ هۆکار هەن ناچارمان دەکەن زۆربەی کەیســــەکانی دەردە ســــی (phthisis) لە ڕۆژگـــاری ئەمڕۆمانـــدا دەستنیشـــانی بکەیـــن بە ســـیل (tuberculoses). ئەم نەخۆشـییە کاتێـک نـاوە تـازەکەی وەرگرت کە ڕۆبەرت کوخ (Robert Koch) بەکتریای سیل تی. بی (باسیلی شێوە زنجیرەیی- tubercle bacillus) ی لە ساڵی ١٨٨٢ز دۆزیـیەوە، بەوپێیەی هۆکـاری نەخۆشـیی سـیلە. بەڵام لاینیـک و هـاوەڵانی لە ڕووی پاسـۆلۆجییەوە نەخۆشــی سـیلیان ناسـیوە، ڕاپۆرتەکانیـان سـەبارەت بە دەستنیشـان کردنـی نەخۆشـییەکەو بەراوردکردنـی لەگەڵ ڕاپـۆرتی توێکـاری لە مەیتخـانە ئەوەمـان پێـدەڵێ کە phthisis و tuberculosis زیاتر دوو ناون بۆ یەک واتا.

لاینیک ئەوەی بڵاوکردەوە کە دەتوانێ نەخۆشی "سیل بە بیستۆکە پزیشکییەکەی دەستنیشان بکات، ئامـاژەی بەو دەنگە تایبەتە کردووە لەبەشی سەرەوەی سینگ، لە کاتی نەخۆشییەکەدا دەبیسترێ، بە پشتبەستن بەنیشانە کلینیکییەکان و نیشانە توێکارییەکان، ئەو خاڵە وردانەی بەسییەکاندا بڵاوبوونەتەوەو زیانیان پێگەیاندووەو پێیدەڵێن دەردەباریکە "سیل" (ئاوسانێکی کەم بە مانای دەقاودەقی وشەکە) یەکێکە لە تایبەتمەندییە جیاکارەکانی نەخۆشییەکە لەهەر کوێیەک بەرچاومان کەوت، دواتر چەند جۆرێکی تری سیلی لەبەشە جیاوازەکانی لەشدا باسکردووە وەکو سیلی لـووی لەمفـاویی لامـل scrofula ، هەوکردنـی مێشـکی سـیلاوی، سـیلی ڕیخـۆڵە. لاینیـک گەشـەکردنی نەخۆشـیی سیلی سەرەتایی بۆ ئاستی فرەوانتر، شوبهاند بە پێگەیینی میوە، کوخ لە ڕێگەی توێژینەوەکانییەوە لەسەر میکرۆبی سیل ڕاستیی پۆلێن کردنەکانی لاینیکی بۆ ئەو نەخۆشییانەی بەسەریەکەوە تووشی چەند ئەندامێکی لەش دەبن سەلماند، بەڵام لەچوارچێوەی نەریتە پاسۆلۆجییەکانەوە ئەم جۆرە کارانە وەهمـێکن لەگەڵ لـۆجیکی پزیشـکی یەکنـاگرنەوە، چونکە بیرکردنەوەی ئەو تەنها لەسەر ئەندامەکانی لەش چڕبۆتەوە. بەڵام بۆ هۆکاری دەردەباریکە (سیل)، لاینیک بەهـیچ جۆرێـک ڕاسـتییەکەی نەزانیـوە، یـان ئەگەر لەو چوارچێوەیەشـدا بەدوای هۆکارەکان گەڕابێت، بە هۆکارە دەروونـی-جەسـتەییەکانییەوە لکاندووە، پێیوابـووە هەسـتە بەهێزەکـان پەیوەنـدییەکی پتەویـان بە نەخۆشـییەوە هەیە. ناسـینەوەی نەخۆشـییەکان لەلایەن لاینـیکەوە، لە ڕووی پاسـۆلۆجییەوە هەردوو خـاڵی بەهێـز وخـاڵی لاوازی لەخـۆ

گرتووە، بە تەرکیزکردنە سەر دوا قۆناغی نەخۆشییەکە کە دیاردەی لەناوبردنی جەستەیە، پزیشکە کلینیکییەکان خۆیان لەقەرەی ئەو میکانیزمانە نادەن کە دەبنە هۆی ئەو زیانگەیاندن و لەناوبردنە، هەروەها دەرک بەو فاکتەرانە ناکەن کە دەبنە هۆی گۆڕانکاری. بەڵام خاڵی زۆر پۆزەتیڤ لەوەدایە لە نزیکەوە چاودێری کردنی ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان نیشانەکانی نەخۆشییەکەو ئەو گۆڕانکارییە پاسۆلۆجییەی بەسەر ئەندامە زیانبەرکەوتووەکان ڕوودەدەن، لەو ڕێگەیەوە توانییان نەخۆشییەکی زۆر لەیەک جیابکەنەوە، دواتر ئەو نەخۆشییانە لەنێو فەرهەنگی زاراوە پزیشکییەکاندا شوێنی خۆیان قایمکرد، تەنانەت دوای ئەوەی تیۆری میکرۆبەکانی نەخۆشی دەرکەوتن و ئەو گۆڕانکارییانەی لە پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی نەخۆشیدا بەدوایدا هاتن. باشترین نموونە لەسەر ئەوە جیاکردنەوەی تای تیفۆسە لە تای تیفوئید، هەردوو وشەکە هاوشێوەن نیشانەی نەخۆشییەکانیش ئەوەندە لە یەکەوە نزیکن، لە کتێبە پزیشکییە کۆنەکاندا بە زەحمەت لێک جیادەکرێنەوە، هەریەکەیان جۆرێکە لە تای جیاواز، ئەم تایە لە ڕابردوودا ، لە پۆلێنکردنی نەخۆشییەکان لەسەدەی هەژدەی زایینیدا بە نەخۆشی دادەنرا، "تا" نەخۆشی بوو بۆ چەند جۆرێکی جیاواز دابەشکراوە بەو سیفەتانەی : پچڕ پچڕە، بەردەوامە، تیفۆسییە، تیفۆیدییە، نزمە تایە، نێرڤییە، گەنیوە، خرۆشاوە. " تای تیفۆئید" تا ئێستاش لای ئێمە پەسەندە، "زەردە تا" ناوی ڕاستەقینەی ئەو نەخۆشییەیە کە هۆکارەکەی ڤایرۆسە، ئەم زاراوانە بە بەردەوامی بەکاردەهێنران تەنانەت دوای ئەوەی پزیشکەکانی سەدەی نۆزدەهەم هێواش هێواش

گەیشتنە ئەوەی پێناسەی "تا" بکەن بەوەی نەخۆشی نییە، بەڵکو نیشانەیەکە لە نیشانەکانی نەخۆشی.

تا ڕادەیەک جیاوازی نێوان تیفۆس و تیفۆئید پەیوەندی بەو هەوڵە تاکە کەسییانەوە هەبوو کە ژمارەیەکی زۆر لە پزیشکەکان کاریان لەسەر دەکرد، هەریەکە لەو پزیشکانە لەژێر کاریگەریی قوتابخانەی پزیشکیی فەرەنسیدابوون، بەلام لە بەریتانیا، لە ئەمەریکا تەنانەت لە ناو فەرەنسەدا کاردەکەن؛ لە فەرەنسا پییەر لۆی[23](١٧٨٧- ١٨٧٢) ئەو پێوەرانەی دانا کە لە زانستی نەخۆشیی تیفۆئیددا بەکار دێن، دانانی ئەم پێوەرانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٢٩. ڕەوتی پیشەیی پییەر لۆی وێنەیەکی بچووک کراوەی ئەو سەردەمەی فەرەنسایە لە بواری پزیشکیدا، لەبەرئەوەی هێشتا تەمەنی بچووکتر بوو لەوەی ڕاهێنان لە سەر کاری پزیشکیی نوێ بکات، چەند ساڵێک لە ڕوسیا بوو پێشئەوەی لە ساڵی ١٨٢٠ بگەڕێتەوە پاریس، باوەڕی وابوو بە گوێرەی پێویست سەر لە نەخۆشییەکان دەرناکات، بۆیە وازی لە کاری پزیشکی هێناو لەسەر خەرجی خۆی، پەیوەندی بە نەخۆشخانەی شارێتییەوە کرد، لەماوەی شەش ساڵدا زیاتر لە ٢٠٠٠ کرداری توێکاری لە مەیتخانە ئەنجامدا لەبەرئەوە لە هەدوو بـواری کلینیکـی پزیشـکی و دۆزینـەوەی نەخۆشییەکان لە ڕووی زانستییەوە سەرکەوتنی تۆمارکرد، وە ڕاپۆرت و تۆمارە پزیشکییەکانی لای خۆی پاراست. ئەو ڕاپۆرت و تۆمارە پزیشکییانە لەداهاتوودا بوونە بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە دەردەباریکە و تای ڕیخۆڵە

23pierre louis .

(تایفۆئید). لۆی لیمفەگرێ ئاوساوەکان (پینەی پایەر) ی لە ناوپۆشــی ڕیخـۆڵە گەورەدا ناسـییەوە، ئەم دیـاردەیەی بە نیشـانەی نەخۆشـیی تـای ڕیخـۆڵە وەسـفکرد. هەریەکە لە ولیام جینەر[24](١١٨١٥- ١٨٩٨) لە لەندەن، لەگەڵ جێرهـارد[25] (١٨٠٩- ١٨٧٢) لە فیلادلفیا وچەند کەسێکی تر تەواوکەری کارەکـانی لـۆی بـوون، لە جیـاکردنەوەی دوو نەخۆشـی لە یەکتـر. لەنیـوەی یەکەمـی سـەدەی نـۆزدەدا، توێکـاریزانی لە ڕووی زانســـتی نەخۆشـــییەکانەوە شـــاژنی زانســـتە پزیشـــکییەکان بـــوو. بەڵـــگەی بەهێـــزی ســـەبارەت بە نەخۆشـییەکان پێشـکەش بە پزیشـکەکان دەکـرد. ئەمەش دەبـووە هـۆی گشـتاندنی پـۆلێنی نەخۆشـییەکان بەشـێوەی جیاجیا کە لە زەمەنـی ڕابـردوودا دانرابـوو، ئەگەر بەکۆمەڵ نەخـــۆش ڕووی لەنەخۆشـــخانەکان نەکـــردایە، ئەم سـەرکەوتنانەش بەدینەدەهـاتن، مەبەسـت لەو نەخۆشـانەی ڕێخۆشـکەر بـوون بـۆ پزیشـکەکان لەڕووی کلینیکـی و پاسـۆلۆجییەوە ببیـانبینن، زۆرجـار بە سـووکایەتییەوە جەسـتەی مرۆڤیـان بە "مـادە"ی زۆروزەوەنـد نـاودەبرد. گەمەی ژمارەکـان، ئەم دەسـتەواژەیە لەلایەن لـۆی خـۆیەوە بەکارهێنرا، "ڕێگەی ژمارەیی" کۆڵەکەی سێیەمی لۆی بوو، ئەم ڕێگەیەی بەکاردەهێنا بۆ ئەو وێنانەی لای دروستدەبوو، لە دەستنیشانی نەخۆشییەکاندا بەش بەشی دەکرد، هەروەها ئەو ڕێـگەیەی وەکـو داتـا لە هەڵسـەنگاندنی چارەسـەردا بەکاردەهێنا.

---

24 William Jenner.

25 W.W.Gerhard.

فێربوونی ئامار

هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی نەخۆش بۆ سەردانی پزیشک مەسەلەیەکی تازە نییە، هەروەکو چۆن نەخۆشخانەکانی پاریس کۆمەڵێ کێشەی تریان بەرەو ڕوو دەبێتەوە، پزیشکە سەربازییەکان لە ڕەگەزنامە جیاوازەکان، زۆرجار بۆ چارەسەری ئەو کێشانە ناچار دەبوون، ئامار پێشکەش بکەن، پزیشکی نەخۆشخانەکان لە "مەدەنی و سەربازی" هەستیان بە پێشکەشکردنی پووختەی ئاماری ساڵانە بۆ کەیسە تایبەتەکان و نەخۆشییە دەستنیشانکراوەکان و جۆری چارەسەرەکان و بڕی دەرمانە دابەشکراوەکان کردووە. بەڕاشکاوی مرۆڤ بەشێوەیەک لە لۆی دەڕوانێت کە لووتکەی گەشەکردنە لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا لەنێو فاکتەکانی ئەو سەردەمەدا، لەتێکەڵکردنی نێوان داهێنان و کاریگەریدا، لەنێو ئەو پزیشکانەی لەم دواییانەدا لە لووتکەی گەشەکردندا بوون هەڵەیەک هەیە لە کاری پزیشکییدا لە پاریس، لۆی کاریگەرییەکی جیهانیی هەبوو، وانەی بە ژمارەیەک لە خوێندکارە بیانییەکان دەوتەوە لە هەر کەسێکی تر زیاتر تێڕوانینی فێرگەی فەرەنسی گۆڕی، بابەتە کورتەکەی سەبارەت بە "کلینیکی فێرکاری" لە ١٨٤٨ وەرگێڕرایە سەر زمانی ئینگلیزی، پوختەیەکی نایاب بوو سەبارەت بە هەردوو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەبواری پزیشکیدا. توانایەکی باشی هەبوو لە قەناعەت پێهێنانی پزیشکانی هاوڕێی، تا بەشێوازی کۆن بۆ هەموو نەخۆشییەکان کەڵەشاخ ئەنجام نەدەن. لە ساڵی ١٨٣٥ سەبارەت بەم بابەتە لێکۆڵینەوەیەکی پووخت و تایبەتی ئەنجامدا، تا ئێستاش

یەکێکە لەباشترین کارە باشەکانی ئەو، بەڵام کولتووری ئەم مۆنۆگرافە لە میتۆدەکەیدایە نەک لە ڕاگەیاندنی پەیامەکەی. لەم کتێبەدا "چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی کاریگەرییەکانی خوێنگرتن لە هەندێ لە نەخۆشییەکانی هەوکردندا" لۆی هەڵسەنگاندنێکی ئەنجامداوە لەسەر کاتە جیاوازەکان لە خوێنگرتن (زوو یان درەنگ)، برەکەی (کەم یان زۆر) بۆ حاڵەتی نەخۆشیی هەوکردنی سییەکان. هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیە باسی بەکارهێنانی برە جیاوازەکانی تارتاری ڕشێنەوە Tartar emetic (خوێیەکی ژەهرینە لە مەیانی پزیشکی و بۆیەکردندا بەکاردێت بریتییە لە تارتاراتی پۆتاسیۆمی ئەنتیمۆن. و) ی کردووە. ئەمڕۆ وەکو یەکێک لە هەوڵەکانی لۆی بەبیری دێنینەوە، ئەم شێوازە چارەسەرە دابەشکردنی نەخۆشە لێکچووەکانە بۆ گرووپ. ئینجا بەراوردکردنی دەرەنجامەکان لەگەڵ چارەسەرە جیاوازەکاندا. لەڕاستیدا لۆی تەکنیکی ئەزمونی کلینیکی بەکاردەهێنا، بەڵام شێوازی پرۆتۆکۆلەکەی لەگەڵ نەخۆشدا لەگەڵ شێوازی سەردەمی ئێستادا ناگونجێت. سەرنج دەدەیت لۆی مەسەلەی خوێنگرتن ڕەتناکاتەوە، بەڵکو هەڵسەنگاندنێکی بۆ کاتی خوێنگرتن و بڕی ئەو خوێنەی دەگیرێت ئەنجامداوە.

لێکۆڵینەوە بچووکەکەی لۆی هەرچەندە سەنگی خۆی لەنێو کتێبە کلاسیکییەکاندا هەیە، بەڵام خاڵی ناکۆکیی نێوان لۆی و برۆسێ[٢٦] (١٧٧٢- ١٨٣٨) بوو، ف.ج.ڤ. برۆسێ، گەشەی بە سیستەمی (پزیشکی فسیۆلۆجی) دا لە

26F.J.V. Broussais.

بەرەنگاربوونەوەی سیستەمی تویکاری چەقبەستوو، کە زۆربەی پزیشکە کلینیکییە فەرەنسییەکان پێڕەویان دەکرد. چاودێریی ژمارەیەک لەو نەخۆشانەی دەکرد کە دواتر لە مەیتخانە تویکاری بۆ لاشەکانیان دەکات و نیشانەی وروژانی درێژخایەن لە گەدەیاندا بەدی دەکات، ئەو سیستەمەی برۆسێ پێڕەویی دەکرد پێیوایە سەرچاوەی هەموو نەخۆشییەکان گەدەیە، دیاردەی ئەو برینە لۆکاڵییانەی لێرەو لەوێی ئەندامەکانی لەشدا سەرهەڵدەدەن سەرەتا لە گەدەوە دەست پێدەکات. وە چارەسەری نموونەیی بۆ ئەو هەوکردن یان وروژانە خوێنگرتن "کەڵەشاخ" ە، بۆ ئەو مەبەستەش بەکارهێنانی زالووی پێباشتربووە لە خوێنگرتن لەڕێگەی بریندار کردن بە نەشتەر. ساڵی ١٨٣٠ زنجیرەیەک گفتوگۆی توند لەنێوان برۆسێ و لۆی دا دێتە ئاراوە. برۆسێ بە پەرۆشەوە خەریکی هەندێ چارەسەری پزیشکییە، بەڵام لۆی لەناخەوە ڕەشبینە لەوەی کاری پزیشکی بتوانێ سنوورێک بۆ نەخۆشی دابنێت، بۆیە لۆی لە پێشەنگایەتیی ئەزموونە کلینیکەکاندا لەچوارچێوەی دەمەقاڵەیەکی بەردەوام لە گەڵ ڕکابەرەکەی برۆسێدا، کەوتەوە کار.

هەرچەندە ڕاوبۆچوونە دینامیکییە، فسیۆلۆجییەکەی برۆسێ سەبارەت بە نەخۆشی کاریگەریی بەردەوامی هەبوو، بەڵام ئەو بۆچوونە سەرەکییەی سەبارەت بە تەواوی نەخۆشییەکان هەیبوو گوایە سەرچاوەکەی وروژانی گەدەیە، زۆر درێژەی نەکێشا. لەبەرامبەردا میتۆدە ژمارەییەکەی لۆی کە خۆی داهێنەری بوو، بووبە

پێویستییەک بۆ کاری پزیشکیی نوێ؛ ژمارەکان بوون بەڕاستی، چ لە ڕیزکردنی جۆری نەخۆشییەکاندا، چی لە هەڵسەنگاندنی چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانەدا، لەگەڵ چەند قوتابییەکی خۆیدا گومانی بەرامبەر چارەسەرەکان هەبوو، لەڕاستیدا پێشتریش ئەم هەستە لە ناو نەخۆشخانەکانی پاریسدا هەبوو، چونکە خەمی پزیشکەکان دەستنیشانکردنی وردی نەخۆشییەکان بوو، لەڕێگەی توێکاری مردووەکانەوە. هەمیشە نەخۆشەکان کە دەچوونە نەخۆشخانە، پێشبینییەکانیان زۆر سنووردرابوو، چونکە ئەو دەم دەسەڵاتی پزیشکەکان لە لووتکەدا بوو، دۆخەکە تا ئەم نزیکانەش بەردەوامی هەبوو، تا ئەو کاتەی پەیوەندیی هێزەکان لە پاریسدا گۆڕانکاریی بەسەردا هات، نەخۆش سەربەخۆیی خۆی بەدەست هانی، هەیمەنەی ئابووری باڵی بەسەر دۆخەکەدا کێشا، دامەزراندنی پایەی بەڕێوەبەری پزیشکی بووە هۆی ڕێکخستنەوەی هەیکەلی هێزەکان لە کاری پزیشکی و نەخۆشخانەکاندا.

نابێت بەوشێوەیە لە لۆی بڕوانین، کاتێ هەست بەوە دەکات دەرمان وچارەسەری پێویست لەبەردەست نییە ببەخشێتە نەخۆشەکانی، کەواتە خیانەتی لە نەخۆشە کڵۆڵەکانی کردووە، بەڵکو هەستکردنی بەو ڕاستییە ئەوە دەگەیەنێ، ڕاستۆگۆیانە کێشەکەی بۆدەوروبەر ئاشکرا کردووە، لە ڕێگەی ئامار و داتاو هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنەوە، ئەم چالاکییە زۆر بەئاسانی دەتوانرێت لە نەخۆشخانەدا ئەنجام بدرێت.

نەخۆشی جەستەیی و نەخۆشی دەرونی

دەورووبەری ســـــاڵی ١٨٥٠، کـــــاری پزیشـــــکی لە نەخۆشـــخانەکانی فرەنســادا ناووشــۆرەتی پەیــداکردبوو. ڕیبازی تێگەیشتنی نوێ لە نەخۆشی لەڕێگەی ئەزمـوونەوە لەوە گەورەتر بوو کاری پزیشکی تەنها چاودێری کردنی نەخۆش بێت، کەمبوونەوەی کرداری توێکاری و پشتبەستن بەو ئەزموونـانە، هەمـوو ئەمـانە وایکـرد مـوعجیزەی کـاری پزیشکی فەرەنسی زیاتر لە جاران گرنگیی خۆی هەبێت، لە لووتکەی ئەو گەشـە کردنەدا هەزاران خوێندکار لە هەمـوو شـوێنێکی جیهـانەوە ڕوویـان لە پـاریس کـرد بە مەبەسـتی خوێنـدن دواتـر دەگەڕانەوە بـۆ بەریتانیـا وئەڵمانیـا ونەمسـا وئیتاڵیـا وئەمەریکـا وهۆڵەنـدا؛ تەنـانەت هەنـدێکیان کـۆلێجی پزیشـکی ونەخۆشـخانەیان کـردەوە. لەســەرەتای ســەدەی نۆزدەدا ئیتر کۆلێجی پزیشکی پاشکۆی نەخۆشـخانە نەبوو. خۆی بووە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ لە پلەی دووەم. کاتێ زانکۆ نوێیەکەی لەندەن لە ١٨٢٠ کرایەوە (کۆلێجی پزیشکیی ئێستا)، یەکەم کار کە ئەنجامیاندا دامەزراندنی نەخۆشـخانەی فێرکاری بوو، ئەم میتۆدە لە هەموو لایەکی جیهان دووبـارە بووەوە، تەنانەت لەشارە بچووکەکانی ئەڵمانیشـدا، خوێندنی پزیشـــکی کلینیکـی لەڕێــگەی تیـۆری و ڕوونکــردنەوەوەو خوێندنەوە بوو نەک کاری پراکتیکی.

لە ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدە، خوێنـدنگەی تـایبەت لە ئەمەریکـا کـرایەوە بەبـێ بـوونی نەخۆشـــخانە وتـاقیگە، بڕوانـامەی پزیشـکی دەدرایە خوێنـدکارەکان بەرامـبەر بە کرێـی خوێنـدنی مانگـانە. هەرچەنـدە ئەو خوێنـدکارانەی لە پـاریس دەگەڕانەوە یـان دەرچـووی فێـرگە پزیشـکییە

تایبەتەکـانی کەنـاری ڕۆژهەڵات بـوون وەکـو زانکـۆی پنسلڤانیا، نائومێد بوون لەو شـێوازە فێرکارییەی هـاتە نێو پیشەی پزیشکییەوە، یاسای ئەمەریکی ڕێگەی خۆشکرد بۆ کەرتی تایبەت و پارێزگاری لێیان دەکرد، تا چەند دەیەیەک لەو سەدەیە ئەم شێوازە بەردەوام بوو، بەڵام دواتر زانکۆی جۆنز هۆپکنز johns hopkins کە ساڵی ١٨٧٦ لەئەمەریکا دامەزرا ئامـانجی ئەوە بـوو هاوشـێوەی خوێنـدنی بـاڵای ئەڵمانی لە خزمەتی توێژینەوەی زانستیدا کار بکات. هۆپکنز لەگەڵ ئەوەی پـارەیەکی زۆری لەو بـوارەدا خەرج کـرد (خێرخـواز و وەبەرهێنەرێکی ئەمەریکی بوو لەبواری هێڵی ئاسنیندا کاریدەکرد و یەکێکە لە هاوڕێیانی ئاینی "کویکەرز") لەسـەرەتادا کـردنەوەی کـۆلێجەکە نـزیکەی دوو دەیەی خایاند، پێداویستییەکانی زۆر بوو. بەڵام نەخۆشخانەکەی لە ١٨٩٣ کرایەوە ، کۆلێجەکە لەسەر ئاراستەیەکی ئەڵمانی بۆ بواری توێژینەوە، ئاراستەیەکی فەرەنسی لە بواری پراکتیکدا چالاکییەکـانی ئەنجامـدەدا. پرۆفیسـۆر ویلیـام ئۆسـلەر[٢٧] (١٨٤٩- ١٩١٩) یەکێکە لەو "چوار گەورە" یەی کە دەستەی فێرکـردن و ڕاهێنـانی زانکـۆی پزیشـکی بـوون لەسـەرەتای دامەزراندنی کۆلێجەکەوە، تا ئێستاش ئۆسلەر جێگەی ڕێزو شـکۆبەرزییە لای پزیشـکان، چـونکە ڕاهێنەرێکـی کلینیکـی، نووسـەر و مێژوونـووس و وتـار نـووس و مامۆسـتایەکی زانستخوازی مرۆڤدۆست بوو، سـەرچاوەیەکی زۆری کتێبی کۆکردەوە. ڕێبازی زانستی ئەڵمانی لە زانکۆی جۆنز هۆپکنز پێڕەودەکـرا ، بەڵام داهێنـان و گەشـەکردنی نەخۆشـخانە

27 wiliam osler.

فێرکارییەکـــانی فەرەنســـاش شـــوێنەوارێکی تەواوی بەجێهێشــت: وەکــو ســوورانەوەی ڕۆژانە بە قاوشــەکاندا "تــوورکردن" کە گەورە پزیشــکێک تێپەڕ دەبـێ کۆمەڵێـک پزیشــکی مــوقیم و کۆمەڵێــک خوێنــدکاری پزیشــکی و بەدوایەوەن بە مەبەســتی فێربــوون، لەگەڵ پەرســتارێک، پزیشـکەکە سـەردانی یەکەیەکەی قەرەوێڵەی نەخۆشـەکان دەکاو لە دۆخی نەخۆشییەکەیان دەپرسێ و گفتوگۆ لەسەر دۆخەکە دەکەن؛ لە سـەردانە گەورەکانـدا یەکێ لە پزیشـکە موقیمەکـان باسـی ئەو حاڵەتـانە بـۆ هاوڕێکـانی دەکـات "لە پزیشــک و خوێنــدکاران" کە مـــایەی گرنگــی پێــدانە بەسەرپەرشتی پزیشکێک لەپلەیەکی باڵاتر و شـارەزاتر لەو مـوقیمە. زۆرجـار دوای شـەن و کەوکردنـی تۆمـار و فـایلی نەخۆشەکە و ڕەوتی نەخۆشییەکە و جۆری چارەسـەرەکەی وتـوویژ سـەبارەت بە نەخۆشـییە جیاوازەکـان دەکەن (واتە نیشانە وهۆکاری نەخۆشییەکە بۆ ئامادەبووان)، لە کەیسـی مردنەکانـدا پزیشـکێکی پاسـۆلۆجی ئەنجـامی توێکارییەکـان دەخـــاتە بەرچـــاو، ئینجـــا بەراوردێـــک لەنێـــوان ژیـــانی نەخۆشـەکەو هۆکـاری مـردنەکەی دەکـات، بە گوزارشـتێکی لۆجیکیی گونجاو دەری دەبڕێت.

لە نەخۆشـــخانە فێرکـــارییە گەورەکانـــدا، هەمـــوو پسپۆرییەکی پزیشکی و نەشـتەرگەری بەڕێوەبەری تـایبەتی خـۆی هەیە وەکـو: پزیشـکیی منـداڵان، نەخۆشـییەکانی دڵ، نیۆرۆلـۆجی، منـداڵبوون، نەشـتەرگەریی ئێسـک و پزیشـکیی لـووت و گـوێ وقـورگ. بـۆ هەر قاوشـێک لەم بەشـانەش قەرەوێڵەی تـایبەت بەخۆیـان هەیە. دووجـۆر جەولەی tour تێدا دەکرێت، گەڕانی نێو قاوشـەکان، وگەڕانـی گەورە. بەڵام

یەکێــک لەپســپۆرییەکان کە زۆر کەمە ئەویــش پزیشــکیی دەروونییە، هەرچەندە بە دەروونزانـی دەوترێت نیوەی کـاری پزیشکی، لەبەر بەربڵاویی نەخۆشییە دەروونییەکان، لەجیاتی ئەوە ئەو نەخۆشییانەی تووشـی بـاری دەروونیی مەترسـیدار دەبــوون، جــاران پێیــان دەووت شــێتی یــان دێــوانەیی، دامەزراوەی تایبەتیـــان بـــۆ ئامــــادەکردن، ئەم دامەزراوە ســەربەخۆیە بـۆ شـێتەکان ئامـادەکرابوو، جیـاواز بـوو لە دامەزراوەی نەخۆشخانە ئاساییەکان لەسـەرەتای سـەردەمی نــوێ، نەخۆشـــخانەی شـێتەکان هەر بە ناوەکەیــدا دیــارە ســـتەمکارانەیە، دامەزراوەیەکـــی بچـــووک بـــوو ئامـــانجی سوودی مادی بوو، زۆرجـار ئەو کەسـانە بەڕێوەیـان دەبـرد کە هـــیچ پێشـــینەیەکی پزیشـــکییان نەبـــوو، پـــێچەوانەی نەخۆشـخانە گشـتییەکان، ئەم نەخۆشـخانەیە تـایبەت بـوو بە خانەدانەکـان، چـونکە ڕەفتـاری کەسـەکە نـامۆ بـوو، تووشـی هەلوەسەو وڕێنە دەبوو، ئەمەش مایەی شەرمەزاری بوو بۆ خـزم و کەسـە نزیکەکـانی، ئەم جـۆرە دامەزراوانە بە نـاوی بەناوبانگترین دامەزراوەی نەخۆشـی دەروونیی بەریتـانییەوە ناونرا تـاکو هاوتـای ئەو وشـە ئینگلیزییە بەکارهـاتووە بێت، ئەویـش دامەزراوەی بێـدلام، کـورتکراوەی نـاوی تەواوی " بیت لحم" یان سانت مـاری، بیت لحـم، ئینجـا بووە "تـۆم ئۆ بێـدلام" شــێوازی کەســایەتییەکی خەیــاڵییە، شەکســپیر لە شـانۆگەری "لیر شـا" دا بەکـاری هێنـاوە، وەکـو بەڵگەی ئەو مـــاتی و گۆشـــەگیرییەی نەخۆشـــە دەروونییەکـــان هەســـتی پێدەکەن.

بێدلام قەوارەیەکی نائاسایی بوو لەنێو دامەزراوە دەروونییەکاندا، کەسانی بەخشندەو خێرخواز داهاتی ئەو دامەزراوەیەیان دابین دەکرد، بەڵام دەسەڵاتداران سەرپەرشتییان دەکرد. زۆربەی ئەو نەخۆشخانانە بریتی بوون لە دامەزراوەی بچووک، موڵکدارییەکەی دەگەڕایەوە بۆ لایەنە تایبەتەکان، کە فایلەکانیان زۆردەمێکە، شاراوەن، بەڵام ئەو نەخۆشخانانە شوێنێکی تایبەتی لە هزرو هۆشی گشتیدا داگیرکردووە، شێتبوون خراپترین کێشە بوو خەڵک لەسەدەی ڕابردوودا لێی دەترسان (لە ئێستادا خڵەفان زۆرجار و لای زۆرکەس جێی ئەو نەخۆشییە دەگرێتەوە، بەڕادەیەک لە شێرپەنجە ترسناکترە). لە ڕاستیدا نەخۆشخانەی ئاسایی و نەخۆشخانەی شێتان، دووشتی هاودژن، نەخۆشخانەی شێتان، شەرەفی ئەوەی پێنەبڕاوە وەکو نەخۆشخانە ناوببرێ، بۆیە "شێتخانە" ی بەرامبەر وشەکە ئینگلیزییەکە بەبەردابڕا. دۆزینەوەی نەخۆشییەکە لە نەخۆشخانەی شێتان، پشتی بە گێڕانەوەی قسەی دراوسێکان یان ئەندامانی خێزانەکە، یان سەرنجدان لە ڕەفتاری نەخۆشەکە دەبەست. بەڵام ئەو پزیشکانەی هەوڵیان دەدا شوێنە زیان لێ کەوتووەکە بدۆزنەوە، مەسەلەکە وەکو هەر سەرەتایەکی کردەی پزیشکی لە پاریس، تووشی نائومێدی دەکردن، چونکە مێشکی شێت زۆر بەکەمی ئاماژە بە هۆکارە دیاریکراوەکان دەکات لەو نیشانانەی لە نەخۆشەکەدا دەردەکەون، شێتی نەخۆشییەکی ئەقڵییە، جەستەیی نییە، تەنانەت ئەگەر بە گوێرەی ئەو کولتوورە سەپێنراوەش بێت کە پێیوایە تایبەتمەندییەکانی

مرۆڤ جیاوازە لە بوونەوەرەکانی تر، ئەقڵ و بەرپرسیاریێتی ئەخلاقــی توانــای جیــاکردنەوەی هەڵەی لە ڕاســتی هەیە، لەڕێــگەی ئەو ڕوحە نەمــرەوەیە خــودا خۆشــیدەوێین، کە ئەقڵت لەدەستدا مرۆڤایەتیشت لەدەستداوە.

لە چەند لایەنێکەوە ئەم وردەکارییە فەلسـەفییە و گفتوگۆ زارەکییە خراوەتە بەرباس، لەگەڵ زیادبوونی تێکەڵبوونی پزیشکەکان لە "بازرگانی کردن بە شێتەکانەوە" ئەم جۆرە نەخۆشــییە بــووە مــایەی سەرنجڕاکێشــان، بەهەرحــاڵ پزیشــــکەکان ڕەفتــــاری لەگەڵ دەکەن. زۆرجــــار بە دامەزرێنەری پزیشکیی دەروونیــی نوێیــان وتــووە بــاوکی پزیشکی دەروونــی، ئەم نــاوە لە شــوێن خۆیدایە، ئەم پیاوە فیلیپ پینێل[٢٨] (١٧٤٥- ١٨٢٦)بوو، لەبەرئەوەی پێش شۆڕش دانەری کتێبــی پــۆلێن کردنــی هەمــوو نەخۆشــییەکان بــوو (ئەوبــوو زاراوەی neurosis واتە نەخۆشــی شــێتگیری) داهێنــاو لە پیشــەی پزیشکیدا کــاری لەسـەردەکرد، وتــارێکی ســەبارەت بە گرنگیــی نەخۆشــخانە فێرکــارییە کلینیکییەکــان نووســـی، لە دەمـــی شۆڕشیشـــدا وەکـــو پزیشـــکێک لە نەخۆشخانەی Bicetre بۆ پیاوان و ئینجا نەخۆشخانەی Salpetriere بۆ ئافرەتـان دامەزرا، کـاریکرد، هەریەکە لەم نەخۆشخانانە نەخۆشخانەی گشتی بوون، ژمارەیەکی زۆری نەخۆشیان لەخۆ دەگرت، لە لەشفرۆش و پەڕاگەندەو منداڵی بێ سەرپەرشت و پیروپەککەوتە و کەسانی ناتەواو لەڕووی ئەقڵییــەوە، پڕ بــوو بــوون، جــگە لەو کەســانەی مەترسـین

---

28 philippe pinel.

بۆسەر خەڵک یان ناتوانن لە کۆمەڵگەدا خۆیان بەرنەڕێوە. ئینجا شۆڕش هەستا بە گۆڕینی ئەو نەخۆشخانانە بۆ چارەسەری نەخۆشە دەرونییەکان، پینیل لەکاتی کارکردنی لە نەخۆشخانەی سالپیترێر لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا پرۆگرامی "چارەسەری ئەخلاقی" دامەزراند، کاری لەسەر ئازاد کردنی ژنە حیجز کراوەکان کرد، بەرێگایەکی زۆر مرۆییانە چارەسەری ئەو ژنانەی دەکرد، هەرچۆن لە ئینگلتەرە ڕێبازی ئاینیی کویکەرز لە سەر بنەمای تیوک، لە خانەی یۆرک ڕیتریت، بنەماکانی چارەسەری هاوشێوەیان ئەنجام دەدا، کە خۆی لە چارەسەری ئەخلاقیدا دەبینییەوە، لەسەر ئەو بنەمایە هەمان شت لە ئیتاڵیا لەسەر دەستی ڤینچینزو کیارۆجی[29] (١٧٥٩- ١٨٢٠) پیڕەو کرا.

وردەکاریی چارەسەری ئەخلاقی لەنێو مێژوونووساندا هەرایەکی زۆری نایەوە ، بەڵام ئەم فۆرمە لە چارەسەری ئەخلاقی سەرنجی خەڵکەکەی ئاراستەی شێتەکان کرد، واتە لەم سەردەمەدا پسپۆریی دەروونی لەنێو کایەی پزیشکیدا سەریهەڵدا. لەماوەی سێیەکی سەدەی نۆزدەدا، کۆمەڵەی پزیشکەوانی دەروونی لە ئەمەریکاو زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا دامەزرا، ئەم کۆمەڵانە بەسەرکەوتوویی کەمپینیان ڕاگەیاند بۆ دامەزراندنی تۆڕی نەخۆشخانە دەروونییەکان، (پێیان دەوترا پەناگەی دەروونی asylum) ئیتر لێرەدا چارەسەرە تەقلیدییەکانی وەکو کەڵەشاخ و مادەی ڕشێنەرەوە و دەرمانی ڕەوانی لابران شێوازە مۆراڵییەکان جێیان گرتەوە، شێوازی دروستکردنی بینایەی پەناگەکە

29 Vencenzio Chiarugi.

ڕۆڵــی ســەرەکی هەبــوو لە چارەســەری نەخۆشــەکە، لە ســییەکانی ســەدەی نــۆزدەدا قەدەغەکردنــی کۆتبەنــدکردنی نەخۆش بووە دروشمی قۆناغەکە، پزیشکەکان گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی دیزاینی گونجاوی پەناگەی دەروونی، پێویستی بەوە نییە نەخۆش تێیدا ببەسترێتەوەو کۆتبەند بکرێت.

هەرچەنــدە ئەو پەناگایــانە لەژێرنــاوی مــافی مــرۆڤ و چارەســـــەرکردندا کرابــــوونەوە بەڵام زەحمەتبـــــوو بە گەشـــبینییەوە حـــوکم لەســـــەر دۆزیـــــنەوەی خێـــرای نەخۆشییەکەو چارەسەرە ئەخلاقییەکەی بدەیت، چونکە ئەو شــێوازە چارەســەرانەی بــۆ چــاکبوونەوەی نەخۆشــەکان بەکاردەهێنران، ئەوەبوو پەناگەکە لەڕووی قەبارەوە گەورە دەبوو و پڕ دەبوو لە نەخۆشی نائومێد لەچارەسەر. بە پێی لێدوانی یەکێ لە کارمەندانی ئەو سەردەمە پەناگەکان، جگە لە "موزەخــانەی شــێتی" شــتێکی تــر نەبــوون. سروشــتی تــایبەتی ئەو دامەزراوانە درزێکــی گەورەی خســتە نێــوان پزیشکیی دەروونی و پزیشکیی کلینیکی و نەشتەرگەرییەوە، وەکو شۆکێک تاکو ئێستاش شوێنەوارەکەی نەڕەویوەتەوە، هەرچەنــدە زانیــاری زۆر ســەبارەت بە مێشــک و چــۆنێتی کارکردنی لە برەودایە.

لەکۆتــایی ســـەدەی نۆزدەیەمــدا پســپۆری نەخۆشــیی دەروونــی ئەڵمــانی ئیمیل کرێپلین[30] (١٨٥٦- ١٩٢٦) هەوڵیدا پزیشــکی کلینیکــی و پزیشــکیی دەروونــی لە یەکتــر نزیــک بکــاتەوە، بە ڕێگــای کلینیکــی پزیشــکی دەروونــی لەســەر بنەمــایەکی ئەکــادیمی دامەزرابێــت. کــرێپیلین بە نزیکــی

30 Emil Kraepelin.

هاوده‌می دامه‌زرێنه‌ری شیکاری ده‌روونی سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦- ١٩٣٩) بوو، له‌ڕێگه‌ی زانستی پۆلێن کردنه‌وه په‌ره‌ی به شێوازیبه ده‌روونییه‌کاندا که به بنه‌مای پۆلێنکردنی نه‌خۆشییه ده‌روونییه نوێباوه‌کان دێته ئه‌ژمار، نه‌خۆشییه قورسه سه‌ره‌کییه‌کانی له نه‌خۆشییه ده‌مارییه‌کان جیاکرده‌وه، باسێکی پووختی سه‌ره‌تایی سه‌باره‌ت به‌و نه‌خۆشییه‌ی ئێستا پێی ده‌وترێت شیزۆفرینیا پێشکه‌ش کرد. کریپیلین ناوی نا "خڵه‌فاویی پێشوه‌خت" واته خڵه‌فاویی گه‌نجی، هه‌وڵه‌کانی له دامه‌زراندنی پسپۆڕی پزیشکیی ده‌روونی به شێوه‌یه‌کی ئه‌کادیمی به‌شدارییه‌کی گه‌وره‌و کاریگه‌ربوو.

تا ئێستاش بۆشاییه‌ک له نێوان پزیشکی ئاسایی و پزیشکی ده‌روونی بوونی هه‌یه، به‌ڵام ئه‌و ڕه‌وته‌ی گیرایه به‌ر له په‌ناگه‌وه بۆ کلینیکی تایبه‌ت، باوه‌ڕی کۆمه‌ڵگه ئه‌وروپییه‌کانی به نه‌خۆشخانه پته‌و کرد به‌و پێیه‌ی دامه‌زراوه‌ی چاره‌سه‌رکردنه، جگه له‌وه‌ی ڕه‌نگی پزیشکی زۆر لایه‌نی ژیانی گرته‌وه هه‌ر له خه‌مگینییه‌وه بگره تا ده‌گاته جینایه‌تکاری، له یاخیگه‌رییه‌وه بۆ نیشانه‌کانی له‌ده‌ستدانی ئاگایی. له‌به‌رئه‌وه‌ی ناولێنانی شته‌کان خۆی له خۆیدا ئارامبه‌خشه، بۆیه کریپیلین سیسته‌می دۆزینه‌وه‌ی تێکچوونه ئه‌قڵییه‌کانی سه‌پاند، هه‌رچۆن پزیشکه کلینیکییه فه‌ره‌نسییه‌کان بۆ تێگه‌یشتن له نه‌خۆشییه‌کان که تووشی جه‌سته‌مان ده‌بێت ده‌ستنیشانی جه‌سته‌بیان پێڕه‌و کرد، ئه‌ویش سیسته‌می دۆزینه‌وه‌ی نه‌خۆشییه ئه‌قڵییه جیاوازه‌کانی پێڕه‌و کرد.



(١٣)بــزووتنەوەی دامەزرانــدنی نەخۆشــخانە پزیشــکییەکان لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا، سەرەتا مایەی خۆشحاڵی بوو،بەڵام کاتێــک پەنــاگە دەروونییەکــان دامەزران و پڕبــوون لە کەیســی درێژخـایەن ئەم گەشـبینییە بـوو بە هەڵـم. ئەم هێلکارییە نەخشـەی یەکێک لە پەناگە ئەقڵییەکانە لە برینتوود لە ئیسێکس لە ئینگلتەرە. نەخشــــەیەکی وردە لەو دامەزراوەیەی ، خــــۆی لە خۆیــــدا دامەزراوەیەکـی ســەربەخۆیە بەڵام گـۆڕاوە بـۆ جیهـانی بچـووک بچووکی سەربەخۆ.

بەشی چوارەم
پزیشکی لە کۆمەڵگەدا

تەندروستی گشتی

بزاوتـی تەندروسـتی گشـتی لەسـەدەی نـۆزدەیەمەوە دەسـتی پێکـرد، بێگومـان پشـتی بە سـتراکچەرە سیاسـی، کۆمەڵایەتی و پزیشکییەکەی ڕابردوو دەبەست. بەڵام ئەوەی ئـێمە پێـی ئاشـناین، بە تەواوی دوو سـەدەیە دەرکەوتـووە. ئەگەر پەیوەنـدیی نێـوان نەخـۆش و پزیشـک لەچوارچێـوەی کـاری پزیشـکی لە نەخۆشـخانەکاندا بێـت، ئەوا تەندروسـتی گشتی تایبەتە بە تاک و دەوڵەت، زۆرتـرین لایەنـی پزیشـکیی شـاراوەیە لە هەمـان کاتـدا ئاشـکرایە، کـاتێ دەچـین بـۆ نەخۆشـخانە، خەڵـک هەسـتی پێناکـات، بەڵام کاتێـک پەتـایەک بڵاو دەبێتەوە، وەکو ئەنفلەوەنزا یـان نەخۆشـییەک لەڕێگەی تـۆڕی ئاوەکـانەوە کە پیسـبووە، بـابەتەکە وەکـو هەواڵێکـی گرنگ چاوی لێدەکرێت.

وەکو لە ناوەکەوە دیارە، تەندروستی گشتی گرنگی بە پاراستنی تەندروستی و خۆپاریزی لە نەخۆشییەکان یان قەلاچۆکردنی نەخۆشییەکان دەدات. بەرپرسیارێتییەکەی لە چوارچێوەی نەخۆشییە درمییەکاندایە. بەلام مەسەلەی خۆپاراستن لە نەخۆشی هەمیشە توخمێکی تر لەخۆ دەگرێ ئەویش پاراستنی تەندروستی تاکە. هەرچەندە ئەم دوو توخمە لە ڕووی نەریتەوە، لە چوارچێوەی پزیشکیدا دوو گروپی جیاوازن بەلام زۆرجار تێک دەڕژێن، لە ئامانجێکدا هاوبەشدەبن ئەویش خۆپاراستنە لەنەخۆشی. بەزیادبوونی ئاراستەیەکی تر بۆسەر لیستی خۆپاراستنی تەندروستی گوزارشتی "پزیشکیی شێوازی ژیان"ە لە هەردوو توخمەکەدا، دەولەت ڕۆلی سەرەکی هەیە.

پێش دەولەتی پیشەسازی

نووسراوە کۆنەکان ئاماژەیان بە ژمارەیەک نەخۆشی پەتا داوە، لە ڕاستیدا پێش سەردەمی نوێ، ژمارەی دانیشتوان بەینـاوبەین لە کەمیداوە بە هۆی هەردوو سوارەکەی کۆتایی جیهان، کە خۆی لەخۆراک و نەخۆشیدا دەبینێتەوە، تیۆری مالتۆسی لێیان دواوە، ژیان لای زۆرکەس دژوار و سەخت و کورت مەودا بووە، لە مێژووی درێژخایەنی فشاری مالتۆسیدا کە خۆی لە هەژاری، نەداری و نەخۆشیدا دەبینییەوە، سەردەمە درێژخایەنەکەی تاعوون لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی حەڤدە درێژەی هەبوو، ئەمەش ئەوە دەردەخا بەشێوەیەکی تایبەت ئەو ڕۆژگارە ڕۆژگارێکی ڕەش و خەمناکبووە.

مەرگی ڕەش وەکو ڤیکتۆرییەکان ناویان لێناوە، وەکو یەکەم پەتا، لە مێژوودا مشتومڕی زۆر لەسەر کراوە (کیشوەربڕ یان پەتایەکی جیهانی بووە). پێش ئەو سەردەمە پەتای تاعوون لەچوارچێوەیەکی بەرتەسکتر لە کات و شوێندا بڵاودەبووەوە، بەڵام مەرگی ڕەش پتر لە چوار ساڵی خایاند لە بڕینی ڕێگای ئاوریشم و گەیشتنی بە دەشتاییەکانی ئیستیبس لە ناوەڕاستی ئاسیا بۆ ئەوپەڕی ڕۆژئاوای ئەوروپا وڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەناراوەکانی ئەفەریقای باکور، لە نێوان چارەک بۆ نیوەی دانیشتوانی ئەوروپا، لە ناوچوو، مەرگی ڕەش یەکەم زنجیرە پەتای وێرانکەربوو تا ساڵی ١٦٦٠ چنگی خستبووە گەرووی دانیشتووانی ئەوروپای ڕۆژئاوا (لە ساڵی ١٧٢٠ لە مارسیلیا بنبڕبوو).بەدڵنیاییەوە مەرگی ڕەش شێوەیەکی تاعوونە، ئەو وشەیە وەکو ئاماژەیەک بۆ کارەساتی جەرگبڕ بەکاردێت. لەم دواییانەدا ئەو ڕایە باوبوو کە دەووترا ئەو تاعوونەی لە ١٣٤٠ بڵاوبووەوە هۆکارەکەی میکرۆبی تاعوون نەبوو . *پەرسینیا پێستیس* لە هۆنگ کۆنگ لە دوا پەتای ساڵی ١٨٩٠ ئەمەی ئاشکرا کرد، ئاماژەی بەچەند بوونەوەرێکی تر کرد، مەرگی ڕەش هەندێ تایبەتمەندی لەخۆگرتووە لەگەڵ تایبەتمەندییە تازەکانی پەتای ڕشانەوە ناگونجێ، لە ڕووی خێرایی بڵاوبوونەوەی، وەرزەکەی، شێوازی مردن، جگە لەوە هیچ کەسێک تێبینی بوونی مشکی مردووی نەکردووە (تاعوونی مرۆیی لە شێوە نوێیەکەیدا بە تاعوونی مشک یان جانەوەرە قرتێنەرەکانی تر بەراورد دەکرێت) هەندێ لەوانەی لێدوانیان داوە ئەو ڕووداوەیان بە

ئەنتراکس یان ڤایرۆسێکی نەناسراو یان میکرۆبێکی تر داناوە، هۆکاری ڕاستەقینەی پشتی ئەو پەتایەیە، هەروەها ئەگەری هەیە بە ئەرگۆت ژاراوی بووبێت.

کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەو لێکدانەوە ئەلتەرناتیڤەی سەبارەت بەمەرگی ڕەش ئەنجامدراوە، بەڕێژەیەکی زۆر تەرکیزی خستۆتە سەر پەتا سەرەکییەکە. بەڵام ئەگەر مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی سەرنج لە تاعوون بدات، لە ساڵی ١٣٤٥ بۆ ساڵی ١٦٦٦ ئەوا مەسەلەکەی زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە؛ لەم چەند ساڵەی دوایی ئەو سەردەمەدا دەتوانرێ زۆر بەئاسانی تاعوون جیابکرێتەوە، (بۆنموونە پەتای تاعوونە گەورەکە کە ساڵی ١٦٦٥ لەندەنی گرتەوە) بە گوێرەی ڕاپۆرتە پزیشکی و نا پزیشکییەکان. جگە لەوەش ئەوانەی لەسەردەمی ئەو پەتا فرەڕەنگییە ژیاون، وەکو یەکەیەکی نەگۆڕ چاویان لێکردووە، لە کاتێکدا بێشک هیچ کەسێک ئامادەیی لەجۆرەکانی تردا نەبووە، هەمیشە پزیشکەکان لەسەردەمی پەتای یەکەم یان هەردوو پەتاکەدا ژیاون. ئەزموونی کەڵەکەبووی مێژوویی لەبازنەی یەک نەخۆشی دووبارە بووەوەدا خولاوەتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەو تاعوونەی "ئێمە" یە؛ واتە ئەو تاعوونەی هۆکارەکەی میکرۆبی تاعوونە. پەتای یەکەم هێرشی کردۆتە سەر کۆمەڵێک لە دانیشتوان کە هیچ ئەزمونێکیان لە بەرگری جەستەی پێشوەخت و کەیسی پەتا وێرانکەرەکانی تری وەکو (ئاوڵە و سووریژە بۆ نموونە) لە کۆمەڵگە پاکژەکاندا نەبووە.

(١٤)ئەم وێنە بەردینەی "فیلیکس ینیڤین" ئەو ترس و ماڵوێرانییەی لەکاتی پەتای تاعوونی دووبارە، لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتاکانی سەدەی نوێ دەخاتە ڕوو. ئەمجۆرە وێنەیە هێشتا لە پەتای ئینفلوەنزا یان پەتای ترسناکی وەکو ئاوڵە یان ئەنتراکس، دەمانترسێنێ.

بەزۆری لەو سەردەمەدا هۆکارەکانیان گەڕاندۆتەوە بۆ تووڕەیی خودا لە تاوانی مرۆڤ و تەمبەڵی، بۆ مرۆڤە پەراوێزخراوەکانی وەکو یەهودی و ژنە جادووگەرەکان، بۆ هەوای پیس، بۆ ئەوانەی پشتیان بە ئەستێرەناسی بەستووە. هەرچەندە کۆمەڵێک لێکدانەوەی لە سروشت بەدەر خراوەتەڕوو، بەڵام هاوشانی تاعوونی دووبارە ئاستی هۆشیاریش لەسەر مەسەلەی تەندروستی کۆمەڵگە گەشەی کردووە، لە بەرامبەردا چەند ڕێوشوێنێکی پێویست گیراوەتە

بەر بـۆ خۆپاراسـتن لە نەخۆشـی و قەلاچـۆکردنی؛ وەکـو دابـڕین و جیـاکردنەوەی نەخـۆش، کـۆنترۆڵی سـنوورەکان بەزۆر، داخلکردنـی نەخـۆش لە نەخۆشـخانە بەزۆر، چەنـد ڕێوشوێنێکی تر بۆ ئەو کەسـانەی تووشـی نەخۆشـی بـوون، لەگەڵ چەند کارێکی گشتگیر وەکو کەرەنتینە کردنی ڕۆتینی بـۆ ئەو کەشـتییانەی لە نـاوچەی تـاعوونەکەوە هـاتوون، چـاودێری کردنـی تـاقمی کەشـتییەکە وشـتومەکەکان و پشکنینی پزیشکیی پێویست. نەخۆشییەکە سنووری چالاکیی تەندروسـتیی گشـتیی لە سـەرەتای سـەردەمی نوێـدا تـاقی کـردۆتەوە، ئەمەش وا دەگەیەنـێ، لە کـاتی قەیرانەکانـدا پەیوەنـدییەکی حەتمـی لە نێـوان دەوڵەت و کـاری پزیشـکیدا هەبووە. هەندێ لێکۆڵینەوەی مێژوویی ئاماژەیـان بەوەداوە لە ڕێگەی سەپاندنی "ڕێنمایی تەندروستی" یەوە، بەدرێژایی سنوری خـوارو ودیـوی ڕۆژهەلاتـی ئیمپراتـۆرییەتی نەمسـا-هەنگاریا، کـاریگەریی هەبووە لەوەی ڕێگە لەهـاتنی تـاعوون لە ڕۆژهەلاتـی ناوەڕاسـتەوە بگیرێـت، کە شـوێنی نەخۆشـی وجار نەجارێ شوێنی پەتاش بوو، چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر لەڕۆژئـاوای ئەوروپـا دا نەخۆشـییەکە نەمـابوو. گەشـتیارە ئەوروپییەکـان بە لایـانەوە ئاسـایی بـوو، لە یەکـێ لە "لازاریتـۆ"[31] کانـدا کەرەنتیـنە بکـرێن بە مەبەسـتی کۆنترۆڵکردنی پەتا ونەخۆشی.

---

٣١ لازاریت یان لازاریتۆ lazarets ، وێستگەیەکە ئەو گەشتیارانەیان تێدا بەنـد دەکـرد کە لەدەریـاوە دەهـاتن، وەکـو کەرەنتیـنەی ئێسـتا، هەنـدێجار لازاریت ئەو کەشتییانە بوون بەشێوەیەکی هەمیشـەیی لە کەنـاری دەریـا لە دورگە دابڕەوەکاندا لەنگەریان دەگرت، یان لە دورگەیەکی وشکانی بینایەک دەکرایە لازاریت. لە هەندێ لە لازاریتەکاندا شـومەکە هاوردەکان بە هەڵم

بەلای کەمەوە، تاعوون ئەو دڵنیاییەی بەخەڵک بەخشی مەسەلەی نەخۆشی و تەندروستی، کێشەی کۆمەڵگەیە. بەڵام سەرکەوتن لە دروستکردنی ژێرخانێکی تەندروستی هەمیشەیی، مەسەلەیەکە هێشتا یەکلا نەبۆتەوە، هەرچەندە نەخۆشخانەی تاعوون لە هەموو لایەکی ئەورووپا کرایەوە، زۆرجار نەخۆشخانەکە بۆ دابڕانی ئەو نەخۆشانە بوون کە دوای نەمانی تاعوونەکە تووشی نەخۆشییە بەکتیرییەکان دەبوون. بەشێوەیەکی گشتی وڵاتە باڵادەستە ئەورووپییەکان پەرەیان بە هەندێ چالاکیی فەرمی دا کە پەیوەندیی بە تەندروستیی گشتییەوە هەبوو تابیێتە بەشێک لە شاخە تیژەکانی بیرۆکراتیکی دەوڵەت. لەسەرەتای سەدەی حەڤدەدا بیرۆکەی "پۆلیسی پزیشکی" لەو وڵاتانەی بە ئەڵمانی دەدوێن سەری گرت. بەدانانی کتێبێک سەبارەت بە "سیستەمی پۆلیسی پزیشکی" (١٧٧٩- ١٨٢٧) ئەم هەوڵە گەیشتە لووتکە، دانەری ئەم کتێبە لە لایەن پزیشکی جیهانی یۆهان پیتەر فرانک[٣٢] (١٧٤٥- ١٨٢١) ەوە نووسراوە. یۆهان ڕیفۆرمخوازی بواری تەندروستی گشتی بوو، پێیوابوو پێویستە پۆلیسی پزیشکیی حکومی دەسەڵاتی زۆری هەبێ، کتێبە مەزنەکەی بە نزیکی تەواوی ژیانی مرۆڤی لەخۆگرتووە، لەسەر بێشکەوە بۆ ناو گۆڕ، لە دایکایەتییەوە، لە منداڵییەوە، لە چاودێریی منداڵەوە، لە جلوبەرگ و پۆشاکەوە، لە سەر شەقامەوە، لە ڕوناکییەوە تا ناشتنی مردووی تێدا باسکراوە. فرانک دەڵێ، بە هیچ جۆرێک ئێمە

پاکژ دەکرانەوە، بە مەبەستی ڕێگری کردن لە بڵاو بوونەوەی نەخۆشی، ئەم دیاردەیە تا ساڵی ١٩٣٦ کەم وزۆر بەردەوام بوو. وەرگێڕ

32 Johann Peter Frank.

یەکەم کەس نەبووین هەست بە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ بکەین، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر تەندروستی مرۆڤ هەبێت. دوابەشی کتێبەکەی فرانک دوای مردنی بە دەرکەوت، باسی ئەو سەردەمە دەکات کە ڤاکسین بەشێوە سیستماتیکەکەی وەکو شێوازێکی خۆپاراستن لە نەخۆشی ئاوڵە Smallpox شوێنی کوتانی کۆن دەگرێتەوە (بەگەرمی پشتگیری لەو ڕایە دەکات). ئەم دووجۆرە کوتانە واتە ڤاکسین و کوتانی کۆن هەردووکیان یەک ئامجیان هەیە ئەویش شێوازی خۆپاراستنە لە نەخۆشی، هەرچەندە هەردوکیان لەلایەن پزیشکەکانەوە داهێنراون، بەڵام سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ پزیشکی دەرمانی میللی. کوتان Inoculation (وشەیەکی ئینگلیزییە ولە کاری باخەوانییەوە وەرگیراوە و هاوتای موتووربەکردنی ڕووەکەکانە) ئەم کوتانە دەرهێنانی مادەیەکی لینجە لە زیبکەی یەکێک کە تووشی ئاوڵە بووە، دەخرێتە لەشی کەسێکی ترەوە کە هێشتا تووشی ئەو نەخۆشییە نەبووە. لەبەردوو هۆ ئەم کارە لۆجیکییە، **یەکەم:** ئاوڵە بە نزیکی ڤایرۆسێکی جیهانییە، بووە هۆی مردنی ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوان، بەپێی هەلومەرجەکان گۆڕانکاری لەو ڕێژەیەدا هەیە، ڕێژەی مردن لە نێوان ٥٪ و ٢٠٪ بووە، شوبهاندنی ئەم پرۆسەیە بە ئاهەنگی ئاوڵەی ئاوی Chickenpoxلەوەدایە، لە ئاوڵەی ئاویدا، باوکان ودایکان منداڵەکانیان دەخستە بەردەمی ئەو منداڵانەی تووشی نەخۆشییەکە بوون تاکو ڤایرۆسەکە بچێتە لەشیانەوە (کە ڤایرۆسەکە نیوە ساغە یان نیوە مردووە)، بەم کارە بەرگری لەش دژی نەخۆشییەکە بەهێز دەبێت، ئەوکاتەی منداڵە

ساغەکە تووشی نەخۆشییەکە دەبێت. لە کاتێکدا خۆی نەخۆشییەکە مەترسیدارە، بەڵام لە ڕووی ستراتیجییەوە هەمان شتە، ئەگەرچی سەرکێشییەکە گەورەیە. **دووەم:** مرۆڤ ئەو ڕاستییە دەزانێ یەکجار تووشبوون بە نەخۆشییەکە، بەدرێژایی ژیان جەستەی مرۆڤ بەرگری دروست دەکات، بە دەرکردنی مادەی ڤاکسینەکە لە هەڵبژاردنی کەیسێکی خۆبەخش کە بە سووکی تووش دەبێت، چانسی مردن بەدرێژایی ژیان لە کورتی دەدات.

کوتان، هەر لەدێر زەمانەوە لە ڕۆژهەڵاتدا پێڕەو کراوە، چینییەکان لە ڕێگەی هاراوەیەکەوە لە نەخۆشیی پەڵەی پێستەوە وەریان گرتووەو وەکو هاراوەی تووتن هەڵیان مژیوە. لە تورکیا لە ڕێگەی ڕووشانی پێستەوە دەکرایە لەشەوە، ئەو تەکنیکە دەکەوێتە بەر گوێی ژنی باڵوێزی بەریتانیا خاتوو ۆرتلی مونتاج (١٦٨٩- ١٧٦٢) لە کوستەنتینییە، ئەم هاراوەیەی بۆ منداڵەکانی بەکارهێنا، کە پێشتر تووشی ئەم نەخۆشییە نەبووبوون. لە ئەنجامی پێدانی ئەو شێوە کووتانەوە، منداڵەکانی زۆر بە سووکی نەخۆشییەکەیان تێپەڕاند، خۆی و پزیشکی باڵوێزی بەریتانیا لە لەندەن ڕیکلامیان بۆ ئەم دۆزینەوەیە کرد، بە پشتبەستن بەو گەواهیدانە، پاشا جۆرجی دووەم فرمانی بە پزیشکە نەشتەرگەرەکەی خۆی کرد ئەو کووتانە بۆ منداڵەکانی ئەویش بەکاربێنێ. جێمس جۆرین، یەکێک لە پزیشکە دیارەکانی لەندەن و قوتابی ئیسحاق نیوتن، کۆمەڵێ ئاماری کۆکردەوە لە پێڕەوانی تەکنیکی کووتانەکە، لە ڕێگەی بیرکارییەوە سەلماندی ئەم تاقیکردنەوەیە بەڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی لە کەمکردنەوەی هەلی مردندا هەیە.

لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا کووتان وەکو ئاسانترین و بەربڵاوترین پرۆسە چاوی لێکرا، بە تایبەتی دوای ئەوەی پاشای فەرەنسا "لویسی پازدە" بەو نەخۆشییە گیانی لە دەستدا، بۆ بەدبەختی پاشا، کوڕەکەی "لویسی شازدە" لە ساڵی ١٧٧٢ بەسەرکەوتویی کووتانەکەی وەرگرت. دیارە ئەم پرۆسەیەش بێ کۆسپ نەبووە، ئەو نەخۆشانەی لە کاتی نەخۆشییەکەدا خۆیان دەکووتا زۆرجار گیانیان لە دەست دەدا، وە دەبوونە سەرچاوەی نەخۆشی بۆ ئەوانیدی.

وەکو زۆرێک لە ڕاهێنەرە پراکتیکییەکانی تر ئیدوارد جینەر[٣٣] (١٧٤٩- ١٨٢٣) جار نە جارێ کووتانی لە نەخۆشەکانیدا پێڕەو دەکرد، لەگوندی گلۆستەرشیر نزیک کلینیکە پزیشکییەکەی، دەژیا، لەوسەردەمەدا نەخۆشییەکی ناسراو هەبوو تووشی ئاژەڵان دەبوو، پێی دەوترا ئاوڵەی مانگا Cowpox ، هەندێجار ڕاستەوخۆ دەگوێزرایەوە بۆسەر دەستی ژنە شیردۆشەکان و زیپکەیەک لەسەر دەستی دەردەچوو، ئەم زیپکەیە لە ئاوڵەی ترسناک دەیپاراست. هەرچەندە جوتیارێک هەبوو بەناوی جێستی و خەڵکانی تریش لە پێشوودا چەند کەسێکیان بە مادەی ئاوڵەی مانگا کووتاوە، بە مەبەستی پاراستنیان لە ئاوڵە مەترسیدارەکە، بەڵام جینەر دوای ئەوەی سوودی لەم ئەزموونە بینی، لە ساڵی ١٧٩٦ ئەزموونە گرنگ و سەرکەوتووەکەی خۆی ڕاگەیاند وەکو وەسیلەیەک بۆخۆپاراستن لە نەخۆشی ئاوڵە. لەم تاقیکردنەوەیەدا هەندێ مادەی لە زیپکە ڕزیوەکەی سەر دەستی ژنێکی شیردۆش بە ناوی 'سارە نیلمز' وەرگرت و لەسەر باسکی کوڕێکی

---

33 Edward Jenner.

گەنج چاندی، کە ناوی 'جیمس فیپس' بوو، پێشتر ئاوڵەی ئاسایی نەگرتبوو، سەر باسکی ئەو کوڕە بووە برین و توێژاڵی بەست، بەڵام تەندروستی باشبوو جگە لەوەی تەنها بۆماوەی ڕۆژێک تای لێهات. دوای شەش هەفتە جینەر بە ئاوڵەی ئاسایی باسکی هەر ئەو کوڕەی کووتا، بەڵام ئەمجارەیان تووشی هیچ نەبوو؛ بەم تاقیکردنەوەیە دەرکەوت بەرگری لەشی کوڕەکە دژی نەخۆشییەکە بەهێزە.

کۆمەڵەی شاهەنشاهی ڕێگەی نەدا تویژینەوە سەرەکییەکەی بلاوبکرێتەوە، بۆیە ساڵی ١٧٩٨ لەسەر بژێوی تایبەتی خۆی بەشێوەی نامیلکە بەناوی کووتان Vaccination بلاویکردەوە، داهێنانی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ دوای بەکارهێنانی وشە لاتینییەکە کە بۆ مانگا بەکاردەهات. هەروەکو پێشبینی دەکرا ئەم شێوازە نوێیە لە کووتان هەندێ نارەزایی لێکەوتەوە، بەتایبەتی بەهۆی "پیسکردن" ی مرۆڤ بە مادەیەک کە لە ئاژەڵەوە وەرگیراوە، مێژوونووسان سەبارەت بە هەندێ دەرەنجام لە پرۆسەی کووتانی پێشوەختدا، تووشی گومانکردن بوون بەوەی (ئەگەری هەیە بەهۆی ئەو ڤاکسینەی هەڵگری مادەی ئاوڵەی پیسە "لیمفەکان" یش پیس وژاراوی ببن). بەڵام کارەکەی جینەر بەخێرایی لە ناوە و دەرەوەی بەریتانیا پشتی پێبەسترا، دوو کۆمەکی گەورەی لە پەرلەمانی بەریتانییەوە پێگەیشت، ئەمەش بووە هاندەری تاکو خۆی تەرخان بکات لە مەسەلەی ئەو ڤاکسینەدا سەربکەوێت.

پاشای ئایندە ئیدواردی حەوتەم بە یەکێ لە پزیشکەکانی وت «ئەگەر لە تواناتدا بێت خۆت بپارێزی، بۆ نەیپارێزی؟» ئەمە پرسیارێکی جوان بوو، بەڵام ئەو وەڵامەی نائومێدت

دەکات ئەوەیە، بڕی تێچوونەکەی زۆر گران بکەوێت، یان ئیرادەیەکی سیاسی یان پزیشکیی تەواوی لەپشتەوە نەبێت، یان ئەو خەڵکە و پزیشکەکانیان هۆشیارییەکی ئەوتۆیان سەبارەت بە خۆپاراستن نەبێت، ئەو هۆشیارییە هەمیشە گشتگیر نییە. هەرچەندە چیرۆکی ئاوڵە بەوشێوەیە بوو کە جینەر پێشبینی دەکرد، واتە بنبڕکردنی نەخۆشییەکە لە ١٩٧٩ بوو بە ڕاستی، بەڵام ئەم پێشبینییە شتێکی هاڵاویێردەو تایبەت بوو نەک یاسا؛ هەمیشە خۆپاراستن وێنەیەکی لاوازی پزیشکبوونە، کەمتر گرنگی پێدەدرێت، هەرچەندە بابەتێکی پێویستە لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا.

کۆلێراو هەژاری: داینەمۆی تەندروستی گشتی

مێژوو نووسان وا ڕاهاتوون بزووتنەوەی تەندروستی گشتی لە سەدەی نۆزدەدا بەجۆرێک چاو لێبکەن کە کاردانەوەی زنجیرەیەک پەتای کۆلێرای دوای یەکە لەو سەردەمەدا. گومانی تیانییە یەکەم پەتای کۆلێرا گەیشتە ئەورووپا، هۆشیاری لای خەڵک دروست کردبوو سەبارەت بە نەخۆشییە کۆمەڵگەییەکان (شوێنەواری یەکەم پەتای کۆلێرا لە (١٨١٧- ١٨٣٢) هێواش هێواش ڕەوییەوە، دوای بڵاوبوونەوەی لە هیندەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفەریقیا) . لە ١٨٢٧ ەوە شەپۆلی دووەمی پەتای کۆلێرا لە ڕۆژهەڵاتی هیندەوە دەستی پێکرد، ئەورووپا لە مقۆمقۆی نزیکبوونەوەی نەخۆشییەکەدا بوو، زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی لەو چاوەڕوانیی نزیک بوونەوەیەدا (کە چوار ساڵی خایاند) وەفدیان نارد تا لە نزیکەوە لە ڕەوشی

نەخۆشـــییەکە تێـبگەن ڕێوشـــوێنی پێویســـت بگـــرنەبەر تـــا نەخۆشییەکە نەگاتە ئەوروپا.

لێرەدا دوو هۆی سەرەکی هەبوو، مـایەی نیگەرانـی بـوو، یەکەم: نەخۆشییەکە لای ئەوروپییەکان شتێکی تازەبوو، هیچ شـارەزاییەکی پێشـوەختیان نەبـوو دەربـارەی نەخۆشـییەکە لای ولاتـانی کۆلۆنیـالّی هێلّـی ئیسـتیوائی گۆی زەوی نەبـێ. پەتای دووەمـی کۆلێرا بە ئەوروپـادا هەلّیکرد، تـاکو گەیشـتە ئەمەریکـای بـاکور، پیشـەی پزیشـکی بەرەنگـاری کێشـەی گەورە بـووەوە، چـونکە دەیزانـی ئەم نەخۆشـییە زەنگێکـی مەترسیدارە هەم لە ڕووی ترسـناکی نەخۆشـییەکەوە هەم لە ڕووی ڕێژەی مردنەوە. تازەیی و تایبەتمەندیی نەخۆشـییەکە وای کـــرد، هەنـــدێک وای لێکبـــدەنەوە ئەم نەخۆشـــییە، هەر ڕشـانەوەی مەرگـی ڕەشـی bubonic plague پێشـووەو گەڕاوەتەوە. کە بۆ هەمیشـەیی لە ئەوروپادا کوژابووبووە.

دووەم: شـــــێوازی بلاوبـــــوونەوەی نەخۆشـــــییەکە سـەرسـووڕهێنەر بـوو. لێـرەدا دوو نمـوونەی ڕوونـی دوو جەمســـەرە بـــۆ لێکـدانەوەی نەخۆشـــییەکە بـــاس دەکەیـــن: بلاوبـوونەوە لە هەوا و تەشـــەنەکردنی ئاسـایی، لایەنگرانـی بلاوبـوونەوە لە هەوادا پێیـانوایە نەخۆشـییەکە کـۆمەلّگەییە، لەڕێـگەی کەش و هەواو گەردیلەکـانی هەواوە بلاودەبـنەوە. ســـەرچاوەی زۆربـــاوی ئەم نەخۆشـــییە بـــریتییە لە مـــادە ئۆرگـانییە بۆگەنەکـان وەکـو پاشـەڕۆک و پیسـایی مـرۆڤ، کەلاکی تۆپیو یان بۆنی ناخۆشی تر. بە ئاسـانی هەسـت بەم هێـــزە پـــارادایمە نـــوێیە دەکرێـــت: هەوا تایبەتمەنـــدییەکی هاوبەشـی لۆکالّییە یارمەتیدەرە بـۆ جیـاکردنەوەی "دۆخـی تەندروســـت" لە "ناتەندروســـت" لە کتێـــبەکەی هیپۆکراتـــدا

"کەشوهەوا وئاو وشوێن" لەچوارچێوەی نموونەیەکی نوێ بەڕوونی باسکراوە. لێکدانەوەی کۆمەڵێک نەخۆشییە کە ناوچەکانی هێڵی گەرمەسێری گۆی زەوی تووشی دەبن. هەندێ لەو نەخۆشییانە لەجیهانی کۆندا نەناسراوبوون و دەگوازرانەوە بۆ ئەوروپییەکان، بەگشتی پێی دەوترا "نەخۆشیی کەشوهەوا گەرمەکان"، گەرماو شێی خنکێنەر، بە دەوەن و گژوگیا داپۆشراو، لەو دیاردانەبوون، لە لێکدانەوەی جۆری نەخۆشییەکاندا پشتیان پێدەبەسترا.

بەڵام لایەنگرانی نەخۆشییە درمییەکان پێیانوابوو نەخۆشییە درمییەکان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوێزرێنەوە. ئەم ڕایە بە ڕووی نەخۆشییەکان خۆیان لێکدەدرێنەوە، وەکو ئەو کەسانەی چاودێری نەخۆشەکە دەکەن خۆیان تووشدەبن، تیۆری نەخۆشییە درمییەکان پاساویان ئەوەیە، هەرلەڕووی غەریزییەوە مرۆڤ خۆی بەدوور دەگرێ لەوکەسانەی تووشی نەخۆشیی مەترسیدار بوون، ئەویش خۆی لە پەیڕەوکردنی شێوازی کەرەنتینە کردندا دەبینێتەوە. هەر ئەمەش ترسی خستۆتە بەر خەڵک کە سەرچاوەی تاعوون و نەخۆشییە مەترسیدارەکان ئەو کەسانەن کە کەرەنتینەن و پەراوێزخراون.

گرووپێکی مامناوەندی تریش هەن کە لایەنگری تیۆری "نەخۆشییە درمییە مەرجدارەکانن" کەمتر توندڕەون، باشتر لەگەڵ ئەو کەیسە تایبەتانەدا دەگونجێن، کە دوو نموونەکەی پێشوو ناتوانن چارەسەری بکەن. لایەنگری ئەم گرووپە دەڵێن، دەکرێ نەخۆشییەکان بەپێی هەلومەرجەکان هەوایی بن، یان درمی بن. بۆنموونە لەڕێگەی هەوای پیسەوە لە ناو کۆمەڵگەدا بڵاوبێتەوە، بەڵام هەندێک لە

تاکەکان تووشدەبن دواتر دەبنە سەرچاوەو کوانووی سەرهەڵدانی پەتای نەخۆشییەکە. ئەمەش دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی جۆری نەخۆشییەکان و هەموو بەرەکان دەگرێتەوە. بەڵام بەداخەوە ئەو تیۆرانەی هەموو شتێک باسدەکەن، کەمتر لێکدانەوەی ورد دەکەن.

هەندێ نەخۆشی وەکو ئاوڵە و سوورێژە، وا تەماشا دەکرێن درمی یان پەتایین، بەڵام زۆربەی نەخۆشییە پەتاییەکان شێوازی تووشبوون و بڵاوبوونەوەیان بەجۆرێک ئاڵۆزە، دەکرێت گفتوگۆی زۆری لەبارەوە ئەنجام بدرێت. لەم دواییانەدا تیۆری نەخۆشییە میکرۆبییەکان پارادایمێکی نوێی سەبارەت بە نەخۆشییە تەشەنەکردوو و درمییەکان وەکو شتێکی سەیر، خستەڕوو: بۆچی دووکەس وەکو یەک تووشی هەمان میکرۆبی نەخۆشی دەبن بەڵام کاردانەوەیان بۆ نەخۆشییەکە جیاوازە، یەکێکیان تووشی نەخۆشییەکە دەبێت بەڵام ئەویتریان تەواو ساخڵەمە؟

پێش تیۆری میکرۆبی نەخۆشی، کۆدەنگی لەم ڕووەوە نەبوو، لەڕاستیدا هەردوو ئەگەرەکان وەکو یەک چاوی لێدەکرا. بۆنموونە لە کاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی تاعووندا، نەخۆشەکان جیادەکرانەوەو کەرەنتینە دەکران، بۆ پاکژکردنەوەی هەوای دەورووبەری نەخۆشەکان ئاگریان دەکردەوە، ئەو کاتەی گومانیان زیاتر بووایە جۆرە گوڵێکی بۆنداریشیان دادەنا دەوروبەری پردەکرد لەبۆنی خۆی.

کۆلێرا، ئەوکێشە هەمیشەییانەی بەشێوەیەکی خێرا جووڵاند، ئەو چاودێرە ئەوروپییانەی نێردران چاودێریی ڕەوتی نەخۆشییەکە بکەن بەرەو ڕۆژاوا، لەگەڕانەوەدا چەند ڕاوبۆچوونێکی جیاوازیان پێشنیارکرد، هەندێکیان پێیانوابوو

نەخۆشـییەکە درمییەو تەشـەنە دەکات، باشـترین کـاردانەوە کەرەنتیـــنە کـــردنە، بەڵام هەنـــدێکی تریـــان پێیـــانوابوو نەخۆشـــییەکە لەڕێــگەی هەواوە دەگــوێزرێتەوە، باشــترین کـاردانەوە، پـاککردنەوەی ئـاو وئاوەڕۆکـانە، پـاک ڕاگرتنـی شــەقام و ڕێوبانەکـانە، حکـومەتە ئەوروپییەکـان گوێیـان لە ڕای جیـاواز دەبـوو، بەڵام چارەســەرە کۆنەکەیـان بە بـاش دەزانـــی کەخـــۆی لە کەرەنتیـــنەو چـــاودێری کردنـــی ئەو نەخۆشانەدا دەبینییەوە کەتووشی نەخۆشییەکە دەبن، لەگەڵ چاودێری کردنی ئەو شـتوومەکانەی لەسـنوورەکانەوە دێنە ناوەوە کە ناوچەی تەشەنەکردنی پەتاکەن.

تەنانەت بەریتانیاش شوێنی ئازادیی کار و هەلسوکەوتی ئـازاد، لەکـاتی هـاتنی یەکەم پەتـای کـۆلێرا کە لە ١٨٣٠ ەوە دەسـتی پێکـرد، لە سـنوورێکی دیـاریکراودا کەرەنتیـنەی ڕاگەیانـد، بەڵام لە کۆتـایی ١٨٣١ لە مینـای سـەندەرلاند لە بـاکوری ڕۆژهەڵاتـی بەریتانیـاوە کـۆلێرا گەیشـتە بەریتانیـا، ئینجـا هێـواش هێـواش بەهەمـوو ئاراسـتەکاندا بڵاوبـووەوە، تەنـــانەت لەســـەرەتای ســـاڵی ١٨٣٢ گەیشـــە لەنـــدەنیش. لایەنگرانی هەوایی پێیانوابوو نەخۆشییەکە لەڕێگەی هەواوە بڵاوبـــۆتەوە، لایەنگرانـــی تەشـــەنەکردنی نەخۆشـــییەکە پێیـــانوابوو لەڕێـــگەی بەرکەوتەی مـــرۆڤ بەیەکتـــرییەوە بڵاودەبێـــتەوە، بەڵام دوای کۆتـــایی هـــاتنی پەتـــاکە ئەو دەرەنجـامەی هەردوولا پێیگەیشـتن ئەوەبـوو، سیسـتەمی کەرەنتیـنە ڕۆڵێکـی ئەوتـۆی لەم نەخۆشـییەدا نەبـووە، لەو ســـاتەوە سیاســـەتی بەریتـــانی پێشـــوازیی لە میناکـــان دەســـتپێکرد، تەنهـــا ئەو کەیســـانەی گومانیـــان لێـــدەکرا جیـادەکرانەوەو کەرەنتیـنە دەکـران، بەو کـارەی هەردوو

بۆچوونە سەرەکییەکەی پشتگوێ خست. بێگومان بەریتانیا ئەوکاتە خاوەنی گەورەترین پابەندبوونی دەریایی بوو، بەهۆی سیستەمی کەرەنتینەوە گەورەترین زیانی بەردەکەوت چونکە کەرەنتینە کۆسپی ڕێی کارکردن بوو. لە ساڵی ١٨٥١ەوە، زنجیرەیەک کۆنگرەی تەندروستی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا، لەبنەڕەتەوە تایبەت کرابوو بە کۆلێرا. وەکو فاکتەرێکی ڕۆتینی بۆ زاڵبوون بەسەر نەخۆشییەکەدا بەریتانیاو هیندی بەریتانی بەرەیەکی بەهێزیان کردەوە دژی سیاسەتی کەرەنتینە، دەرەنجامی ئابوری لەم جۆرە سیاسەتەدا بۆ هەموو لایەک ڕوونە، سیاسەتی زانستیی بەریتانی بە بێ پەردە لەسەر بنەمای بازرگانی بە پێوە ڕاوەستابوو. یەکێ لەوانەی پشتگیری ڕێگەی هەواییان دەکرد، یەکێ لە کەسایەتییە دیارەکانی تەندروستی گشتی بەریتانی ڕابردوو ئیدوین چادویک[٣٤] (١٨٠٠- ١٨٩٠) بوو. چادویک ڕاهێنانی لەسەر پارێزەری دەکرد، یاریدەدەری فەیلەسوفی ڕیفۆرمخواز جێرمی بێنتام[٣٥] (١٧٤٨- ١٨٣٢) بوو. چادویک سوودی لە ڕێبازی بێنتام وەرگرت سەبارەت بە توانا و یەکسانیی سادە لەنێوان کاری چاکە و بەختەوەریدا (لەکاتێکدا دروشمی فێرگەی سوودگەرایی "گەورەترین سوود بگەیەنە بە زۆرترین خەڵک") بوو. چادویک بۆیە هاتە بەشی تەندروستی گشتی تاکو گرنگی بە هەژاران بدات، بەتایبەتی جێبەجێکردنی یاسای هەژاران، کە یاسایەکی کۆنە و مێژووەکەی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی شازدە دەگەڕێتەوە، وەکو هۆکارێکی

34 Edwin Chadwick.

35 Jeremy Bentham.

یاسـایی بـۆ هەڵسـوکەوت کـردن لەگەڵ ئەو مەسـەلانەی پەیوەنـدییان بە سـووککردنی بـاری سەرشـانی هەژارو ونەدارانەوە هەیە، دیـارە ئەم یاسـایە بە هـیچ جۆرێـک لە کۆمەڵگەیەکـدا نەدەگونجـا کە بە قۆنـاغی پێشـکەوتنی شارستانییەت و پیشەسازیی خێرادا گوزەر دەکات. بەریتانیا یەکەم وڵاتـی پیشەسـازی بـوو، نەدەکـرا بەشـێوازێکی کـۆن ڕەفتـار لەگەڵ هەژارانـدا بکـات، لە سـایەی ئابوورییەکـدا لەسـەر کرێـی سـێکتەری پیشەسـازی پایەکـانی خـۆی قـایم کردبێـت، سـەرەڕای بـوونی بێکـاری وەرزی، هەژاریـی نێـو شارستانییەت و گەشەی هۆشیاریی چینایەتی.

سـاڵی ١٨٣٢ لە ئەوروپـا پەتـای یەکەمـی کـۆلێرا زۆر بە قورسی تێپەڕی، ئەو سـاڵە سـاڵێکی پڕ لە ڕوداوو کارەسـات بـوو، لەلایەکـی تریشـەوە پـرۆژەی یاسـای چاکسـازی لە پەرلەمـان هەنـدێ سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا تـاکو ئەو نایەکسـانییەی لە پەرلەمانـدا نـوێنەرایەتیی دەکـرا ڕێـک بخرێتەوە، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی لە ژمـارەی دانیشتوانی شارە پیشەسازییەکاندا هاتبووە ئاراوە، پرۆژەکە چوارچێـوەی مـافی دەسـتوری دەنگـدانی فراوانکـردەوە، پەرلەمان لیژنەیەکی پسپۆری یاسایی پێک هێنا، تاکو چاو بە میکـانیزمە کۆنەکەی کـاری یاسـایی هەژارانـدا بخشـێنێتەوەو ڕێنمـایی نـوێ بە مەبەسـتی چاکسـازی دەربکـات. ئەمەش دەرەنجامی چەند ساڵێک مشتومڕی توند بوو، بەشێکی ئەم پاڵنەرە بۆ وتـارێکی تـی ئـاڕ مـاڵتۆس دەگەڕێتەوە "گەڕانێک دەربـارەی پرەنسـیپی دانیشـتوان" (چـاپی یەکەم لە ١٧٩٨، چاپی شەشەم لە ١٨٢٦).

(١٥) تەنانەت لەسەرەتای هاتنی پەتای کۆلێرەوە لە ١٨٣٠، بەچاوێکی گاڵتەجاڕانەوە تەماشای بڕیارە فەرمییەکان دەکرا. لەم وێنەیەدا پیرۆکراتەکان بە شەپقە فەرمییەکانیانەوە، بەدوای ئەو بۆنە و بەرامەیەدا دەگەڕێن کە بەڵگەی نەخۆشییەکەیە، بەرازێکیش بە سەرسوڕمانەوە سەیری دیمەنەکە دەکات.

ماڵتۆس ئاماژەی بەوە کردووە ڕەواندنەوەی هەژاری چەکێکی دوودەمە، مانەوەی هەژاران بەوشێوەیەی ئێستا لە ژیاندا، بۆی هەیە بەئاسانی کڵۆڵی و بەدبەختی بەهۆی هەژاری و نەدارییەوە لە نەوەکانی داهاتوودا ڕەنێو بێنێ، لە کاتێکدا پەروەردەی هەژاری خۆی لەخۆیدا پاشکۆیەتی بەرهەمدێنێ. دەقی "یاسای دانیشتوان" کە ماڵتوس دایڕشتووە، دەڵێ سروشت توانای زۆربوونی هەموو جۆرەکانی بوونەوەری هەیە زیاد لە ژمارەی ئەوانەی لە دایکبوون و لە ژیاندان، واتە ئەگەر هەلومەرجەکە لەباربێت

دەتوانێ زۆر لەوە زیاتر وەچە بخاتەوە. لەم یاسا قورسەدا مرۆڤ جیاواز و هەڵاوێردە نییە، لە کاتێکدا بەشێوەیەکی ئەندازەیی ژمارەی دانیشتوان بەپێی سەرچاوەکانی دەرامەت بەژمارەی یەک لەدوای یەک زیاد دەکات، هەژاری و نەداری، شەڕ و ماڵوێرانی و خراپەکاری ڕۆڵی هەیە لە دابەزینی ژمارەی دانیشتوان، خستنەوەی وەچەیەکی زۆر لە دۆخی هەژاریدا لە ماوەی درێژخایەندا شتێکی باش نییە.

تەنگژەی ماڵتۆسی تەنها یەکێکە لەو کێشانەی کە لیژنەی یاسای هەژاران لە ١٨٣٢ ڕەچاوی کردووە. چادویک سکرتێری لیژنەکەو دیارترین ئەندامی بووە، سەرۆکی پرۆژەیەک بووە بەشێوەیەکی سیستماتیکی بەدواداچوونی بۆ چۆنێتی بەڕێوەبردنی تەواوی یەکە ئیدارییەکان کە هەریەکەیان سەرۆکی قەشەیەک بەڕێوەی بردووە، ئەم یەکە ئیدارییە تایفییانە خۆی دەدا لە ١٥ هەزار پاریشەو[٣٦] یاسا کۆنەکەی هەژاران سەرپەرشتی دەکرد. ئەو یاسایە لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدە لە سەردەمی شاژنی یەکەم

٣٦ پاریشە Parishes و بە ئینگلیزی eparchy پێدەوترێت، لە هەریەکەیەکی بەڕێوەبردندا کەنیسەیەک هەبووە، بە تایبەتی لە گوندو گەڕەک و ناوچە دوورە دەستەکاندا، بە پێی ژمارەی کەنیسە یەکە ئیدارییەکان دیاری کراون، پرۆتستانتەکان فۆرمی ئیداری کەنیسەیان لەشێوەی تایفەگەری دارشتووە، نوێژکەرانی هەر کەنیسەیەک سەربەخۆیی ئیداری خۆیان هەبووە، یەکەم تایفەش بروانستسە کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆبەرت براون کە ساڵی ١٥٨٠ وەکو یەکەم تایفە ناسرا. لەسەدەی ١٧ بە ناوی سەربەخۆکانەوە ناسران، لەسەرکردەکانیان کرۆم ویل و چەند شوێنکەوتەیەکیان، لە ١٦٦٢ سەدان قەشە لە کەنیسەکانیان دەرکران، ئەوانیش تایفەو گروپی تریان دروستکرد و بەرهەڵستی کەنیسەی سەرەکییان دەکرد. وەرگێڕ

ئەلیزابێس دەستبەکار بوو، ئەم ستاتۆیە بەجۆرێک دیزاین کرابوو گرەنتی پێدانی باجی ناوخۆ بۆ کەسانی پەککەوتە مسۆگەر بکات لەکاتی نەخۆشی و بێکاری و کەڵپەکانی تری ڕۆژگار. خراپیی ئەم یاسایە لەوەدا بوو بەزۆری بۆ کۆمەڵگەیەکی بێ جموجۆڵ و لادێی دانرابوو، لەژێر سایەی سیستەمی کۆمەڵگەی بەریتانیدا کە بەردەوام لە گۆڕاندایەو بەرەو کۆمەڵگەیەکی پڕ جموجۆڵ و پیشەسازی و شارستانییەت دەڕوات کارێکی دژوار بوو، مەسەلەکە بەجۆرێک ئاڵۆز بوو دوای کۆتایی هاتنی جەنگەکەی ناپلیۆن لە دەیەی دووەمی سەدەی نۆزدە، کاتێ هەزاران پیاوی سەربازی گەڕانەوەماڵەوە، توانای کار پەیدا کردنیان نەبوو. لە ئەنجامی بەڕێوەبردنی ئەو یاسایە لە لایەن ١٥ هەزار یەکەی ناوخۆوە، ڕەوتی کارەکان پێچەوانەی مەیلە سوودگەراکەی چادویک دەچووە پێش، لە ڕاپۆرتی ئەندامانی لیژنەدا، کە ساڵی ١٨٣٤ بڵاوکراوەتەوە هاتووە، یاسای نوێی هەژاران کە لە هەمان ساڵدا دەرچووە، کاری لەسەر گشتاندنی میکانیزمەکان و یەکخستنەوەی کردووە، بەجۆرێک بەپێی یاسا و ڕێکخستنی هاوشێوە لە تەواوی وڵاتدا کاری پێدەکرێت. یاسای نوێی هەژاران، لەبەرئەوەی یاسایەکی دڵڕەقانە بوو، زۆر کەس ڕقی لێی بوو، ئەم میکانیزمەی سووک کردنی باری هەژاری لە ١٩٢٩ بە یەکجاری لابرا. چادویک دەیەویست لەو بەڕێوەبەرایەتییەدا دەسەڵاتدار بێت، بەڵام ناچاربوو ڕازی بێت بەوەی وەکو سکرتێر دابنرێت بەرامبەر کرێیەکی گونجاو. شتێکی حەتمی بوو یاسای نوێی هەژاران لەڕووی کارگێڕییەوە ڕۆژانە

چـادویکی ڕووبەڕووی کێشــە و قەیرانــی زیـاتر دەکـردەوە، بەتـــایبەتی لە پەیوەنـــدیی نێـــوان نەخۆشـــی و هەژاریـــدا، دوکتۆرەکـان هەمیشـە سـەرنجی ئەوەیـان دەدا، هەژارەکـان زیـاتر لە دەوڵەمەنـدەکان تووشـــی پەتـاکە دەبـن، ئەمەش پەیوەنـدی بەو هەلـومەرجەوە هەبـوو کە تێیـدا دەژیـان لە ڕووی قەرەباڵغی و کەمی خۆراک و فاکتەرەکانی تری ژیان. چادویـک سـەرگەرمی ڕاسـتییەک بـوو لەبنەڕەتـدا ئەوەبـوو نەخۆش کەوتنی کەسانی نان پەیداکەر بوو کە نەیدەتوانی کاربکـــات، فـــاکتەرێکی گرنـــگ بـــوو کە خێـــزان نەتـــوانێ داخوازییەکانی ژیانی ڕۆژانە پەیدا بکات.

(١٦) گۆســـتاڤ دۆرێ، لەنـــدەن، ئەم تـــابلۆیە زۆر بە جـــوانی گوزارشـــت لە ســـەردانێک دەکـات بـۆ لەنـدەن (١٨٧٢) باســی ئەو قەرەبـاڵغی وهەژاریـیە بێسـنوورە دەکـات کە گەورەتـرین شـارو دەوڵەمەندترین شاری ئەورووپای پێ دەناسرێتەوە.

کەواتە نەخۆشی بۆی هەیە ببێتە هۆی هەژارکردنی خێزان، بەواتایەکی تر، ئایا هەژاری خۆی دەبێتە نەخۆشی؟ چادویک و هاوتەمەنەکانی وایان بەباش دەزانی مۆرکێکی ئەخلاقی بدەنە پاڵ هەژاری، ئەوەشیان ڕاگەیاند، شکستی تاکەکان و ڕوخانیان لە ڕووی دەروونییەوە فاکتەرێکی تری هەژارییە هەروەها شکستهێنان لە پرۆسەیەکی وەکو هاوسەرگیریی بێ بەرنامە، دەستبڵاوی و پاشەکەوت نەکردن، خەرجکردنی پارە لەشتی زیانبەخش، وەکو ئالوودەبوون بە مەی و شتی خراپ. لەگەڵ ئەوەشدا نەخۆشی فاکتەرێکی سەرەکییە لە ڕوودانی هەژاری، بۆیە خۆ ئامادەکردن بۆ خۆپاراستن لە (نەخۆشییە پیسەکان) بۆی هەیە باری قورسی هەژاری سووک بکات. بەتایبەتی لەو نەخۆشییە پیسانە کۆلێرا، تیفۆس، سوورەتا، هۆکاری ئەم نەخۆشییانەش بۆنی گەنیوی ئەو مادە ئۆرگانییانەن کە شیدەبنەوەو بە هەوادا دەگوێزرێنەوە بۆ ناوچە دوورەدەست و قەرەباڵغەکان. دیارە چارەسەری ئەم نەخۆشییانە ئاسانە: ئەویش پاکوخاوێنییە، ئەگەر پیسی هۆکاری نەخۆشی بێت، کەواتە پاکوخاوێنی لەو نەخۆشییانە دەمانپارێزێ.گەشتەکەی چادویک لەو کاتەوە کە ڕیفۆرمخوازی یاسای هەژاران بوو، تا دەگات بەوەی چەند ساڵێک لە بواری خۆپاراستن لە نەخۆشییەکاندا کاربکات لە ١٨٣٤ بۆ ١٨٤٢ ، دەقێکی کلاسیکی لە دەقەکانی بزوتنەوەی تەندروستی گشتیی پێشوو بڵاودەکاتەوە بە ناونیشانی: "ڕاپۆرتێک دەربارەی تەندروستیی کرێکارانی بەریتانیای مەزن" لەم ڕاپۆرتەدا شێوازێک لە ئاماری نوێی ئەو کاتە

دەخـاتە ڕوو (لە تۆمـاری شارسـتانی سـاڵی ١٨٣٧، نـاوی ئەوانەی هاوسـەرگیری دەکەن، ئەو منداڵانەی لەدایک دەبن، ژمارەی ئەوانەی دەمردن، تۆمـار دەکرد)، بـۆ ئەوەی بتوانێ لەڕووی چەنـدایەتییەوە ئەو جیـاوازییە سەرسـووڕهێنەرە لە ڕێژەی مردن و تێکڕایی تەمەنی مامناوەندی پێشـبینی کراو لە منـداڵییەوە، لەنێـوان شـارە قەرەباڵغەکـان و لادێکانـدا، لە نێـــوان دەوڵەمەنـــد وهەژارەکانـــدا بپێوێـــت. لە پێنـــاوی چارەسـەری کێشـەی نەخۆشـییە پیسـەکان. چادویـک نـاوێکی تازەی پێشنیارکرد ئەویش بەکارهێنانی سیستەمی خوێنبەرو خـوێنهێنەری سـووڕی خـوێن بـوو بـۆ ڕاکێشـانی ئـاوی پـاک 'هاوشـێوەی خـوێنبەر' و لێـدانی زێـراب و ئاوەڕۆکـان بـۆ دوورخسـتنەوەی پاشـەڕۆکان 'هاوشـێوەی خوێنهێنەرەکـان'، دابینکردنـی ئـاوی پـاک بە بـۆڕی بـۆ مـاڵان، مـاڵ ئاسـانتر پاکوخـاوێن دەبێـتەوە، وە گواسـتنەوەی ئـاوەڕۆ لەڕێـگەی بـۆڕیی لووسـەوە کە پیسـی لەخـۆ نەگرێ و بەرگەی درز و شکاوی بگرێت تا دەرەوەی شـار، ئەوا لەکێشـەی لێدانی بیر بۆ پیسـایی و پیسبوونی خـاک ڕزگارمـان دەبێ. سـەرەڕای ئەوەش لەدەرەوەی شـــار لەڕێـــگەی چارەســـەر، بەچەنـــد قۆناغێک وەکو پەیینی ئۆرگانیـک سـوود لەو ئاوەڕۆ خەسـتە وەردەگیـرێ بـۆ کشـتوکاڵ و دەفرۆشـرێتە کشـتیارەکان بە قازانج و بەروبوومی کشوکاڵی زیاد دەکات، تەنـانەت دۆخـی خۆراکەکـــانیش بەرەو باشـــتر دەڕۆن. ئەم پێشـــنیارانە چارەســـەرێکی ئەنـــدازەیی دەگـــمەن بـــوون بـــۆ مەســـەلەی تەندروسـتی گشـتی، لەسـنووری خۆیـدا شـتێکی نـوێ و گونجـاو بـوو، لەگەڵ ئەوەشـدا ئەوەی چادویـک چـاوەڕوانی

دەکرد چارەسەرێکی ڕیشەیی نەبوو بۆ هۆکاری نەخۆشییەکان بە تایبەتی لەنێو هەژاراندا.

لەساڵی ١٨٤٨ کاتێک کۆلێرا گەڕایەوە چادویک هەلی بۆ ڕەخسا لەبواری تەندروستی گشتیدا شوێن دەستی دیاربێت، لیژنەیەکی تەندروستی پێکهێنا کە لە سێ کەس پێکهاتبوون یەکێکیان چادویک خۆی بوو (ئەندامی چوارەم پزیشکێک بوو دواتر دانرا). ئەو بڕگە یاساییەی ڕێگەی بە دامەزراندنی لیژنەکە دابوو تاڕادەیەکی زۆر ڕێگەی بەوەش دابوو ئەو لیژنەیە ئازاد بێت لەوەی، هەر کۆمەڵەیەکی خۆجێی ئەگەر ١٠٪ باجی دابێت ئەوا بۆی هەیە بەرپرسێکی پزیشکی تایبەت بەخۆی دامەزرێنێ. بەڵام دانانی ئەم بەرپرسە تەندروستییە بەزۆر نییە، ئەگەر ڕێژەی مردنی خاو crude death rate لە ناوچەکەدا (کۆی مردن بەهۆکاری جۆراوجۆر، لەکۆی دانیشتوانی ناوچەکە، لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا. و) لە کۆی هەر هەزار کەسێک ٢٣ کەس تێنەپەڕێنێ. ئەم ئاسانکارییە شتێک بوو لە ئەسپی تەروادە، چونکە ئەو بەرپرسە تەندروستییانەی بە مەبەستی خۆپاراستن دایاننان، بەپێی یاساکە داوایان کرد لەسەرتاسەری وڵاتدا هاوشێوەی خۆیان بەرپرسی تر دابنرێت. ئەمجۆرە ئاسانکارییە بە ناوی ڕێگەپێدانەوە بۆ بەندێکی یاسایی، شێوازێکی باوە لەو کۆمەڵگە لیبراڵییانەی لەسەر بنەمای ئازادیی کار ڕەفتار دەکەن، بەشێوازێک ئێستاش سەداکەی دەنگدەداتەوە، دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوە لەهەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئەگەر ئاگادار نەبین کێشەی تر بەدوای خۆیدا دێنێت وەکو شێوەیەک لە شێوەکانی گەندەڵی.چادویک، بەدرێژایی ژیانی دەستبەرداری بیرۆکەی

نەخۆشـییە پیسـەکان و ڕۆڵـی پاکوخـاوێنی لە چـاکبوونەوەدا نەبوو، لە ١٨٥٤ ناچارکرا دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێت، هەرچەنـــدە کـــۆلێرا گەڕایەوە. شـــێوازە دیکتـــاتۆرییەکەی دوژمنـی زۆری بـۆ قـووت کـردەوە، دەیەویـست لە دەرگـای پێشـەوە بـڕگەی یاسـایی ئیلزامیـی بهێنێـتە ژوورەوە، بەڵام هێواش هێواش بە پارچە کراوی لەدەرگای پشتەوە دەیهێنانە ژوورەوە.

لەو کـاتەدا، چەمکـی نەخۆشـییە پیسـەکان گۆڕانکـاریی بەسەرداهات. بەڵام کاتێک خەڵک بەوەیان زانـی، کـار لەکـار ترازابـوو. فیلیپـۆ پـاچینی[٣٧] (١٨١٢- ١٨٨٣) کە پسـپۆری پشـکنینی میکرۆسـکۆپی بـوو، هۆکـاری کـۆلێراکەی ١٨٥٤ ی ڕوونکـردەوە. بە هەمـان گـرنگییەوە جـۆن سـنۆ[٣٨] (١٨١٣- ١٨٥٨)، پسـپۆری بێهۆشـکاری و نەخۆشـییە درمییەکـان و پزیشـکی پراکتیکـی بـوو لە لەنـدەن، سـەلماندی کـۆلێرا لە ڕێگەی هەواوە ناگوێزرێتەوە بەڵکو لە ڕێگەی ئاوەوە. جۆن سنۆ لە کاتی کۆلێرای یەکەم (١٨٣١- ١٨٣٢) پزیشکی موقیم بـوو، کـاتێ بـووە پزیشـکی پراکتیکـی لێکـۆڵینەوەی لەسـەر نەخۆشـــییەکە کـرد، بە پەرۆشـــەوە کاریـدەکرد، لە کـــاتی هەردوو کـــۆلێرای ١٨٤٨ و ١٨٥٤ کە لەنـــدەنی گـــرتەوە، بە تەواوی پشـتی پێدەبەسـترا، بەڵـگەی بەهێـزی سـەبارەت بە پەتـاکەی ١٨٤٨ پێشکەشکرد، بەوەی نەخۆشـییەکە لەڕێگەی ئـــاوی پـــیس بە پاشـــەڕۆی مـــرۆڤ دەگـــوێزرێتەوە، زانیارییەکـانی دەرەنجـامی دوو ئەزمـوونی کەڵەکەبـوو بـوون لە ١٨٥٤ ڕایگەیانـد. ترومپـا بەناوبـانگەکەی بـرۆد سـتریت

37Philipo pacini.
38John snow.

یەکێکە لەو ئەزمونانەی سنۆ، ئەو ئەزموونەی کە ئەفسانە خوڵقێنە، ئەو ترومپایە لەگەڕەکی سۆهۆ بوو لە ناوەڕاستی لەندەن (شەقامی برۆد ستریت ئێستا ناوی بووە بە شەقامی برۆدویک ستریت) ئاوی دەدایە زۆربەی ماڵەکان، زۆرێک لەو مالانە ڕاستەوخۆ بۆرپی بۆ ناوماڵەکان نەبوو یان زەمبەلەیان نەبوو. گەڕانی سیستماتیکانەی ماڵ بە ماڵ، دەرکەوت ئەو کەیسانەی ڕوویان دەدا، لەو ناوچەیە بوو کە یەک ترومپای ئاویان هەبوو، سەلمێندرا ئاوەکە پیسە و سەرچاوەی نەخۆشییە، چونکە بۆرپی ئاوەڕۆیەک دەڕژایە ناوییەوە کلیلی سەر دەسکی ترومپاکە هەر ڕەمزی دانرابوو، ئەگینا کاری نەدەکرد؛ هەرچەندە پەتاکە ڕوو لە کزی بوو، بەلام ئەو ڕووداوە سەرنجی زۆر لایەنی بەلای خۆیدا ڕاکێشا.

لێکۆڵینەوەی دووەمی سنۆ لە پەتاکاندا کە مایەی گرنگیدانی زیاتر بوو، بەراوردی ئەو دۆخەی خەڵک بوو، کە ئاوی ڕوباری تەیمزیان، لە دوو کۆمپانیای جیاواز دەکڕی: یەکێکیان فیلتەری دانابوو و ئاوەکەی لەسەرەوەی ئەو شوێنەوە وەردەگرت کە ئاوەڕۆکانی لەندەنی تێدا دەڕژا، بەلام ئەویتریان فیلتەری نەدەکردو لەو شوێنەوە ئاوەکەی دەگواستەوە کە ئاوەڕۆکانی تێدەڕژا، سەرەڕای پیسییەکانی تر. هەندێجار دانیشتوانی یەک شەقام بوون، هەلومەرجی نیشتەجێ بوونیان هاوشێوە بووە، هەمان هەوایان هەڵدەمژی، بەلام لە گەڵ دوو کۆمپانیای جیاواز گرێبەستیان کردبوو، سنۆ سەلماندی ئەوانەی ئاوی کۆمپانیا خراپەکەیان بەکارهێناوە، هەلی تووشبوونیان بە کۆلێرا ١٢ جار زیاتر بووە لەوانەی سەرچاوەی ئاوی باشتریان بەکارهێناوە.

دیاره ئەو بەڵگانەی سنۆ خستنییە بەرچاو بەلای ئێمەوە بەڵــــگەی ڕوون و ئاشــــکران، بەڵام لای زۆربەی ئەوانەی لەســەردەمەکەی ئەودا ژیــاون، نــا ئاشــکرابوون، سروشــتی کــۆلێراو هۆکارەکــانی مــاوەی چەنــد دەیەیەک مــایەی مشــتومڕی زۆربــوو، تەنــانەت دوای ئەوەی لەســـەردەمی بەکتریۆلۆجیـــدا ڕۆبەرت کـــوخ ســـاڵی ١٨٨٤ هۆکـــاری نەخۆشــییەکەی بــۆ میکــرۆب گەڕانــدەوە. بەڵام شــێوازی بیرکــردنەوەی کــۆن ســەبارەت بە نەخۆشــییەکە بە ئاســانی ناگۆڕێت، لەکاتێکدا ژمــارەی ئەو کەســانەی گوێیــان لە کــوخ دەگــرت لە ١٨٩٠ کــاتێ کــۆلێرا لە هــامبۆرگی دا، زۆر زیــاتر بوون بە بەراورد لەوانەی پێش چوار دەیە گوێیان لە جۆن سنۆ دەگرت. ئەو بەڵگانەی کوخ خستنییە بەرچاو، وەکو بەڵگەکــانی ســنۆ، زۆر بەهێــز بــوون. لە بەشــی داهــاتوودا دەبینین، قارەمــانە ڕاستەقینەکانی مەیانی پزیشــکیی نوێ، تــا هاتنی زانست، سەربازی ون بوون.

سەرهەڵدانی بیرۆکراسی لە تەندروستی گشتیدا

"جــاران وشــە، وشــە بــوو" ئــاوا لە ئینجیلــی پیــرۆزی یوحەنادا هاتووە، بەڵام ئێستا سەرکەوتن بۆ ژمــارەیە؛ ئێســتا ئێمە کات بەڕێوەمان دەبات، چاودێری هەڵکشــان و داکشــانی نرخی دراوەکان، یان سوودی بــارمتەی خــانووبەرە دەکەیــن، مانگانە باری کەشوهەوا بەپێی بەرزترین پلەی گەرمــی یان شــێ لە تۆمارەکــانی کەشــوهەوادا دەپێــوین، ژمارەکــان لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا زاڵبوون بەسەر ژیانماندا.

گومانی تێدانییە بەڵگەکانی بواری تەندروستی ژمارەییە، ئامارە، بزووتنەوەی تەندروستی گشتی تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی بزووتنەوەی پیشەسازی و شارستانییە، کە شێوەی جیهانی ڕۆژئاوای لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمەوە گۆڕی، هەروەها پشتی بە ئەقڵی ژمارەیی بەست هاوشانی قازانج و زیان کردن لە سیستەمی پیشەسازیی کارگەکاندا، توانییان بەسەر هێزی هەڵمدا زاڵبن، لە سیستەمی فاتورەی کڕین و فرۆش system entry book-keeping دا و ئاماری دانیشتوان بەتەواوی باڵادەست بوون. لە چەرخی ڤیکتۆریدا دانیشتوان هەروەکو ئێمە بەدەست ئەو فاکت و داتایانەی بەسەریاندا سەپێنرابوو هەستیان بە پشێوی ونیگەرانی کردووە. لێرەدا پێویستە تیشک بخرێتە سەر سێ ڕەهەند لە پرۆسەی پێوەری چەندایەتی بۆ کاری پزیشکی (کۆمەڵگە بەگشتی) ئەوانیش: لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون، چاودێری کردن و بایەخدان.

بەدواداچوونی شتەکان، سادەترین بەشی سێ ڕەهەندەکەیە، لیژنەی یاسای هەژاران لە ساڵی ١٨٣٢ وا خۆی دەردەخات لەئاستی نیشتمانیدا پێشڕەوە، بێگومان کاتی خۆی لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکان شتێکی نوێ بوو، چادویک و هاوڕێکانی لە ئەندامانی لیژنە، فۆرمێکی ڕاپرسیی دوورو درێژیان بەسەر هەریەکە لە پاریشە بەرپرسەکان دەربارەی چاودێریکردن کە لەدەقی یاسای هەژاراندا هاتووە، دابەشکرد. هەوڵیاندا وەڵامەکانیان دروست و گونجاوبن. لەکۆتایی ساڵی ١٨٣٠ چادویک فرمانی کرد بەدواداچوونێک سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان هەژاری و

قەرەباڵغیی دانیشتوان و نەخۆشییە پیسەکان ئەنجام بدەن. یەکەم کارێک کە کردیان جۆن سایمۆن[39] (١٨١٦- ١٩٠٤) لە ئەستۆی گرت بەو سیفەتەی لە ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەی تەندروستی گشتی بەریتانیدا جێگرەوەی چادویکە، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە سەبارەت بە کووتان ومەودای کاریگەرییەکەی بوو لەڕێگەی سەپاندنی کووتانی زۆرە ملێوە کە هەموو ئەوروپای دەگرتەوە. ئەو لێکۆڵینەوەیە سایمۆنی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی ڕێگەی خۆپاراستن لە ئاوڵە چالاک کردنی سیاسەتی کووتانی خۆڕاییە. لەو سالانەی سایمۆن لە پایەکەی خۆی بەردەوام بوو، هێواش هێواش هەستی بەوە کرد ڕازی کردنی خەڵک وەکو کەرەستەیەک بۆ بەدیهێنانی ئامانجی تەندروستی گشتی شتێکی بێسوودە، لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا بەریتانیا سیستەمی کووتانی ئیلزامی لەسەرئەرکی حکومەت، بەخۆڕایی و گشتگیر، جێبەجێ کرد، لەگەڵ سزادانی ئەوکەسانەی ملکەچی بڕیارەکە نابن.

لەدەیەکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، جیهانی پێشکەوتوخواز هەر هەمووی هەستی بە هێزی ژمارەکان کردبوو، لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلە کۆمەلایەتییانەی کە مۆرکێکی پزیشکییان لە خۆگرتووە، دووبارە دەکرانەوە، هەندێ مەسەلە گرنگیی زیاتری پێدرا و وردبینانەتر لێی کۆڵرایەوە، وەکو هەژاری، کارکردن بە مندالان، باردۆخی کارگەکان، فرتوفێڵ و گزیکردن لە مادە خۆراکییەکان، تۆڕەکانی ئاوی سازکار، دیاردەی

---

39 John Simon.

لەشفرۆشی، پێوەرەکانی خانوو دروستکردن، و بێگومان نەخۆشییە درمییەکان. زۆرجار بەدواداچوون بۆ مەسەلەیەک پەل دەهاوێ بۆ مەسەلەیەکی گرنگترو گشتگیرتر، بۆنموونە کارپێکردنی منداڵ بە کاری قورس و کرێدەستی کەم، مەسەلەیەکی لەوە گەورەتر دەورووژێنێ ئەویش پەروەردەو تەندروستی منداڵەکەیە. لە ڕۆمانێکی چارلز دیکنزدا، گرادگرایند تاکە کەس نەبوو لە ئەوروپای سەدەی نۆزدەدا وێڵی دوای "ڕاستییەکان" بێت، بەڵام لە ئێستادا ڕێژەی هاتنی ڕاستییەکان لە شێوەی خشتەو داتا و وێنە چەندایەتییەکان، بەردەوام لە زیادبووندایە.

ئەگەر لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونەکان، بابەتە پزیشکی و کۆمەڵایەتییەکانی لە ڕووی جۆر و فۆرمەوە جولاندبێ، ئەوا سیستەمی چاودێریکردن تەواوکەر و ستراتیجە، بە شێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو شوێن ئەو کێشانە دەکەوێت کە مایەی نیگەرانین. ستراکچەری زۆربەی شێوازەکانی چاودێری کردن، بۆ سەردەمی زوو دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، گۆشتفرۆشە فەرەنسییەکان دەیانزانی کاتی هاتنی پشکێنەرەکان بۆ پشکنینی گۆشتەکەیان کەیە، نمایشگاو مارکێتەکان بەپێی مەرج و ڕێنماییەکان دەکرانەوە، مەرزەکان و بەندەرەکان و ئەو شارانەی شوورەدارن، بە کۆنترۆڵی پشکنین قایم کرابوون، بەتایبەتی لە کاتی هاتنی کۆلێراو نەخۆشییە درمییەکانی تردا؛ لەبەرئەوە پشکنینی گەشتیاران و شتومەکەکان شتێکی پێشبینی کراوبوو، بەهەرحاڵ ئەو پاشا وستەمکارانەی دەسەڵاتی ڕەهایان هەبوو، پێویستیان بە زانیاری ورد هەبوو دەربارەی هاتوچۆی دوژمنەکانیان. پێشەنگی ئەم

دەزگایانەی وەکو دەزگای لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمەریکی FBI ، ناوەندی هەواڵگری ئەمەریکی CIA ، نووسینگەی پێنجەمی بەریتانی MI5 و دەزگای هەواڵگری سۆڤییەتی KGB، لەڕابردووشدا زۆر هەبوون، گەرچی تەنها تایبەتمەندبوون بە کۆنترۆڵ وئاسایشی وڵاتەوە، نەک بە تەندروستییەوە.

(١٧) لەم وێنەیەدا پێچەوانەی وێنەی (١٥) کاتێ دەوڵەت لە کارو بارە گشتییەکان خۆی هەڵدەقورتاند، خەڵک بە گاڵتەجارییەوە لێیان دەڕوانی، بەڵام لەم وێنەیەدا کە لانس کالکین لە (١٩٠١) کێشاویەتی خەڵک بەڕێزەوە لەو کارمەندە ئارامەی دەوڵەت دەڕوانێ کە ئەو کچانە دەکووتێ، دژی نەخۆشی ئاوڵە.

هەر لەگەڵ دارشــتنی یاســای تــایبەت بە تەندروســتی گشــتی، ئەو یاســایە پێویســتی بە چــاودێری کــردن هەبــوو، بەرپرســـی یەکە پزیشـــکییەکان لە بـــواری تەندروســـتیدا، نەشــتەرکاری کارگەکـان، دەسـتەی پزیشـکیی بەنـدەرەکان و ئەو گروپە تایبەتانەی پەیوەندییان بە تەندروستییەوە هەبوو، هەمــوو ئەمــانە لەســەدەی نــۆزدەدا بەشــە بەرچــاوەکەی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بــوون. ڕوونترین نموونەی چـاودێری کردن وەکو ئەرکی بەرپرسی تەندروستی گشتی و پزیشکە پـــراکتیکە ئاســـاییەکان، گەیانـــدن و ئاگـــادارکردنەوەی کۆمەڵگەبوو لە گەشەکردنی چەمکی نەخۆشـی. ژمـارەیەک لە کــۆمەڵە مەدەنییەکـــان ســـووربوون لەســـەر پێویســـتیی ئاگـــادارکردنەوەی دەســـەڵاتی مەرکەزی لە مەترســـیی نەخۆشـــییەکانی ئـــاوڵە. لە ســـاڵەکانی هەشـــتای ســـەدەی نۆزدەوە، دوای دەرکەوتنی زانستی بەکتریۆلۆجی، پلانسازی لە ئاســـتی نیشـــتمانی ڕەوتـــی خـــۆی وەرگـــرت وچەنـــد نەخۆشـــییەکی خســـتە بـــازنەی پلانەکـــانییەوە، بەوپێـــیەی نەخۆشیی تەشـەنەکردوون و مەترسـین لەسـەر تەندروسـتی گشـتی. ئـاوڵە وسـوورەتا وگرانەتـا ولەم دواییـانەدا سـیل و سـیفیلیس، لەو نەخۆشـییانەبوون کە مەترسـی بـوون بۆسـەر تەواوی خەڵــک وبەهــای تــایبەتبوونی تێپەڕانــدبوو، هەمــوو تاکێـک لەسـەر دەسـتی پزیشـکێک چارەسـەر دەکـرا، داوا لە پیشــەوەرە پزیشــکییەکان کــرا، ســەرەڕای ئەرکەکەی خۆیـان دەبـــێ چـــاودێری دۆخەکەش بـــن (بەرامـــبەر پڕکـــردنەوەی فۆرمەکـان کرێیـان وەردەگـرت، بـۆیە بەرگرییـان بەرامـبەر بیرۆکراســـییەت کەم بووبـــووەوە) لەگەڵ ئەوەی بەرپرســـە

پزیشــــکییەکانی تەندروســـــتی وهاوشــــێوەکانیان، لە وڵاتە جیاوازەکـان لەبەرەکـانی پێشــەوە بـوون، بەڵام چـاوەڕوانی لەوە دەکرا هەموو پزیشکەکان بێنە ڕیزیانەوە، بۆ بەرەکانی پێشەوە.

لەچوارچێــــوەی مەســــــەلە یاســــــایی وپزیشــــــکی وئەخلاقییەکانــــدا، کە پرۆســــەی چـــاودیری دەیگـــرتنەوە، کێشــەکەی مــاری مــالۆنی بەناوبانـگ (١٨٦٩- ١٩٣٩) یـان "مــــاریی تیفۆئیـــد" ســــەرهەڵدەدات. ئەو ژنە لە دایکبـــووی ئیرلەنـدەیە و وەکـو چێشـت لێنەری زنجیـرەیەک لە خێـزانە دەوڵەمەندە نیۆیۆرکییەکان، لەدەیەی یەکەمی سەدەی بیستدا کـــاریکردووە. تەندروســـتییەکی زۆر باشـــی هەبـــوو، بەڵام هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی ڤان کوخ پێش مـاوەیەک باسـی کردبـوو بە نازنـاوی (دۆخـی هەڵگری نەخۆشـی)، لە ماریـدا هەبوو، واتە بەکتریای تای تیفۆئیدی بڵاودەکردەوە، بێئەوەی خۆی هیچ نیشانەیەکی نەخۆشییەکەی پێوەبێت. ژمـارەیەکی زۆری ئەنــدامی خێزانەکـــان بەو نەخۆشـــییە تووشــــبوون، بەرپرســـەکانی تەندروسـتی گشـتی بەدواداچوونیـان بـۆ ئەم شــێوە لە تەشــەنەکردنی نەخۆشــییە دابـڕاوە کـرد. ئەم ژنە کۆچەرە، کە هۆشـیارییەکی ئەوتۆی نەبـوو و ئاگـاداری ئەو هەڵەیە نەبـوو لێـی ڕوویـدابوو، جـگە لەوەی مەترسـی بـوو بۆسـەر تەندروست گشتی، نێردرایە بەندیخانە و سـزای ئەو "تاوانە"ی ئەنجامی دابوو وەرگرت.

لێکۆڵینەوەی بەدواداچـوون ئەرکـی ئەو بەرپراسـانە بـوو کە پەیوەنـدییە نوێیەکانیـان ئاشـکرا دەکـرد، بەڵام چـاودێری

کردن ئەرکی هەر پزیشکێک بوو، کە نەخۆشێکی دەبینی تووشی نەخۆشی بووە پێویست بوو بەبەرپرسەکانی ڕابگەیەنێت. ئامارکردنی نەخۆشییەکانیش تایبەت بوو بەو کەسانەی ڕاهێنانی تایبەتیان کردبوو لەسەر تێگەیشتن لە سروشتی هۆکارەکان و مەسەلە پەیوەندیدارەکان. بزووتنەوەی تەندروستی گشتیی نوێ، هاوتەریب لەگەڵ دەستە ئامارییەکاندا دامەزرا، لەبەر زۆرێک لەو هۆیانە، هەردووکیان کاردانەوە بوون بۆ ڕەوتی دامەزراوەیی، هەروەها بزووتنەوەی تەندروستی گشتی وکۆمەڵە ئامارییەکان، خۆیان لەزۆرێک لەو ئەندامانە پێکهاتبوون کە پەیوەستی دۆخەکەبوون.

هەرچەندە ئەگەرە بیرکارییەکان لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا سەریان هەڵدا، بەڵام هاوبەشە بیرکارییە سەردەمەکە، "ئامار"بوو، کە لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردبوو. دەستە ئامارییەکان لەسەرەتاوە تەرخان کرابوون بۆ کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بینراوەکان و پێشکەشکردنی ئەو بینراوانە لەسەر فۆرمی خشتێنراو، تۆمارکردنی مردوو لە تۆماری مەدەنیدا لەزۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا بەشێوەی ساڵانە هۆکاری مردنی تێدا تۆماردەکرا، لەهەمان کاتدا هەوڵی نێودەوڵەتی دراوە بۆ یەکخستنی ئەو بەشانەی دەستنیشانی نەخۆشییەکان دەکەن. زۆربەی نەخۆشییەکان لەسەر بنەمای نیشانەکان (وەکو 'تا' یان 'زەردوویی') بەش کراون، پێویستە ئەم نیشانانە لە خودی نەخۆشییەکە خۆی دوور بخەینەوە،

پــــۆلێنزانی، گرنگیــــدان بە نەخۆشــــییەکانی لاپەســــەندە؛ پزیشــکەکان لە هەردوو بــواری نیشــتمانی و نێــونەتەوەیی پێویســتە لە تۆمــارکردنی هۆکــاری مردنــدا لە بەڵگەنــامەو ڕاپۆرتی ساڵانەی نەخۆشخانەکاندا پەنجە بخەنە سەر ئەو نەخۆشییانەی کە هۆکاری مردنەکە بوون.

لە سەرەتای کاری فرانسیس گالتۆن[40] (١٨٢٢- ١٩١١) کە ئامۆزای چارلز داروین بوو "نیشانەی نەخۆشییەکان" بە هەمــان شــێوەی نەخۆشــییەکان چــوونە بــواری ئامــارەوە؛ سروشــتی پرۆســەی بۆمــاوەیی ســەرنجی گــاڵتۆنی بەلای خۆیدا ڕاکێشــا، چەنــد شــێوازێکی بیرکــاریی بۆ لێکدانەوەی هاوبەشــە ڕێژەییەکــانی دایــک و بــاوک لەســەر وەچەکانیــان داهێنــا، جگە لە ڕۆڵی باوباپیران، لە پێکهاتە بۆماوەییەکانی تاکــدا. بەو ســیفەتەی دامەزرێــنەری چــاککردنی وەچەیە، بەشێوەیەکی تایبەت گرنگیی زۆری بەجیاوازیی ڕێژەیی ئەو منداڵانەدا کە لەدایک دەبن، لەنێوان باوک و دایکە هەژار و نابەرپرســـەکان لەگەڵ بـــاوکە بەرپرســـەکان لە چینەکـــانی ناوەڕاســـت، زۆربەی تایبەتمەنـــدییە مرۆییەکـــانی نێـــوان هەردوو وەچەکەی دیراســـە کـــرد، وەکـــو درێـــژی بـــاڵا و تێکڕایی تەمەن و هێزی ماسوولکەیی و سەرکەوتن لەژیـان. گاڵتۆن لە هاوکێشەی تەندروستی گشتیدا بۆماوەزانی هێنایە نــاوەوە، لە بوارێکــدا پێشــتر لەپــلەی یەکەمــدا گرنگیـــی بە کــاریگەریی مەســـەلە ژینگەییەکــان دەدا، وەکــو تەقیــنەوەی

---

40 Francis Galton.

دانیشتوان و پیسبوونی ژینگە. دوای گالتۆن پێویست بوو هەردوو بواری "سروشت" و "پەروەردە" ڕەچاو بکرێت.

هەرچەندە گالتۆن لەهەردوو بواری ماتماتیک و پزیشکیدا ڕاهێنانی ئەنجامداوە (بەلام لەهیچ بوارێکیاندا کاری نەکردووە) کارل پێرسۆن[41] (١٨٥٧- ١٩٣٦) کە خوێندکاری گالتۆنە بۆ هەریەکە لە زانستی ئەزمونگەری و پزیشکی کلینیکی ئاماری لەڕیزی پێشەوە دانا. زۆربەی سەرنجەکانمان لە نیشانەی نەخۆشییەکان، کە بەهاکەی 'p' ە، (لەو گۆڕانکارییانەی دەپێورێن، ڕێژەی متمانەی ٩٥٪)ە، دەگەڕێتەوە بۆ پێرسۆن . هەر ئەو لێکۆلینەوەی لەسەر ڕۆلی بۆماوەیی لە نەخۆشی سیل و ئالوودەی ئەلکهول ئەنجامدا، بەلام لە بنەڕەتدا گرنگیی بە گەشەی زیندەزانی دەدا. لەسەر دەستی خوێندکارەکانی ماتماتیک لە زانستی ژینگەو هەلسەنگاندنی چارەسەرە نوێیەکان، لەڕێگەی ئەزموونی کلینیکییەوە ڕۆلێکی گرنگی هەبوو.

ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەدەی بیستەمدا بەدەستهاتن درێژکراوەی ئەو لێکۆلینەوەو فۆرم و داتا سادانە بوو، لایەنگرانی تەندروستی گشتی لە سەدەی ڕابردوودا بەکاریان دەهێنا، بەلام کەسە پەیوەندیدارەکان لەسەدەی نۆزدەدا نەیانتوانی گەشەی پێبدەن، گەشەکردنی تەندروستی لە سەدەی بیست درێژکراوەی ئەو ڕاستی و ژمارانە "ڕێگەی ژمارەیی"یە کە لۆی لە ناو نەخۆشخانە و دەرەوەی نەخۆشخانە، لە کارگەکان لە ناو کۆمەلگە دایهێنا لەڕێگەی

---

41 Karl Pearson.

هەڵسەنگاندنی داتاکانەوە، بەکارهێنانی، ئامرازە بیرکاری و ئامارە پێویستەکان بۆ ئەو هەڵسەنگاندنە، گرنگییەکی زۆری هەبوو لە بواری توێژینەوەی تەندروستی و بواری خۆپاراستن لەنەخۆشی.

بەشی پێنجەم
پزیشکی لە تاقیگەدا

بە زانست کردنی پزیشکی

هەمیشــە پزیشــکیی ڕۆژئــاوا لەو وەهــمەدا ژیــاوە "زانست"ییە، بەڵام ئەو زانستەی ئەو مەبەستێتی گۆڕانکاریی بەسـەردا هـاتووە. هیپۆکراتییەکـان خۆیـان دەبەنە ڕیزبەنـدی زانســـتەوە، (گریکەکــان زاراوەی وەکـــو "فەلســـەفەی سروشــت"یان بەکارهێنــا)، ژمــارەیەک لە شــوێنکەوتووانی گالینۆسیش بەهەمان شێوە. ئەو کردە پزیشکییەی بەکاریان دەهێنا دوو تایبەتمەندی 'زانستی' بنەڕەتی هەبوو.

یەکەمیـان، تایبەتمەنـدییەکی ئەقڵانـی شـاراوەی هەبـوو، لەبەر ڕۆشـــنایی بیـــرو بۆچوونەکانیـــان بـــۆ جیهـــان، دەستنیشــانکردنی نەخۆشــییەکان و چارەســەرکردنەکانیان، لۆجیکی بـوون. بێگومـان ئەمە دیـدێکی ڕێژەییە بـۆ زانسـت؛ ئەو کـردە پزیشـکییەی لەســەر بنەمـای ئەستێرەناســی بـوو، ئەویــش ئەقڵانــی بــوو، بەوپێــیەی کــاریگەریی هەســارەو

ئەستێرەکان لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ و ڕووداوە دونیاییەکان شتێکی پەسەندکراوبوو. بۆ دوورخستنەوەی ئەوجۆرە پراکتیکە، پێویستە پرەنسیپە شاراوەکان لاببرێن، نەک بنەما ئەقڵانییەکان کە لە پرۆسەی ئەقڵانیدا پشتی پێبەستراوە.

تایبەتمەندیی زانستیی دووەم ئەوەیە پراکتیکی پزیشکی تاکو لەسەر بنەمای "ئەزمونگەری" بەدەستهێنراو بێت لە ڕێگەی شارەزاییەوە، ئەوا سوود بە پزیشک و نەخۆشەکانیان دەگەیەنێت، بۆنموونە، کەڵەشاخ، یان هەزاران شێوازی تری چارەسەر هەن بێسوودن یان بەلای ئێمەوە مایەی شەرمەزارین، بەڵام بەپێی ڕێنماییەکانی پزیشک پێویستن. مێژوونووسان ئەم ڕووداوانە دەگەڕێننەوە بۆ هێزی چارەسەری سروشت، یان باشبوونی دۆخی نەخۆش کاتێ چارەسەر وەردەگرێت بەهۆی چارەسەرەکەوە چاکنەبۆتەوە، یان بەهۆی ئەو لۆجیکە کۆنانەوە کە بەردەوام بەرەوڕووی بووینەتەوە وەکو: "ئەوەی دوای ئەو ڕوویداوە، ئەوە هۆکارە" بەڵام ئەم وتە کۆنەخوازانە ناتوانێت ئەو لێکدانەوانە پووچەڵ بکاتەوە کە لایەنە بەشدارە مێژووییەکان بە پزیشکی "ئەقڵانی" یان "زانستی" ناویان بردووە.

لەسەرەتای سەردەمی نوێدا، پشتبەستن بە شارەزایی پشتیوانیی لە ئەزموونەکان کرد، کە بنکەکەی زۆرجار تاقیگەی کارخانەکان بوو. واتای وشەکە ئەو شوێنەیە مرۆڤ کاری تێدا دەکات، سەرەتا تاقیگەکان لە ماڵی خەڵک دادەنران، خۆی لەو ژوورە ساکارانەدا دەبینییەوە، کەسەکان لەکاتی دەسبەتاڵیدا بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی سروشت بەکاریان دەهێنا. نموونەی بەرچاوی کارخانە کۆنەکان و ئەو شێوانەی ئەو کاتە کێشراون، دەریدەخات کارگەی

کیمیایی بوون؛ فەیلەسوفە سروشتییەکان هەوڵیانداوە فێری چۆنێتی گۆڕینی کانزا بن بۆ زێڕ. ئەو کەرەستانەی لەو کارخانەیەدا بەکاریان دەهێنا بریتی بوون لە فرن، ئامێری دڵۆپاندن، مادە کیمیاییە دۆزەرەوەکان، تەرازوو وکەموڵەی قەبارە جیاواز، بەڵام ئەوانەی گرنگییان بە توێکاری و زانستی جەستە و زانستەکانی تر دەدا، ئامرازی نەشتەرگەری و مێزی توێکاری و کەرەسەی تریان هەبوو بۆ پێوانەی ئەو توێژینەوانەی لەو کارخانانەدا ئەنجام دەدران. فیزیایی بەلجیکی جی.بی.ڤان هێلمۆنت[٤٢] (١٥٧٩-١٦٤٤) بۆماوەی پێنج ساڵ لە دەفرێکدا پاریزگاری لە نەمامێک دەکرد، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بە ئاوی باران ئاو دەدرا، ئینجا دارەکەو خۆڵەکەی دەوری پێوا، بینی کێشی خۆڵەکە نەگۆڕاوە بەراورد لەگەڵ کاتی ناشتنی، ئەوەی گۆڕاوە کێشی دارەکەیە بۆتە ١٦٤ پاوەند، هیلمۆنت ئەو زیادەیەی گەڕاندەوە بۆ ئاوەکە. لە ئیتاڵیا سانتۆریۆ (١٥٦١-١٦٣٦) کورسییەکی تایبەتی دروست کرد، ئەو کورسییە بە وردی چاودێری کێشی سانتۆرۆی دەکرد، زۆر بەوردی ئەو کێشەی دەژمارد کە دەیخواردو دەیخواردەوە، لە گەڵ کێشی ئەو پاشەڕۆیەی دەیهاویشتە دەرەوە، هەموو جیاوازییەکە لەو "ئارەقە هەست پێنەکراو" ەدا بوو کە دەری دابوو. ولیام هارڤی باسی مار و بۆق و بوونەوەرە خوێن ساردەکان دەکات تاکو بتوانێت بە باشی چاودێری لێدانەکانی دڵ بکات، لەچوارچێوەی هەوڵدانی بۆ تێگەیشتن لە "جووڵەی دڵ" و سووڕی خوێن. ئەلبێرت ڤۆن

42J.b. van Helmont.

هـالله‌ر[٤٣](١٧٠٨- ١٧٧٧) زنجیـره‌یه‌ک تـاقیکردنه‌وه‌ی له‌سـه‌ر گیانه‌وه‌ره زینـدووه‌کان ئه‌نجامـدا له‌چوارچێوه‌ی هه‌وڵه‌کانی بۆ جیاکردنه‌وه‌ی نێوان وروژان و هه‌ستیاریی گیانه‌وه‌ران، مه‌به‌ســت له وروژان (توانـــای کـــارلێکی له‌گه‌ڵ هانــده‌ره ده‌ره‌کییه‌کان، که ئه‌رکی ماسوولکه‌کانه) وه هه‌ستیارییه‌که‌ش مه‌به‌ســت (توانـای هه‌سـتکردنه وه‌کـو ده‌ره‌نجـامی ئه‌رکـی ده‌ماره‌کـان). ئه‌زمـونگه‌رایی پـاڵنه‌رێکی کـۆنه شــوێنه‌واری کـاری پزیشـکییه، زۆرجـار ڕۆحـی پێـوه‌ره چه‌نـدایه‌تییه‌کانی تێدایه، واته ئه‌و شتانه‌ی ده‌توانرێ بپێورێت یان بزانرێت.

میکرۆسـکۆپ، یه‌کـێکه له‌و ئـامێرانه‌ی له‌شـوێنی کـاری زانسـتیی کۆنـدا ده‌بینـرا. له‌و کـاته‌دا هه‌نـدێ کێشـه‌ی هه‌بـوو وه‌کـو لادان وشـێواندن، پێش سـه‌ده‌ی نـۆزده مێژوونوسـان ئاماژه‌یـان به پشـکنینی میکرۆسـکۆپ داوه، وه‌کـو ئه‌وه‌ی یـارییه‌ک بێـت به‌ده‌سـتی به‌هـره‌وه‌ره ده‌وڵه‌مه‌نـده‌کانه‌وه. لێکۆڵینه‌وه نوێیه‌کان، له‌دیبه‌یته زانستییه جدییه‌کاندا پێداگرن له‌سـه‌رئه‌وه‌ی میکرۆسـکۆپ له‌سـه‌ره‌تای سـه‌ده‌ی حه‌ڤده‌هه‌مه‌وه به‌کارهـاتووه، به‌تـایبه‌تی له‌لایه‌ن ئه‌نتۆنی ڤـان لیڤنهۆک [٤٤](١٦٣٢- ١٧٢٣)ه‌وه، لیڤنهۆک کوتـاڵفرۆش بـوو و له هۆڵه‌نـدا خـۆی فێری به‌کارهێنـانی میکرۆسکۆپ کـرد، وه ڕۆبه‌رت هـوک[٤٥] (١٦٣٥- ١٧٠٣) هه‌ر له‌سـه‌ره‌تاوه که‌سێکی خـاکه‌ڕابوو، به‌ڵام له‌چـارچێوه‌ی توێژینه‌وه‌کانیـدا خـۆی به ڕکـابه‌ری ئیسـحاق نیـوتن[٤٦] (١٦٤٢-١٧٢٧) ده‌زانـی. هـۆک

---

43 Albrecht von haller.

44 Antoni van leeuwenhoek.

45 Robert hooke.

46 Issac Newton.

وشەی "خانە"ی لەکتێبەکەیدا بە ناوی (پشکنینی میکرۆسکۆپی) لە ١٦٦٥ دارشت. بەڵام میکرۆسکۆپ رێگربوو لەوەی هەر کەسێک بە کەیفی خۆی ئەو جیهانە نوێیەی دەیدۆزێتەوە ببینێت، تاکو ئەو کێشە هونەرییانەی وەرسکەربوون چارەسەرکران. بەڵام لەسەدەی نۆزدەدا میکرۆسکۆپ لە ئاسۆی بەکارهێنانیدا بووە هێمای جیهانی پزیشکی، هەمان رۆڵی بینی کە سەماعەی پزیشکی لە کلینیکی پزیشکیی پێشکەوتوودا دەیبینی.

خانە: بچووکترین یەکەی هەمیشەیی

خانە یەکەی بنەڕەتیی پزیشکییە بۆ تێگەیشتن لە نەخۆشی، شێوازی تێکەڵەکان بەتەواوی پەیوەندیی بە جەستەوە هەیە، بەڵام مۆرگانی ئەندامەکانی جەستەی کردە خاڵی دەسپێک و بنەڕەتی بۆ لێکۆڵینەوەکانی، بیچاتیش گرنگی بە شانەکانی جەستە دەدا بۆ پۆلێنکردنی گۆڕانکاری لە نەخۆشییەکان و شی کردنەوەیان. ئینجا خانە چووە ریزبەندی پێشەوە بۆ پارێزگاری کردن لەپێگە سەرەکییەکەی خۆی، تەنانەت لەگەڵ سنووردارکردنی یەکە لاوەکییەکانی خانە و گەردەکان، بەوپێیەی خانە پێکهاتەی سەرەکییە لە گۆڕانکارییە تایبەتەکانی میکانیزمەکانی نەخۆشی.

تیۆری خانە کە لە ١٨٣٠ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، دەکرێ بکرێتە بەردی بناغەی هەریەکە لە زانستی پزیشکی و زیندەزانی (بایۆلۆجیا)ی نوێ، وشەی بایۆلۆجیا دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٨٠١ بەڵام وشەی "زانا" لەساڵی ١٨٣٣ دارێژرا. ئەم دوو وشەیە ئاماژە بەو گۆڕانکارییە

بنەڕەتیـــــــــیە دەکەن لەم دوو دەیەیەدا ڕوویانـــــــــداوە، لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا هەندێ تیۆر، بوونی هەندێ یەکەی زۆر وردیان سەپاند کە هەموو بوونەوەرەکانی لێ دروستبووە. هەندێ لەو یەکانە وەکو "خڕۆکەکان" لەڕاستیدا دروســـــتکراوی میکرۆســـــکۆپە بەکارهێنراوەکـــــانی ئەو ســـــەردەمەن. لە کۆتـــــایی ســـــاڵی ١٨٢٠ تەواوی کێشـــــە تەکنیکییەکان چارەسەرکران. بەشێوەیەکی ڕێکوپێک باسی ئەو یەکانەیـــان کـــرد کە بەڕێـــگەی دۆزیـــنەوەی خانەکـــان دۆزرانەوە جگە لە ناوەڕۆکەکەیان بەتایبەتی ناوک. ئینجا دووســـــاڵ بەدوای یەکـــدا ١٨٣٨ و ١٨٣٩ زانـــای ئەڵمـــانی ماتیاس شلایدن[٤٧](١٨٠٤- ١٨٨١) پێشنیاری کرد، خانە ببێتە یەکەی ســـەرەکی پێکهاتەی ڕووەک، بەڵام زانایەکی تـری ئەڵمانی تیۆدۆر شوان[٤٨] (١٨١٠- ١٨٨٢) پێشنیاری کرد خانە ببێتە یەکەی ســـەرەکی گیانەوەر، بەڕێکەوت نەبوو کە ئەم دوو زانایە ئەڵمانین، زۆربەی توێژینەوە پزیشکییە نوێیەکان لە چوارچێوەی سیستەمی زانکۆ ئەڵمانییەکاندا، لەئەڵمانیاوە سەریان هەڵداوە. شلایدن لەڕووی ئەکادیمییەوە زانایەکی ڕووەکـــی بـــوو، بەڵام شـــوان کە پزیشـــکیی خوێنـــدووە، خوێندکاری گرنگترین مامۆستای بواری پزیشکی زانستی بووە؛ ئەویش یۆهانز مۆلەر[٤٩] (١٨٠١- ١٨٥٨)بووە. شوان سەرکەوتنێکی بەرچاوی لەسەرەتای کاری توێژینەوەییدا سەبارەت بە کرداری ترشاندن و هەرسکردن بەدەستهێنا، ســـەرەڕای گەشـــەپێدانی تیـــۆرییەکەی دەربـــارەی خـــانە،

---

47 Mathias Schleiden.

48 Theodor Schwann.

49 Johannes Muller.

هەروەها وتی ئۆرگانە ئاڵۆزەکان بریتین لەچەند کۆمەڵەیەک لە خانەی یەکگرتوو، پێویستە لە فرمانە سروشتییەکانی، لە نەخۆشـییەکانی، لە ڕووی تایبەتمەنـدییە زینـدووەکانی ئەو قەوارانەوە تێبگەین، هەروەها بـاوەڕی بەوە هەبـوو خـانە سـەرەتاییەکان لە قۆناغەکـانی پـێش گەشـەی کـۆرپەلە، یـان شانە هەوکردووەکان، لە شـلەیەکەوە گەشـە دەکەن پێیدەڵێن "بلاستیما"[٥٠]

وێنەی (١٨) یەکێ لە کێشـە هەمیشـەییەکانی ئەم میکرۆسکۆپە ئەوەبـوو یەک کەس دەیتـوانی لە هەمـان کاتـدا تەماشـای بکـات، ڕۆبەرت کـوخ ئەم کێشـەیەی لەڕێگەی بەکارهێنـانی کـامێراوە بـۆ تۆمـارکردنی وێنەکـان چارەسـەرکرد، سـاڵی ١٨٧١ تایبەتمەنـدیی هـاوبەش بەڕادەیەکی باشـتر دەرکەوت، بەداهێنـانی ئـامێرێکی سـێ تیوب بەشێوەیەکی باشتر شرۆڤەی وێنە گەورەکراوەکە دەکرێت.

٥٠ لە گیانەوەرزانیدا کۆمەڵێک خانەی نامۆتوانای گەشەکردنیان هەیە ببنە ئەندامێکی نوێ یان پاشکۆیەک. بۆنموونە لە کرمەکاندا بلاستیما گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە نوێبوونەوەی پارچە براوەکانیاندا. وەرگێڕ

ئەم تیۆرییە بەشێوەیەک ڕێکخرا، میکرۆسکۆپ بتوانێ لەبەر تیشکی ئەو سەرنجەی پێیوایە ژیان لە سەرەتاوە بەرهەمی پرۆسەیەکی فیزیاییە، ئاشکرا بکات. بەڵام شوان هەر زوو دەستبەرداری باوەڕە ماتریالییەکەی خۆی بوو و دەیەی دوایی ژیانی لەنێو دونیای ئایین و قووڵایی فەلسەفەدا بەسەربرد. تیۆرە خانەکەی لای زۆربەی خەڵک پەسەند بوو، بەڵام لەلایەن هەندێ کەسی ترەوە، لە بواری پزیشکیدا جێبەجێ کراو گەشەی پێدرا، یەکێ لەوانە ڕۆدۆلف ڤیرچۆ[51] (١٨٢١- ١٩٠٢) بوو. فیگەرێکی بالای زانستی پزیشکی ئەڵمانیی سەدەی نۆزدە بوو. ڤیرچۆ بەدرێژایی ژیانی لەنێو کۆمەڵگەی ئەڵمانیدا کەسێکی لیبرال بوو، بەردەوام بە گیانێکی شۆڕشگێڕانەوە خەریکی کارکردن بوو، لە لاوێتیدا لایەنگری سیاسەتێکی ڕادیکاڵ بوو، لەساڵی ١٨٤٨ لەدەمی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرادا، ڕابەرایەتی کۆمەڵێ پزیشکی گەنجی ڕیفۆرمخوازی دەکرد؛ هەندێ کاتی لەو ساتانەدا بەسەردەبرد کە ئەندامە شۆڕشگێڕەکانی بەرلین سازیان کردبوو. بەرپرسە پروسییەکان بۆئەوەی لەو چەقبەستووەییە دەری بێنن، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە پەتای گرانەتا ناردیان بۆ سیلیزیای باکور، کە ئێستا بووەتە بەشێک لە پۆڵەندا، بەڵام ئەوکات لە ژێر دەسەڵاتی پروسیادا بوو، ڕاپۆرتێکی نووسی بەرپرسەکانی دەسەڵات بە دڵیان نەبوو، گوێیان پێنەدا چونکە بەرپرسیارێتی ئەو پەتایەی خستبووە ئەستۆی هەژاری کۆمەڵایەتی و بەشمەینەتی و

51 Rudolf Virchow.

نەخوێنـدەواری و سـتەمی سیاسـی، بۆچـوونی وا بـوو باشترین ڕێگە بۆ زاڵبوون بەسەر پەتاو پەتای هاوشێوە، دابینکردنـی دیموکراسـی و فێرکـردن و دادوەریـی ئـابوورییە. پێیوابوو یەکێ لەو ڕۆڵە گرنگانەی کە پێویستە پزیشکەکان پێیەوە پابەندبن بانگەوازە بۆ ئەو چاکسازییە، پزیشکەکان هەر بە خۆڕسـک خۆیـان لایەنگـری هەژاران بـوون، پیشـەکەیان وای لـێ کردبـوون بەردەوام لەگەڵ هۆکـارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بە نەخۆشبی لەسـەر خەت بن. ڤیرچۆ بەردەوام گرنگیی بەسیاسەت و ڕیفۆرمی تەندروسـتی دەدا، لە پەرلەمـانی ئەڵمـانی و ئەنجـومەنی تەندروستی گشتیی بەرلین خزمەتی کردووە، پێی باشبوو قەوارەی سیاسـی بە جەسـتەی مـرۆڤ بشـوبهێنێ، بەوەی خانەکان دەبنە هاونیشتمانیی جەستە. پێویستبوو لەسەر پزیشکەکان لە چواچێوەی کـاری ڕۆژانەیانـدا، بەرەنگـاری شوێنەوارە خراپەکانی هەژاری- لەسەر تەندروستی ببنەوە. وزەیەکـی هەڵقـولاوی سـەبارەت بە گرنگیـدان بە هەردوو بـواری مرۆناسـی و شوێنەوارناسـی (ئەنسـرۆپۆلۆجیا و ئەرکیۆلۆجیا) هەبوو. هەوڵی زۆری دا سـەرەڕای دەرکردنـی چەند گۆڤارێکی زانستی ژمارەیەک کتێبی چەند بەرگییش بنووسـێت. تـا ئێسـتاش گۆڤـاری پاسـۆلۆجیا کەخـۆی بـۆ مـاوەی نیـو سـەدە دامەزرێـنەر وسەرنووسـەری بـوو، دەردەچێـت و بە میـرات و"ئەرشـیفی ڤیرچـۆ" دەناسـرێت، تائێسـتاش زۆر کەس بە زانـای زانسـتی نەخۆشـی 'پاسۆلۆجی' نـاوی دێنن. لە میکـانیزمی نەخۆشییەکاندا زۆر بـاوەڕی بە ڕۆڵـی بنەڕەتیـی میکرۆسـکۆپ هەبـوو

(خوێندکارەکانی فێردەکرد بە چاوی میکرۆسکۆپی بڕوانن) ئەو تیۆرانەی گرنگی بە خانە دەدەن لە ناو کردەی پزیشکیدا جێی کردنەوە، گومانی لە بوونی "بلاستیما" کە شوان لەسەری دوواوە وەکو سەرچاوەی خانەی نوێ هەبوو، بەتایبەتی ئەو خانانەی لە قۆناغی پێش گەشەی کۆرپەلەدا لە شلەیەکەوە دروستبوون، یان کاردانەوەی ئەو شانانەی هەودەکەن، لەبەرامبەر ئەوەدا وتی هەر خانەیەک لە خانەی دایکی پێشووەوە دێت (هەرچەندە ئەم دروشمە لە بنەڕەتدا دروشمی ئەو نەبوو)، ڤیرچۆ باوەڕی وابوو لە جیهانی زانستیدا، خانە بەهیچ شێوەیەک دروست نابێت، یان لەخۆیەوە گەشە ناکات، وەکو 'بلاستیما' بەڵکو لە ئەنجامی دابەشبوونی خانەکانەوە دروست دەبێت. تیۆرەکەی خۆی دەربارەی پاسۆلۆجیای خانە لە ١٨٥٠، لە ڕێگەی زنجیرەیەک وتارەوە باسکرد، زۆربەی بابەتەکانی لە گۆڤارەکانی خۆیەوە بڵاوی دەکردنەوە، لەساڵی ١٨٥٨ کاتێ گەڕایەوە بۆ بەرلین (دوای حەوت ساڵ مامۆستایی لەبواری پاسۆلۆجیا لە فۆرتسبۆرگ)، زنجیرەیەک موحازەرەی خۆی بە ناونیشانی "پاسۆلۆجیای خانە" بڵاوکردەوە، سەلماندی خانەکان یەکەی بنەڕەتیی چالاکیی فسیۆلۆجی و بایۆلۆجین، ڕوودانی هەر نەخۆشییەکی کلینیکی ڕۆتینی (وەکو هەوکردنی کوتوپڕ ودرێژخایەن وگەشەی خانەی شێرپەنجەیی وبڵاوبوونەوەی) وکاردانەوەی جەستە بۆ هاندەرە دەرەکییەکان (وەکو وروژان یان فشار) دەکرێ لەچوارچێوەی خانەییدا لێی بڕوانرێت. خانە پێگەیەکی

سەرەکی لە زانستی نەخۆشیدا هەیە، لەهەمان کاتدا کارکردنی لەسەر پرەنسیپی بایۆلۆجی هەمەکی ترە.

ڤیرچۆ کۆمەڵێک سەرنجی گرنگی هەبوو لەسەر ژمارەیەک نەخۆشی وەکو هەوکردنی خوێنهێنەر و گیرانی مولوولەی خوێن وشێرپەنجە و نەخۆشی ئەمیلۆید[٥٢] (کە نەخۆشییەکی دەگمەنەو تائێستا هۆکارەکەی نەزانراوە)، یەکێکە لەو مامۆستایانەی زۆرترین کاریگەریی لەسەر زانستی نەخۆشی هەبوو لەسەدەی نۆزدەدا. زۆرترین پێشڕەوانی ئەو بوارە لە دواییدا لە ئامۆژگاکەی ئەو لە بەرلین خوێندیان. هەندێ ئەزموونی کاریگەری لەسەر گیانەوەران ئەنجامدا، بەڵام بەشێکی زۆری کارەکەی لە لێکۆڵینەوەی شانە وخانە پاسۆلۆجییەکاندا بەسەربرد، وئەو دەرەنجامەی پێی گەیشت بەو کێشە کلینیکییانەوەی گرێدا کە نەخۆش لە ژیانیدا بەدەستییەوە ئازاری چەشتووە، شاهیدی ئەو گەشەکردنە نوێیەی تەکنۆلۆجیای میکرۆسکۆپ بوو، وەکو بەکارهێنانی نەشتەری مایکرۆتۆمی بۆ بڕینی چینە تەنکەکانی شانەی لەش، تا باشتر چاودێری بکرێت، هەروەها ڕەنگ کردنی تا شێوەی شانەکان ڕوونتربن، وەکو ناوک وئەو تەنانەی لە سایتۆپلازمدا مەلەیان دەکرد، هەرچەندە ڤیرچۆ لایەنگری ئەزموونگەری بوو، بەڵام

٥٢ کۆمەڵێک نەخۆشین بەوە جیادەکرێنەوە پرۆتینی ناسروشتی amyloid لە شانەو ئەندامە جیاوازەکانی جەستە کۆدەکەنەوە کە ڕێگر دەبن لەوەی بە ئەرکەکانی خۆیان هەستن، ئەمەش کاریگەریی لەسەر شێوەو توانای ئەو ئەندامانە دەبێت، تا ئەرکە سروشتییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن وژمارەیەک کێشەی تەندروستی ترسناک بۆ نەخۆش دروست دەکەن.

پاسـۆلۆجیای ئەزمـونگەری تـا قۆناغێک دوای ژیـانی خـۆی، کـارا نەبـوو. هاوکـات لەگەڵ هـاتنی زانسـتی بەکتریـادا. هەرچەنـدە ڤیرچـۆ گرنگیـی بەو بـوارەدا، بەڵام دڵسـۆزانە پشتگیریی تیۆری میکرۆبیی نەکرد.

میکرۆب: باوەڕی نوێ

لە پەرسـتگای پزیشـکیدا، کەم پیـاوی پیـرۆز هەیە وەکـو لـویس پاسـتێر[53](١٨٢٢-١٨٩٥) شـکۆمەند بێت. ئەو نەک هەر پزیشـکێکی لێهـاتوو بـوو، بەڵکـو لە بـواری فیزیـا وکیمیاشـدا ڕاهێنانی کردبوو، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە زانست گرنگییەکی زۆری لە بـواری پزیشـکیدا هەبـووە. لەبەرئەوەی زۆربەی کاتەکانی لە تاقیگەدا بەسەر دەبرد، نەدەپەرژایە سـەر ئەوەی لە تەنیشت قەرەوێڵەی نەخۆشـەوە بووەسـتێ لە دوا قۆنـاغی ژیانیدا نەبێت، تا چاودێریی ئەو پزیشکانە بکات کە ڤاکسـینی هارییان لێدەدا، ئەوەش پێکەی تاقیگەمـان پێ نیشـان دەدات لە وێناکردنی پزیشکیی نوێدا.

بەشـێوەیەکی ئاسـایی وا تەماشـای تیـۆری میکرۆبـی نەخۆشـی کراوە وەکـو ئەوەی سـەرەتایەکی کاریگەربێت لە پزیشـکی و پزیشـکیی مۆدێرنـدا. هەنـدێجار مێژوونووسـە ڕیڤیژینیستەکان "ڕاستکەرەوەکان" ئاماژەیـان بەوە داوە، ئەو بـوونەوەرە زۆر وردانەی بـوونەتە هـۆی زۆرێـک لە نەخۆشـییەکانی وەکـو گرانەتـا، سـیل، سـیفیلیس، کـۆلێرا، مەلاریا، ئاوڵە، ئینفلوەنزا وزۆر نەخۆشی تر، چەند دەیەیەک لە گفتوگـۆی چڕوپـڕی خایانـدووە، تـاکو کۆدەنـگ بـوون

53Louis Pasteur.

لەسەر سەلماندنی ئەوەی ناوی میکرۆبە. لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی لێکدانەوەی ڕیڤیژینستەکان، کاری پزیشکی تا دوای مردنی پاستۆریش بەماوەیەکی زۆر لەمەسەلەی چارەسەرکردندا هێشتا وەکو پێویست نەبووە. لە دیوێکی ترەوە، تیۆری نەخۆشییە میکرۆبییەکان باسی ژمارەیەک نەخۆشیی کتوپڕ ونوێ دەکات وەکو نەخۆشیی ڤایرۆسی لەدەستدانی بەرگریی لەش HIV ، تای لاسا[٥٤] ونەخۆشیی لیجینەری لە سییەکان[٥٥]، هەروەها باسی گەشەکردن و بەرفراوانبوونی بەرگری ئەو دەرمانانە دەکات لەنێو ئەو بوونەوەرە زۆر وردانەدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ نەخۆشی درێژخایەنی تر هەن پەیوەندییان بە هەوکردنەوە نییە و لەنێو کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا زۆر بەربڵاون. لە ساڵی ١٩٥٠ تۆماس مەکوین[٥٦](١٩١٢- ١٩٨٨) مامۆستای پزیشکی کۆمەڵایەتی بوو لە زانکۆی بیرمینگهام، ژمارەیەک توێژینەوەی گرنگی بڵاوکردەوە سەبارەت بە کەمبوونەوەی

٥٤تای لاسا، بە پێی زانیارییەکانی W.H.O نەخۆشییەکی ڤایرۆسییە دەبێتە هۆی خوێنبەربوونی بەهێز، ماوەی نێوان دوو بۆ ٢١ ڕۆژ بەردەوام دەبێت. لەڕێگەی خۆراکی ماڵەوە کە میزو پیسایی مێرووەکانی بەرکەوتووە بڵاودەبێتەوە، ڕەنگە لە یەکێکەوە بۆ ئەویدی بگوێزرێتەوە، ئەم تایە زیاتر لە گانا وکینیا و لایبریا ومالی و سیرالیۆن و نایجیریا و ولاتانی ڕۆژئاوای ئەفەریقیا بلاودەبێتەوە، ڕێژەی گشتیی مردن بەم نەخۆشییە ١٪ە و دۆخی مەترسیدار ١٥ لەسەدە. (و)

٥٥ ئەم نەخۆشییە پێیدەڵێن نەخۆشی لیجیۆنەری Legionnaires بەهۆی بەکتریای لیجیۆنێلا legionella وە مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەکات کاتێ چەند دڵۆپێک ئاو لە قورگ دەپەڕێت ، ئەو دڵۆپە ئاوە کە ئەم بەکتریایەی تێدایە، دەچێتە بۆڕی هەناسەوە، لەوێوە بۆسییەکان و مرۆڤەکە تووشی نەخۆشیی سییەکان دەبێت. (و)

56 Thomas McKeown.

ڕێژەی مردن لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، ئەم پێشکەوتنە دەگەڕێنێتەوە بۆ خۆراکی تەندروست و بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی خەڵک بەشێوەیەکی گشتی، ئەمەش وای کرد تا ماوەیەک پێش ئێستاش، سیستەمی تەندروستی زۆر کەم نەبێ،هاوبەشیی ئەو پێشکەوتنەی نەکرد.

لە چوارچێوەی ئەو خوێندنانەوە بۆ کاری پزیشکی لەسەدەی نۆزدەدا، ئەنجامدرا، ڕەنگە پاستۆر و ڕۆبەرت کوخ[57](١٨٤٣- ١٩١٠) و ژمارەیەکی تری لایەنگرانی مایکرۆبایۆلۆجی، بەکتریۆلۆجی و هاوشێوە تاقیگەییەکانی تر، توانیبێتیان کاری لێکۆڵینەوەی زۆر گرنگ ئەنجام بدەن، بەڵام هەموو ئەم گرنگیدان و توێژینەوانە بەپێی پێویست نەبوون و زیادەڕۆییەکی زۆری تێدابوو سەبارەت بەوەی پەیوەندی بە مەسەلە سەرەکییەکەوە هەبوو ئەویش بابەتی نەخۆشی و نەخۆش و زیادکردنی تەمەن وتێکڕایی تەمەنی پێشبینی کراوە، کەواتە بە سنوورداری چییان بەچی کرد، ئەوەی دۆزییانەوە تا ئەو ڕادەیە گرنگ بوو؟

پاستۆر یەکەم کەس نەبوو بەکتریا و تەنە زیندووە زۆر وردەکان ببینێ، یەکەم کەسیش نەبوو دەربارەی "نەخۆشیی میکرۆبی" قسەبکات، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوانەی لە کۆتایی ١٨٥٠ ئەنجامیدان، زۆر لۆجیکی بوو بە لای زانایانەوە، لای کەمێک لە زانستخوازان نەبێ، ئەگینا ئاسان نییە تەواوی پیشەکە وەکو زنجیرەیەک سەرنج وتێبینی و چانس و ڕێکەوت، ببەستێتەوە بە گشتی کاملەوە. لە لێکدانەوەی کریستاڵسازیدا گرنگی زۆریدا، بە تەنە زیندووە زۆر

57 Robert Koch.

وردەکان micro-organism ، وسەلماندی بلووری ترشی تارتاریـــک (کە بەرهەمێکـــی لاوەکیـــیە لە پیشەســـازیی پێستەخۆشەکردندا بەکاردێت) بەشێوازێکی کیمیایی ئاسایی دروستکراوە، لەڕووی بینـاییەوە بێلایەنە، چونکە ئەو تەنە وردانە لە ئەنجـامی چـالاکیی خۆیانـدا ئەوە بەدەسـتدێنن تیشـکە جەمســەرگرتووەکان پەرتـوبڵاو بـکەنەوە؛ لەمەوە باوەڕی بەوە هێنا تەنە میکرۆبیە وردەکان خاوەن توانایەکی تایبەتن، لەمەوە گەیشتە ئەو باوەڕەی کرداری ترشـاندن و ئەوانیـدی، لەڕێـگەی ئەو تەنە بەکتریـیـانەوە شـێوازێکی گونجـاوەو گرنگییەکـی پیشەسـازی هەیە لە نـان کـردن و دروســتکردنی بیـــرە و کـــاری ترشــاندندا. ئەزمـــوونە بەناوبانگەکەی لە زۆربوونی خۆبەخۆدا لە سەرەتای ساڵی ١٨٦٠ ەوە، چەند ساڵێکی خایاند، و کاریگەرییەکی تایبەتی لەسـەر دەرچـوونی کتێـبەکەی داروین هەبـوو بە نـاوی "ڕەگەزی جۆرەکـــان"لە ١٨٥٩. ئەو کەمـــۆڵانەی پاســـتۆر بەکاری دەهێنان ملەکانیان هاوشێوەی ملی قاز بوون، تاکو دوای کوڵاندنی گیراوەکان بە مەبەستی پاکژبوونەوە، تۆزو هەوای پیس نەگاتە نێو ئەو کەمۆڵانە. ئەم کردارانە وێنەی کاریگەرن لە خەیاڵدانی ئێمەدا.ئەو ئەزموونانە سەلماندیان بوونەوەرە وردەکان لە خۆوە دروست نابن، لە سیمینارێکی گشتیدا لە دیبەیتی نێوان خۆی و یەکێ لەهاوڕێیەکیدا ئەو سەرکەوت، کاتێک زیاد لە جارێک هاوڕێکەی ئەزموونەکەی پاسـتۆری دووبـارە کـردەوە، بینـی شـلەکە پـڕی لە تەنـی زینـدووی وردە. بە لێکدانەوەی ئەو بیرەوەرییـانەی پاسـتۆر لە تـــاقیگەکەی خـــۆی نووســـیبوونییەوە هەنـــدێجار

تاقیکردنەوەکـانی شکسـتیان هێنـاوە (واتە لەو کەمـۆڵانەی تەنـی بەکتیرییـان تێـدا بـووە)، بەڵام هەنـدێجار ئەو دەرەنجامانەی بە ئارامی خستۆتە لاوە؛ لەسەر بەکتریای کا کـاری کـردووە (کە هاوشـێوەی فـاکتەری تووشـبوون بە نەخۆشـی ئەنتراکسـە) سـپۆر یـان تـۆوی ئەو بەکتریـایە بەرگەی گەرمی گرتووە، ڕەنگە مرۆڤ پێشبینیی دەرەنجامە "نەرێنی"یەکـانی ئەزمـونەکەی پاسـتۆری کردبـێ، بەڵام بە شاردنەوەی ئەو دەرەنجامانە پاستۆر بەسەر ڕکابەرەکانیدا زاڵبوو، هەمیشـە ئامـادەییەکی سـەیری ئەوتـۆی هەبـوو تـا هەردەم بەسـەر پشـتی ئەسـپی بـراوەوە بێـت، وسـووربێت لەسەر هەڵوێستی خۆی.

هاوشانی ئەزمونی زۆربوونی خۆبەخۆ، پاستۆر چالاکانە لە بابەتی ڕۆڵی ترشاندنەکان وتەنە زۆر وردەکانی تر کاری کرد، بەوپێیەی ئەو تەنە وردە زیندووانە هۆکاری پرۆسـەی ترشـاندنن لە: بیـرە، شـەراب، سـەرچاوە شـیرەمەنییەکانی وەکـو ترشـاندنی ماسـت. شـوان و زانـا ئەڵمانییەکـانی تـر لەوەدا کورتیـان کـردەوە، ئەو کـارلێکە گـرنگە ڕۆژانەیە، کـارلێکی کیمیـایی ڕووتە، بەڵام پاسـتۆر سـوور بـوو لەسـەر ئەوەی ئەو کارلێکانە پێویستیان بە تەنی مـایکرۆیی زیندووە تا بگەنە ئەنجام، ئەمانە پرۆسەی کارلێکی زیندوون. زانیاری پراکتیکی گرنگی بۆ ئەوانەی بیرەو شەراب دروستدەکەن پێشـکەش کـرد، جـگە لەوەی کـرداری کولانـدنی شـیری "پاستیۆریزە" وەکو بنەمایەک بۆ خاوێنکردنەوە لە ڤایرۆس و مادە زیانبەخشەکان تا ترشاندنی دوابخات، پێشکەشکرد.

لە دەورووبەری ساڵی ١٨٧٠ ناوبانگی گەیشتە ئاستێک حکومەتی فەرەنسی داوای لێبکات، بەڕوونی لە تەشەنەکردنی ئەو نەخۆشییە بکۆڵێتەوە کە تووشی کرمی ئاوریشم بووە، و هەڕەشە لە پیشەسازی ئاوریشم دەکات. خێزانەکەی لەگەڵ خۆی برد و لەکارکردن بەشداری کردن، بۆی دەرکەوت دوو بوونەوەری زۆر ورد بەرپرسن لەو نەخۆشییە، ئینجا ڕوونی کردەوە چۆن ڕێگری دەکات لەو زیانانە. دوای ئەم کارە گفتوگۆکانی سەبارەت بە "تیۆری نەخۆشی میکرۆبی" زیادیان کرد، زیاتر خۆی سەرقاڵ کرد بە توانای بەکتریاوە وەکو هۆکاری نەخۆشی. لەو جیهانەی کە هیچ ئامادەکارییەکی پزیشکیی تێدا نەبوو، دەستی بۆ نەخۆشییەک برد کە هاوبەش بوو لە نێوان مرۆڤ و گیانەوەراندا؛ ئەویش نەخۆشییەکی نائاسایی بوو کە ئەنتراکس بوو، پێچەوانەی تەشەنەکردنی زۆربەی بەکتریاکان، کاتێ مرۆڤ یان گیانەوەران تووشی نەخۆشییەکە دەبوون، بەکتریای نەخۆشییەکە زۆر بە ڕوونی لە ناو خوێنی سەر سلایدی میکرۆسکۆپ (لەکە یان پەڵەی خوێن) ەکە دەبینرا. ئیتر ئەوە پشتڕاست کرایەوە کە هۆکاری ئەو نەخۆشییە هاوبەشە ئەو بەکتریایەیە، خۆی و "هەندێ لە ڕکابەرەکانی" بەدوای دەرچەیەک دا دەگەڕان بتوانن ئەو بەکتریایە "لاواز" بکەن، دەرکەوت بەهێزبوونی بەرگری لەش هۆکارێکی گرنگە بۆ دوورخستنەوەی نەخۆشییەکە، ئەوەی بەخەیاڵی پاستۆردا هات، ڤاکسینێکی قایلکەر بوو دژی ئەنتراکس، ئەمە بڕیارێکی بوێرانەبوو (پاستۆر لە بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانیدا کارامەبوو،

ڕەنــگە یەکەم زانــای گەورە بووبێــت، بتوانێــت بــۆ میــدیا بـــدوێت)؛ لە کـــاتی کوتـــانی ئـــاژەڵی کێڵگەکانـــدا داوای لەڕۆژنامەنووسان کرد ئامادەی بینینی ئەو ڤاکسینە بن کە خــۆی دایهێنــاوە، ئینجــا ئاژەڵەکــانی بەو میکــرۆبە زینــدووە شــەڕەنگێزەی ئەنتــراکس کووتــا. دەرەنجــامی ڕاگەیەنــراو ئەوەبـــــوو، زۆربەی ئەو ئــــــاژەڵانەی نەکووترابــــــوون، مرداربوونەوە، هەواڵی ئەم کووتانە دڵخۆشکەرەیە بە هەموو دونیــادا بڵاوبــووەوە. دوای ئەنتــراکس، تیشــک خــرایە ســەر ژیــانی پاســتۆر خــۆی، ئەو ئامــادە بــوو دوا دۆزیــنەوەی گەورەی خۆی ئاشکرا بکات ئەویش چارەسەری نەخۆشی هــاری بــوو، بەڕێژەیــی نەخۆشــییەکی دەگــمەن بــوو، بەڵام دەبــووە هــۆی مردنێکــی ترســناک، تەنــانەت تــرس و لەرزی دەخستە دڵی خەڵکەوە. پاستۆر ناچار بوو کوێرانە کاربکات لەســەر نەخۆشــی هــاربوون، چــونکە (ئەوەی ئێســتا لەســەر نەخۆشـــــی هـــــاری دەیـــــزانین ئەودەمە نەزانراوبـــــوو)، کە نەخۆشــییەکی ڤایرۆســییە، ڤــایرۆس بــوونەوەرێکی تەواو وردە، کاتێ پاستۆر ناسراو نەبوو جگە لە ڤایرۆسی هـاری. نەخۆشییەکانی وەکو ئاوڵە، زەردەتا، سوورێژە، ئینفلوەنزا و چەنــد کــۆمەڵە نەخۆشــییەکی تــریش، ڤایرۆســی بــوون، لەڕاستیدا بوونیان ڕاگەیەندرابوو، وشـەی "ڤـایرۆس" بەواتـا گشتییەکەی دەمێک بوو بەکار دەهات، بەوپێیەی "ژەهـرە" و دەبێـــتە هـــۆی نەخۆشـــی، بەڵام مانـــا بـــایۆلۆجییە ســـنووردارەکەی بـــۆ ســـەرەتاکانی ســـەدەی بیســـتەم دەگەڕێتەوە، بەوەی "ڤایرۆسێکە توانای پاڵاوتنی هەیە" واتە بریکـــارێکی زۆر وردە لەو فیلـــتەرانەوە ڕەت دەبێـــت کە

دەبوایە بەکتریا و هۆکارە بایۆلۆجییەکانی تر ئەو فیلتەرانە گلی بدەنەوە. شێوازی کەڵچەری شانە و میکرۆسکۆپە ئەلیکترۆنییەکان، لە کۆتاییدا ڤایرۆسەکانی ناساند و تەنانەت پۆلێنی کردن.

بە ڕای پاستۆر ڕەفتارکردن لەگەڵ ڤایرۆسی سەگی هار واتە ڕەفتارکردن لەگەڵ یاریدەدەری ڤایرۆسەکە کە نەیزانی چۆن پەیدا دەبێت. لەجیاتی ئەوە دەرکی بەوەکرد نیشانە ترسناکەکانی هاری بەڵگەی ئەوەیە جۆرە ڤایرۆسێک دەبێتە هۆی نەخۆشی لە سیستەمی دەمارەکاندا، بەڵام لە کەروێشکدا ئەو ڤایرۆسە، لە دڕکە پەتکی بڕبڕەی پشت دەدات. لە میانەی تێپەڕبوونی مادەی زیانبەخش بەشێوەی زنجیرەیی لە ناو ئەندامەکانی لەشدا، بڕی ئەو مادەیە بڕیار لەسەر ترسناکی ئەو "ژەهر" ی هارییە دەدات کە دەڕژێتە لەشەوە، ئەو زەمەنە نادیارەی کەوتۆتە نێوان کاتی گازی سەگەکە (یان هەر گیانەوەرێکی تر) و دەرکەوتنی نیشانەی هاری لە قوربانییەکەدا کەم تا زۆر، مانای ئەوەیە لەو زەمەنەدا بەرگری جەستە دژی نەخۆشییەکە لەو کەسەی گیانەوەرەکە گازی لێگرتووە دەکەوێتە کار. لێرەدا هەندێ مەسەلە هەن ناتوانیت بەسەریدا زاڵ بیت، بۆ نموونە کاتێک لە کۆمپانیایەک داوای کۆمەک دەکەیت بۆ سەرخستنی پرۆژەیەک، تا دەگاتە ئامانج، لەیەکەم هەنگاودا کۆسپ دێتە ڕێی، بەڵام تەواوی پرۆژەکەی پاستۆر سەبارەت بە ڤایرۆسی هاریی سەگ کە خۆی و هاوڕێکانی لێیەوە فێربوون، تەنها لەسەر یەک کەسی تووشبوو تاقیکرایەوە، یۆنانییەکان بەمە دەڵێن فیزو لەخۆبایبوون، پێچەوانەی قارەمانە کلۆڵەکانی گریک، پاستۆر ئەو تاقیکردنەوەیەی

لەچارەسەری هاری، کردە چەکی دەستی و لە ئەستێرە گەشەی زانستەوە بوو بە پیاوی پیرۆزی زانست. ئەو کەسەی بەخت یاوەری بوو و کەوتەبەر چارەسەرەکەی پاستۆر ولەو نەخۆشییە ڕزگاری بوو وەکو یەکەم کەس، جۆزیف مایستەر بوو، دوای ئەو نەخۆشی تریش بەخێرایی چارەسەر کران. چارەسەری هاریی سەگ، نێوبانگێکی نێودەوڵەتی گەورەی پەیداکرد، لە هەموو ئەورووپاوە نەخۆشیان دەهێنا بۆ پاریس بۆ چارەسەر بە کۆرسێک لە دەرزی کووتان (ئەو سەردەمە سەردەمێکی زێڕین بوو). خەڵکانێکی زۆر قایلبوون بەوەی توێژینەوەی زانستی شایستەی ستایش کردنە، بە پوولی گیرفانیان لە بەرژەوەندیی پاستۆر دەنگیاندا، لەڕێگەی کۆمەکی جەماوەرەوە لە پاریس بوودجەی پەیمانگای پاستۆر دابینکرا، کە لەنێو حەشاماتێکی زۆرەوە ساڵی ١٨٨٨ ئەو پەیمانگەیە کرایەوە وبەدوایدا زۆر پەیمانگەی تر، لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی فەرەنساو دەرەوەی دەسەڵاتی فەرەنسەدا کرایەوە. زۆربەی ئەو پەیمانگە پاستۆرییە پاشکۆیانە هەر لە بنەڕەتەوە تەرخان کرابوون بۆ دروستکردنی ڤاکسین وبەرهەمە بایۆلۆجییەکانی تر، بنکەی سەرەکی دروستکردنی ڤاکسینەکان لە پاریس بوو، بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئەوسا وئێستاش، لێکۆڵینەوەی پزیشکی بوو. پاستۆر لە دوا حەوت ساڵی تەمەنی ژیانیدا لەو پەیمانگەیەدا وەکو سەرۆکی پەیمانگا ژیانی بەسەربرد کە بەناوی خۆیەوە ناونرابوو.

ڕۆبەرت کوخیش سەرۆکی دوو پەیمانگە بووە، بوودجەی تەرخانکراو بۆ دروستکردنی ئەو پەیمانگایانە حکومەتی ئەڵمانی دابینی کردووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە

بۆچوونی جیاواز بەرامبەر توێژینەوە زانستییەکان هەبووە، لەنێوان ئەڵمانیاو وڵاتانی تردا. پەیوەندی نێوان ئەڵمانیاو فەرەنسا دوای شکستی فەرەنسا بە دەستی بسمارک لەشەڕی پروسیا (١٨٧٠- ١٨٨١)، پەیوەندییەکی زۆر ساردبوو. دەبوایە زانست بابەتییانەو مۆرکی نێونەتەوەیی لە خۆ گرتبا و کۆسپەکانی، نەتەوەپەرستی، ئاینی، و جێندەرییەکانی تێپەڕاندایە. بەڵام مەسەلەکە بەو شێوەیە نەبوو، لەڕاستیدا کوخ وپاستۆر، لە کاری پیشەیی وکەسێتییاندا ڕق وکینەی نەتەوەپەرستانە دژی یەکتری بەسەریاندا زاڵبوو؛ پاستۆر دوای شەڕی فەرەنسی- پرووسی، ئەو نیشانەی ڕێزلێنانەی لەلایەن ویلایەتەکانی ئەڵمانیاوە پێیبەخشرا ڕەتیکردەوە، ڕازی نەبوو بیرەی ئەڵمانی بخواتەوە، کوخیش بەرامبەر داهێنانە فەرەنسییەکان سەبارەت بە زانستی بەکتریۆلۆجی وزانستی بەرگری لەش هەڵەی زۆری کرد. یەکتر بینینەکانیشیان لە کۆنگرە جیهانییەکان مۆرکێکی فەرمی وەردەگرت و بەدەر نەبوو لە ساردوسڕی. لەسەرەتای سەرهەڵدانی زانستی بەکتریادا چەند دەسکەوتێکی زانستیی پێویست هەبوو هەردوو لایەن لەسەری هاوڕا بوون، بەڵام هەریەکەیان ستایلێکی جیاوازی لەویدی هەبوو، پاستۆر پێی باش بوو ئەو بوونەوەرە زۆر وردانە لە کەمۆڵەدا بچێنێ، بەردەوام ئەو سووپە خۆراکییەی دەگۆڕی کە ئەو بوونەوەرانە لەسەری دەژیان. هەندێ لە لێکۆڵینەوە تایبەتەکانی بۆ خۆی وهاوڕێکانی دەپاراست، بەڵام کوخ کە نەوەیەک لەو گەنجتر بوو، لەڕووی تەکنیکییەوە زۆر وردبوو. تەکنیکی وردی فۆتۆگرافی

لەکارەکانیدا بەکاردەهێنا بە مەبەستی پێشخستنی ئەو داتا بابەتییانەی پێشکەشی جیهانی دەکرد. بەکتریاکانی لەسەر قەوزەی ئاگار-ئاگار دەچاند، کە ناوەندێکی ڕەقە، ئەو کێشانەی بەهۆی پیسبوونەوە دەردەکەون تا نزمترین ئاست کەم دەکاتەوە، یەکەم کەس بوو کەرەستەی پاکژکردنەوەی بەکارهێنا، یەکێ لە خوێندکارەکانی بەناوی پێتری سینییەکی پێشکەشکرد کە ناوی ئەوی لەسەر هەڵکۆڵرابوو. کوخ پسپۆری بەکتریای پزیشکی بوو، بەڵام پاستۆر پسپۆری زیندەزانی بوو، لە جیهانی تەنە مایکرۆبییەکاندا ئەفسانە بوو. پاستۆر لەسەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر لە پێشکەوتندا بوو، تەمەن ڕێگر نەبوو لە داهێنانەکانیدا، لە کاتێکدا کوخ تەنها لە دوو دەیەی ژیانیدا، دەستکەوتی زانستی هەبوو، کاتێ چووە تەمەنەوە، شکۆی زانستی گەنجێتیی بۆ نەگەڕایەوە.

یەکێک لەو کارە گرنگانەی کوخ ئەنجامیدا، ئەنتراکس بوو، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی فەرەنسا-پرووسیا یەکسەر بووە پزیشکی گشتی. ئاشکراکردنی سووڕی ژیانی بەکتریا ئاڵۆزەکان کە لەشێوەی تۆو دایە و ساڵانێکی زۆر لە خاکدا بە شاراوەیی دەمێننەوە، بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. توێژینەوەکانی کوخ یەکێ لە مامۆستا کۆنەکانی سەرسام دەکات، ئەمەش ئاسانکاری دەکات لەوەی ئەو مامۆستایە بە بێ زیادڕەوی پاڵپشتیی کارەکانی داهاتووی بکات، دەرەنجامی سەرەتایی کارەکانی سەرسووڕهێنەر بوون؛ کە خۆی لەو داهێنانە هونەرییانەدا دەبینییەوە، کەپێشتر باسکران، وەکو ڕۆڵی بەکتریا لە هەوکردنی برینەکان، لە هەموو کارەکانی

شـاهانەتر لەسـەدەی نـۆزدەدا ئەو دوو فـاکتەرە بـوون کە بـوونە هـۆی دۆزیـنەوەی نەخۆشـییەکانی سـیل لە (١٨٨٢) هەروەهـا ئەو پەتـایەی کە جیهـانی لە (١٨٨٤) خسـتە دڵەڕاوکێوە ئەویش نەخۆشـی پەتـای کۆلێرا بـوو. ئەم دوو دۆزیـنەوەیە دوو دەسـتکەوتی هـونەری زۆر گەورە بـوون لەمێژووی مرۆڤایەتیدا. میکرۆبی سیل، سەختگیرە لە چاندنا، گەشـەی لەسـەرخۆیە، بـۆیەکردنی زەحـمەتە، لە کێشـە بەکتریۆلۆجییەکانـدا، کاندیـدێکی نـاڕوونە لە فـاکتەرە بـوونگەرایی و ژینگەیـیە جیاوازو -بەرفراوانەکانـدا زۆربەی سەرچاوەکان بە نەخۆشی درێژخایەن ناوی دەبەن.

کوخ کارەکەی لەمەڕ کۆلێرا لەهیند تۆمـارکرد، دوای ئەوە تیمێکی فەرەنسـی و ئەویتـر ئەڵمـانی لە سـاڵی ١٨٨٣ بەرەو میسر گەشتیان کرد، بەمەبەسـتی پشـکنینی نەخۆشـی کۆلێرا لەوێ. ئەنجـامی هەڵـمەتەکەی فەرەنسـا کارەسـاتی بەدوای خۆیدا هێنـا، چونکە گەنجێکی جێگەی ئومێد لە تیمەکەدا کە خوێندکاری پاستۆر بـوو گیـانی بەخشـی، ئەندامانی تـیمەکە گەڕانەوە بێئەوەی هـیچ ئەنجـامێکی ئەرێنـی بەدەسـت بێنن. بەڵام کـوخ وتـیمەکەی گەیشـتنە ئەوەی ئەو بـونەوەرەی بەرپرسـە لە نەخۆشـی کـۆلێرا لە میسـر دۆزراوەتەوە، بەڵام ناسـینەوەی هەر تەنێکـی تـایبەت لە کۆئەنـدامی هەرسـدا کـارێکی سـەختە، چـونکە لەگەدەو ڕیخـۆڵەدا بەکتریـای زۆر هەیە، ئینجا کوخ گەڕایەوە بۆ هیند، چونکە شـوێنی ئاسـایی بڵاوبوونەوەی نەخۆشـییەکەیە، لەوێ ئەو تەنـانەی ناسـییەوە کە لەشـێوەی کۆمـای ئینگلیزیـدا بـوون، لە هەردوو سەرچاوەی ئاوی خواردن و پاشەڕۆی قوربانییەکانی پەتای

کۆلێرادا هەن. لەبەرئەوەی باوەڕ وابوو سەرچاوەی کۆلێرا پیسیی مرۆڤ و ئاوی پیس و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی جۆگەکانە، بۆیە بۆچوونەکەی کوخ لە ناسینەوەی ئەو تەنە بەرپرسەی کە هۆکاری نەخۆشییەکەیە، زۆر درەنگ باوەڕی پێهێنرا. پسپۆری تەندروستی گشتی ئەڵمانی ماکس ڤۆن پێتینکۆفەر [58] (١٨١٨- ١٩٠١) خاوەن تیۆرییەکی تایبەت بە خۆی بوو باوەڕی وابوو کارلێکی پێویست لەنێوان چەند فاکتەرێکی یاریدەدەر، بۆ نەخۆشی کۆلێرا هەیە، کە "میکرۆب" ی نەخۆشییەکە تەنها یەکێکیانە. ماکس ڤۆن لە دەست پێشخەرییەکی کەم وێنەدا بەئاشکرا کەمۆڵەیەک لەو کەمۆلانەی میکرۆبەکانی کوخی تیا هەڵگیرابوو، هەڵقوڕاند، جگە لە سکچوونێکی کەم هیچ نیشانەیەکی تری تیا بەدەر نەکەوت، بەشێوەی کامڵ تووشی کۆلێرا نەبوو. لە دیبەیتە فێرکارییەکاندا لە ساڵی ١٨٩٠ هێشتا عەیبو عاری، تیۆرەکانی میکرۆبی کوخ لە ناوەندە زانستییەکاندا مشتومڕی زۆری لەسەربوو. تا ڕادەیەک کاریگەری ڤاکسینی کۆلێرا کە لە هیند لەلایەن بەکتریۆلۆجی ڕوسی ڤلادیمێر هافکین[59] (١٨٦٠- ١٩٣٠)ەوە ئامادەکرا، هاوبەشی لە گۆڕینی ڕەوتی ڕووداوەکان کرد. هەروەها دەرکەوت ئەم میکرۆبە لەڕێگەی دەم و پیسییەوە وەلامێکە بۆ تەشەنەکردنی زۆربەی نەخۆشییە درمییەکان.

---

58 Max Von Pettenkofer.

59 Waldemar Haffkine.

وێنەی (١٩) لویس پاستۆر یەکێکە لەو زانایانەی زۆرترین دەرکەوتنی لە تابلۆ هونەرییەکان لە سەدەی بیستەمدا هەبووە. ئەم وێنەیە لە گۆڤاری ڤانیتی فێر لە ١٨٨٦ بڵاوبۆتەوە. ئەم گۆڤارە زۆر تایبەت بوو، لە ١٨٦٨- ١٩١٤ دەردەچوو، تەنها کەسە ناودارەکانی هەڵدەبژارد. لەم وێنەیەدا پاستۆر دوو کەروێشکی بەدەستەوەیە، ئەو کەروێشکانە گرنگییەکی زۆریان لەو توێژینەوەیەدا هەیە کە دەربارەی هاری بوو.

لە ساڵی ١٨٩٠ ئاراستەی بۆچوونە پزیشکییە زانستییەکان سەبارەت بە تیۆری نەخۆشییە میکرۆبییەکان گۆڕانکاری بەسەردا هات ، زۆربەی گفتوگۆکان لەو بازنەیەدا دەخولانەوە، ئایا میکرۆبێکی دیاریکراو دەبێتە هۆی نەخۆشییەکی دیاریکراو، یان پەیوەندی زانستی بەرگری لەش و تەشەنەکردنی نەخۆشییە پاسۆلۆجی-

فسیۆلۆجییەکان بە سروشتی بەکتریا ژاراوییەکانەوە چییە؟ پرەنسیپی تیۆری نەخۆشییە میکرۆبییەکان خرایە سەرچاوە پزیشکییەکانەوە، زۆربەی خوێندکارانی پزیشکی لە پرۆگرامی خوێندنی بڕیار لێدراودا دەیانخوێند، بەڵام هەندێ لە پیاوانی پزیشکی هێشتا ئەو کۆرسانە ڕەتدەکەنەوە، هەندێکیان باوەڕیان وابوو بەکتریا پەیوەندیی بە بەشێکی نەخۆشییە تەشەنە کردووەکانەوە هەیە، بەڵام مەرج نییە بەو شێوەیە لێک بدرێتەوە کە بەکتریا هۆکاری سەرەکیی نەخۆشییە. پێوەری زێڕین لە هۆکاری نەخۆشییەکە لە تیۆرەکانی کوخدا بە شاراوەیی ئاماژەی پێدراوە، بەو ئاشکراییە نەیخستۆتە ڕوو کە شاگردەکەی فریدریک لوفلەر[60] (١٨٥٢- ١٩١٥) دەربارەی دەردەکۆپان نووسیویەتی:

ئەگەر دەردەکۆپان ئەو نەخۆشییە بێت بەهۆی بوونەوەرە مایکرۆبییەکانەوە بڵاودەبێتەوە، ئەوا سێ ئەگەرمان لەبەردەمە ، لێکۆڵینەوە لەو سێ ئەگەرە پێویستە بۆ ئاشکراکردنی تەواوەتی سروشتی مشەخۆرانەی نەخۆشییەکە.

ئەگەر دەردەکۆپان نەخۆشییەک بێت بەهۆی زیندە تەنە مایکرۆبییەکانەوە تووشی مرۆڤ بێت، ئەوا دەبێ سێ ئەگەر لە بەرچاو بگیرێت تا لێیان بکۆڵرێتەوە، لێکۆڵینەوە لەو ئەگەرانە بۆ ئاشکرابوونی سروشتی مشەخۆریی نەخۆشییەکە، کارێکی پێویستە:

---

60 Friedrich Loffler.

١-پێویستە بوونی ئەو تەنە زیندووە (میکرۆب) وردانە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە فۆرم و ڕێکخستنێکی تایبەت لە شانەکانی مرۆڤە تووشبووکەدا بسەلمێنرێت.

٢-پێویستە ئەو تەنە زیندووە کە لە جوولەیدا دیارە بەرپرسە لە نەخۆشییەکە، لە ناوەندێکی پاکژدا بچێنرێت وگەشەی پێبدرێت.

وێنەی (٢٠) ڕۆبەرت کوخ لەگەڵ میکرۆسکۆپەکەیدا وێنەی زۆری هەیە، لەم وێنەیەدا لە خوارووی ئەفەریقایە، لەشێوەی زانایەکی تێکۆشەر لە تاقیگەکەیدا دەردەکەوێ، کەرەستەی بەکارهێنانی بەکتریۆلۆجی زۆری لەبەردەستە، وەکو کەموڵەو دەفری پێتری هەر شوێنی زانستی ڕۆژئاوایی کاری تیا کردبێت بە تاقیگە دانراوە.

٣- پێویسـته لەو ناوەنـده پـاكژەدا بە تـاقیكردنەوە بسەلمێنرێت ئەو تەنە زیندووە هۆكاری نەخۆشییەكەیە.

بەڵام لە زۆر نەخۆشـیدا ئەو پێـوەرە زێـڕینە ساخكردنەوەی زەحمەتە، چەندە پسـپۆرە بەكتریۆلۆجییەكان و ئەوانەی لە بواری سیستەمی بەرگری لەشـدا كـاردەكەن زانیـاری تەواویـان لە زانسـتی نەخۆشـی و جەسـتەیی لە بەرامـبەر پەتایەكـدا هەبـێ، ئەوەنـده هۆكـارە نادیارەكـانی تەواوی پرۆسەكە لایان ئاشكرا وڕوون دەبێت. زۆر ئاسانە بەكتریـا لە شـوێنێكی جەسـتەی كەسـێك جێگیـر بێـت، وەكـو پێست، گەدە، گەروو یان شلەكانی لەش بەڵام نیشـانەی هیچ نەخۆشـییەكی تیـا دەرنەكەوێ، لەكاتێكـدا زۆربەی ئەو بەكتریایانە هاوتای ئەو بەكتریایانەن كەسانی تریان نەخۆش خسـتووە. دەكـرێ ئەوانەی گومانیـان لەتەواوی پرۆسـەكە هەیە، ئاماژە بەو ڕاسـتییە بكەن، دەكرێت ئەوانەی گومانیان لەتەواوی پرۆسەكە هەیە، ئاماژە بەو ڕاستییە بكەن، زۆرێك لە بەكتریاكان كە پزیشكێك بە هۆكاری نەخۆشـیی دەزانێت، پزیشـكێكی تـر هەمـان بەكتریـا بە هۆكـاری ئەو نەخۆشـییە نەزانێت، ئەوانەی بەكتریایـان بە هۆكـاری هەنـدێ نەخۆشـی زانی، بەڵام دواتر پەشیمان بوونەوە لەوەی بەكتریا هۆكاری ئەو نەخۆشـییانەبێت، بەڵكـو بەچەنـد هۆكـارێكی تریـانەوە بەسـت. كوخ خۆشـی زۆر گرنگیی بەو كەسـەدا كە هەڵگری نەخۆشـییەكەیە وەكـو گرانەتـاكەی مـاری، بەڵام میكرۆبـی هەمـان نەخۆشـی لە كەسـێكی تـردا لە كەمـاڵی تەندروسـتیدا ژیـانی بەسـەر دەبرد، لە بەدواداچوون بۆ هەنـدێ سـووڕی نەخۆشی، كێشەكە زۆر گەورە كرایەوە چونكە هەندێ كەس

لەوانەی تووشـــی نەخۆشـــییەکە بـــوون زوو خۆیـــان دابەدەستەوە، بەڵام کەسانی تر هاوشێوەی خۆیان هەڵگری نەخۆشـــییەکە بـــوون، سپوســـاخ بـــوون، تووشـــی هـــیچ نەخۆشـییەک نەبـوون. نەخۆشـییە ڤایرۆسـییەکانیش هەمـان ڕێچکەی نەخۆشییە "میکرۆب"ییەکانیان گرت، بەڵام هۆکاری یاریـدەدەر لەو نەخۆشـــییانەدا شـــاراوەبوون. هەنـدێ لەو نەخۆشـییانەی سـوور بـووین لەسـەر ئەوەی ڤایرۆسـین، پێشـــتر وایـــان پێشـــنیار کردبـــوو "بەکتریـــا" فـــاکتەری یاریدەدەری ئەو نەخۆشییەیە، زۆربەی مەسەلەکان لە بابی متمانەوە باوەڕیان پێدەکرا، نەک بوونی بەڵگەوە.

میکرۆب و پزیشکی و نەشتەرگەری

ئەو نـــاکۆکی و بەزم و هەرایەی بە نـــاوی زانســـتەوە ئەنجـــام دەدرێـــت، لەبەردوو هـــۆی تیـــۆری و دوو هـــۆی پراکتیکـــی، متمـــانە خـــۆی بەحەق دەزانێـــت. هیچکـــام لە تیۆرییەکان بە تەواوی تازە نین، بەڵام بەگشتی هەردووکیان دوای دەرکەوتنـی تیـۆری نەخۆشـیی میکرۆبـی، بەتەواوی ناسـران و هەسـتیان پێکـرا. هـۆی یەکەم لە دابڕانـی نێـوان هۆکاری نەخۆشییەکەو جەستەی نەخۆشـەکەدایە. میکـرۆب فاکتەری دەرەکییە، لەگەڵ کاردانەوەی تـاک بـۆ ئەو فـاکتەرە، پێویســـتە لەو ڕووداوانەش تێـــبگەین کە لە جەســـتەدا ڕوو دەدەن، بەڵام پێویستە بەدوای ئەو هۆکـارەدا بگەڕێـین کە لە دەرەوەوە هاتووە. نەخۆشی ئەو شتەیە لە کەسی نەخۆشـدا ڕوودەدات، بەڵام ئێمە وا ڕاهـاتووین هەمیشـە سەرزەنشـتی

نەخۆشییەکە دەکەین، کولتووری سەرزەنشتی نەخۆشییەکە نەڕەویوەتەوە (بەتایبەتی ئەو نەخۆشییانەی بە ستایلی ژیان ناسراون وەکو پەیوەندی سێکسی، هێشتا بەهێزە)، ئەو بۆشاییەی لەنێوان نەخۆش و هۆکاری نەخۆشییەکەدا دروستبووە، ڕێخۆشکەر بوو بۆئەوەی پزیشکەکان بتوانن لە مەسەلەی دۆزینەوەی نەخۆشییەکەدا، پێوەرە بابەتییەکان بخولقێنن.

چەمکی تیۆریی دووەمی نەخۆشییە میکرۆبییەکان زیادبوونی بیرۆکەی تایبەتمەندیی نەخۆشییەکەیە، لە سەرەتادا تەندروستی گشتی وەکو بزووتنەوەیەک لەگەڵ زۆربەی نەخۆشییە درمییەکاندا وەکو یەکەیەک ڕەفتاری کردووە، کە دەتوانێ تایبەتمەندییەکانی خۆی بگۆڕێت لەکاتی تەشەنەکردنی نەخۆشییەکە لەناو کۆمەڵگەدا، "نەخۆشییە پیسەکان" لای ئیدوین چادویک لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەدا، تەنها یەک دیوی هەبوو، ئیتر چی لەشێوەی تیفۆس بووایە یان تیفۆئید یان کۆلێرا یان سووربوونەوە، یان سوورەتا، یان هەر نەخۆشییەکی درمی لەو نەخۆشییانەی لە ناوچە شارستانییە قەرەباڵغەکاندا بڵاودەبنەوە، بەڵام میکرۆبەکان وەکو بناغەیەکی بایۆلۆجی هاتن و "جۆرەکانی تا لێهاتنیان" لێک جیاکردەوە بە مەبەستی ناساندنیان، لەدواییدا 'تا' لەژێر نیشانەکانی نەخۆشییەکەدا دانرا، نەک لەگەڵ نەخۆشییەکە خۆیدا. پۆلێنکردنی نەخۆشییەکان بووە مەسەلەیەکی پزیشکی گەورە، دوای ئەوەی تۆمارکردنی ڕێژەی مردن و هۆکارەکانی بوونە مەسەلەیەکی ڕۆتینی لە هەموو وڵاتە

پیشەسازییەکاندا. گرنگیدانی نێودەوڵەتی بە پەتا گەورەکان بە تایبەتی کۆلێرا زیادی کرد بە پێویستیی تۆمارکردنی زیاتری هۆکارەکانی مردن، لە سنووری نیشتمانیدا، گرنگیدان بە پۆلێنکردنی نەخۆشییەکان تەنها بەشێک بوو لەو هەوڵەی دراوە بۆ وردکردنەوەی زیاتری زاراوە زانستی و پزیشکییەکان.

شوێنەواری جێبەجێکردنی تیۆری نەخۆشی میکرۆبی بەرفراوانە، بەڵام لێرەدا دوو شوێنەواری باسدەکەین کە شایستەی ئەوەن تیشکیان بخرێتەسەر، یەکەمیان پاکژکردنەوەی نەشتەرگەرییە، دوای ئەوە پاکڕاگرتنی برینی نەشتەرگەرییە. نوێترین مادەی سڕکەر ئەلکولی ئەسیل و کلۆرۆفۆرم بوو، لە سەرەتای ١٨٤٠ ەوە، بەکارهێنانی ئەم دوو مادە سڕکەرە، لە پێشینەی ئەو گۆڕانکارییانە بوو کە نەشتەرگەران بە دەستیان هێنا، دوای ئەوەی کۆنترۆڵکردنی ئازار بووە ڕاستی. گرنگیی بەردەوامی لابوور لە پراکتیکی پزیشکیدا لەوەدایە دۆزینەوەی ئەم دوو مادەیە لەلایەن کۆششی کیمیاگەرانەوە بووە، ئەوی شایانی باسە دۆزینەوەی سڕکەری ئیسەر یەکەم دۆزینەوەی گەورەی ئەمەریکی بوو لە بواری پزیشکیدا، هەرچەندە پڕ بوو لە چیرۆکی ترسناک لە ڕێگەی گفتوگۆو دەمەقاڵێی زانستییەوە، هەروەها دوای ئەو مشتومڕەش کۆمەڵێ هەوڵی شکست خواردوو پێش سەرکەوتنی داهێنانەکان لەکایەدا بووە، ئەمە جگە لەو کۆتاییە ئازاربەخشانەی لە ڕەوتی پیشەیی بەڵێن پێدراودا بەدیدەکرێن. یەکەم نمایشی جەماوەری بۆ ئەنجامدانی کارێکی نەشتەرگەری لەژێر کاریگەریی بەنجی

ئیسەردا لە نەخۆشخانەی ماساچۆستس لە ١٦ ئۆکتۆبەری ١٨٤٦ ئەنجامدرا. زۆر بەخێرایی گەمییەکان هەواڵەکەیان بە ئەوروپادا بڵاوکردەوە، تۆمارە پزیشکییەکان پڕن لەو نەشتەرگەرییە لۆکاڵییە سەرەتاییانەی بەو مادە نوێیەی ئیسەر ئەنجامدراون. ساڵێک دوای ئەوە کلۆرۆفۆرم داهێنراو هەوڵەکان بەردەوام بوون بۆ دۆزینەوەی ئەو مادانەی تر کە کۆنترۆڵی ئازار دەکەن. هیچ داهێنانێکی پزیشکی بێ کێشەو مشتومڕی زۆر بە ئەنجام نەگەیشتووە، سڕکارییش بەدەر نەبووە لەو ناکۆکی و ململانێیە، لە پرۆسەی منداڵبووندا هەندێک ناڕازی بوون لەوەی بەنج بەکار بهێنرێت چونکە ئەو کەسانە باوەڕیان وابوو لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە، پێویستە حەوا بەدەم ئازارەوە منداڵی ببێ، هەندێ لە پزیشکە سەربازییەکان باوەڕیان وابوو پێویستە ئازارەکان بە ئەندازەیەک بووروژێنرێن تا ئازاری کاری نەشتەرگەرییەکە لە چاویدا کەم ئازارتر دەربکەوێت. مردنی چەند کەسێک لە کاری سڕکردندا پزیشکەکانی ڕاچڵەکان لەوەی ئەم مادەیە مەترسیدارە، هەندێجار ئەمجۆرە ڕووداوانە لە مێژووی ئەدەبیشدا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام توانای خێرایی ئەو مادەیە لەکۆنترۆڵکردنی ئازار، لەنێوان نەخۆش و پزیشکان وەکو یەکێک لە دیارترین سیمای سەرەتای مێژوی تەکنیکی سڕکردن بوو. ڕێخۆشکەربوو بۆ نەشتەرگەران تاکو بە ئاسانی کار لە لابردنی شانە تووشبووەکان بکەن یان پارێزگاری لەشانە ساخڵەمەکان بکەن، بەڵام کرانەوەی برینەکان بۆ ماوەیەکی زور دەبووە هۆی ئەوەی برینەکان بەر هەوا بکەون بەوەش ئەگەری

تووشـبوون به هێرشـی میکـرۆب له زیادبووندا دەبـوو، له ئەنجـامی ئەوەشـدا پرۆسـەی سـڕکردن لەچوارچێـوەی نەشتەرگەریدا بۆ نەشتەرگەرەکان فراوانبووەوە، بەڵام مەرج نییە گرەنتی ئەوە بدرێت به نەخۆش تا بەزیندویتی دەرفەتی دەرچوونی لەو مەینەتییە هەبێت.

سڕکردن یەکێک له سیما دیارەکانی نەشتەرگەریی نوێیە، بەڵام پاکژی (تعقیم) تایبەت به مادەی کیمیایی به بنەمای سیمای دووەم دادەنرێت. جۆزیف لیستەر[٦١] (١٨٢٧- ١٩١٢) پێشڕەوی نەشتەرگەری تەعقیم بوو، لەکۆتایی ساڵی ١٨٦٠ لیستەر به ئەسڵ له کۆمەڵەی هاوڕێیانی ئاینی پیرۆز بوو. باوکی له داهێنانی میکرۆسکۆپی بێڕەنگ بەشدار بوو. واته له خێزانێکـی زانسـتخوازەوە ئاراسـتەکرابوو. دەڵـێن له نەشـتەرگەرییە ئاشـکراکەدا که به ئیسـەر، له بەریتانیـا ئەنجامدراوە ئەو ئامادەبووە، که ڕۆبەرت لیستۆن[٦٢] (١٧٩٤- ١٨٤٧) نەشـتەرگەرییەکەی ئەنجامـداوە. که پرۆفیسـۆری نەشـتەرگەری بـوو له نەخۆشـخانەی کـۆلێجی پزیشـکیی لەندەن. لیستەر لێکۆڵینەوەی گرنگی ئەنجامدا، سەبارەت به پشـکنینی میکرۆسـکۆپی، بەڵام ئەو کاته هێشتا خوێندکاری کـۆلێجی پزیشـکی بـوو، دوای دەرچـوونی له زانکـۆ، بەرەو ئەدینـبەرە کەوتەڕێ به مەبەسـتی تەواوکردنـی خوێنـدن لەبواری نەشتەرگەریدا، لەوێ کچی پرۆفیسۆرەکەی خواست ونزیکەی دوو دەیەی له ئەدینبەرە وگلاسکۆ بەسەربرد، لەو

61 Joseph lister.
62 Robert Liston.

مـــاوەیەدا سیســـتەمەکەی خـــۆی دەربـــارەی پاکژکـــاری نەشتەرگەری لە ١٨٦٧ پێشکەش کرد.

لیســتەر بەهــرەی لە لێکۆڵینەوەکـانی پاســتۆر وەرگـرت، دەربـارەی ڕۆڵـی بـونەوەرە زینـدووە وردەکـان لە پرۆســەی ترشــاندن و بــۆگەنکردن و پرۆســـە زینـــدووەکانی تـــردا، لەســەرچاوە ســەرەکییەکەیدا پاڵپشـتیی پاســتۆر دەکـات، بە ئـاوێتەکردنی ئەو دیدەی کە پاسـتۆر پێشکەشـی کـرد لەگەڵ ئەو زانیـــارییەی کە ترشـــــی کاربۆلیـــک (فینـــۆڵ) بەســەرکەوتوویی بەکاردەهێنرێـت بـۆ پـاکژکردنەوەی ئـاوی ئاوەڕۆکـان، برینپێچـی کـاربۆلیکی بەکارهێنـا لە بەســتنی برینەکانــدا بەتـایبەتی بەســتنی ئەو برینـانەی (لە ئەنجـامی شـکاویی ئـاڵۆزەوە، مەبەسـت لەوەی ئێسکەکان ماسـوولکەو پێســـتەکەیان دڕیـــوەو بەدەرکەوتـــوون) لەڕێـــگەی ئەم چارەســەرەوە چارەســەری ئەلتەرنـاتیڤ لە دۆخـی شـکاویی ئـــاڵۆزدا، بـــڕینەوەیە؛ ئەگەر هەوڵ درا برینەکـــان دابخـــرێن، چـــونکە لەم دۆخەدا ڕزگـــارکردنی پەلە تووشـــبووەکە زۆر سـنووردارە. ئەو لـۆجیکەی لیســتەر پشـتی پێبەسـتبوو، زۆر ئاڵۆزبوو، لەبەرئەوە پێداچوونەوەیەکی تری کرد بـۆ قۆنـاغی داهاتوو تاکو وا دەربکەوێ ئەو سیستەمی پاکژکردنەوەیەی داوای دەکـــرد پشـــتی بە تیـــۆری میکـــرۆب دەبەســـت لە پیسـبوونی برینەکانـدا، بەڵام لە ڕاسـتیدا پشـتی بەو بـاوەڕە بەستبوو گەردەکانی تۆز کە بە هەوادا

FIG. 21.—TO SHOW THE ARRANGEMENT OF TOWELS, ETC., IN A LARGE OPERATION.

شێوەی (٢١) ئامادەکردنی نەخۆشێک بۆ بڕینەوەی مەمکی، ئەو دۆخە شڵۆق و نالەبارەی جۆزیف لیستەر لە پاکژکردنەوەی نەشتەرگەرییەکەدا لەبواری پراکتیکییەوە ڕووندەکاتەوە. ئەم وێنەیە لە کتێبێک لە ساڵی ١٨٨٢ لەلایەن یەکێک لە قوتابییەکانییەوە وەرگیراوە، ئەویش سێر (ویلیام واتسۆن چین)ە.

هەڵواسراون سەرچاوەی پیسییەکان دەگوازێتەوە (لە ئەزمونی خۆدروستکردنەوەدا پاستۆر تۆزی لە کەمۆڵەکانی دوورخستبووەوە)، برینەکانی بەو لەفافانە دەبەست کە بە ترشی کاربۆلیکدا تەڕی دەکرد، چونکە ئەو ترشە ڕێگر بوو لە هەوکردنی برینەکان.

سیستەمەکەی لیستەر سەرکەوتنی بەدەستهێناو دەستی کرد بە فێرکردنی خوێندکارەکانی، بەڵام هەندێ لە

نەشتەرگەرەکان ڕەتیان کردەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لەبواری نەشتەرگەریدا سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێنا، ئەویش تەنها لەڕێگەی پێڕەوکردنی پاکوخاوێنییەوە. جەنگی پروسی – فەرەنسی ئەزموونێکی بەراوردکاری گونجاوی پێشکەش کرد کاتێک نەشتەرگەرە ئەڵمانەکان پشتیان بەو ڕێوشوێنە دەبەست کە لیستەر بانگەشەی دەکرد بەڵام هاوتا فەرەنسییەکانیان ڕێگرییان دەکرد، لەبەرئەوە ئەزموونی ئەڵمانی زۆر بەڕوونی بەسەر ئەزموونی فەرەنسیدا زاڵبوو، ناوی لیستەر بەجۆرێکی دیاریکراو بە تەکنیکە نەشتەرگەرییەکانەوە بەسترایەوە. بەڵام لیستەر خۆی نەشتەرگەرێکی خۆپارێز بوو و تا ڕادەیەکی زۆر کارەکەی لەبوارە ئاساییەکانی نەشتەرگەریدا، دەستکورت بوو، واتە لە پەلەکان و جومگەو میزڵدان و چەند بەشێکی ڕووکەشی لەشدا چڕبوو بووەوە.لیستەر بەردەوام بوو لە پێشخستنی سیستەمە پاکژکارییەکەی ، سپرای کاربۆلیکی بەکارهێنا لە چاودێری ئاسایی ئەو برینانەی لە نەشتەرگەریدا دەردەکەون، بەردەوام بوو لە بەدەستهێنانی دەرەنجامی نوێ، لە ئاستی نێودەوڵەتی ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد.خۆی و پاستۆر زۆر ڕێزی یەکترییان دەگرت، لە پلاتفۆرمی کۆڕی پزیشکیی نێودەوڵەتیدا چەند جارێک چووە سەر هەمان مینبەر دوای ئەوەی لە چەند دەیەی دوایی سەدەی نۆزدەدا، ناوبانگی پەیداکرد. لەگەڵ زیادبوونی ڕۆڵی بەکتریا لە پیسبوونی برین، پاساوە تیۆرییەکانی بەرەبەرە گۆڕانکارییان بەسەردا هات و زیاتر دەیبەستەوە بە زانستی

بەکتریای نوێوە. بەهەرحاڵ تەمەنی مادەی پاککەرەوە antisepticی نەشتەرگەری کورت مەودا بوو؛ زۆر بەخێرایی پاکژکاری نەشتەرگەری aseptic جێی گرتەوە، کە ئامانجی کوشتنی میکرۆب نییە بەڵکو کار لەسەر دوورخستنەوەی میکرۆب دەکات، پرۆسەی پاکژکاری لەڕێگەی پاکوخاوێنی کەلوپەل و ئامێرەکانەوە، گۆزو برینپێچ و دەست وپلی نەشتەرگەرەکان و پێستی نەخۆشەوە بوو، ئەویش بە پشتبەستن بە پرەنسیپی گشتی کە پووختەکەی ئەوەیە، دەبێ هەر لەسەرەتاوە شانەکانی جەستە خاڵی بێت لە میکرۆب ، ئەگەر توانرا بەکتریا لەکاتی نەشتەرگەریدا دووربخرێتەوە، ئەوا برینەکان زوو سارێژ دەبن بەشێوەی سروشتی، بەپێی ئەوەی نەشتەرگەرەکان ناویان ناوە "مەبەستی یەکەم" واتە سارێژبوون بەبێ بوونی کێم و زوخاو، لە کۆتاییدا پرسی پاکژکاری بۆشاییەکانی ناو لەشی گرتەوە وەکو ورگ و سینگ و کەللەسەر- بۆ نەشتەریش، لەم سێیەی دوایی سەدەدا، نەشتەرگەری بووە، پسپۆرییەکی سەرنجڕاکێش، ئەو تەکنیکانەی کوخ وئەوانیدی لە تاقیگەی بەکتریۆلۆجیدا دایانهێنا، وەکو پراکتیکێکی سروشتی لەلایەن ئەوانەوە، لەسەر شانۆی نەشتەرگەری هاتە بەرهەم، وردە وردە بووە شوێنێکی دابڕاو وپتەو لە ناو سیستەمی نەخۆشخانەکاندا.

کاتێ پزیشکە نەشتەرگەرەکان لەسەرەتادا دەستیان دایە کاری نەشتەرگەری لە ناو هەناوی مرۆڤدا، (پێشتر ئەمجۆرە کارانە تەحریم و قەدەغەکراو بوو)، ڕێژەی سەرکەوتنیان لە

ئاستێکی زۆر نزمدا بوو، ئەمە جگە لەوەی تووشی کێشەی لاوەکی دەبوونەوە وەکو خوێن بەربوونی بەهێز و تەشەنە کردنی میکرۆب و هەوکردن (بۆنموونە لە کرداری هەرسدا، لەسەرەوەو لەخوارەوە بەڕووی جیهانی دەرەوەدا کراوەیە، هەروەها ڕیخۆڵە پاکوخاوێن نییە وەکو ئەندامەکانی تری جەستە) ئەو پزیشکانەی پەرۆشبوون بۆ بەکارهێنانی چەقۆ باوەڕیان بەو وتەیە هەبوو کە دەڵێ: "دڕین، فرسەتێکە بۆ چاکبوونەوە" چونکە زۆر حاڵەتی ئەوتۆ هەبوو، پزیشکەکان نەخۆشییەکەیان دەدۆزییەوە، بەڵام دەستەوەستان بوون لەوەی چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن، بەڵام لەپڕێکدا توانرا لەڕەگەوە ئەو نەخۆشییە چارەسەربکرێت، لێرەدا پێویستە ئەو مردنانە لە زەمەنی پێشوودا بێنینەوە یاد، کە بەهۆی چاندنی دڵەوە ڕوویدەدا، پێشئەوەی سەرکۆنەی سەردەمی کۆن بکەین، بەڵام ئەو لێپرسینەوەیەی لەکاتی ئێستادا هەبوو لەو کاتەدا نەبوو، پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان نەخۆش و نەشتەرگەرەکاندا وەک تاک هەبوو، لەو کاتانەدا چەقۆ بەکارهاتووە کە شایستەی نەشتەرگەری بێت، هێلکەدانیان لادەبرد کاتێ نەخۆشەکە تووشی حاڵەتی هستیریا یان ئازاری سووڕی مانگانە ببووایە، بەهۆی بێتاقەتی درێژخایەن و قەبزییەوە بەشێکی زۆری ڕیخۆڵەیان فڕێدەدا، ئاڵوویان بەشێوەیەکی ڕۆتینی فڕێدەدا، بەهۆی ئەوەی لە منداڵییەوە هەر گازندەیەکی هەبووبێ لە قورگ ئێشە. ڕێبازی "سەنتەری هەوکردن" لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕەواجێکی زۆری هەبوو، وەکو پاساوێک

بەکارهاتووە بۆ لابردنی چەند بەشێک لە ڕیخۆڵە، دان، ئاڵوو وئەنـــدامەکانیتر بەهەر دەردێــک بــووایە، تەنــانەت شــێت بوونیش.لەســەردەمی نوێـدا، پەیوەنـدیی نێـوان نەخـۆش و پزیشــک چــووە قۆنــاغێکی تــرەوە، چوارچێــوەی کــاری پزیشکەکان فراوانتر بووەوە، دەبوایە نەخۆشەکان متمانەیـان بە پزیشـکەکانیان هەبـووایە، لە ئەدەبیـاتی مێژووییـدا جەخـت لەسـەر نەشـتەرگەرییە نامۆکـان کـراوەتەوە، یـان باسـکردنی ڕێــژەی ئەو مردنــانەی کەمتــرین چانســی ســەرکەوتنیان هەبــووە. بە تێــڕوانین لەو گەشــەکردنە هــونەرییەی کە نەشـتەرگەری لە نیوەی یەکەمـی سـەردەمی جەنگی جیهـانی یەکەمـدا بەخـۆیەوە بینیـوە، زۆر خێراتـر بـووە لە تـۆڕە پاڵپشــــتەکان (گواســــتنەوەی خــــوێن، دژەتەنەکـــان لە بەرەنگـــاربوونەی هەوکـــردن، چـــاودێریکردنی ژووری چـــاودێریی ورد)، ئەو پێــوەرە ئەخلاقییـــانەی بەزۆری لە جێبەجێکردنی کرداری پزیشکی و نەشتەرگەریی نوێدا هەیە، ئەودەم نەبووە. جیاوازیی زۆر لە شێوازی دەستنیشانکردنی نەخۆشـی و توانـا هونەرییەکـان لەنێـو پزیشـکاندا هەبـووە. بــۆیە ئەوســـاو ئێســـتاش نەخۆشـــەکان ئـــازادن چـــی نەشتەرگەرێک هەڵدەبژێرن.

دووەم میراتــی پراکتیکــی لە زانســتی بەکتریازانیــدا کە توانای تێگەیشتنی لە سەرچاوەکانی نەخۆشی و نەخۆشییە درمی و شێوازەکانیدا هەبێت و وەڵامێکی قایلکەری پێبێت، کـاری پزیشـکی لەتـاقیگەی فـابریکەدا بـوو، وەکـو ڕێبەرێکـی پزیشکیی ناو کۆمەڵگە چاوی لێدەکرا.

وێنەی (٢٢) جیهانی پزیشکی: وەکو قارەمانێک یادی حەفتا ساڵەی تەمەنی لویس پاستۆر لە ساڵی ١٨٩٢ دەکاتەوە، ئاهەنگێکی نێودەوڵەتییە لە بەردەم هەزاران کەسدا، جۆزیف لیستەر بەخێرهاتنی مامۆستاکەی دەکات.

پسپۆرانی بەکتریۆلۆجی، کەسانی "کارامە" بوون زۆر باڵاتربوون لە نەوە کۆنەکەی پسپۆرانی تەندروستی گشتی؛ ئینجا پسپۆرانی بەکتریۆلۆجی بارستاییەکی گەورەتریان لای حکومەت و سیاسەتمەداران هەبووە، چادویک بانگەشەی "ئاوی پاک"ی دەکرد، بەڵام چەمکی پاکوخاوێنی گۆڕانکاری بەسەردا هات کاتێک زانرا جۆرێک لە بەکتریای دیارکراو لەڕێگەی ئاوەوە دەگوێزرێتەوە، کە دەبێتە هۆی نەخۆشی. بۆیە پێویستە ئاوەکە پێش خواردنەوەی پشکنینی بۆ بکرێت، بەهەمان شێوە خۆراک، کوالیتی گۆشت، هەوای پاکژ و

هەمــوو ئەو شــتانەی دەخــوورێن. زانایــان ســەرقافڵەی دیــاریکردنی ئەو توخمــانەن، چەنــد بنەمایەکیــان بــۆ ئەو مەبەستە لە بواری تەندروستی گشتیدا داناوە.

فسیۆلۆجیا: ئیرادەیەکی نوێ

بەکتریـازانی زانسـتێکی پزیشـکییە، زۆرتـرین کـاریگەری لەسـەر ژیـانی ئاسـایی تـاک، لەسـەدەی نـۆزدەدا هەیە، فسـیۆلۆجی ئەزمـونگەری نـاڕەزایی زۆری هەسـتپێکراوی وروژانـد، کـاتێ پسـپۆرانی زانسـتی جەسـتە بەشـێوەیەکی سیستماتیک نەشتەرگەرییان لەسەر گیانەوەرە زیندووەکان جێبەجێکـرد. بەکتریۆلۆجییەکـانیش گیـانەوەری زۆریـان بەکارهێنـا، بەڵام تاقیکردنەوەکـانی ئەمـان هێنـد کـاریگەر نەبوون وەکو ئەوەی لە فسیۆلۆجیای ئەزمونگەریدا هەستی پێکـرا. بەتـایبەتی لە بەریتانیـا زانسـتی فرمانەکـانی جەسـتە (فســیۆلۆجیا) لە بەکتریــازانی (بەکتریۆلــۆجی) زیــاتر پەرەیسەند.

ئەڵمانەکــان لە هەمــوو لقەکــانی زانســتی پزیشــکی پەیمانگایـان دامەزرانـد، دیـارترین پەیمانگـای فسـیۆلۆجیا پەیمانگـای کـارل لۆدڤیـگ[٦٣](١٨١٦- ١٨٩٥) بـوو لە زانکـۆی لایپزیـک، لە هەمـوو لایەکـی دونیـاوە فێرکـار ڕووی تێدەکرد بە ئامــانجی خوێنــدن. لۆدڤیــگ یەکــێ بــوو لە ئەنــدامانی گروپێکــــی چــــوار کەســــی لەو فســــیۆلۆجییە لاوانەی ڕاگەیەنراوێکی شۆڕشگێڕانەیان لە ١٨٤٨ بۆ پەتاکە دەرکرد،

63 Karl Ludwig.

ئەوەیـان ڕاگەیاند کێشـەی فسـیۆلۆجیا دەتوانرێت لەڕێگەی جێبەجێکردنـی پرۆگـرامە زانسـتییەکانی فیزیـاو کیمیـاوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو ئەنجام بدرێت.

دوان لە ئەنـدامانی گـروپەکە، کە مـابوونەوە بەڕێگەوەبـوون تـا سـەرۆکایەتی پەیمانگـا فسـیۆلۆجییەکانی بەرلـین وڤییەنـا بـکەن، بەڵام چوارەمیـان هێرمـان ڤـۆن هیلمهۆلتز، لە کۆتاییدا گواستییەوە بۆ فیزیـا. جگە لە کـارە گرنگەکەی لە بواری کارەبای موگناتیسی ئەمبارکردنی وزە، پسـپۆر بـوو لە فسـیۆلۆجیای ئەندامە هەسـتیارە تایبەتەکـان وفیزیای بیستن. هەرچوار ئەندامی گروپەکە لە فسـیۆلۆجیادا بە ئاراسـتەی بنەمـایەکی فیزیکـی هەنگاویـان نـا. گرنگیـی لێکـۆڵینەوە سـەرەکییەکانی لۆدڤیـگ لە فرمانەکـانی دل و گورچیلەدا چڕبووبووەوە، کتێبە سـەرچاوەییەکەی لە هەموو ئەو شـوێنانەی بە ئەڵمـانی دەدوێـن لە نـاوەوەو دەرەوە، لەڕێگەی وەرگێڕانەوە بڵاوبـووەوە. لەو سـەردەمەدا زمـانی ئەڵمـانی زمـانی زانسـتی پزیشـکی بـوو، بۆیە چانسـی چاپە ئەڵمـانییەکە خـۆی خـوێنەرێکی زۆری هەبـوو لە ئاسـتی جیهانـدا. ئینجـا تـاقیگەی ئەو فسـیۆلۆجیانە وفسـیۆلۆجییە ئەڵمانییەکـان بە دیدێکی مۆدێرنـانە ڕەنگڕێژ بووە، زاناکـان خۆیان سوودیان لە کەرەستە تەکنۆلۆجییە یارمەتیدەرەکان بینی، هلمهۆلتس چاویلکەی چاوی داهێنا، لۆدڤیگ کیمۆگرافی (شـەپۆلە هێڵکارییەکـان)ی داهێنـا، کە بـریتییە لە تەپڵێکی خڕ بە ئـامێرێکی تۆمـارکردنەوە بەسـتراوە، ئەو گۆڕانکـارییە وەزیفیـیە بەردەوامـانەی جەسـتە دەپێـوێ وەکـو لێـدانی

دەمـــــاری دەســـــت، گرژبـــــوونەوەی ماســــــوولکە و ئەو گۆڕانکاریيـانەی بەهـۆی گرژبـوونەوە ڕوودەدەن. تۆمـاری هێلکاری بۆ ڕوداوە زیندووەکان تايبەتمەندييەکە بە زۆری لە بـواری تـوێژینەوە پزیشـکییە زینـدەگی و بـوارە پزیشـکییە کلینییەکان دەردەکەوێت.

فسـيلۆجيای ئەڵمـانی گەشـەی کـرد هەرچەنـدە فەرەنسـا پێشـڕەوی سـەدە بـوو: کلـۆد بێرنـارد[64](١٨١٣- ١٨٨٩) لە کۆلێژی پزیشکیی پاریس دەیخوێند، پێیوابوو ناکرێت کـاری کلینیکـی پزیشـکی بە دوور بێـت لە چەمکـی میکانیزمەکـانی نەخۆشــــی یــــان گەڕان بەدوای چارەســــەرە نوێیەکانــــدا. تاقیکردنەوەکـانی لەسـەر گیـانەوەران لە ژنەکەی و کـچەکەی دووری خســــتەوە، بێرنـــار بە پـــلەی یەکەم بەهـــرەوەر و داهێنەربـــوو لە کاروبـــاری نەشـــتەرگەری لە تـــاقیگەکەی، لەسەرەتای کارەکەیدا ڕۆڵی جگەری لە میتـابۆلیزەی شـەکر، فرمـــانی پەنکریـــاس لە کـــرداری هەرســـی خســـتەڕوو. لە دۆزینـەوە گرنگەکانیـدا باسـی فرمـانی دەمـارە دەرەکییەکـان دەکـات، باسی ژاراوی بـوون بە یەکەم ئۆکسـيدی کـاربۆن دەکـات، جۆرێـک لە نەخۆشـيی شـەکرەی بەرهەم هێنـا بە لە نـاوبردنی چەنـد خـانەیەکی مێشـک بەشـێوەی دیـاریکردن و هەڵبـژاردن، لەسـەروو هەمـوو ئەوانەوە گرنگـی بە چـۆنێتيی کــــار پێکردنـــــی ئەو میکـــانیزمە فســـیۆلۆجییانە دەدات، کە گیانەوەرێک بەتەواوی فرمانەکانی بەرهەم دێنێ. تێگەیشـتنی لە "ناوەنـدە نـاوەکییەکە" يارمەتيـدا بـۆ باسـکردنی فرمـانی

64 Claud Bernard.

ئەندامەکان لەڕێگەی کارە فسیۆلۆجییەکانەوە، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، وەکو پلەی گەرمی لەش و ئەیۆنە کانزاییەکان لە بۆڕییەکانی خوێندا، وشەکری خوێن. والتەر کانون، فسیۆلۆجیی ئەمەریکی بەم پێشبینییەی بێرناردا چووەوە و ناوێکی تری بۆ دانا (هاوسەنگی شەکر) تائێستاش ئەم تێگەیشتنە لە مەسەلەکانی تەندروستی و نەخۆشی و گەشەکردندا ناوێکی گەوهەرییە.

بێرنارد گۆڕانکارییەکی فەلسەفی لە ئەقڵیدا هەبوو، ژیانی پیشەیی و لێکۆڵینەوەکانی، هەروا پێشکەوتنی لە بواری فەلسەفەی توێژینەوەی پزیشکیدا لە کتێبە کلاسیکییەکەیدا چڕبۆتەوە بە ناوی "پێشەکییەک بۆ لێکۆڵینەوەی ئەزموونی پزیشکی"، لەو کتێبەدا بێرنارد دەڵێ، تاقیگە پەناگەی ڕاستەقینەی زانستە پزیشکییەکانە، هیچ زانستێکی ئەزموونگەری لە نەخۆشخانەدا گەشە ناکات، لە نەخۆشخانەدا مرۆڤ پێویستی بە چاودێرییە، دوای ئەوە کۆمەڵێک گۆڕانکاری هەن بەشێوەی جیاجیا دەخرێنە ژێر چاودێرییەوەو دەبینرێن، زانستی ئەزموونگەری ڕاستەقینە ناتوانێ گەشە بکات، تەنها لە تاقیگەدا ئەزموونگەرەکە دەتوانێ گۆڕانکارییەکان بپارێزێ و تۆماریان بکات، لەبەرئەوە گۆڕانکارییەکان ڕوون و ئاشکران. جارێکیان پاستۆر وتی، ڕێکەوت ئەقڵی ئامادەی پێباشە، بێرنارد دەرکی بە ڕۆڵی چاودێری کردبوو، کە ڕێکەوت دروست دەکات و بەرەو ڕێگەی لێکۆڵینەوەی بەسوودی دەبات. بۆ نموونە میزی کەروێشک هەمیشە لێڵ و ئەلکالینە، بەڵام کاتێک بینی میزەکە گۆڕا بە ئەسید ئەوکاتە بوو کە

کەروێشکەکە خواردنی لێبڕابوو، گەدەی بەتاڵ بوو، لەوەوە بۆی دەرکەوت شانەکانی خۆی میتابۆلیزە دەکات، دەرەنجامی ئەمەش گەیشتە ئەوەی لێکۆڵینەوە لە مادە خۆراکییە جیاوازەکاندا بکات لە کرداری هەرسکردندا. بەدۆزینەوە فەلسەفییەکەی دەوترێ میتۆدی گەیشتن بە دەرەنجامی وادانراو: کاتێک زانایەک تیۆرێک دەربارەی دیاردەیەک دادەنێ، ئینجا ئەو دەرەنجامەی لە وادانراوەکە دەکەوێتەوە، تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجام دەدات تا بزانێت تیۆریی یان وادانراوەکەی ڕاستە یان نا، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەدا بۆچوونەکەی خۆی دەخاتە لاوە. بێرنارد ئەو بۆچوونانەی خۆی بەو شەپقەیە شوبهاند کە وەسیلەیەکە بۆ بیرکردنەوە، زانای ڕاستەقینە شەپقەکە لەسەر ڕەفێک دادەنا لەکاتی تاقیکردنەوەکەدا، بەڵام لەبیری ناچێ کاتێ لە تاقیگەکە دەرچوو جارێکیتر بیکاتەوە سەری تا بزانێت چی بینیوەو واتاکانی چی دەگەیەنێت. لەسەر بنەمای ئەزموونەکەی سەرکەوتن و شکست یان ڕاستکردنەوەی وادانراوەکەی جێگیر دەکات، ئینجا ئەگەر پێویست بکات تاقیکردنەوەی تر ئەنجام دەدات.

بێرنارد پێیوایە پزیشکی ئەزموونگەری لە سێ کۆڵەکە پێکهاتووە: فسیۆلۆجیا، پەیوەندی کردن بە وەزیفەی سروشتییەوە، لەگەڵ زانستی نەخۆشی. لەڕێگەی وەزیفەی ناسروشتی و شێوازەکانی چارەسەرکردنەوە، تەرکیزی کردۆتەسەر چارەسەرە کاریگەرەکان. لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانییەوە لە هەر سێ بوارەکەدا کاری کردووە، بەڵام ئەو خاڵەی مایەی گرنگی پێدانە ئەوەیە، پێویستە هەر

بوارێـک لەو بـوارانە پشـت بە ئەزمـوونی پـتەو ببەسـتێت، ئەمەش ئەو ئامانجەیە لە تاقیگەدا نەبێت بەدەستنایەت. دەکرا لە ڕێـگەی کـاری مەیـدانی و توێـکاری لاشــەو چـاودێری نەخـۆش و سـەردانی نەخـۆش لەسـەر جـێگەکەی، زانیـارییە سـەرەتاییەکان بە دەسـت بهێنـرێن، ئەو پرسـیارانەی پەیوەنـدییان بە بـابەتەکەوە هەیە ئاراسـتە بکـرێن، بەڵام ئامـانجی بنەڕەتیـی زانسـت ڕوونکـردنەوەی هۆکـار و میکانیزمەکـانە. پاسـتۆر و بیرنـارد هـاوڕێ بـوون، بێرنـارد گرنگیی هەموو کارەکانی پاستۆری دەزانـی، تەنانەت کۆچی دوایـی کـرد پـێش ئەوەی تەواوی تواناکـانی ئاشـکرا بکـات، بەڵام پاستۆر لە بێرناردا ئەوەی دەبینی کە داکۆکی کارێکی زمـان پـاراوە لە ڕێبـازی ئەزمـوونگەری پزیشـکی و هیـوای ئایندەیە.

هەرچەنـدە فسـیۆلۆجیای ئەزمـونگەری قورسـایی ئەو بزووتنەوەیەی هەڵگرت کە دژی توێکاری گیانەوەران بوو، هـیچ یاسـایەک بـۆ ڕێکخسـتنی ئەزمـونی گیـانەوەران لە بەریتانیا نەبێت لەهیچ شوێنیکی تردا دەرنەچوو. لەسەرەتادا یاسای توندو تیژی بەرامبەر گیانەوەران لە ١٨٧٦ نیگەرانیی تـوێژەرانی بـواری پزیشـکیی لـێکەوتەوە، بەڵام لە ڕاسـتیدا چوارچێوەیەکی ماقووڵیان داڕشت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسـەر گیـانەوەران، ئەمەش ڕێخۆشـکەربوو بـۆ دوورخسـتنەوەی توێژینەوەکـان لە کـارگە تـایبەتەکەی مـاڵی زانایان، ئەم مۆرکە دامەزراوەییە گواسترایەوە بۆ دامەزراوە گشـتییەکان و زانکۆکـان. گرنگتـرین ئـامرازی

فسیۆلۆجیستەکان کاری سڕکردن بوو. تاقیکردنەوەی سڕکردن لە گیانەوەراندا نەک تەنها کۆنترۆڵی ئازار دەکات، بەڵکو کاری نەشتەرگەرییەکە زۆر ئاسان دەکات. هەردوو تەکنیکی پاک وخاوێنی پێش نەشتەرگەری و پاکژکردنەوەی دوای نەشتەرگەری خزمەتی فسیۆلۆجی کردووە، ئەمە نموونەیەکی ترە لەسەر ئەو ڕۆڵەی پزیشکی کلینیکی و زانستی ئەزمونگەری، لە پتەوکردنی یەکتریدا دەیگێڕن.

ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵینەوە فسیۆلۆجییەکان سوودیان بە پسپۆرییە پزیشکییەکان گەیاندووە، بۆ نموونە پزیشکی دەمارەکان (نیورۆلۆجی) کار لەسەر مێشک دەکەن. پزیشکەکانی دڵ لەو لێکۆڵینەوانە سوودمەندبوون لەسەر گیانەوەران ئەنجامدراون لە هەردوو بابەتی گرژبوونەوەی دڵ و لێدانی دڵ. یەکێکی تر لەگەشە پزیشکییەکان دۆزینەوەی هۆرمۆنەکان بوو، ئەم دۆزینەوەیە ڕێخۆشکەربوو بۆ دامەزراندنی بەشی کوێرە گلاندەکان، لەسەردەستی هەردوو زانای فسیۆلۆجی: ئێرنست ستارلینگ[65] (١٨٦٦-١٩٢٧) و ویلیام بایلیس[66](١٨٦٠-١٩٢٤). پسپۆرە پزیشکییە نەشتەرگەرییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی 'سروشتی' بوون؛ سەرەڕای ئەوەش لەنێو گرووپەکاندا پشت بە هەوڵی ئەو تاکە کەسانە دەبەسترا کەسووربوون لەسەر خەمی پێگەو ئایندەی پیشەیی خۆیان. بەڵام لە کاتی بەرپابوونی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، کاری

65 Ernest Starling.
66 William Bayliss.

پزیشکی نەشتەرگەری، پشتیان بەو مەعریفە کەڵەکەبووە دەبەست، کە سەرچاوەکەی تاقیگەی کارگە بوو، لەسەردەستی ئەوانەی لە بواری زانستی پزیشکیدا کاریان دەکرد، (نەک پزیشکی کلینیکیی جێبەجێکار) بەشێوەیەکی بەرفرەوان ئەم زانیارییانە کەڵەکەو بەرفراوان بوون.

بەشی شەشەم
پزیشکی لە سەردەمی نوێدا

دواتر چی ڕوویدا؟

پێنج بەشی سەرەتای ئەم کتێبە بەشێوەیەکی زەمەنی، لە هیپـــۆکراتەوە بـــۆ کۆتـــایی جەنگـــی جیهـــانیی یەکەم ڕیزبەنـدکراوە. بەڵام ئەم دوابەشـــە، باســـی کـاری پزیشـکی لەسەدەی ڕابردوودا دەکات. لێرەدا بەکورتی باسی گرنگیی پزیشـکیی ئێستا دەکەین لە بەستنەوەی بە هەریەک لە پێنج "جـۆر" ەکەی کـاری پزیشـکیی ڕابـردووەوە: دیـدەنگەی پزیشـکی سـەرجێگا، کتێبخـانە، نەخۆشـخانە، کـۆمەڵگە و تاقیگەی کارگەکان. هەریەک لەو جۆرە پزیشکییانە شوێنێکی تایبەتیـان لە بـودجەی چـاودێری تەندروسـتیی سـەردەمدا، دەسـتەبەرکردووە، کە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بەژیـانی پزیشک و نەخۆشەوە هەیە.

یەکێ لە هێزە جووڵێنەرەکان لە پشتی پزیشکیی نوێوە بــڕی تێچــوونە، ئەو پرســـیارەی بەردەوام لەڕێـــگەی نەوەیەکەوە یــان دوو نەوەی ڕابــردووەوە، ســـەبارەت بە چــاودێری تەندروســتی کــراوە ئەوەبــووە، ئایــا خەرجــی پزیشــکی ڕەوایە؟ ئەم پرســیارە ســنوورە نیشــتمانییەکانی تێپەڕانــد و بەســەر ئەو سیســتەمانەدا جێبەجــێ دەبێــت کە لەڕێــگەی بــاجەوە بەڕێــوە دەچــن وەکــو لە پلانــی دەســتەی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی (NHS) لە بەریتانیادا هەیە، یان بیمەی چاودێری تەندروستیی تایبەت بەرامبەر بە پــارە لە وڵاتە یەکگرتووەکــانی ئەمەریکــا، بە هەمــان شــێوە بەجێگەیانــدنی ئەرکە تەندروســتی و یــارمەتییە پزیشــکییە بنەڕەتییەکـــان لە ئەفەریقـــا. مەســــەلەی "پێداویســـتییە" تەندروستییەکان بە هەرچی پێوەرێک بێت بێسنوور نەرمە، تا زیاتر دابین بکرێت، زیاتر داواکاری لەسەر دەبێت، بڕی تێچـــــــووی تەندروســــــتیی هـــــــاوچەرخ بەردەوام لەبەرزبــوونەوەدایە. لەهەمــان کاتــدا کــاریگەری پزیشــکی بەشێوەیەک زیادیکردووە بەهیچ شێوەیەک بە خەیاڵیش لە ڕابردوودا بەو شێوەیە کاریگەری نەبووە. ئینجا گرنگیدان بە تواناکان بووەتە پێشینەی کارەکان. چاودێریی تەندروستی بووەتە بەشێک لە کاری بازرگانی و بەپێی چەند ستراتیجێک لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکاندا کاردەکات، تەنانەت بەشێکی زۆری بەڵێندەرەکان لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانن کە قازانج دەیانجووڵێنێ. سەرکردە بزنیسمانەکان ئاماژە بەوەدەکەن ئەو کۆمپانیایانەی نرخەکانیان گرانە و بەرهەمەکانیان خراپە، ئەوا بەرامبەر ئەوانەی پێشبڕکێیان دەکەن دەدۆڕێن،

بەڵام ڕەخنەگرانی کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری تەندروستی نوێ بەشێوەیەک ئاماژە بە خۆپاراستن و چاکبوونەوە لەنەخۆشی دەکەن، کەنابێ هاوشێوەی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و فرۆشتنی بووکەشووشە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

تائێستاش هیپۆکرات کەسایەتییەکە پەنای بۆ دەبرێت. چارەسەرکاران لەهەر شێوە و جۆرێکدابن، لە ڕەوتی پزیشکە ڕۆژئاواییە سەرەتاییەکانەوە بگرە بۆ ئەلتەرنەتیڤە پزیشکییەکانی تر، بە باوکی دامەزرێنەری پیشەکەیان دایدەنێن. لە دوولایەنەوە وێنای هیپۆکرات پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، وتائێستاش سەرنجراکێشن: دیدی گشتی بۆ تێکەڵە و گرنگیی نەخۆشییەکان.

لە ئێستادا دیدی گشتی بۆ نەخۆشی، دەبێتە دروشمی سەردەمی نوێ، زۆربەی شرۆڤەکاران وایدەبینن، کاردانەوەی ئەو داماڵینە بەردەوامەیە لە زانستی پزیشکیی نوێدا؛ سەرەتا جەستە، ئینجا ئەندامەکان، ئینجا شانەکان، خانەکان، ئێستا گەردەکان. ئێمە پەیمانگامان هەیە بۆ پزیشکی گەردی، هەرچۆن لەسەدەی نۆزدەدا، زانکۆ ئەڵمانییەکان پەیمانگای فسیۆلۆجی، بەکتریۆلۆجی یان پاسۆلۆجییان دامەزراند. ئەگەر بابەتیانە بۆ مەسەلەکە بڕوانین (کەم کەس لە تەندروستی خۆیان، یان مەسەلەی چاودێری تەندروستی بەدیدێکی بابەتیانە دەڕوانن)، پزیشکیی گەردی، ترۆپکی ئەو ئاراستەیەیە لەسەدەی حەڤدەدا پزیشکەکان هان دەدات، بەلای کەمەوە ئاستی شیکارە نەخۆشییەکان کەم بکەنەوە، ئەم بەشە بەشێکی

دانەبــڕاوە دەتــوانین بەڕاســتی بە پیشــکەوتنی پزیشــکی و زانستی پزیشکی ناوی بێنین.

ئەم ئاراســـــتە هەمیشـــــەییە لە داگرتنـــــی ئاســـــتی شـــیکردنەوەکان لای هەمـــوو کەس پەســـەندکراو نەبـــوو، تەنـــانەت لای پزیشـــکەکان خۆشـــیان، ئەو هەســـتەی ئـــێمە "خەڵک دەکوژین تـاکو توێکاری بکەین" ئەم هەستە پێشتر هەرهەبوو، پێش دانانی ئەم دەستەواژەیە لەلایەن شـاعیری ڕۆمـــــــــانتیکی ویلیـــــــــام وۆردس وۆرس[٦٧](١٧٧٠-١٨٥٠). ڕۆمانسییەکان شەڕێکیان بەرپاکرد دژی ئەوانەی بێڕەحمانە سوورن لە سـەر پشـکنینی بەشـێک لە پێنـاو هەموو جەستە. دوای جەنگـی جیهـانیی یەکەم و گەشـــەی خێـرای سـیمای پسپۆری لە پزیشـکیدا، زۆرێـک لە پزیشـکەکان هەسـتیان بە پێویسـتیی بنەمـایەکی نـوێ کـرد لە کـاری پزیشـکیدا. ئەو بـزووتنەوە گشـتگیرە سـەرهەڵداوە، هیپـۆکراتی بە هێمـای خـۆی دانـا، وە هەوڵیـدا لە سـەرەتایەکی هەمەگیـرەوە لە نەخۆشـــی بڕوانێـــت، وەکـــو بونیـــادی لەشـــی نەخـــۆش وپێکهاتەکەی. پزیشکەکان نەخۆشەکانیان هاندا بگەڕێنەوە بۆ سروشـت، خـواردنی خـۆراکی سـادە، جلوبەرگی کـۆنە لەبەر بـکەن (یـان دایمـاڵن و خۆیـان ڕووت بـکەنەوە، پرەنسـیپی ڕووتگەری بەشێک بوو لەو بزووتنەوەیە)، ژیان ئەو ژیـانەیە لەگەڵ ویسـتەکانی سروشـتدا هەماهەنـگ بێـت. بـزوتنەوەکە ژمارەیەک پزیشکی ناوداری بەلای خۆیدا ڕاکێشـا، بەتـایبەتی ئەوانەی لە زانستە ئەزموونگەری و پسپۆرییە پزیشکییەکان

---

67 William Wordsworth.

بە گومـــانبوون، دەرهاویشـــتەی ئەم بۆچوونـــانەش چەنـــد ئەزمـــوونێکی کـــۆنکریتی بـــوو. لەبەریتانیـــا ناودارترینیـــان مەڵبەندێکی تەندروستی بوو لەگەڕەکی پیکهامی خوارووی لەنـدەن، سـاڵی ١٩٢٨ کـرایەوە، دامەزرێنەرانـی ئەم ڕێبـازە باوەڕیـان وابـوو، زۆر دەمـێکە پزیشـکی زیـاد لەپێویسـت تەرکیـزی کـردۆتە سـەر نەخۆشـی، و پێویسـتە سـیما بایۆلۆجییەکـانی تەندروسـتی خـاڵی یەکەمـی گرنگیـدانەکانی بێـت. هانـدەری ژیـانی خێزانـی بـوو، خێزانەکـانی هانـدا بەردەوام وبەرێکـوپێکی سـەردانی مەڵبەنـدەکە بـکەن، بەشداری چالاکییە جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکانی بکەن، کە زۆر جیـاواز نەبـوو لەو چالاکییـانەی لە سـەنتەرەکانی لەشجوانی هاوچەرخدا ئەنجام دەدرێن.

بزووتنەوە هەمەکی holism یەکە لە بواری پزیشکیدا، گوزارشـتی لە کەمیـنەیەک دەکـرد، بەڵام بەخێرایـی کـاریگەرییەکەی دوای جەنگـی جیهـانی دووەم بـووە بڵقـی سەرئاو، بەشێکی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ژمارەیەک پزیشکی نـازی، و کۆمەڵێـک ئامـادەکراوی بـایۆلۆجی و دەرمـانە موجیزەییەکـان، گرنگترینیـان: ئەنسـۆلین، پەنسـیلین و کۆرتیزۆن بـوون، پەیمـان درا بەم لێکـۆڵینەوە ئەزمونییـانە تەواوی نەخۆشـییەکان چارەسـەر بـکەن. چـارەکی دووەمـی سەدەی بیست، بە "سەردەمی زێڕین"ی پزیشکیی نوێ هـاتە ئەژمار، شکۆو متمانەی پزیشکەکان لە هەمـوو سـەردەمەکان زیـاتر بەخـت یاوەریـان بـوو، لەو بـاوەڕەدابوون نەخۆشـییە تەشەنەکردووەکان بە نزیکی کۆتاییان پێهاتووە، نەخۆشییە دەروونییەکـان بەهـۆی دەرمـانی نـوێی 'تـوارزین'ەوە، لەگەڵ

چەند براندێکی تر بۆ چارەسەری نەخۆشییە ئەقڵییەکان بەکار دەهات، چارەسەری نەخۆشیی شێرپەنجەش ئاسۆی ڕوون بوو.

ئەم کارە (یان پزیشکیی خێزان) بەڕێکەوت نەگونجاوە، لەم چەند دەیەیەدا ئاستەکانی دابەزینی بەخۆیەوە بینی، لە بەریتانیا پزیشکی جێبەجێکاری گشتی، ئەو پزیشکەیە هێشتا تەواو کارامە نییە تاکو ببێتە ڕاوێژکار لەدەستەی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانیی نوێ، یان وەکو پسپۆڕێکی ڕاوێژکاری لەسەر گیرفانی خۆی لەشەقامی هارلی ستریت کاربکات، پسپۆرە پزیشکی و نەشتەرگەرییەکان، هەموو قوتابییەک هیوای لەسەرهەڵچنیوە، کەواتە پسپۆرەکان ئەو دەستەبژێرەن لەنێو تەواوی پیشە پزیشکییەکانەوە هەڵبژێرراون.

لە ١٩٦٠ وە، مەسەلەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، پریشکی ئاگری شەڕی ڤێتنام نەوەی ناڕەزایەتییەکانی دژی هەموو فۆرمەکانی دەسەڵات جۆشدا، لەهەمان کاتدا هێرشکرایە سەر پیشەکان، بەو سیفەتەی ئەمانە یەکێتی کرێکارانی شاراوەن (مەبەست لەو دەستکەوتە مادی و بڕی ئەو ئازادییەبوو بەپێی ئارەزووی ئەندامەکان ڕەفتاری لەگەڵ دەکرا). ڕەخنەگری کۆمەڵایەتیی نەمساوی ئیڤان ئیلیچ[٦٨](١٩٢٦-٢٠٠٢) هێرشێکی توندی کردە سەرخاوەن پیشە پەروەردەیی و پزیشکی و پیشەکانی تر، دەیگووت پزیشکەکان نەخۆشی دروستدەکەن و بڵاوی دەکەنەوە (واتە: ئەو نەخۆشییانەی بنەمایەکی چارەسەرییان

---

68 Ivan Ilich.

لەگەڵـدایە)، بە ئەنـدازەی ئەو نەخۆشـییانەی چارەسـەریان دەکەن. ئیلیچ خەڵکی هانـدا (نەک "نەخـۆش" یـان "کڕیـار" زاراوەی نەخـۆش لەم دواییانـدا پەیـدا بـوو) خۆیـان بڕیـار لەسـەر جەسـتەو تەندروسـتی خۆیـان بدەن. ئیلیچ کەسێکی وانەبـوو، ئەو یەکێـک بـوو لەلایەنگرانـی ئەو گـروپەی لە کولتـوری دژەبـاودا ڕەخنەگـر بـوون (لەبەریتانیـا خـاتوو تـاتچەری ڕاسـتڕەو هێرشـی کـردە سـەر خـاوەن پیشـەکان)، ئەوانەی پزیشکان و پیشەوەرانی تریان ناچار بە پاشەکشێ کـرد. پەیوەنـدی نێـوان پزیشـک و نەخۆشـیش گۆڕانکـاری بەسـەردا هـات، لەم پێـودانگەوە هێـز بەلای نەخۆشـدا شـکایەوە.وەکو بەڵـگەیەک دەتـوانین لە چـوار چێـوەی پێشـکەوتنە زۆروزەبەندەکانـدا باسـی دووپێشـکەوتن بکەین. یەکەم: سروشتی دارشتنەوەی پزیشکی جێبەجێکاری گشتی زیـاتر لەپسـپۆرەکان گرنگـی "تەواوی بەنەخـۆش" دەدەن، مایکـل بالێنـت[69](١٨٩٦-١٩٧٠) لەنێـو هەمـوو مەسـەلەکاندا تیشکی خستەسەر شێواوییە دەرونییەکانی (وەکو خەمۆکی، ڕاڕایی و بێخەوی) کە پەیوەنـدی بە پزیشـکە گشـتییەکانەوە هەیەو ئەوان چارەسەری ئەم نەخۆشییانەیان دەکرد. بالینت ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە گرێدانەوەی پزیشکی خێزان بە ڕووە گرنگ و زیندووەکەی چاودێری پزیشکی، ئەمەی کرد بە پسپۆرییەکی ئەکادیمی، شوێنێکی باڵای لە زنجیرەی پایە پزیشکییەکاندا بەرکەوت. گاڵتەجاڕییەکە لەوەدا بوو پزیشکی گشـتی (ممـارس عـام)، خـۆی پـلەی خـۆی بەرزکـردەوە بـۆ (پسـپۆری گشـتی) هەنـدێ تایبەتمەنـدی وەرگـرت، وەکـو

---

69 Michael Balent.

پرۆتۆکۆلەکانی، ڕاهێنان، تاقیکردنەوە، کۆلێجی پادشایەتی بەریتانی. ڕاستییەکان چاوپۆشییان کردو لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەمدا ڕاهاتن.

پێشکەوتنی دووەم تەرکیزی کردۆتەسەر چاودێری تەندروستی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا،

لەسەردەمی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا، کە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم دروستبوو، بۆ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO بۆ ئاژانسی پەیوەندی نێودەوڵەتی کە دوای جەنگی جیهانی دووەم دروستبووە، هەموو ئەمانە یارمەتیە پزیشکییە جیهانییەکانیان بەشێوەی پرۆگرامێکی ستوونی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دابەشدەکرد وتەکنۆلۆجیا هەڵسووڕێنەری بوو. مەلاریا، ئاوڵە، کرمی ئەنگلستۆما[70]، کوێریی ڕووبار[71] و چەند نەخۆشییەکی تری دیاریکراو. کەمپینی بنبڕکردنی ئاوڵە بەسەرکەتووی کۆتایی هات، پرۆگرامی تریش سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەڵام مەلاریا زۆر خراپ شکستی هێنا.

WHO ، لە ١٩٧٨ کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیی لە ئەڵما ئاتا، لە کازاخستان بەست، سەرنجی ئامادەبووان بەرەو پرۆگرامی ئاسۆیی ڕاکێشرا، واتە چاودێری سەرەتایی، فێرکردن، و بنەمای ژێرخانی ئابوری، لەجیاتی پرۆگرامی

---

٧٠ Hookworm ،کرمی ئەنگلستۆما، کرمی پێچاوپێچ، کرمی قولاپی، ماری ناوسک، کرمێکی قولاپدارە لە ڕیخۆڵەدا دەژی، گەراکانی لەپێستی دەست و قاچەوە دەچنە ژووری.

٧١ Onchocerciasis، Blind River نەخۆشییەکی مشەخۆرە، بەهۆی کرمێکی دەزوولەیی پێچاوپێچی کلکدارە، لە نیشانەکانی، خوران، گرێی ژێرپێست و دوای تەراخوما ، دووەم گەورەترین هۆکاری کوێربوونە.

ستوونی که ئامانجی نەخۆشیی نێو تاکەکانە. هێشتا پرۆگرامە ستوونییەکە، تەواو دەستبەرداری نەبووبوون، بەڵام هەست بەو گۆڕانکارییە کرا کە لە شێوەی گشتییەوە بەرەو تایبەت چوو، لە ڕووی بەردەوامیدان و تواناکانەوە. سەرەتا گرنگییان بە پیشە تەندروستییەکاندا تاکو ئەوان بەرپرسیارێتی فێرکردنی تاکەکان لە ئەستۆ بگرن، دەستنیشانی نەخۆشییەکەیان بکەن، دواتر تاکی نەخۆش و خێزانەکانیان چارەسەربکەن.

هیپۆکرات ئایکۆنێکی تەواو متمانە پێکراو بوو، هەموو کەسێک دەیتوانی بێ هیچ بەربەستێک خۆی پێ بناسێنێ، ، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک لەو بەها پزیشکییانەی لەسەر جێگای نەخۆش لە گروپەکەی هیپۆکراتدا ڕوویداوە، جارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆ ڕەوتە سەرەکییەکە.

پزیشکی کتێبخانە: نرخی زانیاری

هاتنی کتێبی چاپکراو لە سەدەی پازدەوە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بوو لە شێوازی مەعریفەی پزیشکی، دوای دوو سەدەی زەمەنی، گۆڤارە پزیشکی و زانستییەکان خشتە زەمەنییەکەیان گۆڕی، ڕەنگە هەندێ کتێب پەلەی چاپکردنی کرابێ بەمەبەستی گەیاندنی ئەو دۆزینەوەیە یان هەر تیۆرێکی کاریگەری نوێ، بەڵام هەندێ کتێب بەرهەمی چاوەڕوانی تەمەنێکی تەواو بووە، لەبەرئەوەی گۆڤار بە خشتەیەکی زەمەنی دیاریکراو بەڕێک وپێکی دەرچووە، بۆیە ئامادەبووە لەگەڵ کاروانی پێشکەوتنە نوێیەکاندا بەردەوام بێت. گۆڤارەکانی سەرەتا زۆربەیان لە بڵاوکراوەی کۆمەڵە زانستییەکانی سەدەی حەڤدە بوون، پزیشکەکان بە بابەتە

پزیشـــكییەكانیان بەختـــی خۆیـــان تێـــدا تاقیـــدەكردەوە، لەسـەرەتای سـەدەی داهـاتووەوە گۆڤـاری زانسـتیی تـایبەت دەرچـوو، سـاڵی ١٨٠٠ گەشـەی تـوان[٧٢] لەو گۆڤـارە سـاڵانە نـــوێیەدا بڵاوكـــرایەوە، كە ژمارەكـــانی كەمتربـــوون لەو ژمـارانەی لە ئێسـتادا دەردەچـن؛ بەهـۆی ئەوەی لە ئاسـتێكی نزمـدا دەردەچـوو. سـاڵی ١٨١٢ گۆڤـاری هەفتـانە دەرچـوو وەكو ئەوەی ئێسـتاش دەردەچـێ *(The New England Journal of Medicine)* هەروەهـا گۆڤـاری لانسـێت *lancet* لە ١٨٢٣ دەرچـوو، هەردووكیـان تائێسـتاش دەنگـی بیسـتراوی بـواری پزیشـكین، كـرداری بڵاوكـردنەوەی زۆر خێـرایە، سـەروتار و هەواڵ و نـامەگۆڕینەوە، هەر هەمـووی پەیوەندییەكی بەهێزی بە دروسـتبوونی پیشـەی پزیشـكییەوە هەیە بەشێوەیەكی نوێ.

پێش دوو دەیە پێشـبینی ئەوە دەكـرا، كە كتێـب و گۆڤـارە چاپكراوەكـان دەمـرن، كاتێـك كۆمپیـوتەر و ئینتەرنێـت و بڵاوكـراوە ئیلیكترۆنییەكـان گۆڕانكارییـان كـرد لە شـێوازی بڵاوكـردنەوەی مەعـریفە. بەڵام ئەو پێشـبینییانە جێبەجـێ نەبـوون، تـا ئێسـتا كتێـب و گۆڤارەكـان بەشـێوەیەكی زۆر دەردەچن. ڕاستە ئابوری بڵاوكردنەوە بەو واتـایەیە، دواجـار لەسـەرەخۆ گۆڕانكـاری بەدی دێـت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا " پزیشـكیی كتێبخـانە" لەگەڵ ئێمەدا لەسـەردەمی كۆمپیـوتەردا خـۆی گونجانـدووە، بەلای كەمەوە دوو كـاریگەریی گرنگیـان لە بواری چاودێری تەندروستیدا هەیە.

---

٧٢ Exponential growth گەشـەی تـوان كردارێكە، تێیدا ژمارەكـان چەنبارە دەبنەوە، ئەمە ڕوودەدات كاتێك تێكڕای گۆڕانكارییەكە دەگونجێت لەگەڵ ئەو بڕەی لەگەڵ كاتدا ڕاستەوانە دەگۆڕێت. (و)

یەکەم: پەیوەندیی نێوان نەخۆش و پزیشکەکان گۆڕانکاری بەسەردا هات لەسایەی ئەو ڕاستییەی تاکەکان لەئێستادا بەئاسانی دەتوانن زانیاری پزیشکی بەدەست بێنن. ئەو نەخۆشانەی ئارەزوو دەکەن سەبارەت بە نەخۆشییەکەیان یان چارەسەرەکەیان شتێک بزانن، هەمیشە پرسیار لە پزیشکەکەیان دەکەن، یان دەچن بۆ کتێبخانە. بەڵام ئەم گەڕانە بە سەرهەڵدانی ئینتەرنێت ئاسانتربووەوە، چونکە نەخۆشەکانی هاندا زیاتر بەشداری لەو چاودێرییە پزیشکییەی بەدەستی دێنن بکەن.

ئەم دیاردەیە لە لایەن یەک دوو نەوەوە پێشوازی لێکراوە، ئەمەش لە لایەن کارمەندانی بواری پزیشکییەوە پێویستیی بە بەردەوامیدان هەیە، ئێستا (بەبڕی سەرکەوتنی جیاواز) ئەم تەکنۆلۆجیایە لە کۆلێجی پزیشکیدا دەخوێندرێت، دیارە ئەم شێوازەش بێ کێشە نییە چونکە سروشتی ناڕێکی ئینتەرنێت ئەوە دەگەیەنێ نەخۆشەکان لە بنەڕەتەوە زانیاری پچڕ پچڕو ناتەواو و هەڵە و لایەندار وەربگرن، لەسەردەمی نوێدا گرنگیدانەکە بەشێوەیەک گۆڕا مافی نەخۆش لەبەرچاو بگیرێ و زانیارییەکان بە ئاسانی بەدەست بهێنرێن. هاوسەنگیی هێز لە نێوان پزیشکان و زۆربەی نەخۆشەکاندا هەبێت. ئەم شێوازە زۆر بەسوودە، چونکە پزیشکەکان کاتێکی زیاتر دەبەخشنە نەخۆشەکانیان.

دووەم: بە هۆی شۆڕشی نوێی زانیارییەوە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە تۆماری نەخۆشەکاندا ڕوویدا. لێرەدا چەند مەسەلەیەکی گەورە هەیە پەیوەندی بەگەیشتن بە زانیاری ونهێنییەکانی زانیاری و هەر پلانێکی نیشتمانییەوە هەیە (ئەو پلانەی بەریتانیا دەیەوێ جێبەجێی

بکات)، بودجەیەکی زۆری دەوێ و تائێستا سەرکەوتنی بە دەستنەهێناوە. لە ڕووی تیۆرییەوە بە هیوواین هەر نەخۆشێک لەسەر پەڕەیەکی سۆفتی ئەلیکترۆنی فایلی تایبەت بەخۆی هەبێ، ئەم ڕێگایە کار ئاسانییەکە بۆ کارمەندانی کەرتی تەندروستی لە بەشی ئیمێرجنسی یان ڕووداوەکان، و یارمەتی پزیشکەکان دەدات هەر زانیارییەکیان دەربارەی نەخۆش بوێت، بەئاسانی دەستیان بکەوێت. لە ماوەیەکی کورتدا نەخشەکە لەلایەن ئەو نەخۆشانەوە کە گرنگی بە تەندروستی خۆیان دەدەن تا هاوکاربن سەرکەوتوو دەبێت. دەست ڕاگەیشتنی کۆمپانیاکانی بیمەو خاوەنەکانیان بە داتاو زانیارییەکان مەسەلەیەکە هێشتا چارەسەرنەبووە، لە ڕاستیدا ئامانجی باڵا هەمیشە بەردەمی بە درکوداڵ گیراوە.

کارمەندانی کتێبخانەکان کراون بە فەرمانبەری زانیارییەکان، پزیشکەکان لە جیاتی نەخۆش، چاویان بڕیوەتە شاشەی کۆمپیوتەرەکان، ڕەنگە مافی نەخۆشی دڵپەشێو بێت وابیربکاتەوە کە ئەم جیهانە ئەلیکترۆنییە نوێیە وەکو پێویست لە بەرژەوەندیی نەخۆشدا نییە.

پزیشکی لە نەخۆشخانە: نرخی چاودێری کردن

هاوکات لە گەڵ شۆڕشی فەرەنسیدا گۆڕانکاری بنچینەیی بەسەر نەخۆشخانەکانیشدا هات لە هەردوو بواری فێرکردن و بیرکردنەوەی پزیشکییەوە. گۆڕانکارییەکان لە دوو سەدەی ڕابردووەوە دەستیان پێکردووە، لەڕووی شێوەی ئەندازەیی، ڕێکخستن، بودجە و هەردوو ئەرکە پزیشکی ونەشتەرگەرییەکەیەوە.

نەخۆشـخانە لەڕووە ئەنـدازەییەکەیەوە، خـۆی لە خۆیـدا بابەتێکی تایبەتە، لەگەڵ گۆڕانکاری لە پێویستییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و پزیشکییەکانەوە گۆڕانی بەسـەردا دێ، زۆربەی نەخۆشـخانەکان لەسـەرەتای سـەدەی نوێـوە، بە ئەنقەسـت بەشـێوازێک دیـزاین کراون کە گوزارشـت لە ڕەسـەنایەتی و گۆشـەنیگا ئـاینییەکەی بکـات، زۆرجـار نەخۆشـخانەکان لە شـێوەی خـاچ دروست دەکران هاوشـێوەی کڵێسـاو شـوێنی قوربـانی کردنـی تێـدا بـوو هەر لە نـاو نەخۆشـخانەکەدا کڵێسایەکی بچووکی تێدا دروست دەکرا. لە بەشـێکی زۆری ئەوروپـا کەنیسـەی کاسـۆلیکی ڕۆمـانی بەپێـی پێداویسـتییەکانی ڕۆژانە شـێوازە ئەنـدازەییەکەی دیـزایین کردبـوو و دەسـتەی پەرستارانیشـی دابـین کردبـوو، بـۆ چاودێریی نەخۆش. لە ئەوروپای پرۆتستانتیشدا، بەفۆرمێکی زۆر سیکۆلار نەخۆشـخانەکان دامەزران، زۆربەی بینایەکـان کە بەمەبەستی چارەسـەرکردن دامەزرابوون، تۆزێ لە ماڵە لادێییەکان باشتر بوون. نەخۆشخانەی پسپۆرییە تایبەتەکان کە بۆ کاری منداڵبوون و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی زاوزێ یان ئاوڵە، منداڵان، سییەکان و چاو دامەزرابوون، زۆر جار لە مـاڵی ئاسـاییەوە دەسـتی پێـدەکرد، تـایبەت بـۆ ئەوە دروسـتیان کردبوو. دواتر نەخۆشـخانە سـەرکەوتووەکانیان دەگواسـتەوە بینـایەی گەورەتـر، هەنـدێجار ئەو خـانووەی کرابـووە نەخۆشـخانە گەورەبـوو، بەڵام هەر دەیانگواسـتەوە بینـایە تـایبەتەکە، پێداویسـتییەکانی ئەو شـوێنە تـازانە زۆر جیـاوازنەبوو لە پێداویسـتییەکانی مـاڵ؛ چێشـتخانە، ئاودەستخانە، شوێنی تایبەت بە خاشـاک، ژووری تـایبەت بە

قەرەوێڵەی نەخۆش و ژووری پزیشکانی تێدابوو. کاری نەشتەرگەری و منداڵبوون هەر لەسەر قەرەوێڵەی ئاسایی نەخۆشەکە ئەنجام دەدرا، هەندێجار ئەو قەرەوێڵەیە نەخۆشێکی تریش هاوبەشی دەکرد.

لە سەدەی نۆزدەدا، هەندێ مەرجیان بۆ دیزاینی ڕووکاری هەندێ نەخۆشخانەی تایبەت بە نەشتەرگەری و کاری پزیشکی، دادەنا. قاوشەکان شێوە لاکێش و لەسەردرێژی بە هەردوولادا پەنجەرەی لێکرابووەوە، ئەم دیزاینە شێوەیەک بوو لەشێوەی نەخۆشخانە سەربازییەکان. بزوتنەوەی نایتینگڵ[٧٣] لە پەرستاریدا ئەمجۆرە ستایلەی بۆ

٧٣ فلۆرەنس نایتینگڵ Floranse Nightingale (١٨٢٠- ١٩١٠)، لەشاری فلۆرەنسەی ئیتالیا لە ١٨٢٠ لە خێزانێکی بەریتانی دەوڵەمەند کە بڕوایان بە خستنەبەر خوێندنی ئافرەت هەبووە، لەدایک بووە، نایتینگڵ بە شێوەیەکی بەرفراوان و بەرچاو بە دامەزرێنەری پەرستاری نوێ و ئامارکار و ڕیفۆرمخوازێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، وەنازناوی خاتونی ڕوناکی یان چرا بەدەستی پێبەخشرا،باوکی فێری خوێندەواری کردووە، وە خەونی بەوەوە دەبینی کە خزمەتی کەسانی تر بکات و ببێتە پەرستار بەڵام خێزانەکەی لە سەرەتادا دژی بوون، چونکە لەو کاتەدا پیشەی پەرستاری بە پیشەیەکی بێڕێز وناشکۆمەند تەماشا دەکرا، سەرەڕای ڕێگری خێزانەکەی بەڵام ئەم هەر سووربوو لەسەر بەدیهێنانی خەونەکەی، تەنانەت هەلی هاوسەرگیریشی ڕەتکردەوە، چونکە پێیوابوو هاوسەرگیری کردن بە بەرپرسیارێتی ماڵەوەی دەبەستێتەوە. لە زەمەنی کۆلێراو گرانەتادا لەناو سەربازانی بەریتانی و لەشەڕی قەرم لە ڕوسیا بە چراکەی دەستییەوە شەوان بەسەر هەزاران سەربازی بریندارو نەخۆشدا دەسووڕایەوە، فلۆرانس ژیانی هەزاران کەسی ڕزگارکردووە، دوای ئەوەی خۆی سەرپەرشتی ٣٨ پەرستاری ژنی کرد بۆ سکۆتاری لە نەخۆشخانەی باراک لەسەر داوای وەزیری جەنگی بەریتانی سیدنی هیربیرت ساڵی ١٨٥٤. کۆتایی ژیانی زۆربەی بەنەخۆشی بردەسەر. بڕوای تەواوی بە گرنگی و پێویستی دانانی پرۆگرامی فێربوونی پەرستاری و پرۆگرامی

دروسـتکردنی قـاوش لە نەخۆشـخانە گشـتییەکاندا کـرد بە ستاندارد.

ئەوجـۆرە قاوشـــە دوو تایبەتمەنـــدی سەرنجڕاکێشـــی هەبـوو، یەکەم، ئەو ڕیـزە پەنـجەرە دوولایە بـۆ هەواگۆڕکێ بوو بەشـێوەیەکی ئاسـان، لەسـەردەمێکدا تیۆری نەخۆشـییە پیسەکان بەربڵاوە (فلۆرەنس نایتینگڵ بەگەرمـی لەیەک کاتـدا لایەنگری نەخۆشـییە پیسـەکان و تەندروسـتی گشـتی بـوو)؛ ئەم شـــێوازە وایکـــرد چـــاودێریی نەخۆشـــەکان لەلایەن پەرستارەکەوە ئاسـان بێت. لەکاتی بنیادنـانی نەخۆشـخانەی جۆنز هـۆپکینز لە کۆتـایی ١٨٨٠ دا ئەمجۆرە شـێوازە خـرایە ناو دیزاینەکەوە.

لەوکـاتەدا چەنـد مەرجێکـی تـر هەبـوو، جەختـی لەوە دەکردەوە، پێویستە نەخۆشخانەی زانکۆ ئەڵمانییەکـان لەهەر قاوشـێکدا تـاقیگەیەکی بچـوکی تێـدابێت پزیشـکەکان بتـوانن پشـــکنینی کیمیـــایی و مایکرۆســـکۆپی بـــۆ میـــز وخـــوێن و مادەکانی تر بکەن. لە زۆربەی نەخۆشـخانەکاندا پاکوخـاوێن ڕاگرتنی نەشـتەرگەرییەکان دوابەدوای پـاکژکردنەوەی پێش نەشـــتەرگەری پەســـەندکراو بـــوو. تـــا دەگـــاتە دابینکردنـــی ژووری نەشتەرگەری، لەگەڵ هەموو پێداویسـتییەکی تـایبەت بە پاکژکـاری sterilizing. تیـۆری میکرۆبـی نەخۆشـی، بەو مانـایە دێـت نەخۆشـخانە پێشـکەوتووەکان پێویسـتیان بە لابـوری تـایبەتە بە مەبەسـتی پشـکنینی چانـدنی بەکتریـا

خوێنـدنی ئـادابی پیشـە هەبـوو، بەهـۆی هەوڵە بێوچانەکـانییەوە یەکەم خوێنـدنگەی پەرسـتاری بە نـاوی نـایتینگلەوە لە ١٨٦٠ لە نەخۆشـخانەی سانت تۆماس کردەوە، ڕۆڵی سەرەکی بینی لە مەشقی مامانی و پەرستاری نوێ، لە ١٩٠٧ نیشانەی قارەمانیی پێبەخشرا.

cultivating بۆ بەڵغەم، خوێن، میز و پیسی و پاسۆلۆجیای خانەیی بەو مانایەی پشکنینی شانە تایبەتەکان بە مەبەستی ئاشکراکردنی شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی تر. زۆرجار پسپۆری هەمیشەیی نەخۆشییەکان لە کاتی نەشتەرگەریدا سامپڵێک لە ڕیشاڵەکان بە مەبەستی پشکنین وەردەگرێت، ودەیخوێنێتەوە و سروشتی نەشتەرگەرییەکە پشت بە خوێندنەوەی ئەو پاسۆلۆجیستە دەبەستێت. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئامێری تیشکی ئێکس لەنەخۆشخانەکاندا دەرکەوت، ئەمەش وای پێویست دەکرد ڕووبەرێکی بۆ تەرخان بکرێت، تەکنیک کاریشی بۆ دابین بکرێت لە پێناو کاری وێنەگرتن بە تیشکی ئێکس و دابینکردنی یەکێک بۆ خوێندنەوەی تیشکی ئێکسەکە. هەروەها کلینیکە دەرەکییەکان لە ساڵی ١٨٧٠ یەکێک بوو لەتایبەتمەندییە گرنگەکانی نەخۆشخانەکان.

هەر داهێنانێک لەو داهێنانە پزیشکی و نەشتەرگەرییانە، یان هەرداهێنانێکی تر پێویستی بە چاکسازی و ڕاستکردنەوە هەیە لەشێوازی ڕێکخستنی ئەندازەیی ئێستا، لەڕووی بیناسازییەوە یان بیناکان پێویستیان بە گرنگی پێدانی تایبەت هەیە، لەگەڵ دروستکردنی نەخۆشخانەی نوێ بەشێوەیەکی بەردەوام. پێویست ناکات مرۆڤ لە لێکچوونەکانی داهاتوو زۆر وردبێتەوە، بەڵکو سەدایەک هەیە لەنێوان شێتخانە و بەندیخانەی سەدەی نۆزدە لەلایەک، لەگەڵ نەخۆشخانە وهۆتێلەکانی سەدەی بیست لە لایەکی ترەوە. بەندیخانە و پەناگەکان لەسەردەمی ڤیکتۆریدا هەردووکیان لەدەرەوەی شار دروستکراون، لەپێناو دڵنیایی

و دابــڕین. نەخۆشــخانە نوێیەکــان کــاریگەریی هۆتێــل و دامەزراوە کارگێڕییەکانیــان لەســەرە، هەمووشــیان بەڵێنیــان داوە خــۆراک و پۆشــاکی خــاوێن بــۆ مــاوەی جیاجیــا بــۆ میوانەکــانی دابــین بــکەن، لەگەڵ دابینکردنــی شــوێنی جــل شووشتن و حەمام، سەرەڕای ئەوەی بازرگانەکان خۆراکی پێویســتیان بــۆدەنێرن بــۆ چێشــت لێنــان. داڵان و ڕێــڕەوە مەرکەزییــە درێژەکــان کە بەهەردوو لای ڕیــزە ژوورەکانــدا دەکرێنەوە، یەکێکە لە تایبەتمەندییە هاوبەشــەکان، بەتــایبەتی لەڕووی ڕێکخســـــتنی هـــــاتووچۆو چـــــوونە ژوورەوەوە، ســـەرەڕای ئەوەش شـــێوازی وەرگرتنـــی کـــرێ بەشـــێوەیەکی ئاســان ڕێکدەخات. نموونەی ئەمەش لەوڵاتە یەکگرتووەکــان و هەمــوو نەخۆشــخانە تایبەتەکانــدا لە هەر شــوێنێک بێــت هاوشێوەیە.

لەســەرەتای ســەدەی بیســتەوە، ئیدارەی نەخۆشــخانەکان لەڕووی ڕێکخســـتنەوە، برەویـــان دا بە شـــێوازی کەرتـــی بازرگـــانی، لەپێشکەشـــــکردنی خزمەتگوزارییەکانیانـــــدا. کــارگێڕیی نەخۆشــخانەکان بە ئەنقەســت، لە گۆشــەنیگای شـــێوازی بەرهەمهێنـــانی پیشەســازییەوە، چاویـــان بڕیبـــووە زیادبوونی تواناکان، بەرهەمــی زۆر، کەمترین بڕی تێچــوون و پێشکەشکردنی خزمەتی گونجاو بە کڕیار، کە هاوتــای ئەو پــارەیە بێــت کە دەیــدات، ئەمــانە ئەو مەســەلە لۆجیکییــانەن لەدیدی بەڕێوەبەرەکانەوە پەسەندکراون، واتە دامەزراوەکان لەســەر بنەمــای قــازانج بەڕێوە دەبرێن. لە ئەوروپــا زۆربەی نەخۆشــخانەکان تائێســتاش دامەزراوەی خێرخــوازین، بەڵام زۆر بەئاســانی بەهــای قــازانج لە نەخۆشــخانەکانی ئەمەریکــا

دەست وەردان دەكات، چونكە هەمیشە بوودجە سنووردارە، وەكو ئاشكرایە لەماوەی سەدەو نیوێكی ڕابردوودا یەكێ لە تایبەتمەندییە سەرەكییەكانی نەخۆشخانە بودجەی زۆرە. لە بەركەوتەی نێوان بەهای پزیشكی و بەهای ئابووریدا، بەهای ئابووری هەمیشە زاڵە، بەچاوپۆشی لەسەرچاوەی پارمەتییە داراییە سەرەكییەكە.

كەواتە بوودجە تایبەتمەندییەكی گەوهەری نەخۆشخانەكانی سەردەمە، ڕێگەی جیاواز لە دابینكردنی ئەو پارەیەدا گیراوەتەبەر، كاتێك نەخۆشخانەكان لەلایەن ڕێكخراوە ئاینییەكانەوە یان لایەنە خێرخوازییەكانەوە پاڵپشتی مادی دەكرا (شێوازی خۆبەخشی ئەهلی، شێوازی سەرەكی بوو لە پاڵپشتیكردنی مادیی نەخۆشخانەكانی بەریتانیا تا ئەو كاتەی لەچوارچێوەی دەستەی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانیدا NHSS خۆماڵی كرا)، هەمیشە بوودجە بەرپرسیارێتی ئەوانە بوو پاڵپشتی ماددی دەكەن، بەڵام خۆیان بۆیان نەبوو سوودی لێ وەربگرن، نەشتەرگەری سەردەم و تیشكی ئێكس و هۆكارەكانی تری دەستنیشانكردنی نەخۆشی، لە كۆتایی سەدەی نۆزدەوە، دەوڵەمەندەكانیش بۆیان هەبوو ڕووی تێبكەن. یەكێ لەو چارەسەرانەی نەخۆشخانە خێرخوازە بەریتانییەكان گرتبوویانەبەر دروستكردنی قاوشی تایبەت بوو بەكرێ بۆ دەوڵەمەندەكان، ئەو پارەیەی لە دەوڵەمەندەكان وەریان دەگرت، قاوشی خێرخوازییان پێدەكردەوە بۆ هەژارەكان. لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا پێشتر بەشی چارەسەر بە كرێیان كردەوە، نەخۆشخانەی تایبەتی وەكو نەخۆشخانەی مایۆ كلینیك

هەبوو، کە خێڵی مایۆ لە مینیسۆتا لە ١٨٨٠ دروستیان کرد، ئەم نەخۆشخانەیە چاودێری تەندروستی و نەشتەرگەری پیشکەش بەو کەسانە دەکرد کە دەیانتوانی کرێی چارەسەرەکە بدەن، یان ئەوانەی بیمەی تایبەتیان هەبوو. ڕۆڵی کۆمپانیاکانی بیمە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تا ئێستاش لەمێژووی پزیشکیدا ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە کە مایەی ڕێز و بەرز نرخاندن بێت، هەرچەندە هەندێ لە کۆمپانیاکانی بیمە سەرەتا ئامانجیان خێرخوازی بوو، بەڵام هەمیشە پاڵنەری سەرەکییان سوود وقازانج بووە.

سیستەمی چاودێری تەندروستی هەرچییەک بێت، هاوکاری کردن لەلایەنی سێیەمەوە، لە نەخۆشخانەی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، بووەتە نەریت، لەبەرئەوەی ئەم سیستەمە پێویستی بە بودجەیەکی گەورە هەیە. خەرجی دامەزراندن و سیستەمی گەرما و ڕوناکی و چاککردنەوەو دابینکردنی دەستی کار و ئامراز و کەرەستەی تایبەت بەو دامەزراوە ئاڵۆزە، سەرچاوەی نیگەرانی بووە لەسەدەی ڕابردوودا. ئەو لایەنانەی دەستەبەری بودجە تایبەتەکان دەکەن هەمەجۆرن وەکو دەوڵەت، شارەوانی، ڕێکخراوێکی ئایینی، کۆمپانیایەکی دڵنیایی، بەرپرسێکی دەسەڵاتدار، گروپێکی خێرخواز، چاکەکارێکی دەوڵەمەند، یان تێکەڵەی هەموو ئەمانەی باسکران. هەمیشە ئەو نەخۆشخانانەی بە مەبەستی سەرمایەگوزاری دامەزراون، وەکو ئەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەکەونە بەر تانەو تاشەر و ڕەخنەی توونـد، لەبەر ئەو سیاسەتە خراپەی لەهەمبەر وەرگرتنی نەخۆشدا گرتوویانەتەبەر، چونکە بەهای سیاسەتی بیمەیی، زۆر گرنگترە لایان لە

دەستنیشـــانکردنی نەخۆشـــی و پێویســـتییە پزیشـــکییەکان. گەڕان بە دوای توانـا وگـرتنەبەری شـێوازی کـار وپیشـە لە خەســــڵەتە زۆر جیاکارەکـــانی بەنزیکـــی هەمـــوو نەخۆشـــخانەکانی ســـەردەمە. لەســـەدەی نـــۆزدەدا تـــرس لەســـــەرچاوەی دەرامەت لە ئەنجـــامی نەخۆشـــییەکی درێژخایەنـدا، نائـارامی و دڵەڕاوکێـی سـەرەکی بـوو لە نـاو چینـــی کرێکـــاردا، ئێســـتا نەخۆشـــییە هەڵپروکێنەکـــان کە پێویستی بە مانەوەیە لە نەخۆشخانە بۆ مـاوەیەکی درێـژ بـۆ ئەو نەخۆشانەی بیمەیەکی پێویستیان نییە، لەجیاتی ئەوەی هەســـت بە ئـــارامی وخۆشـــبەختی بـــکەن مـــادامەکی تەندروستییان باشە، مانەوەیان مایەی ترس و دڵەڕاوکێیە لە نەخۆشـــانە، چـــونکە فـــاتورەی مانەوەیـــان لەنەخۆشـــخانە پێویستی بە خەرجێکە کە نییانە.

دۆزیـــنەوە تەکنۆلـــۆجییە نوێیەکـــان، هەروەهـــا فشـــارە داراییەکـــان تێکڕایـــی مـــاوەی مـــانەوەی نەخۆشـــیان لە نەخۆشـــخانە کەمکـــردەوە، تەنـــانەت لە دوای ئەنجامـــدانی نەشـــــتەرگەری گەورەش نەخـــــۆش زۆر بەخێرایـــــی لە نەخۆشـــخانە دەردەکـــرا، کەئامـــانجی ئێســـتای کـــاری نەشـــتەرگەرییە. بەڵگەیەکـــی پزیشـــکی ئاراســـتەکراو هەیە ڕەوایەتـــی ئەو بۆچـــوونە دەســـەلمێنی، چـــونکە بەپێـــی ئەو بۆچوونە ئەگەری تووشبوون بە جەڵدەو برینی سـەرجێگە و پووکـانەوەی ماسـوولکە کەمـدەبێتەوە، بەڵام ئەو سـتراتیجە پشـــت بە لـــۆجیکی ئـــابووری دەبەســـتێت، مەبەســـت کەمکـــردنەوەی ئەو مـــاوەیەیە کە نەخـــۆش لە نەخۆشـــخانە بەســـەری دەبـــات. ئەو مـــاوەیەی نەخـــۆش لە پێنـــاوی دەستنیشـــــانکردنی نەخۆشـــــییەکەدا لە ڕابـــــردوودا لە

نەخۆشـخانە دەمـایەوە، ئێسـتا ئەو مـاوەیە خـراوەتە سـەر کلینیکەکانی دەرەوە.

ئەو کەموکورتییانەی لە نەخۆشخانەدا هەبووە، ئێستاش هەر مـاوە، چـونکە سـێ تایبەتمەنـدیی دیـاریکراو هەیە دەسـتبەردار بـوونی کـارێکی مەحـاڵە، ئەوانـیش دەستنیشـانکردنی پێشـکەوتووی نەخۆشـی، چاودێری دۆخە کتوپڕەکـان و کـرداری نەشـتەرگەرییە. دەستنیشـانکردنی نەخۆشـی ئەو تایبەتمەنـدییەیە کە نەخۆشـخانە فەرەنسییەکانی لە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەدا تا ئێسـتا پێ جیادەکرێتەوە، بە هۆکاری جیاواز. تا ئێستاش ڕۆیشتن بۆ نەخۆشـخانە بـۆ ئەنجامـدانی چەنـد پشـکنینێک لەسـەردەمی ئێسـتادا ئەزمـوونێکی بەربـڵاوە. زانسـت و تەکنۆلۆجیـا لەو پشـکنینانەدا یەکـدەگرنەوە، وەکـو: قەسـتەرەی دڵ بۆهەڵسەنگاندنی فرمانەکـانی دڵ، یـان وەرگرتنـی سـامپڵێک لەجـگەر یـان گـورچیلە بە مەبەسـتی پشـکنینی ڕیشـاڵە شانەییەکانی ئەو بەشانە لە ژێر گەردبینـدا، یـان بەکارهێنـانی شەپۆلەکانی سـەرووی دەنگ بۆ چاودێری کردنی گەشـەی کـۆرپەلە، لە کـاتی سـکپڕیدا، یـان گرتنـی تیشـکی بڕگەیـی ملیمیی بە ئاسـۆیی یـان سـتوونی CAT scan و هەروەهـا وێنەگـرتن بە ئـامێری لەرەی موگناتیسـی MRI ئەم دوو ئـامێرە بـۆ وێـنە گرتنـی بەشـە شـاراوەکانی ئەنـدامەکانی جەستەیە. ئەم دوو تیشکە پشت بە پرەنسیپە تەکنۆلـۆجی و زانستیە جیاوازەکان دەبەستێ، جۆری یەکەمیان لە نـاوەوە وێـنەی جەسـتە لەڕێـگەی زنجیـرەیەک وێـنەوە دەگرێـت و لەڕێگەی کۆمپیوتەرێکەوە هەموو پێکەوە خشـتەیی دادەنێت،

بەڵام جۆری دووەمیان بوارێکی موگناتیسی زۆر بەهێز بەکاردێنێ، شەپۆلە لەرەلەرێکی تیشکۆیی کۆنترۆلی دەکات.

هەردوو تەکنیکەکە لەزۆر ڕووەوە هاوشێوەن، هەردوو داهێنانەکە خەلاتی نۆبلیان وەرگرتووە، هەریەکەیان وێنەی سێ ڕەهەند 3D ی ڕوون بۆ شانە نەرمەکانی جەستە دەگرێت زۆر ڕوونتر لە تیشکی ئێکسی ئاسایی، هەردووکیان گۆڕانکارییەکی ڕیشەییان لە دۆزینەوەی نەخۆشی وچارەسەرکردندا ئەنجامدا، بوارییان ڕەخساند لەشوێنە داواکراوەکان پارچەی بچووک لەڕێگەی نیدلی تایبەتەوە بۆ پشکنینی بایۆپسی وەربگیرێت، لە شانە نەرم و ڕەقەکان، کەپێشتر لەڕێگەی نەشتەرگەریی بەرفراوانەوە ئەنجام دەدرا، بەڵام هەردوو ئامێرەکە خەرجی دروستکردن و بەکارهێنان و چاککردنەوەی زۆر گرانە. لەبەر ئەوەی زیانی لەرەی موگناتیسی زۆر نزمە لەسەر نەخۆشەکان، هەروەها وێنەکانی بۆ بەشە ڕیشاڵییە نەرمەکان زۆر ڕوونترە، بۆیە تیشکی موگناتیسی MRI جێگەی تیشکی ئێکسی بڕگەیی CT-scan ی گرتەوە، بەڵام هەردووکیان لە ١٩٨٠ ەوە بوونە هێمای هێزی پزیشکیی نوێ کە تەکنۆلۆجیاو بودجەکەی، پاڵنەری بوون. شانبەشانی لێزەر، کێبڵی ڕیشاڵی (لە بەستنەوەی کۆمپیوتەر و ئینەرنێت و هاوشێوەکانی)، لەگەڵ کۆمەڵێک داهێنانی تری نوێ، ئەم تەکنیکانە سیمای کاری پزیشکیان لە نەخۆشخانەکاندا گۆڕی، چوارچێوەی کاری پزیشکییان بەرفرەوان و چالاکتر کردەوە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر نرخی چاودێری پزیشکی لەسەر نەخۆش گران کەوت.

تایبەتمەنـــدیی دووەمـــی پزیشـــکی لە نەخۆشـــخانەدا، چـاودێری کوتـوپڕە. ئەم چـاودێرییە تەنهـا تـایبەت نییە یـان بەشـێک نیـیە لە پزیشـکی سـەربازی بەڵکـو لە کاروبـاری مەدەنیشدا پێویستە وەکو ڕووداوەکانی هـاتووچۆ و برینی چەقۆ، تفەنگ، سووتاوی و ئەو مەترسییانەی بێ ئەژمـارن و کۆمەڵگەی نـوێ ئەیـان ورووژێنـێ. دیـاردەی تیرۆریـزم ئەو پسپۆرییەی دەوڵەمەندتر کرد. لە جەنگی جیهانیی دووەمدا جیهـان خـۆی ئامـادەکرد لەڕیـزی خەڵکـی سـیڤیلدا، ڕەفتـار لەگەڵ ژمـارەیەکی زۆری قوربانیـدا بکـات، ئێسـتاش پلانـی هاوشێوە دادەنێت بۆ هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ کارەساتە بەرفراوانەکانـــدا، ئەو کەســـانەی قوربـــانیی ڕووداوەکـــان ونەخۆشـییە کوتوپڕەکـان بـوون هەمیشـە بەشـێک بـوون لە بەرپرسیارێتی نەخۆشخانەکان.

هێـواش هێـواش لە نەخۆشـخانەکاندا، شـوێنی تـایبەت دامەزرا بە ئامـــانجی چـــاودێری کردنـــی نەخـــۆش یـــان تووشـــبووە کوتوپڕەکـــان. دوای ئەوەی نەشـــتەرگەرییە گەورەکـــان لەئەنجـــامی داهێنـــانی پاکوخـــاوێنی پـــێش نەشـــتەرگەری و پـــاکژی بەمـــادەی کیمیـــایی دوای نەشـــتەرگەری کە لیســـتەر هێنـــایە کـــایەوە، ژووری بە ئاگاهێنـانەوە خـرایە سـەر هـۆڵی نەشـتەرگەری، هەروەهـا پەرستاری تایبەت بە چاودێری نەخۆشـەکانی نەشـتەرگەری خرایەسـەر دەسـتەی کارمەنـدانی نەخۆشـخانە. لەسـەدەی بیســـتدا تـــوانرا چـــاودێری فشـــاری خـــوێن و نیشـــانە زینـدووەکانی تـر بکرێـت. لەگەڵ داهێنـانی شـلەمەنییەکان لەڕێگەی دەمارەوە، تەکنیکی خوێن گواستنەوە لە ساڵەکانی نێوان هەردوو

وێـنەی (٢٣) زۆر بەخێرایـی تیشـکی ئـێکس لەهەردوو بـواری دەستنیشانکردنی نەخۆشی و چارەسەرکردندا وەکویەک بەکارهات، ئەم وێنەیە کاتی چارەسـەرکردن بە تیشکی ئێکس لە سـاڵی ١٩٠٢ پیشـــان دەدات، هــیچ وەسـیلەیەک بــۆ خۆپاراســتن لە تیشــک لەدەوروبەردا بەدیناکرێـت وەکـو دیـواری قورقوشـم و بەروانـکەو بەربەسـتی قورقوشـم، تەنـانەت پزیشـکەکە پـارێزراو نییە، تەنـانەت سەدرییەی سپی ئاساییشی نەپۆشیوە، کە هێمای پیشەکەیەتی.

جەنگی جیهانیدا، چارەسـەری کاریگەرییە لاوەکییەکانی نەشـتەرگەری زیادیـان کـرد. لە سـاڵی ١٩٥٠ بـۆ چـاودێریی بەردەوامــی لێــدانەکانی دڵ، تەکنۆلۆجیــای مــۆنیتەری لە ژووری چـــاودێریی ورددا بەکارهـــات، وەکـــو بـــاوە نەخۆشییەکانی دڵ وەکو نۆرە دڵی وەکو دۆخێکی کوتوپڕ تەماشـاکرا، یەکەی تـایبەت بـۆ چـاودێریی ورد لە دۆخە

مەترسیدارەکاندا دروستکرا. ئەم یەکانە شوێنێکی ئارام نەبوون بۆ نەخۆش یان "ستافەکە". لەساڵی ١٩٧٠ گفتوگۆی جدی کرا لەسەر ئەوەی باشتروایە نەخۆشی دڵ لە ماڵدا بمێنێتەوە، تەنها بە مەبەستی پشوودان نەک زیاتر، یان بچێتە نەخۆشخانە؟ ئەوەی یەکەی چاودێری وردی پێ جیادەکرێتەوە ئەوەیە دەتوانێت کێشەی نارێکی لێدانەکانی دڵ کۆنترۆڵ بکات (کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ مردن، لە قۆناغە مەترسیدارەکانی بوونی نەخۆشی ماسولکەی دڵدا myocardial)، جگە لەوە تەکنیکەکانی بووژانەوەی نوێی دڵ، سەرەڕای ژینگە نامرۆڤانە و کولفە زۆرەکەی، گەرەنتیدا هەر بەردەوام بێت. لە ڕوویەکی ترەوە یەکەی چاودێری ورد چارەسەری ئەو کەسانەی دەکرد کە تووشی جەڵدەی مێشک دەبوون، هەروەها بوورانەوەی شەکرە و دۆخەکانی تر کە لە چاودێریی ورددا چارەسەر دەکرێن.

نەشتەرگەریی مۆدێرن شوێنێکی گرنگی لە ناو نەخۆشخانەدا گرتووە، ئەو دۆخانەی بەلای کەمەوە پێویستیان بە کاری نەشتەرگەری بێت، ڕیزێک پشکنینی تریان بۆ دەکرێت لای پسپۆرانی تیشک و نەخۆشییەکانی دڵ و کۆئەندامی هەرس و پسپۆرەکانی تر کە پەیوەندییان بە نەشتەرگەرییەوە نییە، هەندێجار لەڕێگەی بەکارهێنانی دەستوپەنجەوە، پشکنینەکان ئەنجام دەدرێن، بەڵام هێشتا پسپۆری نەشتەرگەری پێگەیەکی باڵای لە هەرەمی پزیشکیدا هەیە. ئەگەر خەڵاتی نۆبڵ پێوەر بێت بۆ داهێنانە پزیشکییەکان، ئەوا بەشی نەشتەرگەری شایانی لەوە زیاترە، بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا، لە قۆناغەکانی پێشوودا،

تیۆدۆر کۆخەر[74] (١٨٤١-١٩١٧) خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت لە بواری نەشتەرگەریی گلاندی دەرەقیدا، هەروەها ئەلیکسیس کاریل[75] (١٨٧٣-١٩٤٤)، پێشڕەوی دووریینەوەی موولوولەکانی خوێن بوو، لەڕاستیدا بەرامبەر توێژینەوەکەی دەربارەی چاندنی شانەکانی جەستە ئەو خەڵاتەی وەرگرت. هەروەها چارلز هۆگینز[76] (١٩٠١-١٩٩٧) بەڕەگەز کەنەدییەو پسپۆری میزو میزەڕۆیە، وەکو ڕێزلێنانێک بۆ کارەکەی کە سەلماندی وەرەمی پرۆستات پەیوەندیی بە هۆرمۆنەکانەوە هەیە، هەمان خەڵاتی لە ساڵی ١٩٦٦ وەرگرت، ئەم دۆزینەوەیە چارەکە سەدەیەک پێش خەڵاتەکەی بوو. پزیشکی پورتوگالی ئەنتۆنیۆ ئیگاس مۆنیز[77] (١٨٧٤-١٩٥٥) وەکو ڕێزلێنانێک بۆ داهێنانەکەی بۆ کردنەوەی بەشی پێشەوەی ناوچەوان لە ساڵی ١٩٤٩ هەمان خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەم خەڵاتە تا ڕادەیەک شەرمئامێز بووە، لەبەرئەوەی هەندێجار نەشتەرگەرییەکانی بوونەتە هۆی مردن. لەڕووی خزمەتی مرۆییەوە نەشتەرگەری ئینسکی بەریتانی جۆن چارنلی[78] (١٩١١-١٩٨٢) شایانی خەڵاتی نۆبڵ بوو، لەبەرئەوەی پێشڕەو بوو لە لە تەکنۆلۆجیای گۆڕینی جومگەی ڕان و پێینەدرا. ساڵی ١٩٥٦ قەستەرەی دڵ چەند کەسێکی کۆکردەوە بۆ خەڵاتی نۆبڵ، بەڵام هیچ یەکێک لەوانە پسپۆری نەشتەرگەری

74 Theodor Kocher.
75 Alexis Karrel.
76 Charles Huggins.
77 Antonio Egas Monis.
78 John Charnley.

نەبوون، ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە، کاری نەشتەرگەری لە ئێستادا ئەو پزیشکانە ئەنجامی دەدەن کە پسپۆری نەشتەرگەری نین.

لە نەشتەرگەریی مۆدێرندا تاکە خەلاتێک بەخشرابێت، بەخشراوەتە سێ پێشڕەوی چاندنی ئەندام کە لایەنێک لە لایەنە گرنگەکانی نەشتەرگەریی هاوچەرخە، کە ئەویش بڕێکی زۆر لە توێژینەوەی لەخۆگرتبوو دەربارەی بەرگریی بنەڕەتی بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر جەستەدا کاتێک جەستە مەیلی ڕەتکردنەوەی ئەو بەش و ئەندامانەی هەیە کە بە "نامۆ" دەیانبینێت. ئێستا بەشێوەیەکی ڕۆتینی گورچیلە ودڵ وجگەر دەچێنرێت (لەلایەن ئەو کەسانەی دوای مردنیان دەیبەخشن، یان کەسێک بە ویستی خۆی لە دوو گورچیلەی ساخ یەکێکیان دەبەخشێت) ڕەنگە لە وەسفێکی وردی چاندنی ئەندامەکاندا بە موجیزەیەکی زانستی و نەشتەرگەری دابنرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هێمای کێشەیەکی نوێیە لە چارەسەری تەندروستیدا. ئەو کەسەی ئەندامی جەستەی یەکێکی تری پێدەبخشن، وەرگر دەبێت بە درێژایی ژیانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو لایەنە پزیشکییانە نەبچڕێت کە چاودێری دەکەن، لە هەمان کاتدا دەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو دەرمانانە بە کار بێنێت کە کار لەسەر بەهێزکردنی بەرگری لەشی دەکات، ئەمەش جێی داخە کاریگەری لاوەکی خراپ لەسەر وەرگر بە جێدێڵێ، بەخشەر توانای تووشبوونی بە هەوکردن زیاد دەکات. لە هەمووی ترسناکتر ئەوەیە گۆڕینی ئەندامەکانی جەستە لە لایەن بازاڕی ڕەشەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، ئەو کەسانەی هەژارن و تووشی نائومێدی دەبن لە وڵاتانی تازە

پێگەیشتوو، ئەندامەکانی جەستەی خۆیان دەفرۆشن تا لە وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا بەکاری بێنن.ڕاستە نەخۆشخانەکان ژیانی مرۆڤ ڕزگار دەکەن، تائێستاش سەنتەری فێرکاریی پزیشکی و توێژینەوەی کلینیکی گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام تووشی کێشەی ستراکچەری مەترسیدار بوون، چونکە سەرمایە کێشەیەکی هەمیشەییە بۆ کەرتی تەندروستی، هەرچەندە زۆرجار بە وتار کاری خێرخوازی دەکەن و لە خزمەتی خەڵکدان، بەڵام لە لایەن دامەزراوە ئاڵۆزەکانەوە بەڕێوە دەبرێن، ڕاستییەکان شتێکی ترن، بەرگری کردنی دەرمانە دژە تەنەکان لەلایەن بونەوەرە وردە زیندووەکانەوە کە دەبنە هۆی نەخۆشی ئەمڕۆ شتێکی زۆر بڵاوە، بەڵام ژینگەی نەخۆشخانە کە دەوڵەمەندە بەو دژە تەنانە، دەبێتە مەیدانی گەشەکردن و ئاشکراکردنی ئەو دیاردەیە. ئەم بەرگرییە کاتێک ڕوودەدات کە زیندە تەنە وردەکان جیناتی خۆیان دەگۆڕن، بەو کارە تایبەتمەندییەکیان تیا دروست دەبێت، دەتوانن بەرگری دژە تەنەکان یان دەرمانەکان بکەن. بەو شێوازەی کە داروین باسی دەکات، بەو تایبەتمەندییە بۆ ماوەییە لە لایەن زیندە تەنەکەوە هێزێکی پێدەبەخشێ کە بتوانێت گەشە بکاو بڵاوبێتەوە سەرەڕای بوونی ئەو دەرمانە دژە لە نەخۆشخانەکاندا، میکرۆبە هێشووییەکان staphylococcus بەکتریایەکی بەربڵاون ودەبنە هۆی تلۆقەیەک لە هەوکردنی مەترسیدار، پێشتر بە پەنسیلین ئەم بەکتریایە چارەسەر دەکرا، کە بە دەرمانە موعجیزەکە لەساڵی ١٩٤٠ ناوی دەبرا. بەڵام زۆر بە خێرایی بەکتریاکە توانی خۆی لەگەڵ ئەو دەرمانە بگونجێنێ و بەرگریی بکات، لەگەڵ گەشەکردن و پێشخستنی دەرمانەکەو دروستکردنی

بەشێوەی جیاواز ئەویش خۆی دەگۆڕی وبەرگریی زۆربەی ئەوانەشی دەکرد. ئێستا ئێمە بە پیتی سەرناوی MRSA دەیناسینەوە، واتە (بەکتریای هێشوویی بەرگریکەری میتیسیلین)[79]. ئەم کێشەیە کێشەیەکی مەترسیدارە لە نەخۆشخانە و لە ناو کۆمەڵگەش، چونکە بەردەوام جوولەیەک هەیە لەنێوان نەخۆشخانە و تەواوی جیهاندا. هۆکاری یاریدەدەر بۆ مەلاریا، سیل، وڤایرۆسی HIV ، هەموو ئەمانە دژی زۆرێک لە شێوازی چارەسەرە ئاساییەکان بەرگری دەکەن، بۆیە ئەم نەخۆشییە جیهانییە گەورانە تەواو ئاڵۆز بوون. نەخۆشخانەکان هۆکاری ئەو دیاردەیە نین، بەڵکو ئەم دیاردەیە دەستکردی مرۆڤە، بەلام هۆکارەکانی نەخۆشی کە دژایەتی دەرمان دەکات، ئێستا زۆر بەربلاوە، تەنانەت هەندێجار نەخۆشخانە نازناوەکەی خۆی لە یاد دەکات کە "خانەی چاکبوونەوە" بێت، دەگەڕێتەوە سەر نازناوە کۆنەکەی "دەروازەکانی مەرگ."

پزیشکی لە کۆمەڵگەدا: تەندروستیمان لە دەستی خۆماندایە

لەسەدەی نۆزدەدا لە هەموو ئەورووپای ڕۆژئاوا داواکارانی تەندروستی گشتی بەشێوازی جیاجیا ژێرخانێکی سەرەکییان دروستکرد، ڕێزی ئایدیۆلۆجیا نەتەوەییە هەمەجۆرەکانیان دەگرت. وەکو بینیمان ئەو بزووتنەوەیە بە ڕادەیەکی زۆر چالاک بوو دوای ئەوەی زۆر باش لە

---

79 Meticillin Resistant Staphylococcus Aureus.

هۆکارەکانی نەخۆشی گەیشت و ئەو ژێرخانە تەندروستییە گرنگی خۆی هەبوو.

ئەوانەی لە بواری تەندروستیدا کاریان دەکرد (بەرپرسە پزیشکییەکانی تەندروستی، شیکەرەوەکانی ئاوو خۆراک، پشکنەرانی تەندروستی، کارخانەکان، پشکنەرانی مەوادی بیناسازی و سەردانی تیمەکانی پەرستاران) و دەستەی ڕێکخەرانی گەشەکردن بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەموو ئەمانە زۆر پێویستن بۆ ئەو چاکسازییانەی حکومەتی ناچارکردووە، زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی بکات. وا پێویست بوو تەندروستی گشتی شایانی ناوەکەی خۆی بێت، هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگە سوودی لێ ببینێ. بە گشتی مەسەلەکە بەو شێوەیە بوو، بەڵام گروپە لاوازەکان-هەژاران، منداڵان، بەتەمەنەکان و ژنانی دوو گیان، کە سوودمەند بوون لە بواری تەندروستی، زۆر جار بە ئامانج دەگیران، دیارە ئەم خزمەتە تەندروستییە بەو توێژانە یەکێ بوو لەو سیفاتە چاکەخوازییەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا بواری تەندروستی گشتی بەخۆیەوە دەبینێت، یەکێ لەمێژوونووسەکان دەڵێت جەنگ لە بەرژەوەندی منداڵی ساوا و منداڵانی بچووکدایە، چونکە باوکان لەڕێگەی سەربازییەوە مووچەیەکیان دەبێت بۆ منداڵەکانیان بەسوودە. جەنگی پەیوەندیدار بەو مەسەلەیەوە جەنگی بۆیەرە[٨٠]، بەڵام ئەم جەنگە دوودڵییەکی زۆری لەگەڵ

---

٨٠ جەنگی بۆیەری دووەم یان جەنگی بۆیەر، یان جەنگی ئەنگلۆ-بۆیەر، یان جەنگی خوارووی ئەفەریقیا کێشەیەک بوو لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتی بەریتانی و هەردوو کۆمارەکەی بۆیەر دەربارەی

خۆیـدا هێنــا، چــونکە زۆربەی ئەوانەی بە ســەرباز کــران لەگەڕەکە هەژارنشینەکانەوە هـاتبوون، بەهـۆی نەخۆشـییەوە لە خزمەتی سەربازی دەرکران، چونکە ترسی ئەوە لە ئارادا بوو، بەریتانیـا نەتوانێ بە سـەربازی نەخۆش پارێزگاری لە ئیمپراتۆرییەتەکەی بکات، ئەمەش دەرەنجامێکی پەسـەندکراو نەبوو، چونکە دەوڵەت خۆی بەرپرس بـوو لەو نەهـامەتییەی بەسەر تەندروستی و لەشولاری گەلەکەیدا هاتووە. ترسـێکی لەم شـێوەیە بزاوتـی تەندروسـتی گشـتی جۆشـدا تـاکو وڵاتە ئەورووپییەکـان هانبـدات وەچە بـخەنەوە. تەنـانەت تارمـایی تـوانەوەی نەژادی لەئـارادابوو (ڕەچـاوی ئەوەشـیان دەکـرد ڕێژەی لە دایکبووان لە ناو چینی پرۆلیتـار وهەژاراندا زیـاتر دەبێت لە چینە مامناوەندە پتەوەکە) بزوتنەوەی تەندروسـتی گشتی هانی باشترکردنی بنەچە و نەوەیەکی بەهێزیان دەدا.

هەمیشە تەندروستی گشـتی ئاراسـتەیەکی ژینگەیـی هەیە، ڕێنماییەکانی بەم شێوەیە : خۆتـان لە پیسـی ڕزگـار بکەن، لە قەرەباڵغی دوورکەونەوە، لەڕووی مۆراڵیەوە دەبێت خۆت پاکوخـاوێن ڕاگـری وبـا جـل وبەرگـت پاکوخـاوێن بێـت، ئەو کاتە گەلێکی تەندروسـتترت دەبێـت، هەوڵ بـدە ئەو دروشـمە کۆنە کـاڵبکەیتەوە کە تەرکیـزی کـردۆتە سـەر تایبەتمەنـدییە بۆماوەییە خراپەکان، ئەو سیناریۆ تازە نەخـوازراوەی گـوایە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ناتوانن بەردەوام بەسـەر جیهانـدا زاڵـبن هەوڵــی گــۆڕینی بــدە، لە زۆربوونــدا وەچەو نەوەی خــراپ ڕاگرن. هەروەکو ئاشـکرایە جـوڵانەوەی باشـکردنی وەچە لە ئەڵمانیـای نازیـدا گەیشـتە لـووتکە. بیرکـردنەوەی نازییەکـان

دەسـەڵاتی ئیمپراتـۆری بەسـەر خـوارووی ئەفەریقیـادا لە ١٨٩٩ تـا سـاڵی ١٩٠٢. وەرگێڕ

سـەبارەت بە چارەنووسـی نەژادی و ڕیشـەکێش کردنـی قەرەج و جووەکان و دەستەو گرووپە تەفروتوونا کراوەکان کە بەڵگەی بەربەریێتی وئەوپەڕی دڕندەیی نازییەت بوو بۆ ئەم مەبەسـتە بـوو. ئایـدۆلۆژیای نـازییەت بیروبـاوەڕێکی تەواو دۆگمـا پاڵنەری بـوو. بەڵام ئەوەی مـایەی گاڵتەجـاڕی بـوو، باسـی هەوای پـاکژو وەرزشـی سیسـتماتیک بـوو بـۆ پاراستنی تەندروستی لەش، باوەڕیان وابوو کهول و جگەرە زیـان بەتەندروسـتی دەگەیەنـن، باسـی زۆر ڕێـگەی تریـان دەکرد کە پەیوەندیی بە ستایلی ژیانەوە هەبوو، زۆربەیـان شایسـتەی بەدواداچـوون نـین

نازییەکان ئەوپەڕی زیادڕەوییان لە هەرەمی ڕەگەزپەرسـتیدا ئەنجامـدا، لەو مـاوەیەدا ڕاسـیزم لەوپەڕی بەرفراوانیـدا بـوو. لەکاتێکـدا لە وڵاتە پێشـکەوتووەکاندا کـۆنترۆڵ کـردن و چـاودێری کردنـی تەندروسـتی گشـتی کـارێکی گرەنتیکـراو بـوو، بەڵام لە شکسـت هێنانـدا خـراپ دەشـکایەوە، دیـاردەی بـزووتنەوەی تەندروسـتی گشـتی کـۆن لە وڵاتە تـازە پێگەیشـتووەکاندا هێشـتا بەدیـدەکرێت. گومـانی تیـانییە زۆر شت گۆڕاوە بەڵام ئەو کێشـانەی لەئێسـتادا وڵاتە هەژارەکـان بەدەسـتییەوە دەنـاڵێنن، لە سـەدەی نـۆزدە لە ئەورووپـا لەسـەردەمی ئیـدوین چادویـک وئەوانـی دیـدا کە خوازیـاری تەندروستی گشتی بوون بەرەنگاری شتی وا نەبـوونەتەوە. مەسـەلەی مردنـی دایـک ومنـداڵ ، نەخۆشـییە درمییەکـان، هەژاری و خراپـی دۆخـی پاکوخـاوێنی، هێشـتا بەردەوامـی هەیە. لە کاتێکدا ڕۆژئاوا دژی قەڵەوی و نەجووڵان بەهـۆی شـێوازی ژیـانەوە دەجەنگـێ، کەچـی زۆربەی دانیشـتوانی جیهان بەدوای خۆراکی پێویستدا ئەودالَن تا سکی خۆیانی

پێ تێر بکەن، هێشتا پیادەکردنی سیستەمی تەندروستی کۆن لە زۆر وڵاتدا ڕەواجی هەیە، چادویک باوەڕی وابوو ئاوی پاک وئامادەکاری بۆ ڕزگاربوون لە پاشەڕۆی مرۆڤ، زۆربەی کێشەی نەخۆشییە پیسەکان چارەسەر دەکات، بیرۆکە تەندروستییەکانی ساکاربوون، بەڵام ئامانجەکانی مایەی سەرسوڕمان بوون و تائێستاش لە زۆر وڵاتدا لەسەر ئاستی جیهان بە دینەهاتوون.

وێنەی (٢٤) لە ساڵی ١٩٣٠ پشکنین بە تیشکی ئێکس بۆ قەڵاچۆکردنی نەخۆشی سیل دەست پێشخەرییەکی نەگۆڕی تەندروستی گشتی بوو، ئەم ترامە لە گلاسکۆ لە ١٩٥٧ ، وێنەیەکی تیاترۆیی لە گەشتێکی زەمینی هاوچەرخ دەخاتە پێشچاو، پشکنین بە تیشکی ئێکس لە کردەیەکی داوێن پاکیدا دەخاتەڕوو (جلەکانت دامەکەنە، لەسنوورێکی ئاسان وخێراو نهێنی دایە).



Health Slogan Lantern Slides.

(٢٥)شـيرى پـيس سـەرچاوەيەكى ئاشـكراى بلاوبـوونەوەى نەخۆشيى سيل بـوو پێشـئەوەى پرۆسـەى پاستۆريزە (كولاندنى شير)، ببێتە زۆرەملێ. باسى هەندێ سەرچاوەى شاراوەى ترى مەترسيدار لەم سلايدە چراييە لە ١٩٢٩ دا هاتووە، تەواوى خەڵك هانـدەدات، هاوبەشـى لەو بەرپرسـياريتييەدا بـكەن، بەوەى هەر گازنـدەيەكيان لەشـير فرۆشـەكان هەبـوو، هەواڵ بگەيەنـنە لايەنە بەرپرسە تەندروستييەكان.

هێــزە ئیمپریالییەکــان هەنــدێ دەســکەوتیان لەبــواری تەندروستی گشتیدا هەبوو لەو وڵاتانەی لەودیوی دەریاوە داگیریــان کردبــوون، بــۆ نمــوونە بەریتانیــا لەهیندســتان، لەڕاسـتیدا گرنگیـی زۆری بە کـۆلێرا و مەلاریـا دا، هەریەک لەم نەخۆشـییانە تـایبەت نەبـوون تەنهـا بە نـاوچەی هێڵـی گەرمــی "ئیســتیوائی"یەوە بەڵکــو هەردوو نەخۆشــییەکە لە ئەوروپادا هەبوون. بەڵام ڕۆناڵد ڕۆس[81] (١٨٥٧- ١٩٣٢) کە لە یەکەی خزمەتگوزاری پزیشکی هیندی کاری دەکرد، ڕۆڵی مێشوولەی ئەنۆفیلسی لە گواستنەوەی نەخۆشی مەلاریـادا ئاشـکرا کـرد، هەروەهــا هــانی دامەزرانــدنی پســپۆرییەکی پزیشکی تایبەتی لەو ناوچە گەرمەدا، تووشبوون بە مەلاریا لە ناوچە نیمچە گەرمەکان و نـاوچە گەرمەکان ڕووی دەدا، بەڵام لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ ئەو نموونەیە دەچووە پێش کە پاتریــک مانســۆن[82] (١٨٤٤-١٩٢٢) – مامۆســتای ڕۆس، گەشەی پێدا، بۆ گوزارشت کردن لە تایبەتمەندییەکانی ئەو نەخۆشــییانەی ئەو پســپۆرییە گرنگــی پێــدەدا، بەتــایبەت گواستنەوەی نەخۆشییەکە بەهۆی مێشێکەوە، ئینجا سووڕی ژیان و شێوازی بڵاوبوونەوەی، ئەم نەخۆشییە لەنەخۆشییە بەکتریاییەکانی جیهانی کۆن زۆر ئاڵۆزترە. جگە لەوەش ئەو بــوونەوەرەی دەبێــتە هــۆی ئەم نەخۆشــییە مشــەخۆری مەلاریـا، پلازمۆدیـۆم[83] بـوو، نەک بەکتریـا، مانسـۆن بـاوەڕی

---

81 Ronald Ross.

82 Patrick Manson.

٨٣ پلازمۆدیۆم یان مشەخۆری مەلاریا، ئەم مشەخۆرە، تاک خانە ئەمیبییە، لەڕێگەی مێشولەی ئەنۆفیلسەوە دەگوازرێتەوە بۆ گیانەوەرە بڕبڕەدارەکان لەوانە مرۆڤ، یەکسەر تووشی خانەکانی جگەر دەبێت، لەوێوە دزە دەکاتە

پتەو بوو بەوەی کرم ومێروو ومشەخۆرەکان و چەند جۆرە بوونەوەرێکی تر، دوژمنی سەرەکیی دانیشتوانی ناوچە گەرمەسێرەکانی هێڵی کەمەرەیی گۆی زەوین. مانسۆن رێگەکەی ڕۆسی گرتەبەر کە لە ١٨٩٧، ١٨٩٨ ڕایگەیاند، بە ڕازیکردنی حکومەتی بەریتانی بە دامەزراندنی کۆلێجێکی پزیشکی لە لەندەن لە ١٨٩٨ و یەکێکی تر لە لیڤەرپۆڵ چەند مانگێک پێش ئەوە دامەزرا، کە دیراسەی ئەو نەخۆشییانەی هێڵی کەمەرەی زەوی بکەن. جگە لەوەش بەلێشاو کۆلێجی پزیشکی و پەیمانگەی تایبەتیان بە "کاری پزیشکی لە ناوچە گەرمەسێرەکان"، لەتەواوی جیهان لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەم کردەوە.

دیارە ئامانجی ئەم کۆلێجانە ڕاهێنانی پزیشکان بوو لەسەر ئەوەی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو نەخۆشییانەدا بکەن کە بەرەو ڕووی ئاسیاو ئەفەریقا و ناوچە گەرمەسێرەکانی تری کەمەری زەوی دەبنەوە. مەسەلەکە وای دەخواست لەڕێگەی کاری پزیشکییەوە ئەو ناوچانە بکەنە ناوچەی ئارام بۆ ئەوروپییەکان، تاکو بتوانن هەوڵەکانیان سەرخەن لە کۆنترۆڵ کردنی گەلانی ئەو ناوچانە تا ببیان کەن بە کریستیان، شارستانی، هەروەهان ببیان کەن بە بازاڕێکی بازرگانی بۆ کاڵاو شومەکەکانیان و خەڵکەکە بەتەواوی لەژێر ڕکێفی خۆیاندا بن. هەندێ لە

ناو خڕۆکە سوورەکانی خوێنەوە، خڕۆکەکان خاپوور دەکات و دەبێتە هۆی تا، کەمخوێنی، ئاوسانی سپڵ. ئەم مشەخۆرە کە دەبێتە هۆی مەلاریا لە ١٨٨٠ لەنەخۆشخانەی سەربازیی فەرەنسی لەجەزائیر لەلایەن ئەلفۆنس لاڤیرانەوە دۆزرایەوە لە ١٩٠٧ خەڵاتی نۆبڵی لە پزیشکی و فسیۆلۆجیا لەسەر ئەم دۆزینەوەیە وەرگرت، وەرگێڕ.

مێژوو نووسـان ئەوە ڕەتـدەکەنەوە کە ئەم هەوڵانەی دراوە بۆ خزمەتی داگیرکەران خۆیان بێت، ئەمە سووکایەتییە دان بەوەدا نەنرێـت ئەو بەرپـرس و حکومەتـانەی ئەم کاروبارانەیـان جێبەجێ کـردووە هـیچ هەسـتێکیان بەرامـبەر خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەو ناوچانە نەبووە، بەڵکو ویستوویانە نـاوچەی ئـارام بـۆ سـەربازە ئەوروپییەکـان، بازرگانـان، کشـتیاران و فەرمـانبەرانی خزمەتگـوزاری شارسـتانی دامەزرێنن. ئەگەر مرۆڤ بابەتیانە بۆ پاڵنەری سەرەکی ئەو کەسانە بڕوانێت کە بەشداری کاروانی پیشەی تەندروستی و هەوڵەکـانی تـر دەبـن، ئەوا وەک ڕۆژی ڕوون بـۆی دەردەکەوێ ئەم سیناریۆ وردە بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر نەخۆشییەکاندا، لە نـاو هەمـوو چینەکانـدا وەکو یەک، بەلای کەمەوە بەرژەوەنـدی تـایبەتی کەسـەکانە، نەک خزمەتـی مرۆڤایەتی. بە تایبەتی لە ئاسیا، زۆرجار ئەوروپییەکان ئەو وڵاتانەی داگیریان کردوون و بەسەریدا زاڵبوون، توانیویانە کولتورەکانیان دەوڵەمەند بکەن. لە ئەفەریقاش لە خـوارووی بیابـانی گەورە، کۆمەڵێ هەلـومەرجی جیـاواز هـاتە کـایەوە، دڵڕەقـی و بێبەزەیـی شـێوازی نەخۆشـییەکان لە ڕۆئـاوای ئەفەریقـا بە دیـاریکراوی و نەبـوونی ڕۆشـنبیریی نووسـراو ئەو هەلومەرجـانەی سـەپاند. بەڵام لە گەڵ ئەوەشـدا ئەگەر ئەو هەوڵە پزیشـکی و هەوڵەکانی تـری بـواری تەندروسـتی گشـتی پشـتگوێ بخـرێن و تەنهـا وەکـو هەوڵـی داگیرکـاریی ئیمپریـالیی ڕووت چـاوی لـێ بکرێت، ئەوا شێواندنی ڕەوتـی ڕاستەقینەی مێژوو و زوڵمێکی گەورەیە.

پـێش جەنگـی جیهـانیی یەکەم زۆربەی کـارە "پزیشـکییە ئیسـتیوائی"یەکان لەسـەر دەسـتی هێـزە کۆلۆنیـالییە

داگیرکەرەکـان ئەنجامـدراون، جـگە لە پزیشـکی تەبشـیری خۆیـان و پزیشـک و کارمەنـدو پەرسـتارانیان بە ئامـانجی بڵاوکـردنەوەی پەیـامی بەهـای پزیشـکیی ڕۆژئـاوایی لە گەڵ پەیـامی ئـایینی، لەوێ ئامادەییـان هەبـووە. تەبشـیرییەکان بەرپـرس بـوون لە دامەزرانـدنی نەخۆشـخانە و بـنکەی تەندروسـتی و دابینکردنـی کەرەسـتەو ئـامێرو پزیشـک و کارمەنـد بۆیـان، لە زۆر شـوێنی دونیـا، لە کاتێکـدا ئەم بزووتنەوە تەبشیرییە شوێنکەوتەی ئەو سنوورە جوگرافییە بوون کە ئیمپریالیزم شوێن پێی خۆیانیان تیا قایم دەکرد، هەنـدێ لە چالاکییەکانیـان لەدەرەوەی دەسـەڵاتی وڵاتە سـەرەکییەکەی خۆیانـدا بـووە. بزووتنەوەیەکی تەندروسـتی کۆرپەلەی نێودەوڵەتی لەسـەردەمی دروسـتبوونی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا، دوای جەنگی جیهانی یەکەم دەستی بەکارەکانی کرد. زۆربەی کارەکانیان لەبواری تەندروستیدا تایبەت بوو بە ئەورووپـای ڕۆژهەڵات وبەشـەکانی تـری کیشـوەرەکە کەجەنـگ وێرانـی کردبـوو. هەرچەنـدە حکـومەتی وڵاتە یەککگرتوەکان دوودڵ بوو لەوەی پشتگیری کۆمەڵەکە بکات، بەڵام دامەزراوەی ڕۆکفـیلەر و ئاژانسـی نێودەوڵەتی سـەر بەو دامەزراوەیە بەشـێوەیەکی بەرچـاو لەنێـوان هەردوو جەنـگەکەدا چـالاک بـوون. بەرپرسـەکانی ڕۆکفـیلەر سـووربوون لەسـەر دامەزرانـدنی دامەزراوەکـان لەسـەر سـتایلی ڕۆژئـاوایی (کـۆلێجی پزیشـکی، دامەزراوەی تـوێژینەوەی زانسـتی، و نەخۆشـخانە فێرکارییەکـان) لەو ناوچانەی توانای بەردەوامبوونی یارمەتی ناوخۆیی هەبوو، هەروەها لە ئەوروپا ومەکسیک وئەمەریکای لاتینی، ناوچەی سـەرەکیی چالاکییە نێودەوڵەتییەکانی ئەو دامەزراوەیە بوو.

هەرچەندە گرنگیدانی دامەزراوەکە بە مەلاریا، بەلهارزیا و کرمی ئەنکلستۆما بەرپرسەکانی دەزگاکەی هاندا بەرەو بەشەکانی تری جیهان بڕۆن.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، دواجار نێونەتەوەیەتی بوون وێنای خۆی لەڕێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وڕێکخراوە پاشکۆکانییەوە بەرجەستە کرد، بە تایبەتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی. هەرچەندە ئامانجەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەرسامکەر بوون، بەڵام کۆسپی زۆری هاتە پێش لە پەیوەندیی لەگەڵ کێشە ئاڵۆزەکان کاتێ هەوڵیدا بەرپەرچی ئەو کێشانە بداتەوە؛ شێوازی باو بۆ قەڵاچۆکردنی نەخۆشی لەنێوان هەردوو جەنگەکەدا ستوونی بوو: لە کاتێکدا هەندێ لە نەخۆشییە تاکەکان شێوازی گواستنەوەی دیاریکراویان هەبوو لە چارەسەری تەندروستیدا لە وڵاتە هەژارەکان. ئاوڵە ومەلاریا لە ١٩٥٠ و دوای ئەوەش دوو ئامانجی گەورەی کەمپینی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بوون. پرۆگرامی مەلاریا لە کۆبوونەوەی گشتی WHO دا لە ساڵی ١٩٥٥ بڕیاریدا، سوود لە لە مادەی DDT وەربگرێت، کە لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا لەو ناوچانەی شەڕی تیا بەرپابوو، گەشەیان پێدا، زۆر چالاکانە بۆ قەڵاچۆکردنی مێروو بەکاریان دەهێنا (بەتایبەتی ئەسپێ) کە دەبووە هۆی گواستنەوەی مەلاریا و گرانەتا.

لەوکاتەی ڕۆس و جی بی گراسی (١٨٥٤-١٩٢٥) لە ئیتاڵیا ڕۆڵی مێشوولەی ئەنۆفیلسیان ئاشکرا کرد لە گواستنەوەی نەخۆشی مەلاریادا، وسووڕی ژیانی پلاسمۆدیۆمیان شیکردەوە، لێرەوە ئەو بیرۆکەیە سەریهەڵدا

کە ئاسانترین چارەسەر بۆ نەهێشتنی ئەم نەخۆشییە لە ناوبردنی مێشوولەکە و سووڕی زۆربوونییەتی لە ڕێگەی ئاوەڕۆکان و ڕژاندنی زەیت بەسەر ڕووی ئاوەڕۆکاندا، وە خستنەگەڕی "تیمی قەلاچۆکردنی مێروو" بە سووڕانەوە لەو ناوچانەی زیان دەگەیەنن، بە مەبەستی نەهێشتنی نەخۆشییەکە. جگە لەوەش دەرمانی کینین توانی چارەسەری نەخۆشییەکە بکات، زۆر دەمێکە ئەوە سەلمێنراوە ئەگەر بەڕێکوپێکی بەکاربێت لە نەخۆشییەکە دەتپارێزێ. ڕۆس سێ دەیەی دوایی لە ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ لایەنگیری بیرۆکەی خۆپاراستن لە مەلاریا، بوودجەی تایبەتی بۆ تەرخان کرا، حیکمەتەکە لێرەدایە، هیچ شتێک وەکو ئیرادە و (پارە) لە بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەدا گرنگ نییە.

بەبۆچوونی ڕۆس جێبەجێ کردنی پلانی ستوونی(سەرەوە بۆ خوارەوە)و بنبڕکردنی نەخۆشییەکەو تەفروتووناکردنی، دەستی هێزی کار والآ دەکا، بۆی هەیە تەندروستییەکی باش گەشەی ئابووری برەخسێنێ، ئەمەش مەحاڵە ئەگەر نەخۆشییەکە بەربڵاو بێت، بەلای پسپۆرەکانی تری نەخۆشی مەلاریاوە، تەنها پرۆگرامی ئاسۆیی بەسوودە. ئاماژەیان بەوە کردووە، ئەگەر ئاستی بژێویی خەڵک لە ئەوروپا گونجاو نەبێت، فێرکردن و گەشەی ئابوری لە ئارادا نەبێ، ئەوا بەرە بەرە نەخۆشییەکە دەگەڕێتەوە. بیانووی ئەو پسپۆرانە سەبارەت بە مەلاریا ئەوەیە، لەو ناوچانەی ڕێژەی تووشبوون بە مەلاریا زۆرە (لە بەشێکی گەورەی ئەفەریقیا، بۆ نموونە) خەڵک لە دایکبوونەوە تا ئەو دەمەی بەتەواوی بەرگری لەشی بەهێز دەبێت، بەرکەوتەی ئەو نەخۆشییەیە، ئەگەر ئەو بەرکەوتنە

نەبێت ئەوا نەخۆشییەکە خۆی دەگۆڕێ و بەشێوەی پەتایەکی بالاتر بڵاودەبێتەوە.

وا دەردەکەوێت ئەو ڕاو بۆچوونانە بوونەتە مێژووی ڕابردوو دوای هاتنی مادەی قەلاچۆکردنی مێرووی بە مادەی DDT ، لەلایەک هەرزان بەهایە، لەلایەکی ترەوە تا ماوەیەکی زۆر دوای ڕژاندنی شوێنەوارەکەی دەمێنێت، ئەمەش موژدەیەک بوو بۆ چارەسەری کێشەیەکی پزیشکی ئاڵۆزو بەرفرەوان کە چەند بەشێکی زیان پێکەوتووی ئەفەریقا ژیانی تیا وەستابوو، نزیکەی دوو دەیە بە نزیکی تەواوی جیهان خاڵی بوو لە مەلاریا. دوای جەنگ کەمپینەکە لە ئاهەنگێکی گەشبینانەدا پەسەند کرا، بەڵام ئەو کێشانەی لەسەرەتاوە تووشی بوون، ئەو ئامێرانەی دەیاننارد دەرمانی مێروو کوژی لەگەڵ نەبوو، یان دەرمانەکە هەبوو ئامێرەکان ئامادە نەبوون، هەروەها مەشقی کارمەندە مەیدانییەکان پرۆسەیەکی قورس و لەسەرەخۆ بوو، دەرەنجامەکانیشی لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا جیاوازبوون. پێشکەوتنی جوڵانەوەیەک لە جوڵانەوەکانی پاراستنی ژینگە، دەستپێکی بڵاوکردنەوەی کتێبێک بوو بە ناوی "بەهاری بێدەنگ" لە نووسینی ڕاچیل کارسۆن (١٩٦٢) سەبارەت بە کاریگەرییە هەمەلایەنەکانی دی دی تی، جوڵانەوەکە گوزارشتی لە ناڕەزاییەکانی شەستەکانی سەدەی بیست دەکرد لە بەرامبەر کەمپینی ڕێکخستنە بەرفراوانەکەی قەلاچۆکردنی مێروو بە دی دی تی، بڕی ئەو قازانجەی کۆمپانیا ئەمەریکییەکان لەسەرەتاوە کردیان دواتر گەیشتە ئەوەی دەرکەوت مێشوولەکە بەرگری پەیدا کردووە بەرامبەر مێروو کووژی دی دی تی.

سەرەتا بنبڕکردنی مەلاریا بە بێ کێشە لە ١٩٦٩ چووە پێشێ، چەند سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا چونکە تەنها تەرکیز خرابووە سەر لایەنی نەهێشتنی نەخۆشییەکە، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەم پرۆسەیە بێ هەڵەو کەموکورتی نەبووە، کاریگەرییە خراپەکانی ئەم مادەیە بووە ئامانجی لێکدانەوە ڕەخنەییەکان، لەو وڵاتە ئەوروپییانەی بەسەر دەریای ناوەڕاستدا دەڕوانن بۆ نموونە؛ کاتێ لەگەرمەی شەڕی دووەمی جیهانیدا مەلاریا دەرکەوتەوە. لەماوەی ساڵانی کەمپینەکەدا کۆتایی هاتن بە مەلاریا لە ئیتاڵیا وئیسپانیا وپورتوگال ڕاگەیەندرا؛ ئەوەی مایەی سەرنجە لە شوێنێکی وەکو یۆنان کە ڕێژەی گەشەکردنی کەمترە لەچاو وڵاتانی تر، لە ماوەی ساڵانی کەمپینەکەدا بە نزیکی کۆتایی هێنان بە مەلاریای ڕاگەیاند، وە سریلانکا لە ئامانجەکە نزیک بووەوە، بەڵام لە هیند بە تەواوی ڕیشەکێش کرا.

بە پێچەوانەی ئەوەوە، هێشتا دەستپێشخەرییەکەی ڕێکخراوی WHO بۆ قەڵاچۆکردنی نەخۆشی ئاوڵە بە سەرکەوتنی پزیشکیی نوێ دادەنرێت، ئەو کاتە جاڕی سەرکەوتنەکە درا کە دوا کەیسی نەخۆشییەکە لە ١٩٧٧ تۆمار کرا، لە ١٩٨٠ ئەوە پەسەندکرا کە نەخۆشییەکە لە مرۆڤدا کۆتایی هاتووە. ئەمەش بەرهەمی نیازپاکی و هاوکاری نێودەوڵەتی بوو نەک بەرهەمی زانستی پزیشکی، بەڵام پشتبەستوو بوو بە دۆزینەوەی ڤاکسین لە کۆندا، شێوازی بەدواداچوونی کەیسەکان لە کاتی گونجاودا، دابڕین و کەرەنتینەی نەخۆش، و کوتانی بەکۆمەڵی دانیشتوان کە بەرەنگاری مەترسی بوو بوونەوە. لێرەدا چارەسەرکردن لەنێودا نەبوو جگە لە گرتنە بەری

ڕێوشوێنەکانی پشتیوانی کردن. نەخۆشییەکە بنبڕکرا چونکە سەرچاوەی نەخۆشییەکە گیانەوەران نەبوون، بەڵکو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوێزرایەوە، ئەمەش پێویستی بە جیاکردنەوەی کەسەکان لە یەکتری و کوتانیان هەبوو. کەمپینەکە کەمپینێکی ئیداری بوو، زیاتر لەوەی تەندروستی بێت، بەڵام بەڕاستی کەمپینێکی سەرکەوتووبوو.



26. Preventative medicine played an important part in the campaigns of World War II. Here, soldiers are encouraged to take their regular doses of atebrin, the most commonly used antimalarial drug of the period. Malaria was still an important disease in the Middle East, southern Europe, and the Asian theatres of war

شێوەی (٢٦) پزیشکی خۆپاراستن ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لەو کەمپینانەی لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا سازدرا. ئەم بڵاوکەرەوەیە سەربازەکان هاندەدا دۆزی تەواو لەدەرمانی Atebrin وەرگرن کە دەرمانێکی باو بوو دژی مەلاریا بەکار دەهێنرا لەو ماوەیەدا، تا ئێستاش مەلاریا نەخۆشییەکی گرنگە لە مەیدانەکانی جەنگدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خوارووی ئەورووپا و ئاسیا.

تائێستاش کەمپینە ستوونییەکان بۆ یەک نەخۆشی سەرنج ڕاکێشن، هەندێکیان سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، ئیفلیجی منداڵ بە نزیکی بنبڕکراوە، بۆ کرمی گینیا، کرمی کوێریی ڕووبار Onchocerciasis بە کاریگەر دادەنرێن. جگە لە ئەفسوون Glamour، خۆی لە ستراتیجی نەخۆشییە تاکەکاندا دەبینێتەوە (تەنانەت ئەگەر کارەکەی ڕۆتینی بێت)، بەوە ناسراوە چاودێری سەرەتایی بۆی گرنگە. کۆنفرانسی ئەلما ئاتا بە فەرمی ڕایگەیاند پرۆگرامی ئاسۆیی ئامانجێکی پێویستی چاودێری تەندروستیی نێو نەتەوەیییە. لە جەوهەردا دانی بەو ڕاستییەدا ناوە کە بنیادنانی ژێرخانێکی پزیشکی و کۆمەڵایەتی مەرجە بۆ دابینکردنی تەندروستی گشتی و چاودێری تەندروستیی نوێ بەشێوەیەکی بەردەوام. بەدەستهێنانی ئەو ژێرخانە لەسەرەخۆیە، جیاوازی ئابووری نێوان هەژار ودەوڵەمەندەکان لەم چەند دەیەی دواییدا زیادی کردووە، دەرکەوتنی ڤایرۆسی کەمبوونی بەرگریی لەش، جەنگەکان، زنجیرەی مەلاریا، سیل و بەرگری لەش بەرامبەر دەرمانەکان، کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە. لەچەند دەیەی دوایی سەدەی ڕابردوودا شکستەکان زۆرتر بوون دەستکەوتەکان کەمتر، ناشتوانین کەمترین پێشبینی کۆسپەکانی ئاینده بکەین.

کێشەی وڵاتە زۆر هەژارەکان تەنها ڕەنگدانەوەی ئەو کێشانەیە کە لە ڕۆژئاوادا هەن وەکو ئالوودەبوون بە کحول، بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، بەرگرییەکانی سیل و ڤایرۆسی بەرگری لەش، قەڵەوی دەبێتە کێشەیەکی تەندروستی گەورە. نەریتێکی تر لە ڕۆژئاواوە گواسترایەوە

بۆ ئەو وڵاتە هەژارانە، وەکو هەرەشەو بۆمبێکی تەوقیتکراو لەچەند دەیەی داهاتوودا دەرکەوت، ئەویش جگەرە کێشانە. دەرکەوت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان شێرپەنجەی سییەکان و جگەرە کێشاندا هەیە، لە سەدەی ڕابردوودا ئەم نەخۆشییە لە وڵاتە هەژارەکاندا دەگمەن بووە، وەکو توێژینەوە ژینگەییە نوێیەکان دەریان خستووە. ئامارییەکان و پزیشکانێکی زۆر سەرنجی ئەوەیان داوە لەساڵەکانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا ڕێژەکەی بەرەو زیادبوون ڕۆیشتووە. لە ساڵی ١٩٤٠ ەوە دەرک بەوە کراوە نەخۆشییەکە یەکێکە لە نەخۆشییە نوێیەکان، سەنتەری توێژینەوەی بەریتانی دوو کەسی ڕاسپارد، کە پزیشکێک ئارەزووی وەرزشی هەبوو لەگەڵ پسپۆرێکی بواری ئامار ، لێکۆڵینەوە لە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە بکەن، پزیشکەکە ریچارد دۆل[٨٤] (١٩١٢- ٢٠٠٥)بوو، بەڵام پسپۆری ئامارەکە ئۆستین برادفۆرد هیڵ[٨٥] (١٨٩٧- ١٩٩١) بوو. لەڕووی پراکتیکییەوە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی شێرپەنجەی سییەکان، نەخۆشییەکە سەرەنجامی دیاردەی پیسبوونی ژینگەی سەردەمی نوێیە، کە خۆی لە دووکەڵی ئۆتۆمۆبێل و ئەو قیرەدا دەبینێتەوە کە ڕێگەکانی پێ قیرتاو کراوە.

کار لەسەر دارشتنی ڕاپرسییەک دەکرێت بۆ ئەو نەخۆشانەی لە نەخۆشخانەکانی لەندەن دەستنیشانی کەیسەکانیان کراوە کە شێرپەنجەی سی یان جگەر یان ڕیخۆڵە بووە، دەرەنجامی سەرەتایی کوتوپڕ بوو بەوەی کە

---

84 Richard Doll.

85 Austin Bradford Hill.

جگەرەکێشانی زۆر هۆکار بووە لای ئەوانەی شێرپەنجەی سییەکانیان هەیە بێئەوەی باسی شێوەی شێرپەنجەکانی تر بکەن، ساڵی ١٩٥٠ لێکۆڵینەوەیەکی ئەمەریکی لەوانەی مردوون و توێکاری بۆ لاشەکانیان کراوە ئەوەی دەرخست، ئەوانەی بە شێرپەنجەی سییەکان مردوون، لەنێو قوربانییەکاندا جگەرەکێشان بە شێوەیەکی بەربڵاو بوونی هەبووە. بە پشتبەستن بەو دەرەنجامە پێشنیار کراوانە، دۆل و هیل لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییان ئەنجامدا بۆ دەرەنجامی چاوەڕوانکراو، خۆشبەختانە ٣٤ هەزار پزیشکی بەریتانی بەشدارییان تێداکرد، لەبەرئەوەی پێویست بوو پزیشکەکان هەموو ساڵێک لە تۆماری پزیشکیدا گۆڕینی ناونیشانەکەیان پێشکەش بکەن، فۆرمێکی ساڵانە بۆ ئەو کەسانەی بە پراکتیکی کاری پزیشکی پیادە دەکەن، دۆل و هیل بەدرێژایی چەند ساڵ چاودێری گرووپەکانیان دەکرد، لەو لێکۆڵینەوەیەدا نەخۆشی شێرپەنجەیان بە خووی جگەرەکێشانەوە گرێدا. لەبەر ئەوەی ژمارەیەک لە پزیشکەکان وازیان لە جگەرەکێشان هێنابوو لە بەر مەترسییەکەی (لەنێویاندا دۆل خۆشی) لێکۆڵینەوەکە ئەو هەلەشی ڕەخساند، بە ئامار ئایا مرۆڤ بەچەند ساڵ دەتوانێ واز لە جگەرە کێشان بێنێت. بەشی دوایی لێکۆڵینەوەکە لە ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکرایەوە واتە دوای ٥٠ ساڵ لە مێژووی بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەکە، دۆل خۆی بە هاوکاری هاوەڵەکەی نووسی. ڕاستوایە بڵێین ئەوە یەکەم ئەزموونی "کۆمەڵایەتی" بوو لە بواری پزیشکیدا ئەنجام درابێت، لەڕووی دیزاینەوە ئاسان

بوو لە جێبەجێ کردن و دەرەنجامەکەی کارێکی سەخت و قــورس بــوو، دەرەنجــامەکەی لە ڕێــگەی زنجیــرەیەک لێکۆڵینەوەوە دوای نیو سەدە ئاشکرا کرا. بەڵگەی تر زۆرە تــایبەت بە زیــانە تەندروســتییەکانی جگەرەکێشــان، بەڵام دەتوانین بڵێین دۆل و هیل یاسای ئەو بزووتنەوە نوێیەی پێیدەڵێن "پزیشکیی ستایلی ژیان"، بە تەواوی چەسپاندیان.

بەزۆر تەمەنــی ئەو گوزارشــتە دەگــاتە دوو دەیە، بەڵام وەکو دەردەکەوێ مــاوەتەوە. گرنگترین شت لە پزیشکیی کۆمەڵگەدا چاودێری کردنە، بەستنەوەی لەگەڵ تۆمارکردنی تێبینییەکــان دەبێــتە هــۆی دروســتکردنی وێــنەیەک، تــاکی ئاسایی تێیدا بەشدارییەکی گەورە لە دۆخی تەندروستی خۆیــدا دەکــات؛ هەڵبژاردنەکانمــان کــاریگەریی لەســەر خۆشبەختیمان هەیە. لەسەردەمی زێڕینی پزیشکیدا لە ١٩٤٠ ەوە بۆ ١٩٧٠، باوەڕی تەواومان بەوە هەبووە پزیشکەکان چــاودێری و چارەســەرمان دەکەن. لەنێوان نەشــتەرگەری، دژەتەنەکــان، هێورکەرەوەکــان، هۆرمۆنەکــان، دژە ســکپڕی (کاریگەری پزیشکی لەسەر شێوازی ژیان باڵادەست ترە لە شێوازی ژیــانی پزیشــکی)، ڕیزێــک دەرمــان و چارەســەری نــوێ، مــوژدەی ئەوەیــان داینــێ کە ســەردەم، لەهەمــوو گۆشــەیەکی دونیــا ســەردەمی تەندروســتییە. بەڵام ئێســتا هەرچەندە کاری پزیشکی پێشکەوتووترە، بەڵام متمانەمان کەمتــر بــووە لەئاســتی؛ ئێســتا دەرەنجــامی زۆر ترســناک دەرکەوتــووە لە ڕێــگەی ئــالوودەبوون بە کحــول و جگەرەکێشان، بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، نەخۆشییەکانی کۆئەندامی زاوزێ، و قەڵەوی، خواردنی ژەمە



شێوەی (٢٧) ستایلی ژیانی پزیشکی لە ١٩٩٢ لە پۆستەرێکدا، بە دوو ئامــــانجی هاوشــــێوە دروســــتکراوە، قەڵەوێ وکــــاریگەرییە زیانبەخشەکانی، زیادڕەوی لە خواردنەوەی کحولدا.

خێــــراو چەورو ســــوێرەکان، بەرهەمە کشــــتوکاڵییە دەســتکردەکان، و چەنــد ڕەهەنــدێکی تــری ژیــانی نــوێی ئەوروپـــی. هەنـــدێ لەم ڕەفتـــارە هەڵشــــەییانە کــۆنن هەندێکیشـیان تـازەن. پەیوەنـدی نێـوان پزیشـک و نەخـۆش گـۆڕاوە، هێـزی نەخـۆش لەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە کە هەست بەرپەرسیارێتی دەکات.

جەخت کردنەوەی هیپۆکرات لەسەر میانڕەوی، ئەوەمـان بیـر دەخـاتەوە پزیشـکەکان لە پـێگەی پۆلیسـی ئەخلاقیـدان، ئیتر چی ئەخلاقی بن یان بێ ئەخـلاق بێنە ئەژمـار، مەیلی گۆڕانکاریـــــان هەیە بە جیــــاوازی چوارچێـــــــوە ڕۆشـنبیرییەکەیان. لە سـەرەتای سـەردەمی نوێدا، نەخۆشـی سیفیلیس جۆرێک بوو لە نیشانەی شەرەف لە نێو هەندێ لە تــوێژە کۆمەڵایەتییەکانــدا، لەنێــوان هەردوو جەنــگەکەدا، خۆراکی تەندروست خواردنی بڕێکی زۆر گۆشـتی سـوور و قەیماغ و هێلکە بوو، جگەرەکێشان هێمایەک بوو بۆ ئازادیی ژنــان. کۆمەڵگەکــان دەگــۆڕێن بە هەمــان شـێوە ڕێنمــاییە پزیشکییەکانیش دەگۆڕێن. هەندێ هۆکـار هانـدەرن بۆئەوەی وا بیر بکەینەوە، ئامۆژگـارییە پزیشـکییەکانی ئەمڕۆ باشـترن لەوانەی ڕابــردوو، تەنــانەت ئەو کەســانەی باوەڕیــان بە پزیشــک و زانســتی پزیشــکی نیــیە، هێشــتا دڵخۆشــن بە سـوودەکانی چـاودێری نەخۆشـییە درمییەکـان ولێکـۆڵینەوە زانستییەکان دەربـارەی بڵاوبوونەوەی پەتاکـان هەوڵـدان بۆ جیاکردنەوەی زیـان لە سـوودەکان، کـاتێ گومانت هەیە، ئەو

ئامۆژگـارییەی هیپـۆکرات لە گـویێ بگـرە، کە دەڵـێ بـواری پزیشکی بەزۆری لە ناوەڕاستدایە.

پزیشکیی تاقیگە: بەردەوام موژدەی نوێی پێیە

تـاقیگەی پزیشـکیی بـایۆلۆجی مـۆدێرن، زۆر نـزیکە لە هـاوڵاتی هۆشـیار و هـاوڵاتی ئاسـاییەوە. زۆرجـار زاناکـان داوای کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسـی دەکەن کـاتێ باوەڕیـان وایە شـتێکی گرنگیـان پێیە دەیـانەوێ ڕای بگەیەنـن، هەمـوو ئاژانسـەکانی هەواڵ بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـک هەواڵـی زانسـتە پزیشـکییەکان دەگـوێزنەوە، تۆڕەکـانی ئینتەرنێتـیش ڕێـگە بە زانیـارییە پێشـکەوتووەکان دەدەن، بـۆ ئەوانەی بە دوایـدا دەگەڕێـن. هەرچەنـدە هۆشـیاری تەندروسـتی نوێمـان پڕ لە زانیارییە، بەڵام لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونەکان، زۆر زانیـاری شـــاراوەو نـــیگەران ئـــامێز ســـەبارەت بە مەســـەلە تەندروستییەکان ئاشکرا دەکەن. ڕەنـگە هەمیشـە مەسـەلەکە بەم شـێوەیە بووبێـت، ڕەخـنەکەی فیزیـاوان و ڕۆمـاننووس ســی.پی. ســنۆ، لە هەردوو کولتــوورەکە دەنگــدانەوەیەکی باشی هەبوو پێش ئەوەی لە ١٩٥٩ ڕوونکردنەوەیـان لەسـەر بــدات، ســنۆ وای دەبینێــت زۆربەی ئەو کەســانەی کە لە زاناکـان نـین، کەمتـر زانیارییـان سـەبارەت بە بیرکـردنەوە ســـــەرەکییەکەی زانســـــت هەیە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو زانایـانەی کە زانیارییـان سـەبارەت بە ڕۆشـنبیری گشـتیی ئەوان هەیە؛ کەواتە نەزانین لە هەموو شوێنێکە، بەڵام لە نێو زانســت و بـواری پزیشـکیدا زووتـر ماسـکی ڕووی ئەوانە دادەماڵرێ، کە نازانن.

ئەگەر ڕێگری کرا لەوەی خەڵک وردەکارییەکان بزانن، زۆربەیان ئەوە دەزانن ئەو کردە پزیشکییەی لە سەدەی بیست و یەکدا پێڕەو دەکرێت، کاریگەرییەکی بەهێزی بە زانستی پزیشکییەوە هەیە. لە هەمووی گرنگتر دۆزینەوەی دەرمانە تازەکان، مشتومڕی بەردەوام لەسەر پرۆژەی جینە مرۆییەکان، توێژینەوەی نوێ سەبارەت بەخانە ڕیشەییەکان Stem Cell Research ، هەموو ئەمانە بوونە هەواڵی نێو شاشەکان. ڕاستە ئەم دوو دۆزینەوەیەی دوایی لەدەرەوەی گێڕانەوە مێژووییەکەدایە، بەڵام پزیشکیی هاوچەرخ بە کاریگەریی هێزی دەرمانەکان گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هات. ڕێکەوت لە دۆزینەوەی هەندێکیاندا ڕۆڵی بینی، بەڵام تاقیگە، ئەو شوێنە سەرەکییە بوو کە توانای چارەسەرەکانیان بۆ یەکەمجار تێدا تاقیکردەوە. تا ئێستاش لێدوانەکەی کلۆد بێرنارد بەکارە کە لەسەدەی نۆزدەدا وتی، تاقیگە میحرابی تاقیکردنەوە پزیشکییەکانە.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا هەندێ دەرمانی کاریگەر هاتنە مەیدانەوە، تا ئێستاش بەتەواوی هێزی خۆیان لەدەست نەداوە، وەکو ئەسپرین، فیناسیتین، هیدراتی کلۆرال و باربیتۆرات، هەموویان بەشێوەیەکی ڕێژەیی پێکهاتە کیمیاییەکەیان سادە، گونجاو ولە ڕێگەی شیکردنەوەوە، بۆ ئەو دەمە ڕێگە پێدراو بوو. ئەسپرین زۆرجار وەکو دەرمانێک باسدەکرێت، لە پێوەرە ستانداردە نوێیەکاندا دەرناچێت، چونکە دەبێتە هۆی ورووژانی گەدە و دەکرێ بۆ خۆکوشتن بە کاربهێنرێت. مایەی گاڵتە جاڕییە، کەسەلمێنرا (ئەگەر بە بڕی کەم بەکاربهێنرێت) کاریگەرە لە ڕێگری

کردن لە مەیینی خوێن، بۆ خۆپاراستن لە جەڵدەی دڵ و سەکتەی مێشک بەکار دەهێنرێت، بەکارهێنانی لەم دوو حاڵەتەدا زۆر دوورە لەو مەبەستەی لەسەرەتاوە ئەم دەرمانەی بۆ داهێنرا. کاریگەری لەسەر تاک کەمە بەڵام لەچوارچێوەی گرووپی گەورەدا بە نرخە، میکانیزمی کارکردنەکەی لەسەر ڕێگری لە مەیینی خوێن تا ئەم نەوەیەی دواییش زانراو نەبوو، لە ڕاستیدا، وەکو دەرمانی دژە هەوکردن، ئازار شکێن و بۆ داگرتنی تا بەکار دەهات و بۆ ئەو مەبەستە دروست کراوە نەک مەبەستێکی تر.

لەنێوان ئەم کۆمەڵە دەرمانە و ساڵی ١٩٢٠، چەند مادەیەکی کیمیایی و هەندێ مادەی بایۆلۆجی گەشەی پێدرا، بە تایبەتی ڤاکسین و دژە سیرەم. بەڵام هیچیان هاوتای ئەنسۆلین نەبوون کە زانایەکی فیزیکی گەنج دۆزیەوە، ساڵی ١٩٢١ ئەم دۆزینەوەیەی لەشێوەی لێکۆڵینەوەیەک لە بواری فسیۆلۆجیادا، خستە بەرچاو، ئەو کاتەی خوێندکاری پزیشکی بوو لە زانکۆی تۆرنتۆ. فریدریک بانتینگ[٨٦](١٨٩١-١٩٤١) زانایەکی فسیۆلۆجی بوو، بۆی ڕەخسا لەپشووی هاویندا تاقیگەیەک بکاتەوە، کاتێک پرۆفیسۆرەکەی لە پشوودا بوو. بەڵام چارلز بێست[٨٧] (١٨٩٩-١٩٧٨)، خوێندکارێکی پزیشکی بوو هەر خۆی دواتر بووە پسپۆرێکی فسیۆلۆجی ناودار، بەشداری کرد لە دابڕینی ئەو هۆرمۆنە چالاکەی کە پەنکریاس دەریدەدات. مایەی سەرسوڕمان بوو ئەو مادەیە ئاستی شەکری لە خوێنی ئەو

86 Frederick Banting.
87 Charles Best.

کەسانەدا دابەزاند کە تووشی نەخۆشی شەکرە بوون، بانتینگ و پرۆفیسۆر جەی.جەی.ئار. ماکلیۆد[88](١٨٧٦-١٩٣٥) ڕاستەوخۆ هاوبەش بوون لە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ، بەڵام دواتر لەگەڵ بێست و کیمیاگەر جەی. بی. کۆلیب[89] (١٨٩٢-١٩٦٥)بە یەکسانی بەشی خۆیان وەرگرت، جەی بی کۆلیب کە بەشداربوو لە پاکژکردنەوەی ئەو مادەیەی دەبوایە تاقیبکرێتەوە. ئەو ئەزموونە، تاقیکردنەوەیەکی نموونەیی بوو لە تاقیکردنەوە کلاسیکییە زۆر دەگمەنەکان، ئەم تاقیکردنەوەیە وەکو چارەسەرێکی بەربڵاو شایستەی ئەو خەڵاتە بو، زۆریش بەخێرایی خەڵاتەکە وەرگیرا. لە ماوەی ساڵێکدا ئەنسۆلینی بازرگانی کەوتە بازاڕەوە، بۆ ئەوانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە ڕەنگە بە ڕزگارکەری ژیانیان دابنرێت. ئەنسۆلین نموونەیەکی باڵا بوو بۆ هەریەکە لە پزیشکی ئەزموونگەری و چاودێری پزیشکیی نوێ؛ شەکرە کۆنترۆڵ کرا، ئەوانەشی بە هەمیشەیی تووشی نەخۆشییەکە بوو بوون پێویستیان بە چاودێری ڕۆژانە بوو. هەرچەند وەسیلەی باش بۆ پێشکەشکردنی ئەو دەرمان و ئامادەکراوە دەرمانییە جیاوازانە هەیە، بەڵام نەخۆشی شەکرە کە پشت بە ئەنسۆلین دەبەستێ، هێشتا بە کێشەیەک دادەنرێت کە تا مردن بەردەوامە، جگە لەوەش کێشەی لاوەکی تووشی نەخۆشەکە دەکات، هەر کاتێ ئەو کێشانەش دەرکەوتن پێویستە جار لە دوای جار چاودێری بکرێنەوە، هیوای چارەسەری بنەڕەتی گۆڕا بەو چارەسەرەی کە

---

88 J. J. R. Macleod.

89 J. B. Collib.

چاودێری پزیشکیی درێژخایەنی لەسەر بنیات نراوە، ئەو هیوایە باشترە لەوەی هیچ ئەلتەرناتیڤێک نەبێت، لێرەدا ڕاستییەکی تاڵ هەیە، ئەویش ئەوەیە جەستەی مرۆڤ ئامێرێکی زۆر سەرسامکەرە، لەگەشەی بەردەوامدایە، زۆر سەختە بواری پزیشکی بتوانێ خۆی لە قەرەی سروشتی جەستە بدات.

هەرچەندە کێشەی بەردەوام هەبوو لە کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشی شەکرەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەنسۆلین داهێنانێکی گەورەبوو، نەخۆشەکانیش هەمان بۆچوونیان هەبوو، ئەم دۆزینەوەیە ئاستی پێشبینییەکانی خەڵکیان بەرزکردەوە، چاوەڕوانی ئەوە بوون تاقیگە بتوانێ توێژینەوەی زیاتر ئەنجام بدات، ئەم چاوەڕوانییە زۆر درێژەی نەکێشا تا توانرا لەچارەسەری کەمخوێنیی پیسدا سەرکەوتووبن، دەرەنجامی ئەم دۆزینەوەیە وەکو دەرەنجامی ئەو نەخۆشانەی شەکرە سەرسوورهێنەر نەبوو کە لەدۆخی بێهۆشییەوە بە پێدانی ئەنسۆلین یان گلوکۆز چاودەکەنەوە و بەهۆش دێنەوە، بەڵام ئەنیمیا- کەمخوێنیی پیس لە ناوەکەیەوە دیارە، ئازار بەخشە، بێزارکەرە، تاقەت پرووکێنە، و لە کۆتاییدا کوشندەیە. بەڵام هاوشێوەی ئەنسۆلین بنەمای لۆجیکیی چارەسەرەکە لە ڕێگەی تاقیگەوە سەری هەڵداوە، لەڕێگەی پێدانی خۆراکەوە وەکو لەسەر سەگ تاقیگرایەوە، خواردنی بڕێکی زۆر لە جگەری ئاژەڵ بە کاڵی چارەسەر نییە، زۆربەی نەخۆشەکان خۆشیان ئەوە بە چارەسەر دەزانن، بەڵام زۆربەیان پێیانوایە جگەری کاڵ

سـوودێکی ئەوتـۆی نیـیە بەڵام هـیچ نەبـێ لە ئەنجـامی نەخۆشییەکە باشترە.

نموونەی ئەم داهێنانە تاقیگەییانەو جۆرەکانی تری وەکو دیـاریکردنی گرووپەکـانی خـوێن، کە بەهـۆیەوە گواسـتنەوەی خوێن بێ مەترسییە، ڤاکسینە جۆربەجۆرەکـان، تێگەیشـتن لە سروشـتی ڤایرۆسـەکان، زانسـتی پزیشـکی لە چوارچێـوە گشتییەکەیدا هێشتەوە. دەسپێکی ئەم زانستە لە سـەروەختی جەنگـی جیهـانی دووەم و دوای جەنـگەوە بـووە لەکۆتاییـدا بەو شـێوەیە گەشـەی کـردووە کە ئێسـتا بەرچـاوە. دەرمانەکانی سولفا، بۆ نمـوونە سـەلماندی دژی زۆر جۆری بەکتریـا کـاریگەریی باشـی هەیە، یەکـێ لە سـوودەکانی کەمکـردنەوەی ڕێـژەی مردنـی ئەو ژنـانە بـوو کە بە تـای زەیسـتانی دەمـردن (ئەو هەوکـردنەیە دوای منـداڵبوون تووشـی ژنـان دەبێـت). ئەم دەرمـانە پـێش جەنـگ گەشـەی پێدرا، (نازییەکـان ڕێگربوون لەوەی دۆزەرەوەکەی گێرهـارد دۆمـاک[90] (١٨٩٥- ١٩٦٤) گەشـتی سـتۆکهۆڵم بکـات بە مەبەسـتی وەرگرتنـی خەڵاتـی نۆبـڵ)، جەنـگەکە خۆیشـی سیسـتەمی داهێنـانی لە ئاسـتی جیهانـدا پەکخسـت، بـۆیە دەرمـانی سـولفا ڕێگەی بـۆ خۆشـکرا لە دەرەوەی سـنووری ئەڵمانیـا دروسـت بکرێـت. لە سـاڵەکانی یەکەمـی جەنگدا ئەم دەرمـانە بەشـێوەیەکی بەرفـرەوان بەکارهـات، دوای کۆتـایی هاتنی جەنگ، پەنسیلین جێگای دەرمانی سولفای گرتەوە.

لە ڕاسـتیدا پەنسـیلین بە درێژایـی هەمـوو سـەردەمەکان باشترین دەرمان بووە، چیرۆکی دۆزینەوەی بەم شێوەیەیە؛

---

90 Gerhard Domagk.

ئەلیکسـەندەر فلیمینـگ [91](١٨٨١- ١٩٥٥)، بەڕێـکەوت سـاڵی ١٩٢٨ لە ڕێـگەی کەڕوویەکەوە، لەسـەر دەفرێکـی پێتـری[92] سەرنجیدا وەکو پەڵەیەکی کەڕوویی گەشـەی کرد بەڵام بۆ مـاوەی دەیەیەک هـیچ گرنگییەکـی ئەوتـۆی پێـنەدرا (چەنـد هەوڵێکـــی تـــاکلایەنە بە مەبەســـتی بەکارهێنـــانی لە چەرەسـەرکردندا درا). لەگەڵ بەرپـابوونی جەنگـی دووەمـی جیهـانی، پرۆفیسـۆری زانسـتی نەخۆشـییەکان لە زانکـۆی ئۆکسـفۆرد هـاوەرد فلـۆری[93] (١٨٩٨-١٩٦٨) و تـیمەکەی ڕاسـپێردران بەدوای ئەو فـاکتەرە چارەســەرییە نوێیـانەدا بگەڕێـن کە دژی هەوکـردنە بەکترییەکـانە. پەنسـیلین لە نێـو ئەو مـادانەدا بـوو کە هەڵیـانبژارد بە بەکارهێنـانی کەرەسـتە سـەرپێییەکان لە بـارودۆخی جەنگـدا، بڕێکـی پێویسـتیان لەو کەڕووە گرانبەهایەیـان جیاکردەوە، بە مەبەسـتی سـەلماندنی کـــاریگەرییە سەرســـووڕهێنەرەکەی. یەکەم نەخـــۆش چارەسـەریان کـرد، پۆلیسـێک بـوو لە ئۆکسـفۆرد تووشـی هەوکردنێـــــــــک بـــــــــوو بە میکـــــــــرۆبە هیشـوورییەکان staphylococcus ، دوای ڕووشـان و هەوکردنی بەهۆی درکی دارگوڵەوە، ئەو چارەسەرەی پێدرا، دۆخـــی تەندروســـتی زۆر بـــاش بـــوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پەنسـیلینەکە ئەوەنـدە نەبـوو بەشـی کۆرسـێکی چارەسـەر

91 Alexandar Fleming.

٩٢ دەفری پێتری بە نـاوی داهێنەرەکەیەوە زانـای بەکتریۆلـۆجی ئەڵمـانی، یۆلیـۆس ڕیچـارد پێتـرییەوە نـاونراوە، دەفرێکـی زۆر تەنکـی شووشـەیی ڕوونە، زانایـانی زینـدەزانی وەکـو ناوەنـدێک بـۆ چانـدن وگەشـەی خـانە بەکتیری و کەڕوو و قەوزە وردەکان بەکاریان هێناوە. وەرگێڕ.

93 Howard florey.

کـردن بکـات، ناچـار پەنسـیلینەکەیان لە میـزەکەی خـۆی دەپاڵاوتەوەو جارێکی تر لێیان دەدایەوە، ئەم دەستی دووە سوودی نەگەیاند و نەخۆشەکە کۆچی دوایی کرد.

لە کـاتی جەنـگەکەدا فلـۆری بە یـاوەریی یەکـێ لە هاورێکانی سەردانی ئەمەریکای کرد، چونکە لە پرۆسـەی دروستکردنی دەرمـانە ئامادەکراوەکانـدا، کێشـەکان کۆنترۆڵ دەکـرێن یـان کەمتـر ڕوودەدەن. فلـۆری بۆچـوونێکی کۆنەپەرسـتانەی هەبـوو لەمەڕ ڕاگەیانـدنی ئەنجـامی تـوێژینەوە زانسـتییەکان؛ هەروەهـا گرنگیـی بە سیسـتەمی داهێنانەکـان نەدەدا. بەڵام دروسـتکەری پێکهـاتە دەرمـانییە ئەمەریکییەکـان زۆر زیرەکـانە دەجـوولانەوە، لە دووسـاڵی کۆتایی جەنگەکەدا بڕێکی زۆر لەو دەرمانەیان دروست کرد دەسـتکەوتێکی دارایـی گەورەیـان بەدەسـتهێنا. لەسـەرەتادا پەنسیلین تەنها بۆ بواری سەربازی بەکاریان دەهێنا لەبەر پێویسـتیی جەنـگ (کـاریگەریی دەرمـانەکە دژی هەوکـردنە بەکترياییەکـان بەزۆری بەکارهـات، وەکـو سـیفیلیس و سـوزەنەک[٩٤] جـگە لە هەنـدێ حـاڵەتی پیسـکردنی برینەکـانی کـاتی جەنـگ و نەخۆشـی سـووتانەوەو ئاوسـانی سـییەکان pneumonia)، دوای جەنـگ لە ١٩٤٥، هەمەکییـانە بـۆ تەواوی خەڵکی سیڤیل بەکارهێنرا.

چیرۆکـی پەنسـیلین تەواو مـۆدێرنە، لەڕاسـتیدا شـێوازی دروسـتکردنی لە پرۆسـەی بەرهەم هێنـان و دابەش کردنیـدا لەسـەر بنەمـای قـازانجێکی بەرزە. سـەلماندی کـاریگەرییەکی

٩٤سـوزەنەک gonorrhoea، نەخۆشـییەکە بەهـۆی میکـرۆبێکەوە بڵاودەبێتەوە، تووشـی ئەنـدامی زاوزێ دەبێت، لە ئەنجـامی جووتبـوونەوە دەگوازرێتەوە.وەرگێڕ

گەورەی هەیە دژی ژمـارەیەک لە کارەسـاتە بەربڵاوەکـانی ئەو کـاتە، دواتـر نـرخەکەی دابەزی، ژیـانی خەڵکێکـی زۆری ڕزگــار کــرد، شــکۆی تــاقیگە و پزیشــکیی نــوێی بەرەو گشتگیری برد. دەرمـانێکی مـوعجیزەیی بوو، تەنانەت ئەگەر موعجیزەکـان درێـژەش نەکێشـن. پەنسلین بەبـێ جیـاوازی دەدرایە نەخۆش بەڵام بە دۆزی نارێک و بە گۆترە بـوو بـۆ دۆخە نەگونجاوەکـان، و ئەو کۆرسـانەی تەواو نەدەکـران. ئینجـا ئەو بەکتریایانەی بەرگرییـان بەرامبەر پەیدا کردبـوو، لەڕۆژەکـانی سـەرەتادا ئەمە وەکـو کێشـەیەکی بچـووک بەدەرکەوت، لە کاتێکـدا چەنـد جـۆرێکی تـری لە پەنسلین لە سـەروەختی دروسـت کردنـدا بـوو، چەنـد دژە تەنێکـی تـر کەوتــنە بــازاڕەوە، لەوانە ستریپتۆمایســین کە کــاریگەریی لەسەر نەخۆشـیی سـیل هەبوو، کە نەخۆشـییەکی بەکتریـایی درێژخـــایەنی کوشـــندەبوو. ستریپتۆمایســـین لە وڵاتە یەکگرتوەکـانی ئەمەریکـا دروسـت دەکـرا، دوای وەسـتانی جەنـگ برێـک لەو دەرمــانە گەیەنــرایە بەریتانیـا، ئۆسـتن برادفـۆرد هیـڵ (یەکسـەر بیـری چـووە سـەر نەخۆشـی شـێرپەنجەی سـییەکان) ویسـتی هەلـی کەمیـی دەرمانەکـان بقـۆزێتەوە، ئەزمـونێکی وردو پـتەوی داڕشـت ئەویـش لێکـۆڵینەوە بـوو بە ئەزمـوونی "دەبـڵ-کـوێری double blind"[95] لەم ئەزمـونەدا نە پزیشـکەکان نە بەشـداربووان چۆنێتی ئەو چارەسەرەی دەخرێتە ژێر ئەزموونەوە نـازانن،

٩٥ لەم ئەزمــوونەدا کــوێرانە چارەســەرەکە دابەش دەکرێـت، تەنـانەت توێژەرەکان خۆشیان نازانن بە کێ دەدرێت، لەسەرەتادا نازانن کامەیان لە گرووپی کۆنترۆڵ کراوە کام نەخۆش لە گرووپی ئەزمونگەریدایە. (وەرگێڕ)

بەمجۆرە ڕێگری کرا لەلایەنگیری بۆ ئەنجامی پێشبینی کراو. دەرەنجامەکە کاریگەریی چارەسەری دەرمانی ستریپتۆمایسینی سەلماند، بووە ئەو سامپڵە ئەزموونییەی کە هێڵ وەکو پێوەرێکی زێڕین بۆ هەڵسەنگاندنی چارەسەرە نوێیەکان دایڕشت.

دەسپێکی دژە تەنەکان لەڕێگەی ستریپتۆمایسین و پەنسلین و ئەوانی ترەوە، سەردەمێکی زێڕین بوو، دەرمان و ڤاکسینە کاریگەرە نوێیەکان وەکو دەرەنجامێکی حەتمی توێژینەوە دەرمانی و زیندە-پزیشکییەکان دەرکەوتن. دواتر کۆرتیزۆن لە کۆتایی ١٩٤٠ دەرکەوت، لەگەڵیدا فیلمی ئەو نەخۆشانەیان دەگرت کە تووشی هەوکردنی ڕۆماتۆیدی جومگەکان بوون تەواو گلۆڵە بوو بوون دوای وەرگرتنی چارەسەرەکە لەفیلمەکەدا دەبینرا لە سەرجێگە هەستاوە و خۆی ڕێ دەکات، دەرمانی نوێی تر دەرکەوت بۆ چارەسەری ئەوجۆرە شێرپەنجانەی لەدەرەوەی نەشتەرگەری یان چارەسەر بەتیشک بەکاردەهات و زۆر بە پێشکەوتوو دادەنران. هەروەها بەکارهێنانی دەرمانی دژە خەڵەفان دابەزینێکی بەرچاوی لە نیشانەکانی شیزۆفرینیا و خەمۆکی بەهێز و ئەو نەخۆشییانەی مێشک کە نەخۆشەکان لە نەخۆشخانە دەروونییەکان بەدەستییەوە ئازار دەچێژن هەبوو. ئاسۆی قوربانییەکانی نەخۆشیی هەوکردنی مێشک، پەتایەک بوو دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٩٢٠، نەخۆشەکە چەند دەیەیەک لە کۆمادا دەمایەوە، `لەکۆتایی ١٩٥٠ دا دوای ئەوەی چەند دۆزێک دۆپامینیان لێدان، دۆپامین دەرمانێکە بەم دواییانە بۆ چارەسەری نەخۆشیی پارکینسۆن خرایە بەرباس (کاردانەوەیەکی کورتخایەنی هەبوو بەڵام زۆر

کاریگەر بوو). لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٠ەوە، پزیشکی دەروونی کۆمەڵگەیی باوی هەبوو؛ نەخۆشە دەروونییەکان وەکو نەخۆشی دەرەکی لە نەخۆشخانەکاندا چارەسەر دەکران، پزیشکەکان ئامۆژگاری نەخۆشەکانیان دەکرد، ئەگەر بە ڕێکوپێکی دەرمانەکانیان وەربگرن بەشێوەیەکی سروشتی ژیان بەسەر دەبەن، لیبریۆم و ڤالیۆم لە دەرمانخانەکاندا بۆ ئەو کەسانەی خەمۆکییەکی کەم یان ڕاڕایی و دوودڵییان هەیە بەردەست بوو، کردەی پزیشکی وای لە خەڵک دەگەیاند هەموو دەردێک دەرمانی هەیە.

پێش ساڵی ١٩٤٠ زۆربەی توێژینەوە پزیشکییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا پشتیان بە دامەزراوە تایبەت و کۆمەڵە خێرخوازییەکان دەبەست، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵە خێرخوازییانەی تایبەت بوون بە نەخۆشییەکانی شێرپەنجە، سیل، وئیفلیجی منداڵ. تەنانەت تووشبوونی فرانکلین ڕۆزفیڵت خۆی بە نەخۆشیی ئیفلیجیی منداڵ[٩٦] کەوتە چوارچێوەی گرنگی پێدانی ڕاگەیاندنەکانەوە.

---

٩٦ Franklin D. Roosfelt ، دوای ساڵێک لە پاڵاوتنی بۆ پلەی جێگری سەرۆکی دیموکراتی، لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا بەشێوەیەکی هەمیشەیی تووشی ڤایرۆسی ئیفلیجی منداڵ دەبێت، لە ١٩٢٨ دوای پێنج ساڵ لە گەیشتنی بە کۆشکی سپی، یارمەتی دامەزراندنی دامەزراوەیەکی نیشتمانی دەدات تاکو ببنە سەرچاوەی دارایی بۆ ئەزموونی ئەو ڤاکسینەی " جۆناس سالک" (١٩١٤-١٩٩٥) دۆزییەوە، لە ١٩٥٢ ئەم نەخۆشییە لە لووتکەدا بوو، ٥٨ هەزار حاڵەت تۆمارکرا، ٣ هەزار منداڵیش مردن، زیاتر لە ٢١ هەزار منداڵیش ئیفلیج بوون.لە ئەزموونی ئەم ڤاکسینەدا شێوازی "دەبل-کوێری" بەکارهێنرا، لە ئەزموونەکەدا ٢١ هەزار پزیشک و بەرپرسی تەندروستی گشتی بەشداربوون، ٦٤ هەزار فەرمانبەری قوتابخانە و ٢٢٠ خۆبەخش و ، بەشداریکردنی یەک ملیۆن و ٨٠٠ هەزار قوتابی. بۆ پشتگیریی کەمپینەکە ناودارانی وەکو ئەلڤیس برێسلی، مارلین مۆنرۆ، ئامادەبوون، ڕۆزفێڵت

کاتێ ئەم نەخۆشییە وەکو پەتایەک ناسێنرا، گەورەترین ژمـــارەی منـــداڵان لە نێـــوان ســـاڵانی ١٩٥١ و ١٩٥٥ ئیفلیجبوون، کە ڕێژەی ناوەندیی گەیشتە ٤٠ هەزار کەیس. لەبەر ئەوەی نەخۆشییەکە ڤایرۆسی بوو دەرمانی دژەتەن هیچ سوودێکی نەبوو، لە دەرەنجامی ئەو پەتایەدا ئەوانەی نەدەمـردن تووشـــی کەمئەنـــدامیی جەســـتەیی هەمیشـــەیی دەبـــوون. هەرچەنـــد نەخۆشـــییەکە لە ئەمەریکـــا زیـــاتر بڵاوبـــووەوە، بەڵام بەتەواوی جیهانـــدا بڵاوبووبـــووەوە(لەڕۆژئـاوا ڕێـژەکەی زیـاتر بـوو لە و وڵاتـانەی زۆر هەژار بـوون)، ئەو پەتـایەی لە ١٩٥٢ لە کۆبهـاگن بڵاوبـووەوە زۆر کـاریگەر بـوو، نەک تەنهـا لەبەر بەهێـزییەکەی، بەڵکـو لە ڕووی سۆزی مرۆڤایەتییەوە، ئەوانەی بە قورسـی تووشـی نەخۆشـییەکە دەبـوون، بـۆ ئەوەی بتـوانن هەناسـە بـدەن، بە نەشـــتەرگەری بـۆڕی هەناســـەیان بـۆ کـوون دەکـرد، و هەناسەی دەستکردیان بەفشار بۆ دەکرد، ١٥٠٠ خۆبەخش ١٦٥ هەزار کـاتژمێر بە دەسـت ئـامێری پەمپـی هەوایـان بـۆ هەناســەدانی قوربانییەکـان بەکاردەهێنـا. جیـاوازی لەنێـوان هەژار ودەوڵەمەنددا نەدەکرا، ئەم نەخۆشـییە پەیوەنـدییەکی تەواوی بە ئاســتی پاکوخـــاوێنییەوە هەبــوو، لەو وڵاتـــانەی منـــداڵان ئـــاوی پاکژیـــان نییـــە منـــداڵەکان هەر لە قۆنـــاغی شـــیرەخۆرییەوە تووشـــی ڤایرۆســـەکە دەبـــن؛ لەیەکەم بەرکەوتنی ڤایرۆسەکەدا منداڵان و مێرمنداڵان تووشی زیانە

خۆشـی لەڕێـگەی پەخشـی ڕادیـۆوە هـانی خەڵکـی دەدا بـۆ کووتـانی منــداڵەکانیان. لە ١٩٥٥ ڤاکسـینەکە سـەرکەوتنی بەدەســتهێناو لە تەواوی جیهانـدا کەمپینـی کووتـانی بـۆ کـرا، لە ١٩٧٩ نەخۆشـییەکە لە ئەمەریکـا بنبڕبوو.

دەمـــارە-ماســـــوولکەییەکان نـــابن، بەڵکـــو بەرەبەرە بە تێپەڕبوونی کات دەمارە ماسوولکەییەکان دەپووکێنەوە.

ئەو ڤایرۆســـەی دەبێـتە هـۆی ئیفلیجـــی منـــداڵ، دوای چاکبوونەوەی ئەو مندالانە جاریکی تر ڤایرۆسـەکە ڕوویـان تێناکـــاتەوەو تووشـــی نەخۆشـــییەکە نـــابنەوە، لەبەرئەوەیە بیـــرۆکەی ڤاکســـینی ئیفلیجـــی منـــداڵ زۆر مـــاقووڵ و ســـتراتیجییە. دامەزراوەی "March of Dimes" دامەزراوەیەکـــی دەوڵەمەنـــدبوو، بەڵام بەپێـــی پێوەرێـــک داواکارییەکـانی بـۆ کـۆمەک کـردن هەڵدەسـەنگاند، بەهـیچ جۆرێک لەم سەردەمەدا پەسەند ناکرێت. چەند ڤاکسینێک لە سـاڵی ١٩٤٠ ئامـادەکرا، بەڵام تەنهـا ڤاکسـینەکانی سـالک و ســابین بەشــێوەیەکی بەرفــرەوان لە ١٩٥٠ بە پراکتیکـــی جێبەجێ کران. جۆناس سالک[97] (١٩١٤-١٩٩٥) ڤاکسینی لە ڤایرۆســـی کـــوژراو گـــرتەوە، ســـەرەڕای هەنـــدێ هەڵەی مەترســـیدار، بەڵام ڤاکســـینێکی کـــاریگەر بـــوو، دوای ئەم ڤاکســـینە زۆر بەخێرایـــی ئەلفرێـــد ســـابین[98] (١٩٠٦-١٩٩٣) ڤاکسینێکی لە ڤایرۆسی نیوەمردوو دروستکرد، ڤاکسینەکەی سـابین لەڕێـگەی دەمەوە دەخـرایە سـەر کڵـۆیەک شـەکر و زۆر بەئاسـانی بەسـەر منداڵانـدا دابەش دەکـرا، لای منـداڵ پەسـەندکراو بـوو. یەکێ لە تایبەتمەنـدییەکانی ئەم ڤایرۆسـە نیـوە مـردووە ئەوەبـوو لەگەڵ پیسـاییدا دەردەچـوو، بـۆیە وەکـو پـارێزەرێکی سروشـتی بە سـووڕی (دەم- پیسـایی) ، (پیسـایی- دەم) ناسـرابوو، هەر بەو شێوەیەی نەخۆشـییەکە دەگـــوێزرایەوە، ڤاکســـینەکەش دەگـــوێزرایەوە. چیرۆکـــی

---

97 Jonas Salk.

98 Alfred Sabin.

سەرکەوتنی ڤاکسینی ئیفلیجیی منداڵ بەهەمان ئەو شێوەیەی نەخۆشی ئاوڵە، چیرۆکێکی تازەیە، لە هەموو دونیادا بە نزیکی توانی قەڵاچۆی نەخۆشییەکە بکات. چیرۆکی ئیفلیجی چیرۆکێکە پڕە لە کەسایەتی بەهێز، هەرچەندە پڕبوو لە کاری دووڕوویی و ساختە، بەڵام ئەنجامەکان سەرکەوتوو بوون.

سەرکەوتنی ڤاکسینەکان هاندەربوون بۆ زیاتر گەشەدان بە توێژینەوە پزیشکییەکان، ئەمانیش بوونە بەردی بناغەی ئەو زانستە پیشەسازییەی ئێستا لەبەردەستە. گەورەترین ڕێکخراوی توێژینەوەی پزیشکی لە جیهاندا، پەیمانگای تەندروستی (NIH) ە، لە بیسێسدا- ماریلاند، کە لایەنێکی سوودبەخشە. لە ۱۹۵۰، حکومەتی ئەمەریکی ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە پێشخستنی توێژینەوە پزیشکییەکاندا، کە پشت بەستوو بوو بە تاقیگە پێشکەوتووەکان لەگەڵ کتێبە زانستییەکان لەلایەن نووسەرانی ناسراوەوە. هەرچەندە پارامیتەر یەکێ بوو لە پێوەرەکان، بەڵام لەچەند دەیەیەکی ڕابردوودا، توێژینەوە پزیشکییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زۆردەبوون. هەربەوجۆرە هەندێ چاکسازی لە چاودێریی تەندروستی، بەلای کەمەوە لە ڕۆژئاوا ئەنجامدرا. پزیشکەکان لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکدا توانییان دەستنیشانی نەخۆشییەکان بکەن بەشێوەیەکی ئەکتیڤ تر ئیدارەی بدەن، زۆر باشتر لە حەفتاکانی سەدەی بیست، چونکە پێش نەوەیەک نەخۆشییەکانی وەکو ڕەبوو، شێرپەنجە، برینی گەدە، نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن و چەند نەخۆشییەکی تر، مانای مردن و

دەستەوەستانیی دەگەیانـد بـۆ ئەوانەی تووشـی ئەو نەخۆشـییانە دەبـوون. ئەگەر تەماشـەیەکی پرۆفـایلی نەخۆشـەکان بکەیـن دەبینـین، نەخۆشـییە درێژخایەنەکـان بەشـێوەیەکی بەرچـاو لە زیادبوونـدان، تەرجەمەکردنـی تـوێژینەوە پزیشـکییەکان بـۆ پراکتیکـی پزیشـکی، ئەوە دەگەیەنێ ژمارەیەکی زۆری دەستکەوتە پزیشکییەکان کاری لەسـەر چـاودێری تەندروسـتی کـردووە نەک چارەسـەری پزیشـکی. بەڵێنـدان بە پێشخسـتنی تەندروسـتی لەڕێـگەی زنجیرە جینییە مرۆییەکان و توێژینەوە لە ڕیشـەی خانەکـان، تائێسـتا وەکـو پێویسـت سـەرکەوتوو نەبـووە. تـاکو ئاسـتی توانـا زانسـتییەکان بەرەو سـەرەوە بکشـێت، ئاسـتی چاوەڕوانییەکـانیش بەرز دەبـنەوە، زۆربەی نەخۆشـەکان ڕانەهاتوون ئارام بگرن ئەوەندە پەیمانی درۆیان پێدراوە.

پزیشکی نوێ: حەقیقەتی دۆزینەوە نوێیەکان

لەسـەردەمی نوێـدا هەڵوێسـتە کـردن بەرامـبەر واقیعـی پزیشـکی ڕەنـگە لەڕێـگەی تێبینـی و سـەرنجدانەوە بەدەسـت بهێنرێت، کارەساتی دەرمـانی سـالیدۆمید خـاڵی گۆڕانکارییە. ئەم دەرمـانە دژی ئێڵنجـدانی بەیـانی ئەو ژنـانەبوو کە لە سـەرەتای دووگیانیـدابوون، خێـرا خـرایە دەرمانخانەکـانەوە بێئەوەی هیچ تاقیکردنەوەیەکیان لەسەر ئەنجام دابێت، یەکێ لە بەرپرسـەکانی دەرمـان کە زۆر وریـاو چـاوتیژو بە وردی سەرنجی شتەکانی دەدا، ڕێگر بـوو لەوەی ئەم دەرمـانە بێتە نـاو ئەمەریکـاوە، بەڵام هەزاران ژن لە کـۆی ٤٠ وڵات دەرمانەکەیان بەکارهێنا بوو پێشئەوەی بزانن پەیوەندییەکی

ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەم دەرمانەو سەقەتبوونی دەستوقاچی کۆرپەکانیان لە کاتی لەدایکبوونیاندا هەیە. هەرچەندە ئەو ڕووداوە بووە هۆی قەدەغەکردنی دەرمانەکە لە ڕووی پێوەرە دەرمانییەکانەوە، بەڵام متمانەی خەڵک بە کەرتی دروستکردنی دەرمان تەواو لەقبوو. ئیتر دوای ئەوە هیچ دەرمانێک بەو ئاشکراییە زیانبەخش بێت نەکەوتە بازاڕەوە، تەنانەت ئەو دەرمانانەش کە کاریگەریی لاوەکییان هەبوو زۆر بەخێرایی لەبازاڕ کێشرانەوە. پیشەسازیی نوێی دەرمان هاوشێوەی زۆرێک لە کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان بوو، کۆمپانیا گەورەکان کۆمپانیا بچووکەکانیان قووتدەدا، ئەو بوودجەیەی بۆ ڕیکلامی دەرمان و فرۆشی زیاتر بەرکاربێت چەند قاتی ئەو بوودجەیەیە بۆ توێژینەوەو گەشەکردنی بواری پزیشکی تەرخان کراوە. ئەو دەرمانانەی لە ئەمەریکا ئەگەر بە ڕەچەتەی پزیشکی نەبێت نافرۆشرێت، کەچی ڕیکلامی ڕاستەوخۆی بۆ دەکرێت وەکو توخمێکی نوێی بێزارکەر لە کەرتی پیشەسازیی دەرماندا، دەرمانە "تەواوکەرە خۆراکییەکان" گۆڕانکارییەکی بچووکی لەلایەن کۆمپانیاکانی دەرمانی تێدا دەکرێت و بەشێکی زیاد لەپێویست لەکاتی خۆی بۆ فرۆشتنی بەکاردێنێت. هەمیشە توێژینەوەکان لەڕۆژئاوا، چاودێری ئەو فەوزایە دەکەن کە قازانج لەخۆدەگرێت، لەجیاتی ئەوەی بەدوای نەخۆشییە گەورەکانی نێو وڵاتە هەژارەکاندا بگەڕێن، کە پێویستی زۆریان پێیە و دەرفەتی قازانجی زۆری تێدا کەمە. نەخۆشە درێژخایەنەکان کە نەخۆش ناچارە بەدرێژایی ژیانی چارەسەر بخوات، ئامانجی سەرەکیی هەر دەرمانێکی نوێیە.

Inspection

Palpation

Auscultation

Contemplation

وێنەی (٢٨) پزیشکی دڵسۆز لە سەر جێگای نەخۆش: سێر ویلیام ئۆسلەر، یەکێک لەپزیشکە زۆر بەڕێزەکان لەهەموو سەردەمەکاندا، ئەرکی خۆی بەجێدێنێ لە دۆزینەوەی نەخۆشی و تێرامان و بیرکردنەوەدا سەبارەت بە پیشەکەی. ئەوە پراکتیکی کاری پزیشکییە بە بەڵگە نوێیەکەی.

ئایــدز HIV (ڤایرۆســـی لەدەســـتدانی بەرگریـــی لەش) وانەیەکی پراکتیکییە بۆ دانانی چاودێری نوێی تەندروستی، کەخـۆی لەو بـازارەدا دەبینێـتەوە کە هانـدەرییەتی، لە کـاتی ســـەرهەڵدانی ڤایرۆســـەکە لەوێنەیەکـــی نـــوێی درنـــدەدا لە هەشتاکانی سەدەی بیست، لە نێوان پیاوانی هاورەگەزباز و بەکـــارهێنەرانی مادەهۆشـــبەرەکان لەرێـــگەی دەرزیـــیەوە، لەوڵاتە یەکگرتووەکـــانی ئەمەریکـــا، بـــووە هێمـــای هێـــزی چـاودێری تەندروسـتی هـاوچەرخ و کێشـەکانی. لەبەرئەوەی یەکەم دەرکەوتنی لە وڵاتێکی دەوڵەمەندەوە بوو، تـوێژینەوە پزیشـــکییەکان بەخێرایـــی خـــرانەگەڕ، هەنـــدێ لە پیـــاوانی گەورەی ئـایینی سـووربوون لەسـەر ئەوەی ئەو نەخۆشـییە سـزایەکی خـواییە لەسـەر هاورەگەزبـازی وکـارە ناشـیرینە هاوشـێوەکانی، زۆری ویسـت تـاکو ڕۆناڵـد ڕیگـان کێشـەکە بەتەواوی ئاشکرا بکات، تەنـانەت کەنیسـە ڕەتیکردەوە بڕیـار لەسـەر بەکارهێنـانی کوانـدەم بـدات وەکـو وەسـیلەیەک بـۆ بڵاونەبـوونەوەی ئەو نەخۆشـییە کە بە پەیوەنـدی سێکســی بڵاودەبێتەوە، تائێسـتاش ئایـدز بەپەڵەی نەنگی دادەنـرێ بە ناوچەوانی مرۆڤایەتییەوە.

ئەوانەی تووشی ئەم نەخۆشییە بوون لە ڕۆژئـاوا ڕەخنە لە لایەنە فەرمییەکـان دەگـرن، کە وەکـو پێویسـت بە تەنگـی نەخۆشـــییەکەوە نـــین. بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەیــن لەگەڵ ئەو کەمتەرخەمییەی ڕۆژئاوا بەرامبەر ئەو نەخۆشییانەی لە وڵاتە هەژارەکاندا بـڵاون (بەڵام هەرەشـە نیین بۆسـەر وڵاتە دەوڵەمەنـــدەکان)، دەبینـــین لە بەراوردی ئەم دوو کەیســـەدا زۆر زوو توانییـــان ڤایرۆســـی ئایـــدز دەستنیشـــان بـــکەن و

مەترسی لەسەر نەخۆشەکانی خۆیان کەم بکەنەوە، بەڵام نەخۆشییەکی وەکو سارکۆما کۆزی (کەجۆرە شێرپەنجەیەکی دەگمەنە) و لەوڵاتە هەژارەکاندا دەرکەوت، لە نێوان یەکەم کەیس و دۆزینەوەی هۆکاری نەخۆشییەکە لە ١٩٨٤ چارەکە سەدەیەکی خایاند. سەرەڕای ئەوەش نیشانەیەک لە نیشانەکانی ئەو سەردەمە ئەوەبوو دوو گرووپ دەستنیشان کران یەکیان لە ئەمەریکا و ئەویتریان لە فەرەنسا، لەیەک کاتدا، سەبارەت بەو ڤایرۆسە بەزێنەرەی کە بەرپرسە لەنەخۆشییەکە، هەریەکەیان بەجیا دەستکەوتیان هەبوو، کێبەرکێیەکی بەردەوام لەو سەردەمەدا هەبوو لەسەر ئەوەی کامیان لە بواری زانستدا خەڵاتی گەورە وەردەگرێت.لەسەرەتادا نەخۆشییەکە بە نەخۆشیی سێ H ە ئینگلیزییەکە ناسرا واتە، هاوڕەگەزبازی homosexual ، ئالوودەی هێرۆیین heroin-useres و دانیشتوانی هایتی Haitians . هەزارانی هایتییان لەچوارچێوەی ئەو کەسانە تۆمارکرد کە دووچاری نەخۆشییەکە بوون، بەخێرایی هەزارانی ئەفەریقیشیان دایە پاڵیان، دیارترین مەسەلە و مەترسیدارترین دەرەنجامی کۆمەڵایەتی و ئابوریی ئایدز لە ئەفەریقا و وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان بوو، بەڵام لە ڕۆژئاوا نەخۆشییەکە لە نەخۆشییەکی کتوپڕ و مەترسیدارەوە بوو بە نەخۆشییەکی درێژخایەن، هەرچەندە ڕێژەی مردنی ترسناکە بەڵام چارەسەرەکان بە دژە ڤایرۆس لە ١٩٩٠ەوە بەردەوامەو کار لەسەر هێواش کردنەوەی خێرایی نەخۆشییەکە دەکات، هەرچەندە هێشتا نرخی گرانەو کاریگەریی لاوەکیشی هەیە.

کوالیتی چاودێری پەرستارانی نەخۆشییەکەو چارەسەری تووشبووەکان لە کەمکردنەوەی کاریگەریی نەخۆشییەکە، دوو فاکتەری گرنگن لەبەرزکردنەوەی کوالیتی ژیان و کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخۆشییەکەو ڕێژەی مردن. بەڵام هاوشێوەی زۆربەی نەخۆشییە زیندە تەنەکانی تر ، کێشەی بەرگری کردن لەدەرمانەکان هاتە سەرەوە، باسکردنی مرۆڤ بەوەی تووشی ئایدز بووبێت بووە باسێکی مەترسیدار.لە هەندێ ناوچەی ئەفەریقا، ئایدز بەوە ناسراوە نەخۆشییەکە لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکە لەڕێگەی سێکسەوە بڵاودەبێتەوە، ڕێژەی تووشبوونی تاکەکان بە ئایدز، هاوشانی هەندێ نیشانەی تری نەخۆشی کە زاڵە چارەسەری زۆر گرانە، ژێرخانی چاودێری تەندروستی لە کیشوەرەکە زۆر هەژارە. لە پاڵ نەخۆشی مەلاریاو سیل، ئایدز لە گۆڕەپانی تەندروستیی نێو دەوڵەتیدا لەچەند دەیەی ڕابردوودا، لە پێشی پێشەوە بووە. ئەم سێ نەخۆشییە لە وەچەی بەرگری کردنە لەچارەسەرە کیمیاییە ئاساییەکان، بۆیە کاریگەرییەکەی لەڕێژەی نەخۆشی و ڕێژەی مردن لە نێو گەنجاندا لە ئەفەریقا زۆر بەرزە. نەخۆشییەکە لە نێو هەژاران و دەوڵەمەنداندا زۆر جیاوازە، هەرچەندە دامەزراوەی گەیتس و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان هاریکاریی گەورە دەکەن لەو وڵاتانەدا.

ئایدز وەکو نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی چاوی لێدەکرێت، نەخۆشەکانی بەردەوام چاویان لەدەستی زانستی پزیشکییە چارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە. زانست و پراکتیکی پزیشکی کە لەسەری بنیادنراوە، لەگرنگترین ئەو دەستکەوتانەیە کە

ڕۆشنگەریی ڕۆژئاوایی بەدەستی هێناوە. ئێمە پێویستمان بەو زانست و پراکتیکییە پزیشکییەیە، بەڵام زانستی پزیشکی ناتوانێت کێشەکانی مرۆڤ بە تەنیا چارەسەر بکات؛ ئێمە ناتوانین لە جیهانێکدا بژیین، کە هەردەم چاوەڕوان بین لەوە زیاتر باوەڕمان بە پێشکەوتن هەبێ.

Chapter 1

The quotations from the Hippocratic works 'On the Sacred Disease and 'Aphorisms' are taken from Francis Adams (ed.), *The Genuine Works of Hippocrates, 2 vols* (London: The Sydenham Society, 1849). Shakespeare's question about the seat of fancy comes from *The Merchant of Venice,* Act 3.

Chapter 2

Sydenham's famous comment about the constancy of symptoms in different persons suffering from the same disease was made in his *Medical Observations*. I have used R. G. Latham (ed.), *The Works of Thomas Sydenham,* 2 vols (London: The Sydenham Society, 1848).

Chapter 3

Antoine Fourcroy's summary of the basis of Parisian medical education is quoted in Erwin Ackerknecht, *Medicine at the Paris Hospital, 1794-1848* (Baltimore: Johns Hopkins University Press, 1967); Bichat's ringing injunction also is quoted in Aekerknecht's monograph. The phrase gateways to death' as a description of bad hospitals originated with the physician and man of letters John Aikin (1747-1822), now better known as a writer than a physician, Francis 157

Racon's phrase 'Footsteps of diseases' comes from his *Advancement of Learning, originally published in 1605.*

Chapter 4

Edward VII's stirring directive, said of tuberculosis, is quoted in Thomas Dormandy, *The White Death: A History of Tuberculosis* (London: Hambledon Press, 1999), with the note that Edward was cribbing from William Withering, the physician who introduced digitalis into clinical medicine in 1785. Mr Gradgrind's insistence on 'Facts' is a recurring trope in Charles Dickens's *Hard Times,* first published in 1854.

Chapter 5

Robert Hooke used the word 'cell' in his Micrographia (1665). Löffler's summary of the steps we know as Koch's Postulates' is quoted in Thomas D. Brock, *Robert Koch: A Life in Medicine and Bacteriology* (Madison, Wisconsin: Science Tech Publishers, 1988).

Chapter 6

William Wordsworth's memorable phrase first appeared in his poem 'The Tables Turned, published in 1798. Ivan Illich elaborated his notion of 'iatrogenesis' in several works, most centrally in *Medical Nemesis: The Expropriation of Health* (London: Calder and Boyars, 1975). C. P. Snow's lecture on what he called *The Two Cultures* was published by Cambridge University Press in 1959.

ئەمە کتێبێکی بچووکە سەبارەت بە بابەتێکی زۆر گەورە، نووسەر هەوڵیداوە لەو سەردەمەوە دەست پێبکات کە گریکەکان بناغەی نەریتە پزیشکییە ڕۆژئاواییەکانیان دامەزراندووە. بۆ تێگەیشتن لە مێژووی پزیشکی کتێبەکەی بەسەر پێنج بەشدا دابەش کردووە، لەوانە پزیشکیی سەر جێگا، پزیشکیی کتێبخانە، پزیشکیی نەخۆشخانە، پزیشکیی کۆمەڵگە و پزیشکیی تاقیگە لەگەڵ بەشێکی تایبەت بە پزیشکیی سەردەم کە دوا بەشی کتێبەکەیە، زۆر بە تێرو تەسەلی لەسەر هەریەکەیان بەجیا دوواوە. لێرەدا کاری پزیشکی و ئامانجی پزیشکی، بەنووسراو و گێڕانەوەی قۆناغە جیاجیاکان تۆمارکراوە، لەهەمووی گرنگتر، کاری پزیشکی لە ڕێگەی ئەزموون و زانیاری کەڵەکە بووەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات گەشەی کردووە. پزیشکی کلینیکی لەسەر جێگا، لە هیپۆکرات (٤٦٠- ٣٧٠ پ.ز)ەوە دەستی پێکردووە تائێستاش شوێنەواری لە چاودێری پزیشکیی سەردەمدا ماوەتەوە.

کتێبخانەی پزیشکی لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تائێستاش پەیوەندیی پتەوی بە تەقینەوەی ئەو زانیارییانەوە هەیە، کە جیهانی پزیشکیی سەردەمی ئێمەی پێ دەناسرێتەوە. لەسەدەی نۆزدەیەمدا پزیشکیی نەخۆشخانەکان بەجۆرێک لە جۆرەکان لەسەر جێگای نەخۆش خۆی نمایش کردووە، ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی نەخۆشی کردووە و لە ڕێگەی دۆزینەوەی نەخۆشی و چارەسەری نوێ وشارەزایی پزیشکییەوە گەشەی کردووە؛ بەڵام ژێرخانی پزیشکی لە کۆمەڵگەدا، ژینگەی ئاوی سازگار، چارەسەری خاشاک، کوتان بە ڤاکسینەکان و سەلامەتی پیشەیی بووە، سیستەمی خۆراک و پەیوەندی نەریت بە فاکتەرە ژینگەییەکانەوە ڕۆڵی گەورەی تێدا بینیوە. پزیشکیی تاقیگەش ڕەنگە بەرچڤەی زەمانحاڵی وێنەی ئەو دەرمانانە بێت کە ئێمە بەکاریان دێنین.

دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان
لەسەر ئەرکی (د. تەها ڕەسووڵ) چاپکراوە

2022